# وەرزنامەی ئێرانناسی

ژمارە (٥) ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

- سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی؛ بانگەشەکاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران
- ئەحمەدی موفتیزادە، یار یان نەیاری هێزەکانی پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد
- هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر ئێران
- فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران
- جەستەی ژنان لە وێنەی پرۆگرامی خوێندنی دوای شۆڕش، پیشاندانەوە و سیاسەت
- ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران: ڕۆڵ و ئاڕاستە و وەرچەرخانەکانی ژێرخانی دروستبوونی
- کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران
- خوێندنەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی کولتووری نێوان ئێران و تورکیا لە عێراقدا



# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین:

هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران | د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول | د. هەردی مەهدی میکە

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: هاشم خدر



شوێن:

عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆک

## محتوا


سەروتار ■ **ئێران بە بێ ژینا و جیهان بە بێ ئێران**

سرمقاله ایران بدون ژینا و جهان بدون ایران

| بارام مەجیدخان

توێژینەوە ■ **سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی؛ بانگەشەکاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران**

پژوهش سازمان تبلیغات اسلامی: مبلغ ایدئولوژی جمهوری اسلامی ایران

| ئەژی ئازاد ئەبوبکر

■ **ئەحمەدی موفتیزادە، یار یان نەیاری هێزەکانی پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد** (1979-1980)

احمد مفتی زاده موافق یا مخالف نیروهای پیشمرگەی مسلمان کورد ۱۳۵۷-۱۳۵۸

| سەروەت عبداللە

■ **هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر ئێران**

حملەی روسیه به اکراین و پیامدهای آن برای ایران

| یاسین عزم

■ **فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران**

عوامل اقتصادی وژئوپلیتیکی درروابط میان چین و ایران

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەحسین وسو عەبدوڵڵا

وەرگێڕان ■ **جەستەی ژنان لە وێنەی پرۆگرامی خوێندنی دوای شۆڕش؛ پێشاندانەوە و سیاسەت**

ترجمه بدن زنان درتصاویرکتاب های درسی پس از انقلاب؛ بازنمایی و سیاست

|علی جعفری | وەرگێڕانی: جەواد حەیدەری

■ **ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران؛ ڕۆڵ و ئاراستە و وەرچەرخانەکانی ژێرخانی دروستبوونی**

ایدئولوژی سپاه پاسداران: نقش ها، جهت گیری ها، وتحولات درساختارایدئولوژیک آن ...

|محمد السید الصیاد | وەرگێڕانی: بارام سوبحی

■ **کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران**

تاثیربحران سوریه برروابط ترکیه و ایران

| سەمیح نارگوڵ | وەرگێڕانی لەتورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵڵا

■ **خوێندنەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی کولتووری نێوان ئێران و تورکیا لە عێراقدا** (2003-2020)

مطالعه تطبیقی دیپلماسی فرهنگی ایران وترکیه درعراق (۲۰۰۳ - ۲۰۲۰)

| پەریسا پوورعەلی، محەمەد ڕەزا دێهشیری، محەمەد ڕەزا قائێدی، حەسەن خوداوێردی

| وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەیوان قادری

کەسایەتی ■ **حەسەن بەنی صەدر؛ سەرکۆمارێکی هەڵهاتوو و شۆڕشگێڕێکی ناکام**

شخصیتها بنی صدر: رئیس جمهوری فراری و انقلابی ای ناکام

| هەردی مەهدی

کتێبناسی ■ **شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان (۱۹۵۸-۱۹۷۹)**

کتابشناسی معرفی کتاب: شاه ایران؛ کورد عراق و شیعەی لبنان ۱۹۵۸-۱۹۷۹

| ئامادەکردن: نیاز کامەران

چەمکناسی ■ **بزاڤی مەشروتە**

مفهومسازی مفاهیم: مشروطه

| هەورامان فەریق

# ئێران بە بێ ژینا و جیهان بە بێ ئێران



بارام مەجیدخان

**• ئێران بە بێ ژینا**

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە ماوەیەکی کورت لە ئەنجامی فەتوایەکی ئایەتوڵڵا خومەینی سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی، یەکەم خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە ئێران لە ٨ مارسی ١٩٧٩ وەک یەکەم کاردانەوەی ژنان بەرامبەر ڕووپۆشی زۆرەملێ ئەنجام درا کە وەک دەستپێکی تێکۆشانی ژنان بەرامبەر مافەکانیان هەژمار دەکرێت. حکومەتە یەکلەدواییەکەکانی ئێران بە باڵی پەرگیر و ریفۆرمخوازەوە بەشدار بوون لە یاساییکردنی باڵاپۆشی لە ئێران و میکانیزمیشیان بۆ جێبەجێکردنی دانا. بزوتنەوەی خەباتی مەدەنی ژنان لە ئێران تا ساڵانی پێشتر بە خامۆشی مایەوە و تا کوژرانی ژینا ئەمینی ئاگری لە خەرمانی حکومەت بەردا. ژینا بوو بە سیمبولی نارەزایەتییەکان و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی کرایە دروشمی خۆپیشاندەران.

گرفتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی ئێران لە پاڵ خەباتی مەدەنی ژنان هۆکاری سەرەکی نارەزایەتییەکانی خەڵک بوون. کاریگەری خۆپیشاندانەکانی ئێران لە سەر حکومەت و دەزگای دیپلۆماسی ئێران بە قورسی دیارە. خۆپیشاندانەکانی ئێران هەموو سنورە جوگرافی و ئیتنیکی و ئایدۆلۆجیەکانی تێپەڕاندوە. هێزە سیاسییەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێرانیشی تێپەڕاندوە، هەر بۆیە لە فراوانبوون و پەرسەندندایە. هیچ بە پیرەوەهاتنێکیش لە لایەن حکومەتەوە دیار نیە. لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە ئەمە یەکەم خۆپیشاندانە کە زۆر بە قوڵی ڕەگی لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ساڵانی دوای شۆڕش داکوتاوە. ژنانەبوونی ئەم خۆپیشاندانانە سەرنجی جیهانیشی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشی پێکەوە گرێداوە. خۆپیشاندانی بزوتنەوەی سەوزی ئێران لە ١٦-٥-٢٠٠٩ کە لە لایەن میرحسەینی موسەوی و دژی نەیارەکەی کە دکتۆر مەحمودی ئەحمەدینەژاد بوو. کە تێیدا مەسەوی حکومەتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری تۆمەتبار کرد. لە هەموو شارەکانی ئێران بە ڕابەرایەتی کەڕوبی و موسەوی خۆپیشاندانی دژی حکومەت سازکرا. لە ئێران نزیکەی چوار ملیۆن کەس بەشداریان تێدا کرد. کە وەک مەزنترین خۆپیشاندانی دژەحکومەتی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کرا. بەڵام بە بەراورد بەم خۆپیشاندانانە قاڵبی سیاسی و ئایدۆلۆجی نەشکاند و نەفەسیشی درێژ نەبوو. بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێران و لە سەر شەقام دەبینریت بە ئامانج گرتنی کۆی سیستمی سیاسیە لە ئێران کە ئاڕاستەی ئەم ئامانجە ڕووداوەکانی داهاتوو دیاری دەکەن. ئێرانی پێش ژینا و ئێرانی دوای ژینا بە دڵنیاییەوە لە گەڵ کراوەبوونی هەموو ئەگەرەکانی یەک ئێران نابن.

**• ئێران بە بێ جیهان**

ئێران گەورە و پڕ شکۆیە (صادق هدایت) و جیهانێکە لە ناو ئەم جیهانە فراوانە. دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێڕەوی مێژوویی جادەی ئاوریشم بووە.

ئەم جیهانە لە ناوخۆی خۆیدا، هەوراز نشێوی زۆری بینیوە. ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ئێران لە پەیوەستبوون بە جیهانی دەرەوەی خۆی فرەچەشنن. بەڵام بە دوو شێوازی سەرەکی دەتوانین پۆلێنیان بکەین. کە شێوازێکی ئاڵۆز و تایبەت و تێگەیشتنی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی سەخت و درێژخایەنە و شێوازی دووەم ڕووخساری سیاسی و دبلۆماسی و ئابووری هەیە کە لەسەر مێزی دانوستانی هێزە جیهانییەکانە.

بەربەستی ئایدۆلۆژی: بونیادی سیاسی حکومەتی ئێران بەر مەبنای تێزی ویلایەت دامەزراوە. ئایدۆلۆجیای سیاسی و حکومەتی ڕێبازی شیعە بۆ گەلانی جیهان ئاشنا نییە و تا ئێستا بە باشی لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی نەگونجاوە. هەر بۆیە وەرگێڕانی خواستی ئایدۆلۆجیای جیهانی شیعە بۆ کارنامەیەکی سیاسی و دبلۆماسی کارێکی سەخت و دژوارە. پشتیوانیکردنی بزووتنەوە شیعەکان و بەشێکی مسوڵمانانی جیهان لە لایەن ئێرانەوە وەک واجبێکی ئەخلاقی و ئایینی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و لە سیستەمی نێودەوڵەتی بە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە دەخوێنرێتەوە.

بەربەستی سیاسی: کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. کێشەکانی ئێران بە گشتی لە سێ کێشەی سەرەکی پێکدێن. یەکەمیان کێشەی ئەتۆمی ئێرانە لەگەڵ گەشبینی ئێران بۆ ڕێکەوتنێکی جێگیر، بەڵام ئەم گەشبینییە بە ڕێژەیەکی زۆر لای وڵاتانی کۆمەڵگەی جیهانی بەدیناکرێت. لە ئەگەری هەر ڕێکەوتنێکی نوێ و گەڕانەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چواچێوەی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ٢٠١٥ (بەرجام)، پێناچێت ئەم ڕێکەوتننامەیەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتانی جیهان بتوێنێتەوە. دووەم کێشەی بەهێز بوونی ئێرانە لە ڕووی سەربازییەوە. ئێران بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی بە توانای موشەکی و دروستکردنی درۆنی سەربازی داوە. کە ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی بۆ وڵاتانی جیهان و ناوچەکە و بە تایبەت کە ئیسرائیل بە مەترسی ڕاستەوخۆ بۆ سەر وڵاتەکی خۆی دەزانێت. جێگیرکردنی سوپای پاسدارانی ئێران لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتی بە بەربەستێکی گەورە دادەنرێت لەم دۆسیە ئاڵۆزەدا. سێیەم گرفت هێزی نەرم و ڕەقی ئێرانە لە جێگیرکردنی هەژموونی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکە. ئەم کاریگەرییەی ئێران، پاشەکشەی لێ ناکرێت لەبەر ئەو سەرمایەگوزارییە مادی و مەعنەوییانەی کە ئێران لە ناوچەکە خەرجی کردووە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سلوکی سیاسی ئێران ناوزەدی دەکەن و بە چاوی گومانەوە لێیدەڕوانن، لە هەموو ئەم بەربەستانەی بەردەم ئێران لە پەیوەستبوونی ئێران بە کۆمەڵگەی جیهانییەوە. ئێرانیش تێڕوانینی جیاوازی بۆ هەریەک لەم دۆسیانە هەیە، کە ئامادەیە سازشیان لە سەر بکات. پەیوەست نەبوون بە کۆمەڵگەی جیهانییەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەو فشارانەی کە دەکەونە سەر ئێران کێشەی ناوخۆییەکانی ئێران زیاتر بەرجەستە دەکات. بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووی و بابەتی شوناس و هەوییەی ئێران.

ئێرانناسی لەم وەرزەدا خواستی ئەوەی هەبووە لە بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی کە هەن کۆمەڵێک وتار و وەرگێڕان و بابەتی ئەکادیمی بە خۆێنەری ببەخشیت، کە هەریەک لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە نووسراون. هەریەک لەو بابەتانەش وەک خستنەڕووی ڕووخساری کێشەکان کۆکراونەتەوە کە ئامانج لێیان پەردەلادانە لە سەر بابەتەکان و بەخشینی بەرگێکی ئەکادیمییە پێیان.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# توێژینەوەکان

# سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی؛ بانگەشەکاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران



توێژەر: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



**بەرایی**

لە دوای شۆڕشی 1979 و یەکلابوونەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتێکی ئیسلامی کە هەڵگری گوتاری شۆڕشگێڕانەی ئایینی و کولتووری دژ بە گوتارە باوەکانی ڕۆژئاوا بوو، چەندین ڕێکخرا و دەزگای ئیسلامی بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری "شۆڕشی ئیسلامی" و جێگیرکردنی بنەماکانی لە نێو کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی توێژی گەنجان دەستبەکار بوون. دامەزراوە ئایینییەکان لەسەرجەم ناوچەکانی ئێران تۆڕی چالاکی و بانگەشەکانیان بڵاو کردەوە بەو هیوایەی کە کۆمەڵگەی ئێران بەتەواوی بە ئاڕاستەی گوتارە نوێیەکانی شۆڕش ئاشنا بکەن و ئاواتە دێرینەکەی شۆڕشگێڕان لە بونیادنانی حکومەتێکی ئیسلامی-شیعی بهێننە دی. لەم پێناوەدا هەوڵیانداوە بە درێژایی ساڵانی پاش شۆڕش، خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان و شێوازە هاوچەرخەکانی بانگەشەی کولتووری و ئایینی بگونجێنن. یەکێك لەم ڕێکخراوانەی کە کاری لەسەر ئایدۆلۆژیای شۆڕش و چەسپاندنی لە هزری گشتی خەڵکی ئێران دەکرد، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی بوو، کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدراوە باس لە مێژووی دامەزراندن و ئامانج و دیدەکانی بکرێت.

**ئەنجومەنی هەماهەنگی بانگەشەکان؛**

**ڕێکخستنی دروشمەکان**

لە ساڵی یەکەمی شۆڕش و پاش ئەوەی حکومەتی ئیسلامی سەرقاڵی بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی بوو، بەرپرسانی ڕژێمی نوێ بیریان لە بیری دامەزراندنی دەزگایەکی یەکپارچە و مەرجەعێکی دیاریکراو بۆ بانگەشەی ئیسلامی بوون، کە هەمووان بتوانن بۆ پرسیار و کێشەکانیان بۆی بگەڕێننەوە و کار بۆ جێگیرکردنی بنەما و گوتارەکانی شۆڕش لەنێو خەڵکدا بکەن. لەم پێناوەدا بەشێك لە پیاوانی ئایینی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ "جامعه مدرسین"[1] و هاوکاری نووسینگەی بانگەشەی ئیسلامیی قوم (دفتر تبلیغات اسلامی قم)، لە هاوینی 1980، ئەنجومەنی باڵای بانگەشەی ئیسلامی (شورای عالی تبلیغات اسلامی)یان دامەزراند و ئەنجومەنی باڵاش دواتر دەزگای بانگەشەی ئیسلامی (سازمان تبلیغات اسلامی)یان دامەزراند کە جامیعەی مودەڕسین و تەبلیغاتی قومی لە ڕووی داراییەوە خستەژێر ئیدارەی خۆیەوە. هەر لەم ماوەیەدا بۆ هەماهەنگی باشتری نێوان ئۆرگان و دەزگا جیاوازەکانی بانگەشەیی لە سەرانسەری ئێران و لەسەر فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی، نووسینگەی ئەنجومەنی هەماهەنگی بانگەشەی ئیسلامی (شورای هماهنگی تبلیغات اسلامی) دامەزرا[2]. ئەم ئەنجومەنە وەك دامەزراوەیەکی کۆکەرەوە و ڕێکخەری سەرجەم دەزگا بانگەشەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بەکارەکانی کرد و بەپێی پرۆژەیەکی پەسەندکراوی پەرلەمان، وەك "دامەزراوەیەکی گشتیی ناحکومی" مامەڵەی لەگەڵ کرا[3]. ئایەتوڵڵا خومەینی لە پەیامێك بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای

بانگەشەی ئیسلامی، ئاماژەی بەوەدا کە "کۆماری ئیسلامیی" و "ئیسلام" کەوتووەتە بەر هێرشی پڕوپاگەندا و بانگەشەی وڵاتە زلهێز و وابەستەکانیان و پێویستە ئۆرگان و دامەزراوە جیاوازەکان هەماهەنگی زیاتریان هەبێت. هەر لەم پەیامەدا، جەختی لەوە کرد کە ئەرکێکی دیکەی سازمان، بانگەشەکردنی "کولتووری ئیسلامی"یە لە دەوەرەی وڵات کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەگەڵ وەزارتی ڕۆشنبیری (وزارت ارشاد) هەماهەنگی بکرێت[4].

دامەزرێنەرانی ئەنجومەن سەرجەمیان لە پیاوانی ئایینی پێکهاتبوون کە بەشێکیان لە کاربەدەستان و بڕیاردەرانی سەرەکی ڕژێم بوون: محەمەد بەهەشتی، ئەحمەد جەننەتی، محەمەدڕەزا مەهدەوی کەنی، محەمەدعەلی مەوحدی کرمانی، محەمەد عەبایی خوراسانی، سەید حوسێن موسەوی تەبریزی، محەمەدجەواد باهونەر، محەمەدعەلی شەرعی، عەبدولمەجید مەعادیخا، محەمەدتەقی فەلسەفی و محەمەد جەعفەری گیلانی[5]. پاش ئامادەکردنی پەیڕەوی تایبەت، چەندین وەزارت و دەزگا و دامەزراوەی حکومی و ناحکومی وەك ئەندامانی یاسایی ئەنجومەن دیاری کران کە بریتیبوون لە: وەزراتی ڕۆشنبیری (فرهنگ و ارشاد اسلامی)، جیهادی سازەندەگی، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، دەزگای میدیای فەرمی ئێران (صدا و سیما)، سازمانی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی، نووسینگەی تەحکیم وەحدەت، حیزبی جمهوری ئیسلامی و جامیعەی ڕوحانییەتی موبارز[6]. ئەمینداری ئەنجومەن وەك باڵاترین پۆستی ئەنجومەن لە لایەن ڕابەرەوە دیاری دەکرێت. سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە بۆ ماوەی 41 ساڵ لە ئەستۆی ئایەتوڵڵا ئەحمەد جەننەتی بوو کە دواجار لە ساڵی 2022 دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و پاش پەسەندکردنی ڕابەری ئێران، محەمەد حوسێن موساپور وەك جێگرەوەی دیاری کرا[7].

لەپاڵ ئەرکی هەماهەنگی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دام و دەزگا پڕوپاگەندەییەکانی ڕژێم، ئەرکێکی دیکەی سەرەکی ئەنجومەن، دامەزراندنی چەندین بنکە و بارەگایە (ستاد) لە سەرجەم ناوچەکانی ئێران بۆ یادکردنەوە و پیرۆز ڕاگرتنی بۆنە و ڕووداوە مێژوییەکانی تایبەت بە شۆڕش و کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەشێك لەم کارانە کە لە لایەن ناوەندە تایبەتەکان بەڕێوەدەچێت کە بەرنامەی کار و دروشمەکانی دیاری دەکرێت و شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێك دەخرێت.

یادکردنەوەی ڕۆژە تایبەتەکانی ڕۆژمێری کۆماری ئیسلامی ئێران وەك دەیەی فەجری شۆڕشی ئیسلامی (لە ڕۆژی گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە فەرەنسا تاوەکو چوونەدەرەوەی یەکجاریی محەمەدڕەزا شا و کۆتایی هاتن بە حکومەتی پەهلەویی دووەم) کە ساڵانە لە

ماوەی دە ڕۆژدا (1 بۆ -11ی فیبرایەر) سەدان چالاکی جۆراجۆری هونەری و کولتووری بەڕێوە دەچێت کە بەناوبانگترینیان بەڕێوەچوونی ڤستیڤاڵی ساڵانەی سینەمای ئێرانە (جشنوارە فیلم فجر). ڕێکخستنی خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی ڕۆژانی تایبەتی وەك ڕۆژی قودس (لە دوایین جومعەی هەموو مانگێکی ڕەمەزان) کە تێیدا دروشمی دژ بە ئیسرائیل و ئەمەریکا دەدرێت و ئەنجامدانی ساڵانەی بۆنە تایبەتەکانی وەك ساڵیادی دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پیرۆز ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ”بەرگری پیرۆز“ ناسراوە)، ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی، هەروەها خۆپیشاندانەکانی تایبەت بە ڕووداوێکی دیاریکراو وەك ڕێپێوانی دژ بە چاپی کاریکاتێرەکانی حەزرەتی محەمەد (د.خ) لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی و ... ئەرکەکانی دیکەی ناوەند و بنکەکانی سەر بە ئەنجومەنی هەماهەنگییە[8].

بەواتایەکی تر ئەرکێکی تایبەتی ئەنجومەنی هەماهەنگی، زیندووڕاگرتن و بیرهێنانەوەی بەردەوامی ئەو ڕووداو و ڕێککەوتە مێژووییانەیە کە چ لە پێش شۆڕش و چ لە دوای شۆڕش بە گرنگییەوە لە لایەن بەرپرسانی ڕژێم لێی دەڕوانن و پێیانوایە زەمینەی شۆڕش و هاتنەکایەی حکومەتی ئیسلامییان ڕەخساندووە. هەوڵدان بۆ دروستکردنی بیرەوەرییەکی گشتی لە زەینی جەماوەری ئێران، دووبارەکردنەوەی بەردەوامی دروشم و ئامانجەکانی شۆڕش و هەوڵدان بۆ کارتێکەری لەسەر نەوەی نوێ، تەقەڵای سەرەکی دامەزراوە بانگەشەییەکانە.

**دامەزراندنی سازمان؛**

**لە جەننەتییەوە بۆ قومی**

لە دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای بانگەشەی ئیسلامی و بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان، ئەم ڕێکخراوە بە شێوەی ئەنجومەن (شورا) بەڕێوە دەچوو و لە لایەن کەسانێك وەك غولامحسێن حەققانی، سەید حەسەن شیرازی، ئەحمەد جەننەتی، مەهدەوی کەنی و محەمەد ئیمامی کاشانی[9]. ئایەتوڵڵا خومەینی لە پەیامێکدا بۆ ئەم ئەنجومەنە، جەختی لەسەر گرنگی ئەم دامەزراوەیە بۆ بانگەشەی ئیسلامی نەك تەنیا لە ناوخۆی ئێران بەڵکو لە ”دەرەوەی ئێران“ کردووە[10].

لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێوەبردنی کاروبارەکان تا ماوەیەك بەشێوەی ئەنجومەن بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کە بەهۆی کێشەکانی پەیوەندیدار بە پەرتەوازەیی لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جیاوازەکان و پێویستیی ڕێکخستنی گوتار و پەیام و شێوازی بانگەشەکان، ئایەتوڵڵا خومەینی لە بەهاری 1988 لە فەرمانێکدا، ئایەتوڵڵا جەننەتی وەك سەرۆکی سازمان دیاری کرد[11]. لەمە بەدواوە سازمان وەك دامەزراوەیکی ژێر چاودێری ڕاستەخۆی ڕابەر، درێژەی بە کارەکانی دا.

ساڵی 1992 ئایەتوڵڵا خامنەیی، ڕابەری ئێران، ئەنجومەنی ئەمیندارانی بۆ سازمان هەڵبژارد[12] و لە پەیامەکەیدا بەم بۆنەیە ئاماژەی بەوە کرد لە دوژمن لە ئێستادا بە هۆی کەرەستە و شێوازی نوێ و پێشکەوتووەوە سەرقاڵی لێدانی ئیسلام و بێداریی ئیسلامییە و پێویستە هەموو توانا بانگەشەیی و زانستییەکان بەسود وەرگرتن لە حەوزەی عیلمییە بەکار بهێندرێت بۆ ئەوە ڕووبەڕووی "پیلانەکانی دوژمن" ببنەوە[13]. ئەم نیگەرانیانە هۆکارێك بوو کە لە ساڵی 2001، سازمان پێداچوونەوەیەك بۆ شێوازی کارەکانی بکات و بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیەکان و پێویستیی خۆگونجاندنی سازمان لەگەڵ دۆخی نوێدا، تەوەرە سەرەکییەکانی پەروەردە، توێژینەوە، بڵاوکردنەوەی کولتوور و مەعاریفی ئیسلامی بە سوودوەرگرتن لە کەرەستە نوێیەکان و تەکنۆلۆجیای سەردەم بووە بنەمای چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە[14].

هەر لەم ساڵەدا حوجەتولئیسلام سەید مەهدی خامۆشی وەك سەرۆکی سازمان هەڵبژێرا و بۆ ماوەی 17 ساڵ لەم پۆستە مایەوە و ساڵی 2018 حوجەتولئیسلام محەمەد قومی شوێنی گرتەوە.

سەید مەهدی هاشمی ساڵی 1962 لە شارای تاران لەدایکبووە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای فیقهـ و یاسایە لە مەدرسەی باڵای شەهید موتەهەری. هاشمی جیا لە پۆستی سەرۆکایەتی سازمان، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، ئەندامی ئەنجومەنی کولتووری گشتی و ئەندانی لیژنەی ئەمیندارانی نووسینگەی تەبلیغاتی ئیسلامی لە شاری قومە. هاشمی لە دوای کۆتایی هاتن بە ماوەی سەرۆکایتییەکەی لە سازمان، بە فەرمانێکی ئایەتوڵڵا خامنەیی، لەگەڵ محەمەد قومی، ئەحمەد واعیزی، محەمەد حوسێن ڕۆحانی نەژاد و محەمەدڕەزا فەلاح وەك یەکێك لە ئەمیندارانی سازمان دیاری



کرا. هاشمی دوای چەند مانگ بە فەرمانێکی وەزیری ڕۆشنبیری (فرهنگ و ارشاد اسلامی) وەکو سەرۆکی دەزگای وەقف و کاروباری خێرخوازی دیاری کرا[15].

محەمەد قومی، سەرۆکی نوێی دەزگا، لە دایکبووی ساڵی 1980 لە شاری قومە. خوێندنی حەوزەی لەبەر دەست مامۆستایانی وەك هاشمی شەهرودی، جەوادی ئامولی، ئامولی لاریجانی تەواوکردووە و پێش وەرگرتنی ئەم پۆستە، سەرپەرشتیاری دامەزراوەی نوێنەرایەتی ڕابەری ئێرانی لە زانکۆی سەنعەتی شەریف لە ئەستۆ بووە. جیا لەم پۆستە قومی پێشتر بەڕێوەبەری گشتی "حەوزەکانی زانکۆ"ی پارێزگاری تاران بووە، ڕاوێژکاری باڵای بەڕێوبەری حەوزەی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆکانی ئێران و بەڕێوەبەری گروپی لێکۆڵینەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی "باقر العلوم"ی لە کارنامەیدا دەبینرێت، هەروەها ئەزموونی وانەوتنەوەی بابەتە فیقهی و حەوزەییەکانی لە حەوزەی عیلمی مەعسومییە و هەروەها چەندین توێژینەوەی لە بوارە کولتووری و ئیسلامییەکاندا هەیە[16].

### ئامانج و ئەرکەکانی سازمان: لە خەمی گوتاری شۆڕش

سازمانی تەبلیغات لەو پێناسەیەی کە بۆ خۆی دایڕشتووە، جیا لە ئەرکە ئایینییەکەی کە زیاتر پێوەی ناسراوە، ئاڕاستەکردنی کولتووری وڵاتیشی لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ئیسلامی-شیعی لە ئەستۆ گرتووە بە جۆرێك کە لەگەڵ گوتار و ئەندێشەی "شۆڕشی ئیسلامی"دا گونجاو بێت. لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوەی کە سازمان بە ناوی هێرشی کولتووری (تهاجم فرهنگی) ناوی دەبات کە خۆی لە هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەپاندنی بەها کولتوورییەکانی خۆی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دەبینێتەوە، سازمانی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە پەنا بۆ شێوازە نوێ و هاوچەرخەکانی بڵاوکردنەوە و خۆشەویستکردنی گوتار و بەهای شۆڕش لە نێو گەنجانی وڵات بکات.

پەیڕەوەی سازمان لە 17 مادە پێکدێت؛ لە مادەی دووەمدا و سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی سازمان هاتووە: "دامەزراوەیەکی ئایینی و کولتووری"یە کە خاوەن پێکهاتەیەکی یاسایی "سەربەخۆ"یە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی "ڕابەر" بەڕێوەدەبرێت[17].

لە مادەی پێنجەمدا سەبارەت بە ئامانجەکانی سازمان سێ خاڵی سەرەکی ئاماژەی پێکراوە:

1. زیندووکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەندێشەی ئیسلام لە هەموو بوارە پێویستەکان و برەودانی ئەخلاقی ئیسلامی لە نێو خەڵك و بەتایبەتی چینی گەنجان.
2. بەرگریکردن لە بنەڕەتەکانی (اصول) ئیسلام، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئامانجەکانی شۆڕش، ناسینی پیلانە کولتووری و بانگەشەییەکانی بێگانەکان،

ڕەتکردنەوە قوتابخانە فیکرییە لادەرەکان و بەرەنگاربوونەوەی بیرتەسکی (تحجر).

3. بڵاوکردنەوەی چەندێتی و چۆنایەتییانەی (کمی و کیفی) بانگەشەی ئایینی و جووڵانەوەی هەستی بەرپرسیارییەتی گشتی بەرامبەر بە ئیسلام و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران[18].

**ئەرکەکانی سازمان**

- پێشنیارکردنی سیاسەتە گشتییە بانگەشەکارییەکان بە ڕابەری ئێران بۆ پەسەندکردن.

- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێویستییە ئاینییەکانی کۆمەڵگە و دارشتنی شێوازە نوێیەکانی بانگەشەکردن و وەلانانی ئەو شێوازە نەریتییانەی کە لەگەڵ بەهاکانی ئیسلام یەك ناگرنەوە.

- پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر شێوازی ئەو بانگەشانەی کە زیانبارن و هێرشی کولتوورین دژ بە کۆمەڵگەی ئیسلامی و گرتنەبەری ڕێگەچارەی پێویست بۆ پاسپێکردنیان و هۆشیارکردنی زەینی خەڵك.

- دامەزراندنی ناوەند و دەزگا کولتووری، هونەری، پەروەردەییەکانی پێویست.

-ناساندن و ڕوونکردنەوە سەبارەت بە مەعاریف و بەها ئیسلامییەکان و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی بۆ گەنجان، لە ڕێگەی چاپکردن و بڵاوکراوەکان، کتێب، ئەنجامدانی چالاکییە جیاوازەکانی وەکو وتارە پسپۆڕی و گشتییەکان بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ.

- بەرنامەڕێژی، ڕێکخستن و پشتیوانی بۆ ناردنی بانگەشەکەر بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات بە ئەولەوییەت دان بە ناوچە هەژار و دووردەستەکان.

- یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دەزگا و کۆمپانیا جیاوازەکانی حکومی و ناحکومی بە مەبەستی بەردەوامیی بانگەشە ئیسلامییەکانیان.

- ئامادەکردن و ڕێکخستنی سیاسەتە بانگەشەییەکانی سازمان لە چوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژێم و دیدگای بیست ساڵە (چشم انداز بیست ساله) و گونجاو لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی تەواوەتیی لە دوای پەسندکردنی لیژنەی ئەمینداران.

- یارمەتیدان بۆ دامەزراندن و گەشەپێدانی کتێبخانەی مزگەوتەکان، حوسەینییەکان، قوتابخانە و ناوەندە باڵاکانی پەروەردەیی و هەروەوها ناوەندە ئیسلامییەکان.

- ڕاکێشانی بەشداریی و ڕێنوێنی هاوکارییەکانی خەڵك لە ڕێگەی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن و ڕێکخستنی ناوەندە کولتووری-بانگەشەییەکان، ناوەندە قورئانییەکان، ڕێکخراوە مەزهەبی و ئەنجومەنە ئیسلامییەکان[19].

سازمان دامەزراوەیەکە کە بەتەواوی بە نووسینگەی ڕابەری ئێران بەستراوەتەوە؛ بەپێی پەیرەو، ئەنجومەنی ئەمیندارانی سازمان لە پێنج کەس پێکدێت و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕابەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

بەپێی مادەی 12، کاروباری سازمان لە لایەن "نووسینگەی ڕابەر"ەوە چاودێری دەکرێت و بەپێی مادەی 17، هەر گۆڕانکاری یان پێداچوونەوەیەك بۆ مادەکانی پەیڕەوی سازمان پێویستە لە لایەن ڕابەرەوە پەسەند بکرێت[20].

سەربارى ئەم ئەركانەى كە سازمان بۆ خۆى ديارى كردووە، بەرهەڵستكاران و ڕەخنەگرانى كۆمارى ئيسلامى ئێران پێيانوايە دامەزاروەى سازمانى تەبليغات و هاوشێوەكانى وەك "دفتر تبليغات اسلامى"، "دبيرخانه ائمه جمعه و جماعت"، "مركز رسيدگى به امور مساجد" و دەيان دامەزراوەى تر، لە بنەڕەتدا ئەركى بەڕێوەبردن و ئاڕاستەكردنى بۆنە و بانگەشە ئايينييەكانيان بۆ خۆيان "قۆرخ" كردووە، بەو پێيەى كە ئەم ئەركانە لە دەرەوەى دەسەڵاتى كابينەكانى حكومەتە. جيا لەمە، ئەم دامەزراوانە كار لەسەر دياريكردن و جياكردنەوەى ئەو كەسانەش دەكەن كەر ئەركى بانگەشەكاريان پێ دەسپێرن و ئەو پياوە ئايينييانەى كە وەك پێويست هاودەنگ و پشتيوانى ڕژێم نەبن، لە ئەركە تايبەتەكانى هەر دامەزراوەيەك دوور دەخرێنەوە[21].

## بودجەی سازمان؛ گیرفانی خەڵك یان خەزێنەی حكومەت

پشكى دامەزراوە ئايينييەكان لە بودجەى گشتيدا، يەكێكە لەو بابەتانەى كە بە بەردەوامى جێگەى توانج و ڕەخنەى هێزە بەرهەڵستكارەكانى دەرەوەى ئێران بووە و تەنانەت لە ناوخۆى ئێرانيشدا لەگەڵ زيادكردنى پشكى دامەزراوە ئايينييەكان، دەنگى ناڕەزايەتى بەرزبووەتەوە، بە تايبەتى كە بەشێكى زۆر لەم دامەزراوانە و لە نێوياندا سازمانى تەبليغات خۆيان وەك دامەزراوەيەكى ناحكومى سەربەخۆ ناساندووە. پرسيارى سەرەكى ڕەخنەگران لەمبارەيەوە ئەوەيە كە ئەم دامەزراوانە چ كاريگەرى و پێگەيەكيان لە ئاستى ئايينى و كۆمەڵايەتى كۆمەڵگەى ئێرانى ئێستادا هەيە و چييان پێشكەش كردووە و لە بنەڕەتدا چ پێويستييەك بە بوونيان هەيە؟ ئايا لەسەر حكومەت پێويستە يارمەتى ئەم ناوەندانە بدات يان بە هۆى سەرچاوە ئايينيى و شەرعييەكانى بەدەستهێنانى داهات (وەكو وەقف)، پێويست بە بودجەى حكومەتى ناكات؟

ڕۆژنامەى "جمهورى اسلامى" لە سەروتارێكدا بە ناونيشانى "ئەم وابەستەييە، مەترسيدارە"، بە ڕەخنەگرتن لە پرۆژەياساى بودجەى ساڵى 2021، باس لەوە دەكات كە دابينكردنى بودجەيەكى بەرچاو بۆ دەزگا ئايينييەكان دەبێتە هۆى وابەستەبوونى ئەم دامەزراوانە بە حكومەت و لە بەرامبەردا دووركەوتنەوەيان لە خەڵك، بە تايبەتى كە لە پێش شۆڕشى 1979 ئەم دامەزراوانە لە لايەن خەڵكەوە پشتگيريى دارايى دەكران و لە هەمان كاتدا كاريگەرى و بەرهەميان بە بەراورد بە ئێستا زياتر بوو. ڕۆژنامەكە پرسيارى ئەوە دەكات كە هۆكارى بەردەوامى و پێويستى

دامەزراوەیەکی وەك سازمانی تەبلیغات لەچی دایە؟ و داوا لە کابینەی حکومەت دەکات بە پێداچوونەوەیەکی "ئازایانە" بۆ پرۆژەیاسای بودجەی ئەم دامەزراوانە و لابردنیان لە لیستی بودجە، خزمەتێکی گەورە بە ناوەندەکانی حەوزە و دۆخی کولتووری و ئاینی وڵات بکات[22].

هەروەها بەشێك لە پیاوانی ئایینی ڕاشکاوانە ڕەخنەیان لە دامەزراندنی ناوەندەکانی وەك حەوزە لە لیستی موچە گرتووە و پێیانوایە بەم هەنگاوە "سەربەخۆیی" حەوزە علمییەکان نامێنێت و "ئیعتبار"یان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئایەتوڵڵا موحەقیق داماد، ئەندامی لیژنەی زانستی زانکۆی شەهید بەهەشتی، لەمبارەیەوە پێیوایە لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی 1979، ناوەندە ئایینییەکان بودجەی تایبەتیان لە لایەن حکومەتەوە نەبووە و بە درێژایی مێژووی حەوزە علمییەکان، سەربەخۆ لە حکومەت بەڕێوە دەبران و بودجەکانیان لە ڕێگە داهاتە شەرعی و پێشکەشییەکانی خەڵکەوە دابین دەکرا[23].

سەرچاوەکانی داریی سازمان وەك ئەوەی لە مادەی (13)دا هاتووە بریتین لە: پشکی پەسەندکراو لە بودجەی گشتی وڵات، یارمەتییەکانی ڕابەری ئێران، یارمەتییە نەختینەیی و غەیرە نەختینەییەکانی کەسایەتییە ئاسایی و یاساییەکان (حقیق و حقوق) لە شێوەی دیاری و خێر، داهاتی بەدەستهاتوو لە چالاکییە کولتووری، هونەری، بڵاوەکراوەکان و چالاکییەکانی دیکەی پەیوەست بە سازمان. داهاتی پەیوەست بە ئەو وەقفانەی کە سازمان ڕێگەی پێدرا بێت بەکاریان بهێنێت، پێشینە و ئاسانکارییە داراییەکان و پارەی بەدەستهاتوو لە فرۆشتنی و بەکرێدانی موڵك و ماڵەکان. لە مادەی 16 و سەبارەت بە بودجەی سازمان هاتووە کە نووسینگەی ڕابەر، بودجەی سازمان و چوارچێوەکانی بە ئەنجومەنی ئەمینداران ڕادەگەیەنێت[24].

سەرەڕای ئەم ڕەخنانە، بەشێك لە لە کارناسانی نزیك لە حکومەت، پێیانوایە ئەو ڕەخنانە واقیعی نین، چونکە لە لایەکەوە

> **ماڵپەری "تجارت نیوز" لە شیکارییەك بۆ پارەی تەرخانکراو بۆ ٤٣ دەزگای ئایینی (لە نێویاندا سازمانی تەبلیغات) لە بودجەی ٢٠٢٢، ئەوە دەردەخات کە بەشەبودجەی بەشێك لەم دامەزراوانە "بە جیا"، زیاترە لە بودجەی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەیران (ستاد کل بحران کشور) وژینگە**

بودجەی ناوەندە ئایینییەکان بە بەراورد بە ناوەندەکانی دیکەی حکومەت ژمارەیەکی زۆر کەمە و تەنانەت ”ناهاوسەنگە“ و لە لایەکی ترەوە، کارایی و گرنگی و بەرهەمی ئەم ناوەندانە ئەگەر لەوانی دیکە زیاتر نەبێت کەمتر نییە[25]. موحسین ڕەدادی، لێکۆڵەری ئایینی، لە شرۆڤەیەك سەبارەت بە بودجەی ساڵی -2021ی دامەزراوە ئایینییەکان، باس لەوە دەکات کە بڕی تەرخانکراو بۆ ئەم دامەزراوانە، (% ٠,٠٠٨)ی تێکڕای بودجەی گشتی وڵاتە[26]. هەروەها بەڕێوبەرایەتی بودجە لە ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە بەشە بودجەی دیاریکراو بۆ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەراوردکردنی بودجەی تەرخانکراو سازمان بە ساڵانی ڕابردوو بە هەڵە دەزانێت و ڕایگەیاندووە کە ”بە مەبەستی لامەرکەزیکردنی پرۆسەی بودجە و تەرخانکردنی بودجە ...، لە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی -1401دا حکومەت بودجەی دامەزراوە هاوشێوەکانی یەکخستووە بۆ یەک دامەزراوەی گەورەتر. ئەو ئامارەی لە پرۆژەیاسای بودجەی 1401 وەك تێچوون و کرێدیتی بونیادنانی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی و دامەزراوەکانی دیکە هەیە، تەنیا تایبەت بەم دامەزراوەیە نییە و کۆی کرێدیتی دامەزراوە بەکۆمەڵەکانی لە هێڵی بودجەی سازمانی تەبلیغاتی گرتووەتەوە“[27].

پشکی سازمانی تەبلیغات بۆ ساڵی 2022 (1401) لە بودجەی کابینەی حکومەتی بناژووخوازی (اصولگرا) ئیبراهیم ڕەئیسی، لە پێشەوەی بەشێکی زۆری دامەزراوە ئایینییەکانە کە بەراورد بە ساڵی 2021 و ساڵانی ڕابردوو، بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە[28]، ئەمە لە کاتێکدایە کە بودجەی سازمان بەسەر 20 دامەزراوەی ژێرکۆمەڵەیەدا دابەشکراوە[29]. لەسەر بنەمای ئەم دابەشکاریيانە، بەشێکی تری ڕەخنەکان بۆ تەرخانکردنی نادادپەروەرانە و نازانستیانەی بودجە دەگەڕێتەوە؛ ماڵپەری ”تجارت نیوز“ لە شیکارییەك بۆ پارەی تەرخانکراو بۆ 43 دەزگای ئایینی (لە نێویاندا سازمانی تەبلیغات) لە بودجەی 2022، ئەوە دەردەخات کە بەشەبودجەی بەشێك لەم دامەزراوانە ”بە جیا“، زیاترە لە بودجەی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەیران (ستاد کل بحران کشور) و ژینگە[30].

### حەوزەی هونەری:
### قۆرخکاری و بەرەنگاربوونەوە

سازمانی تەبلیغات لەگەڵ گرنگیپێدان و هەستکردنی دەسەڵاتدارنی ئێران و بەتایبەتی ڕابەری ئێران بۆ گەڕانەوە و زیندووڕاگرتنی زیاتری گوتاری شۆڕش و پەروەردەی ئیسلامی، هەروەها تەرخانکردنی بودجەی تایبەت لە لایەن حکومەت و هاتنەسەر دەسەڵاتی کابینەی بناژووخوازەکان، هەوڵی داوە لەسەرجەم کایە ئایینی و کولتوورییەکان، چالاکییەکانی خۆی لە بازنەی ئامانجە ئیسلامییەکانی برەو پێبدات.

جیا لە کردنەوەی نووسینگەکانی سازمان لەسەرجەم پارێزگا و شار و شارۆچکەکانی ئێران، چەندین دامەزراوە لە سایەی سازمان دامەزران کە گرنگترینیان بریتنین لە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەمیرکەبیر، حەوزەی هونەری، رۆژنامەی "تهران تایمز" بە زمانی ئینگلیزی، "سازمان دارالقرآن کریم"، دامەزراوەی کولتووری و زانیاریبەخشیی "تبیان"، دامەزراوەی "کتاب شهر"، ماڵپەڕی هەواڵنێری "مهر"، ناوەندی توێژینەوەی "باقرالعلوم قوم"[31].

حەوزەی هونەری بە یەکێك لە دامەزراوە گەورە و بەهێزەکانی ژێر چەتری سازمان دادەنرێت کە بیرۆکەی دامەزراندنی بۆ ساڵی 1978 دەگەڕێتەوە، کاتێك کە تاهیرە سەفارزادە، شاعیر، وەرگێڕ و چالاکوانی دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی، هەوڵی کۆکردنەوەی هونەرمەند و نووسەرانی مسوڵمانی لە چوارچێوەی ناوەندێك بە ناوی "کانون فرهنگی نهضت اسلامی" دا کە تاوەکو پێش شۆڕشی 1979 زیاتر لە 300 هونەرخوازی لەخۆ دەگرت کە دواتر بەشێکیان لە دوای شۆڕش لە بواری هونەری و کولتووری دەرکەوتن[32]. کانونی فەرهەنگی ناوەکەی بۆ "حوزه اندیشه و هنر اسلامی" گۆڕدرا و لە سەرەتاکانی دەیەی 1980 چووە ژێر چوارچێوەی دامەزراوەکانی سەر بە سازمان و ناوەکەی بۆ "حوزه هنری انقلاب اسلامی" گۆڕدرا و بووە شوێنێك بۆ کۆبوونەوەی بەشێك لە هونەرمەندانی ناسراوی بوارەکانی سینەما، شیعر، مۆسیقا و ... وەك مورتەزا ئاوینی، قەیسەر ئەمین پور، سەلمان هەراتی، سەید حیسامەدین سەراج و ...[33].

حەوزەی هونەری لە ناساندنێکی کورت بۆ چالاکییەکانی، خۆی بە یەکێك لە بەرپرسیارانی کولتووری-هونەری بە میحوەرییەتی حکومەتی ئیسلامی دەزانێت کە لە چەندین بواری جیاواز وەکو چاپ و پەخش، بڵاوکراوەکان، بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و ئامادەکردنی سیناریۆ، پشتیوانی لە گروپە هونەرییەکان لە بوارە جیاوازەکان، پشتگیری لە بەڕێوەچوونی نەمایشە ئاینییەکان، هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی هونەرە ڕەسەنی ئێرانی-ئیسلامی و هەروها چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بە پشتبەستن بە ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی[34].

حەوزەی هونەری لە ئێستادا خاوەنی تۆڕێکی گەورەی چالاکییە هونەری و کولتوررییەکانە لە بوارە جیاوازەکانی وەك هونەرە سۆماییەکان (هنرهای تجسمی)، نەمایش، مۆسیقا، ئەدەبیات، تەنز، سینما، وێنەگرتن و چەندین دامەزراوەی وەك زانکۆی سورە، ناوەندی توێژینەوەی کولتوور و هونەری ئیسلامی و هەروەها چاپەمەنی سورەی مهر، هەفتەنامەی مهر، گۆڤاری سورە سەر بەم دەزگایەن[35]. ئەسەد سەیف، نووسەر و توێژەری دەرەوەی ئێران، حەوزەی هونەر بە یەکێك لە بەهێزترین "ئیمپراتۆرییە کولتووری-

ئایدۆلۆژییەکانی” کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە لە بواری بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی تایبەت بە منداڵان و لاوان، سەرقاڵی ”ئیسلامینووسین” و سێ ئامانجی سەرەکیان هەیە:

1. بانگەشەی بەها ئیسلامییەکان و بەرەنگاربوونەوەی کوفر و ئیلحاد.

2. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو؛ ئیسلامی ڕەسەنی محەمەدی.

3. قارەمانسازی سەبارەت بە شەڕی هەشت ساڵە[36].

یەکێك لە سیاسەتەکانی حەوزەی هونەری پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژانەیە کە بە نزیك لە سیاسەت و دیدی خۆی دەزانێت. بۆ نموونە لە بواری سینەمادا بەو پێیەی کە حەوزەی هونەری خاوەن دەیان هۆڵی سینەمایە لە شارەکانی ئێران و بەشێکیان بە فەرمانی تایبەتی ڕابەری ئێران پێیان دراوە[37]، ڕەزامەندی لە پەخشکردنی هەموو فیلمە سینەماییەکانی بەرهەمهاتووی ناوخۆی ئێران نادات و بەشێك لە فیلمە سینەماییەکان بەتەواوەتی لە سینەماکانی سەر بە حەوزەی هونەری بێبەش دەبن و بەشێکی تریان تەنیا لە چەند سینەمایەکی دیاریکراوی حەوزە ڕێگەیان پێ دەدرێت کە پەخش بکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو فیلمانەی کە لە لایەن حەوزەوە پەسەند دەکرێن یان بەرهەمهێنەرەکانی بە کەسانی لایەنگری شۆڕش و ڕژێم ناسراون، سەرجەم سینەماکانی سەر بە حەوزەی بۆ تەرخان دەکرێت. خاوەندارێتی زیاتر لە 100 هۆڵی سینەما لە شارەکانی ئێران وایکردووە کە هەر فیلمێك بکەوێتە بەر بایکۆتی حەوزە، بەشێکی بەرچاو لە داهاتی فرۆشی فیلمەکە لەدەست بدات.

مۆئمینی شەریف، سەرۆکی پێشووی حەوزەی هونەری، لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە ”حەوزەی هونەری لە بورای کولتووردا، ڕۆڵی حەوزەی عیلمی دەبینێت” و ئەرکێکی سەرەکی حەوزە پەروەردەکردنی ”کەسانی پابەند” بە شۆڕشی ئیسلامییە. مۆئمینی شەریف هۆکاری ئەم پشتیوانییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کولتووری شۆڕشی ئیسلامی لە لایەن بێگانەکانەوە هێرش دەکرێتە سەری و پێویستە بە بەرهەمە ناوخۆییە گونجاوەکان وەڵامیان بدرێتەوە. مۆئمینی شەریف سەبارەت بە بێبەشکردنی بەشێك لە بەرهەمە سینەماییەکان، ئاماژەی بەوە دا کە حەوزە مافی خۆیەتی ئەو فیلمانە پەخش بکات کە بە گونجاوی دەزانێت و هاوکاری ئەو هونەرمەندانە بکات کە پابەندی ئامانجەکانی شۆڕش بن و بەپێچەوانەوە دژی ئەو فیلمانە دەوەستێتەوە کە هێڵە سوورەکان تێدەپەڕێنن[38].

ئەم سیاسەتەی حەزە وایکردووە کە ساڵانە بەشێك لە دەرهێنەرە سەربەخۆکانی ئێران و ئەو فیلمانەی کە دەچنە خانەی سینەمای سەربەخۆوە (سینمای مستقل) کە زۆربەیان بەرهەمی ڕەخنەگرایانە و خاوەن دیدێکی جیاوازن بۆ شرۆڤەی کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی و دەسەڵات، یان ئەو

دەرهێنەرانەی کە دەست بۆ بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەستیارەکان دەبەن کە بە لای حەوزەوە هێڵی سوورە، دەکەونە بەر بایکۆتی حەوزەی هونەری. بە واتایەکی تر، حەوزەی هونەری چوارچێوە و کۆمەڵێك بەهای تایبەت بەخۆی دیاری کردووە کە تەنیا ئەو فیلم یان دەرهێنەرانە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن کە لەگەڵیدا بگونجێن و لە بازنەی گوتارەکەیدا بسووڕێنەوە.

## دەرئەنجام

نیگەرانییەکی هەمیشەیی دامەزراوە و دەزگا کولتووری-ئایینییەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران لە پاش شۆڕش، چۆنێتی و شێوازی بەرەنگاربوونی کولتووری ڕۆژئاوا و قوتابخانە فیکرییەکانی وەك لیبرالیزم و تەنانەت چەپی غەیرەئیسلامی بووە و ئەم نیگەرانییە لە ئاستی دەسەڵاتی یەکەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەنگی داوەتەوە. یەکێك لەو بابەتە هەستیارانەی کە ڕابەری ئێران بەردەوام جەختی لە ڕووبەڕووبوونەوە کردووەتەوە، پڕوپاگەندەکانی ڕۆژئاوا و کاریگەیی کولتووری ڕۆژئاوا لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بووە، هەر بۆیە چاودێریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەشێك لە دەزگا حکومی و ناحکومییەکانی پەیوەست بە سیاسەترێژی کولتووری و ئایینی هەبووە. جەختکردنەوەی بەردەوامی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی بۆ گەڕانەوەی بۆ بنەماکانی ئیسلام و گوتاری شۆڕشی ئیسلامی و لە بەرامبەردا ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی دژ بە حکومەتی ئیسلامی، دەرخەی ئەم نیگەرانیانەن. هەر بۆیە سازمان وەك ڕێکخراوێکی زەبەلاحی پڕوپاگەندە و بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ڕابەری ئێران و تەرخانکردنی ساڵانەی بودجەیەکی فراوان و دەستواڵایی لە کردنەوەی لق و پۆپەکانی لە سەرجەم ناوچەکانی ئێران، بە یەکێك لە ناوەندە ئایدۆلۆژییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت کە ئەرکی سەرەکی بەئیسلامکردنی کۆمەڵگە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانەیە کە پێی دەڵێن هێرشی کولتووری لە لایەن وڵاتانی دژبەری ڕژێمی ئیسلامی. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم دەستواڵاییە لە ڕووی سنوور و دەسەڵاتی کارکردن، دابینکردنی بودجەی حکومی و ناحکومی و ڕەهابوون لە چاودێری کابینەکانی حکومەت، تا ڕادەی قۆرخکاری لە ئاڕاستەکردنی بانگەشە ئایینییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بیروڕا جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە چووەتە پێشەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

(1) ”جامعه مدرسین حوزه علمیه قم“ لە ساڵی 1961دامەزرا و بە کۆنترین ڕێکخراوی حەوزە دادەنرێت. ئەم ڕێکخراوە لە دوای شۆڕشی 1979 و لە دەیەی یەکەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دانانی تیۆری و ڕژێمسازی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبووە و لە دەیەکانی80 و -90دا چالاکییەکانی پەرەی سەند. فوزی، یحیي؛ نریمان، سعید (1391)، ” اصول تفکر سیاسي جامعه مدرسین حوزه علمیه قم در دهه اول انقلاب“، فصلنامه جستارهای سیاسی معاصر، سال سوم، شماره دوم، صص 92-91.

(2) خمینی، ڕوح الله (1368)، صحیفه امام (پیام به شورای عالی تبلیغات اسلامی (اهمیت تبلیغات در داخل و خارج از کشور)، جلد 16، قم: مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (س)، ص370. برگرفته از سایت: http://www.imam-khomeini.ir/fa/C207_43787/.

(3) همشهری آنلاین (3/12/1388)، ”آشنایی با شورای

هماهنگی تبلیغات اسلامی"، https://www.hamshahrionline.ir/news/102077/.

(4) خمینی، همان، صص 371-370.

(5) خبرگزاری ایمنا (12/5/1399)، "چگونگی تشکیل شورای هماهنگی تبلیغات اسلامی و وظایف آن"، https://www.imna.ir/news/436668/.

(6) همانجا.

(7) رادیو فردا (8/9/1400)، "احمد جنتی پس از ۴۱ سال از شورای هماهنگی تبلیغات اسلامی رفت"، https://www.radiofarda.com/a/31585208.html.

(8) خبرگزاری ایمنا، همان.

(9) سازمان تبلیغات اسلامی (2021)، "معرفی سازمان تبلیغات اسلامی"، http://ido.ir/org/intro.

(10) خمینی، همان، صص 372-371.

(11) دانا (2/4/1395)، "بررسی تاریخچه و ساختار سازمان تبلیغات اسلامی"، https://www.dana.ir/news/793643.html/.

اق خامنه‌ای (8/4/1371)، " انتصاب حجت‌الاسلام محمدی‌عراق به ریاست سازمان تبلیغات اسلامی"، https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=11139.

(13) سازمان تبلیغات اسلامی، همان.

(14) باشگاه خبرنگاران جوان (24/7/1397)، "سوابق حجت الاسلام خاموشی رئیس جدید سازمان اوقاف و امور خیریه"، https://www.yjc.news/fa/news/6700706/.

(15) خبرگزاری شبستان (28/5/1397)، "حجت‌الاسلام محمد قمی رئیس جدید سازمان تبلیغات اسلامی شد"، http://shabestan.ir/detail/News/722966.

(16) سازمان تبلیغات اسلامی (2022)، "اساسنامه سازمان تبلیغات اسلامی"، http://ido.ir/org/statue.

(17) همانجا.

(18) همانجا.

(19) همانجا.

(20) Khalaji, Mehdi (18\12\2009), "Islam vs. Iran's 'Islamic Republic'", https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/islam-vs-irans-islamic-republic.

(21) روزنامه جمهوری اسلامی (17/9/1399)، "این وابستگی، خطرناک است"، سال چهل و دوم، شماره 11866، صص 2-1.

(22) روزنامه شرق (30/9/1400)، "ارتزاق حوزه‌های علمیه از جیب مردم یا خزانه دولت؟!"، سال نوزدهم، شماره 4175، ص 2.

(23) سازمان تبلیغات اسلامی (2022)، همان.

(24) بۆ نموونە بڕوانە: خبرگزاری فارس (11/10/1399)، "شبهه‌آفرینی در مورد بودجه نهادهای مذهبی و فرهنگی"، https://bit.ly/3ALi7Bf.

(25) محسن ردادی (1/10/1399)، "نقدی بر مقایسه غلط بودجه نهادهای مذهبی با سایر نهادها"، https://bit.ly/3RiIBAX.

(26) دنیای اقتصاد (23/9/1400)، "تغییرات بودجه نهادهای مذهبی در ۱۴۰۱"، https://bit.ly/3D1ufke.

(27) تجارت نیوز (23/9/1400)، " نهادهای مذهبی سال ۱۴۰۱ چقدر بودجه می‌گیرند؟ + اینفوگرافیک"، https://bit.ly/3eqgp0B؛ بۆ بەراوردی بوودجەی سازمانی تەبلیغات لەگەڵ دامودەزگانی دیکەی حکومەت بڕوانە: خبرگزاری ایمنا (23/10/2021)، "بودجه دستگاه‌های اصلی دولت و وزارتخانه‌ها مشخص شد"، https://bit.ly/3Db27LP؛ بۆ بەراوردی بوودجەی سازمان لەگەڵ ساڵانی 2021 و 2020 بڕوانە: سلیمان بیگی، مفهام (16/10/1399)، " نهادهای مذهبی چقدر بودجه می‌گیرند؟ ( اینفوگرافیک و جدول)"، https://bit.ly/3qpS9yd.

(28) فارس نیوز (2/10/1400)، " بودجه مستقل 61 نهاد فرهنگی در 9 مجموعه تجمیع شده است"، https://bit.ly/3x1cgH2.

(29) تجارت نیوز(23/9/1400)، " نهادهای مذهبی سال ۱۴۰۱ چقدر بودجه می‌گیرند؟ + اینفوگرافیک"، https://bit.ly/3BoekeQ.

(30) آسمونی (2022)، "سازمتن تبلیغات اسلامی"، https://asemooni.com/islamic-propagation-organization-23216.

(31) رفیعی، سیدعلی محمد (1388)، "کودک، طاهره، بیم؛ نگاهی به کودکی و نوجوانی در شعرهای طاهره صفارزاده"، کتاب ماه کودک و نوجوان، شماره 145، ص 57.

(32) سینماپرس (7/6/1397)، "نگاهی به شکل گیری حوزه هنری و ضرورت توجه به هنر در انقلاب"، https://www.cinema-press.ir/news/101639/.

(33) حوزه هنری (1400)، "درباره حوزه هنری"، https://hozehonari.ir/#about.

(34) تابناک (1400)، "کلیات"، https://www.tabnak.ir/fa/tags/6907/1/%D8%AD%D9%88%D8%B2%D9%87-%D9%87%D9%86%D8%B1%DB%8C.

(35) سیف، اسد (5/4/1393)، "حوزه هنری؛ امپراطوری بی‌امپراطور"، https://www.radiozamaneh.com/156912/.

(36) کتاب ناب (19/1/1393)، "27 سینما در اختیار حوزه هنری قرار گرفت"، https://ketabenaab.com/1393/01/19/27-%D8%B3%DB%8C%D9%86%D9%85%D8%A7-%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D8%AE%D8%.

(37) ایلنا (18/1/1393)، "نظر مومنی‌شریف درباره تحریم فیلم‌ها، انتشار کتاب‌ها و سیاست‌های حوزه هنری"، yun.ir/182ra7.



# ئەحمەدی موفتی زادە

## یار یان نەیاری هێزی پێشمەرگەی مسوڵمانی کورد؟

## (١٩٧٩-١٩٨٠)

توێژەر: سەروەت عەبدوڵڵا

**بەرایی**

ستراتیجی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، باری ئابووری، ڕۆشنبیری و سیاسی ئەو هۆکارانەن وادەکات بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا (1979) لەچاو ناوچەکانی دیکەیدا زۆر جیاوازبێت، بەجۆرێك لەکۆتایدا بگاتە ئەوەی دۆست و هاوخەباتی دوێنێ ببێتە دوژمنی سەرسەختی ئەمڕۆ و بەرهەمی شیرینی شۆڕش ببێتە هۆکاری جەنگی خوێناوی لە نێوان هێزە کوردییەکان. پاش ڕووخانی ڕژێمی شاە لە 1979 ئەوەندەی پێناچێت شەڕ دەکەوێتە نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای پاسداران و هێزەکانی پارێزگاری کردن لە شۆڕش. هەڵکەوتەی ناوچەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە مۆڵگە و حەشارگەی زۆرێك لە نەیارانی حکومەتی دوای شۆڕش، بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ زۆرێك دەستبەرن بۆ پشێوی نانەوە و یەکلاییکردنەوەی کێشە لەمێژینەکانیان لەگەڵ نەیارانیان، بۆنمونە کوشتنی (عەبە حەبیب) لە پێکدادانەکەی (بیانی تەواونەکراوی ساواك) لە مەریوان لە (19/07/1979) و کوژرانی 12 ئەندامی مەکتەب قورئان جۆرێك بووە لە تۆڵە و کۆنەقین "بەرپرسی چەکدارەکان (عەبە حەبیب) ڕووی دەمیکردە فەرماندارى نیزامی یەکێتی جوتیاران و ڕایگەیاند: ئەوا من خۆم دەدەمە بەدەستەوە، بەڵام بە مەرجێك ڕادەستی نامەردم نەکەیت، پاش خۆ بەدەستەوەدان ئاژەڵێکی سروشت دڕندە تەقەی لێکرد و کوشتی ... زۆرینەی دانیشتوانی ئەوسای مەریوان ئاگاداربوون عەبە حەبیب کەوتە بەر پەلاماری ئاگری تۆڵەی، کە ویستبووی کێشەی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی خۆی و عەبە حەبیب بەوشێوە قێزەونە تۆڵە بکاتەوە"[1]. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەدرێژای دەسەڵاتی شاهنشاهی نەیتوانیوە ئازادانە بەشداری چالاکییە سیاسییەکان بکات و لە کەشوهەوایەکی دیموکراسیدا بڕەو بە تێگەیشتنە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بدات، بۆیە دەبینیت کاتێك شۆڕش دەستپێدەکات هەمووان لەهەوڵی ئەوەدان گرووپ و حیزبێك دروست بکەن و لەژێر ناوێکدا کار بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی بکەن! ئەم زەمینەیە دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی کۆمەڵێک حیزبی بێ ئامانج و بێ پەروا "ساڵی (1979) دەیان حیزب، ڕێکخرا، دەستەو تاقم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خۆیان ناساند ... پلاکاردێکی بە شەقڵەیەکەوە کردبوو، دروشمێکی لێ نووسیبوو یان دێوەجامەیەکی هەڵدابوو. هێندەی بڵێیت یەك و دوو ڕەچەڵەکی حیزب و ڕێکخراوەکان بەری ئاسمانی گرتبوو"[2]. دواجار نەبوونی هۆشیاری سیاسی و یەکڕیزی حیزب و ئەجێندایەکی یەکگرتوو لەلایەك و دەرکەوتنی ئەم هەموو هێزە سیاسییە چەك بەدەستە لەلایەکی دیکەوە دۆخەکەی بۆ پێکدادانی بەرژەوەندی هێزی چەکدارەکان سازاند. بۆ نموونە لە شاری مەریوان هەڵکوتانە سەر لایەنگرانی مەکتەب قورئان دەرفەتی ئەوە دەدات بە دەست حکومەتی

شۆڕشییەوە هێز بجوڵێنێت بەرەو ناوچە کوردییەکان و مەریوان. "لە ئێوارەی (20/07 تاوەکو 11/08/1979)، زۆرینەی ئەندامانی (بارەگای بەرگریی لە ئازادی شۆڕش) بەبێ جیاوازی گرووپ و ڕێکخراوەی بەشدار بوون لە داکۆکیردن لە شاری مەریوان، بەڵام بەشدارییەك بوو بەبێ ئامانج و بەرنامە و ستراتیژییەکی دیاریکراو، هەرکەس بە گوێرەی بیرو بۆچوونی تاکە کەسی خۆی لە کوورەخانەکەی موسەوی تاوەکو جەنگەڵبانی پاڵیدابوو بە دیوارێك یان بن بەردێکەوە و سەنگەری لێدابوو"[3]. لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە ئەو زەمینەسازییەی بۆ پێکدانانی هێزە کوردییەکان هاتۆتە ئاراوە دەستکراوەی زیاتر دەدات بەو گرووپەی کە بڕاوان وایە کێشە و قەیرانەکانی کوردستان دەبێت لە ڕێگەی هێزەوە چارەسەر بکرێت ئەویش بە پاڵپشتی خودی کوردەکان، واتە فارس نەکرێتە قوربانی بۆ ئارامکردنەوەی ناوچە کوردییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین خاوەندارێتی هێزێك ڕوون بکەینەوە، کە دەبێتە ڕێگە نیشاندەری سوپای پاسداران بۆ هاتنە ناو شارە کوردییەکانەوە بەئاسانترین ڕێگە، هێزێکی چەپەکان ئەحمەدی موفتی زادە وەك سەرکردەیەکی ئایینی-نەتەوەی بەدامەزرێنەری دەزانن و خۆشی بەدرۆی دەخاتەوە، بەجۆرێکی دیکە ئێرانییەکان لەژێر ناوی موفتی زادەدا هەوڵدەدەن گەنجانی کوردی بۆ ناونووس بکەن، ئەو هێزەش (پێشمەرگەی مسوڵمانی کورد)ە.

**تێڕوانینی دەسەڵات بۆ چارەسەری قەیرانی ئاسایشی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 1979**

ئاڵۆزیی شارە کوردییەکان لە ڕۆژانی شۆڕش و دواتردا بەجۆرێك دەبێت، کۆنترۆڵ لەدەستی هێزێکی تایبەتدا نامێنێەوەو دەسەڵاتی ناوەند بەتەواوەتی لاواز دەبێت. لە بانە و مهاباد حیزبی دیموکرات کۆنترۆڵ دەگرێتە دەست، لە سنە و مەریوان دەوروبەری کۆمەڵە دەیەوێت بەهەر جۆرێك بووە (پادگان) کۆنترۆڵ بکات، بۆیە تاران لەڕێگەی ناردنی لیژنەکانییەوە دەیەوێت بگاتە چارەسەرێك و ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە[4]، ئەویش لەبەرئەوەی هاوسنوور بوون لەگەڵ عێراقدا هەمیشە جۆرێك لەمەترسی بووە بۆیان. ئێمە بۆئەوەی زیاتر لەبەرنامەی تاران تێبگەین، گرنگە دیدگاکانی ئەوان بزانین بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێرەدا بەگشتی چوار تێڕوانین جێگەی قسە لەسەرکردنن:

١. چارەسەری قەیرانەکان لە ڕێگەی دانوسان و لێکتێگەیشتنەوە: ئەم کۆمەڵە بڕوایان وا بووە دەسەڵاتی ناوەند دەبێت لە ڕێگەی ناردنی لیژنە و دانیشتن لەگەڵ نوێنەرایەتی کورد و سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتنی بەردەوام ئەنجام بدرێت بۆ لێکتێگەیشتن و گەیشتن بە ڕێکەوتن، بڕوای بە چارسەری ئاشتیانە هەبوو، هیچ پێویست بە بەکارهێنانی هێز ناکات.

٢. ئەم تێڕوانینە لە گۆشەنیکای ڕووداو و جیاوازییەکانی دوژمنانی شۆڕشەوە سەیری

کێشەکانی کوردستانی دەکرد، بۆیە هەر ئارامگرت و چاوەڕێکردنێکی بەواتای لەدەستدانی کوردستان و مەترسی بۆسەر ئێران دەبینی. تەنها چارەسەری لەبەشداری پێکردن و هاوکاریکردنی خەڵکیدا دەبینی. بوونی سوپای پاسداران و هێز تەنها ئامادەییەکی سەربازیی و ئاسایشیی نییە لە ناوچەکەدا، بەڵکو بوونێکی گرنگە بەتایبەت ئەوکاتەی خەڵکی ناوچەکە بەشداری دەکەن و دەبن بە بەشێك لەو هێزە سەربازییە، واتە بوونێکی کولتووری تێکەڵ بە بابەتەکە دەبێت و بەمشێوەیەش دەکرێت ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە!"محەمەد بروجەردی یەکێك لە سەرکردە سەربازییە ناسراوەکانی کوردستان بڕوای وابوو، کە بەبێ پەیوەستبوونی خەڵکی کورد بە بوارە ئاساییشییەکە و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی ئاسایشی ناتوانرێت لەم ناوچەیەدا کاربکرێت"[5]. واتە بە بڕوای بروجەردی کۆماری ئیسلامیی ئەگەر دەیەوێت کێشە و پشێوییەکان چارەسەربکات، دەبێت کاربکات خەڵکی کوردستان خۆیان بێنە پێشەوەو ئەرك و بەرپرسیارتی وەربگرن و هاوکاری بکەن. بەپێی سەرچاوە فارسییەکان دواجار هەر ئەم دیدگایە دەبێت بەهۆی دروستکردنی هێزی پێشمەرگەی مسوڵمان. دروستکردنی هێز لەخۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیان! لەهەمانکاتدا دەوڵەت لە بوارەکانی ئابووریی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا داواکری و پێداویستییەکانی خەڵکی دابین بکات.

٣. هەرچی دیگای سێیەم هەیە بڕوای تەواوەتی وابووە، چارەسەری قەیرانەکانی کوردستان تەنها لەڕێگەی کولتوورییەوە دەکرێت و هیچ جێگەیەکی بۆ بەکارهێنانی هێز نەهێشتبوویەوە. بڕوای وابوو دەبێت زەمینە لە بوارە کولتوورییەکاندا بسازێنرێت بۆ ئەو لایەنانەی لەم بوارەدا کاردەکەن و چارەسەری کێشەکان لەڕێگەی سەندیکا و ڕێکخراوەکانەوە بدۆزنەوە. دەتوانین بڵێن مەکتەب قورئان و ئەحمەدی موفتی زادە یەکێك بوون لە سەرسەخترین لایەنگرانی ئەم دیدگایە[6]، بەڵام خۆیان دواجار دەبنە قوربانی دەستی ئەو لایەنانەی بڕوایان بە هێز هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا. نەبی الله ڕۆحی دەڵێت "لە ئەنجامدا شوێن کەوتووانی ئەم دیدگایە لە ناوچەکەدا بوونە قوربانی توندوتیژییەکانی هێزە شۆڕشییەکان"[7]. واتە لەبەرئەوەی چەك هەڵناگرن بەئاسانی هێزە چەکدارەکان توانیوایە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

٤ . بە بووچوونی ئەم کۆمەڵە تەنها چارەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی و سەرکوتکردنی هێزە ناڕازییەکان و دەرپەڕندنیانە لە ناوچەکە. ئەمانە ئەو کەسانەبوون کە لە ڕابردووشدا وەك فەرماندەی سەربازیی کاریان کردبوو، هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان شۆڕشگێڕان و کۆبوونەوەی خەڵکی ئاساییدا نەدەکرد و بڕوایان وابوو هەمووان دەبێت بە توندترین شێوە سەرکوت بکرێت. جا وەك دەردەکەوێت دواجار ئەم بۆچوونە بۆ چارەسەری کێشەکان قسەی کۆتای خۆی دەکات و لەڕێگەی هێز و

سەرکوتکردنی هەر جووڵانەوەیەکەوە ناوچە کوردییەکان کۆنترۆڵ دەکاتەوە و جێگەیەك بۆ خەباتی مەدەنی نامێنێتەوە[8].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەکرێت دیدگا و تێڕاونینی کورد و سەرکردایەتی کورد و چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بۆ دوو دیدگا دابەش بکرێت. دیدگایەکیان هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتای چارەسەری فارسەکانی بە جۆرێك لە کات کڕین و دەرفەت قۆستەوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ خۆ بەهێزکردنەوە تەماشاکردووە. هیچ بڕوایەکی بە تاران نەبووە بۆ چارەسەری کێشەکان. لایەنگرانی ئەم دیدگایەش بریتیبوون لە هێزە چەکدارەکانی وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە. دەکرێت هۆکاری سەرەکی ئەم بڕوا نەبوونەش بە دەسەڵاتی نوێی و ڕابەری شۆڕشەکە لەوە سەرچاوەی گرتبێت: ئەم دوو هێزە لەڕووی مێژووی کولتووری سیاسی ئێران و مامەڵەکانی ناوەند لەگەڵ کورددا هەرگیز ئاشتییانە نەبووە، چونکە ناوەند بڕوایان بە شتێك نەبووە بەناوی کێشەی کورد و مافەکانی کوردەوە. هێزێکی وەك دیموکرات لە سەردەمی پێشەوا قازی محەمەدەوە بۆی دەرکەوتووە هەرکات ناوەند بەهێزبوو یەکەم کاری بریتیی دەبێت لە سەرکوتکردنی کوردە سیاسی و نارازییەکان، بۆیە بەهەمان دیدگاوە لە شۆڕش و کۆمارە نوێکەی ڕوانیوە و بڕوایان وابووە، هەرکات دەسەڵاتی ناوەند هێزی بۆ بگەڕێتەوە و جێگیر ببێت ڕێگە بە هێزی کوردی نادات لەناوچەکەدا ئامادە بن، لەبەرئەمە هەر لەسەرەتاوە کاریان بۆ خۆ باڵادەستکردن و دەرکردن و لاوازکردنی دەسەڵاتی تاران کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەم هێزە نوێیە شۆڕشگێڕە بە سەرکردایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، هێزێکی مەزهەبییە و لەبەرامبەردا ئەمان هێزێکی دیموکرات یان کۆمۆنیستین و هیچ کات ڕێگەیان نادەن لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن و لەئایندەدا چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن[9]. هەروەها گوتار و دیگای حکومەتە شیعییەکەی خومەینی هیچ ڕوون نەبووە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد و نەیانتوانیوە بە ڕوونی گفتی چارەسەری کێشەکانیان لێوەربگرن[10]. جگە لەوەی کۆمەڵێك چەمك و ئاماژەی سیاسیی هەبووە سەرکرایەتی کورد پێداگری لەسەر کردووە، بەڵام لە فەرهەنگی تاراندا هیچ پێگەیەك بۆ ئەم چەمکانە بوونی نەبووە، وەك ئەوەی حیزبی دیموکرات داوای دیموکراتی دەکات بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، بەڵام دیموکراتی و خودموختاری دوو چەمکن لە (قوم) هیچ پێگە و قورساییەکیان نییە و بە چەمکە ڕۆژئاوای و فەرهەنگییەکان باسیان دەکەن[11]. ئەمە بەو واتایە نییە هێزێکی وەك دیموکرات هەر لە سەرەتاوە وەك بڕوای بە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە هەبوو، ئەوەتا خودی ئەبولحەسەن بەنی صەدر لە کتێبی (خیانت بە امید) بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە لە ڕۆژەکانی دەستنیشانکردنی وەك (سەرۆككۆماری ئێران) نوێنەری دکتۆر قاسملۆ دەچێت بۆلای و گفتی

ئەوە دەدات: ئەوان وەك حیزبی دیموكرات بڕوایان بە هێز و شەڕ نییە بۆ چارەسەری كێشەكانی كوردستان[12]، بەڵام دۆخەكە جۆرێك لەكۆنترۆڵ دەرچووە بەڵێن و پەیمانەكان ناتوانن تاسەربن! هۆكارێكی دیكە وادەكات كورد بڕوا بە تاران نەكات ئەوەیە، حكومەتە نوێكە مەزهەبی عەیارە و جگە لە تێگەیشتن و تێڕوانینی مەزهەبی هیچ شتێكی دیكە نابینێت، لەولاشەوە هێزێكی وەك كۆمەڵە و دیموكرات تێڕوانینێكی چەپی ماركسی ڕادیكاڵیان هەیە، كە زۆرجار تەنانەت زمانی گفتوگۆ و نوسین و لێدوانەكانیشیان كێشەی دروستكردوون بۆ نموونە شێخ عیزەدین لە لێدوانێكی ڕۆژنامەوانیدا بۆ ڕۆژنامەی (اطلاعات) كە لە ژمارەی ڕۆژی (15/3/1979)دا لە لاپەڕە 10 بڵاوكراوەتەوە بە ڕوونی داوا دەكات كە ئابووریی ئێران لە ڕووی سیستەمەوە بگۆڕێت بۆ سیستەمێكی ئابووری سۆشیالیستی، هەر لەهەمان لێدواندایە ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ كۆمۆنیستەكانی ئێراندان و لەناو ئێراندا چاكی دەكەن، هەروەها وتی "ئەگەر جوبرەئیل لە ئاسمانەوە بێت و یاساگەلێك بهێنێت كە خودموختاری كوردستانی تێدا نەبێت، ئێمە ئەوە قبووڵناكەین"[13]. بۆیە ئەمان ناتوانن بڕوا بەوە بكەن لە ئایندەدا دەتوانن لەگەڵ هێزێكی مەزهەبیدا بەگفتوگۆ چارەسەر بدۆزنەوە. لەبەرامبەردا دیگای دووەم لەناو كوردەكاندا لەسەرەتاوە بڕوای بەوە هەیە كە دەكرێت لەڕێگەی ڕێكەوتنامە و دانیشتنی سیاسیەوە لەگەڵ تاران بگەنە ڕێكەوتن و تەنها چارەسەر بدۆزنەوە، كە ئەمەش دیدگای هێزە ئیسلامییە سوننیەكەیە كە ئەحمەدی موفتی زادە نوێنەرایەتی دەكات، لەگەڵ ئەوەی تا كۆتای بەرگری لە بۆچوونەكەی دەكات، بەڵام لەدوای تێپەڕینی چەند مانگێك بەسەر شۆڕشدا دەگەنە ئەو بڕوایەی دەسەڵاتی قوم ئەوەندەی دیدگایەكی پیلانگێڕی و كێشە نانەوەی بەسەردا زاڵە بڕوای بە زمانی گفتوگۆ نییە بۆ چارەسە[14]، بۆیە لەو تێگەیشتنەیان بۆ حكومەتی ناوەندی پەشیمان دەبنەوە، تادەگاتە ئەوەی بڕیاری بڕینی هەموو هاوكاریی و هەماهەنگییەك دەدەن لەگەڵ حكومەت و كاربەدەستان و سیاسییەكاندا[15].

### هەوڵە لەپێشینەكان بۆڕوونەدانی جەنگ

ئەوەی زیاتر دەتوانێت تێگەیشتنی موفتی زادە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی مسوڵمان لەلایەك و هێزە چەكدارە كوردەكانی دیكە لەلایەكی دیكە ڕوونتر بكاتەوە بریتییە لەهەوڵەكانی لەگەڵ هێزە سیاسییەكان بەتایبەت كۆمەڵە بۆ ڕێگری لە پێكدادانی سەربازیی. لەڕاستیدا پەیوەندی موفتی زادە و هێزە چەپەكان باسێكە بەدرێژای دەركەوتنی لە كایە ڕۆشنبیری و سیاسییەكاندا ئامادەیی هەیە و بەجۆرێك لە جۆرەكان هەمیشە لە كێشەدا بوون لەگەڵ یەكتردا، بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕش دەچێتە قۆناغێكی مەترسیدارەوە، بەتایبەت ئەو كاتەی هەوڵی تیرۆركردن و ڕشتنی خوێن دەكەوێتە نێوانیانەوە. موفتی زادە لە كتێبی دەربارەی كوردستاندا باس لە هەوڵە بێ ئاكامەكانی دەكات بۆ نزیكردنەوە و دروستكردنی كۆدەنگییەك

له‌ نێوان لایه‌نه‌ سیاسییه‌ کوردییه‌کاندا. هه‌ر له‌سه‌ره‌تای شۆڕشه‌وه‌ موفتی زاده‌ به‌ سه‌فه‌رێکی تایبه‌ت و به‌ مه‌به‌ستی بینین و کۆبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ سه‌رانی چه‌پ و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کاندا ده‌چێته‌ سه‌قز، و له‌ماڵی مه‌لا عه‌بدوڵڵای ئیمامی مزگه‌وتی گه‌وره‌ی سه‌قز کۆده‌بنه‌وه‌، له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا و دوای گفتوگۆیه‌کی چه‌ند کاتژمێری ده‌گه‌نه‌ ئه‌وه‌ی ڕێکه‌وتنامه‌یه‌کی سێ مادده‌یی واژۆ بکه‌ن، به‌ڵام دواتر و له‌ غیابی موفتی زاده‌دا (کۆمه‌ڵه‌ و شێخ عیزه‌دین) ته‌واوی ئه‌و ڕێکه‌وتنامه‌یه‌ هه‌ڵده‌وه‌شێننه‌وه‌، ئه‌مه‌ له‌کاتێکدا ئه‌وان به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ موفتی زاده‌ به‌ به‌رپرسیار ده‌زانن، که‌ بووه‌ هۆی "ڕووداوی ڕووداوی موسیبه‌تباری کۆتایی مانگی ئه‌سفه‌ندی 1357 (مانگی دووی 1979)، که‌ نزیکه‌ی 500 مرۆڤی بێ تاوان له‌و ڕووداوه‌دا کوژران"[16]. له‌هه‌وڵی دووه‌مدا بۆئه‌وه‌ی شه‌ڕی ناوخۆ دروست نه‌بێت ئه‌حمه‌دی موفتی زاده‌ له‌ هاوینی ساڵی 1358 (هاوینی 1980)دا ده‌چێته‌ گوندی (بغده‌ کندی) و له‌وێ له‌گه‌ڵ سه‌رکردایه‌تی کۆمه‌ڵه‌ و دیموکراتدا کۆده‌بێته‌وه‌: له‌ کۆمه‌ڵه‌: شێخ عیزه‌دین حوسه‌ینی و براکه‌ی جه‌لال حوسه‌ینی، له‌ برادەرانی حیزبی دیموکراتیش محه‌مه‌د خه‌رازی ئاماده‌ ده‌بن. دوای باسێکی چه‌ند کاتژمێریی، موفتی زاده‌ ده‌رباری بارودۆخی کوردستان (سنه‌) و ئه‌و مه‌ترسیانه‌ی ڕووبه‌ڕووی بوونه‌ته‌وه‌ و به‌چاره‌سه‌ر نه‌کردنی ئه‌گه‌ری هه‌یه‌ له‌ئاینده‌دا چی ڕووبدات، باس ده‌کات و ڕوونکردنه‌وه‌ ده‌دات، ده‌رئه‌نجامی ئه‌م دانیشتنه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ ده‌رکردنی ڕێکه‌وتنامه‌یه‌ك بووه‌، "کاسێته‌ تۆمارکراوه‌کانی ئه‌م دانیشتنه‌ش له‌لایه‌ن جه‌لال حوسه‌ینییه‌وه‌ ده‌ستی به‌سه‌رداگیرا، ده‌قی ڕێکه‌وتنامه‌که‌ش که‌ واژۆ کرا، بڕیاربوو له‌لایه‌ن (محه‌مه‌د خه‌رازی)ه‌وه‌ بڵاوبکرێته‌وه‌، به‌ڵام ئه‌و ئه‌م کاره‌ی هه‌رگیز ئه‌نجام نه‌دا"[17]. دواتر بڕیارده‌درێت له‌ (مانگی چواری 1979) له‌ شاری کرماشان بۆ نزیکبوونه‌وه‌ی هه‌موو لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان کۆبوونه‌وه‌یه‌ك گرێ بدرێت، به‌ڵام سه‌رانی گرووپه‌ سیاسییه‌کانی ناوچه‌که‌ به‌ هاوڕێیه‌تی شێخ عیزه‌دین له‌بری ئه‌وه‌ی بێنه‌ کرماشان، به‌پێی به‌رنامه‌یه‌کی یونسی (پارێزگاری کاتی کوردستان–سنه‌-) ڕۆیشتن بۆ چاوپێکه‌وتنی ئیمام و ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی ناو حکومه‌ت! ده‌توانین بڵێین کۆتا هه‌وڵی موفتی زاده‌ بۆ نزیکردنه‌وه‌ی سیاسییه‌کانی کوردی ڕۆژهه‌ڵات بریتی ده‌بێت له‌ بانگهێشتکردندیان بۆ به‌ستنی کۆنفرانسێك که‌ دواتر به‌ناوی (کۆنفرانسی خودموختاری)ه‌وه‌ ناوی ده‌رکردن، به‌ڵام دواتر کۆمه‌ڵه‌ و شێخ عیزه‌دین به‌شداری ناکه‌ن و هه‌ر نه‌توانرا ئه‌و کۆده‌نگییه‌ دروستبکرێت! ئه‌مه‌ ئه‌و سێ هه‌وڵه‌ شێلگیرانه‌ی موفتی زاده‌یه‌ بۆئه‌وه‌ی کورده‌کان بکاته‌ خاوه‌نی یه‌ك پاکێجی و کۆده‌نگی، به‌ڵام وه‌ك ده‌رده‌که‌وێت دواجار هێزه‌ سیاسییه‌ چه‌ك به‌ده‌سته‌کان به‌رنامه‌ و ئه‌جێندای دیکه‌یان ده‌بێت. مامۆستا محه‌مه‌دی ئیمامی له‌م باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت "خه‌ڵکی ئێران به‌تایبه‌ت گه‌لی کوردستان وایان بیرده‌کرده‌وه‌ که‌ ده‌بێت هه‌موو یه‌ك ده‌نگ و یه‌ك ڕه‌نگ بن، به‌ڵام ڕێکخراوه‌ چه‌په‌کان

بەداخەوە خۆیان لەخەڵك جیادەکردەوە. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بەنێوی خەڵکەوە خۆیان نیشان دەدا، بەڵام زۆربەی خەڵکیان بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دادەنا. بەتایبەت ئەگەر کەسێك لەسەر بیروباوەڕی ناسیۆنالستی و نەتەوایەتی پێداگر بووایە یان بیویستایە بەناوی دین و مەزهەبەوە بێتە مەیدانەوە.. ئەو تاو و یاوەی ئایدۆلۆژی مارکسیست-لینینستی پەردەیەکی بەسەر چاو و گوێیاندا هێنابوو کە هیچ کەسیان جگە لەخۆیان نەدەبینی، هەرقسەیەك لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەوان یەکی نەگرتایەتەوە پێیان پڕوپووچ بوو"[18]. بە بۆچوونی ئیمامی گەورەترین هۆکار کە بووە بەرەبەست لە نزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکان لەیەکتری بریتیبوو لە قبووڵنەکردنی یەکتری[19].

یەکێك لەزەمینەکانی گەشەکردنی هێزە سیاسی و مەدەنییەکان بریتییە لە ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی ئارام و کردنەوەی دەرگاکانی گفتوگۆ، وەك دەردەکەوێت موفتی زادە ویستوویەتی ئەم زەمینەیە بسازێنێت و دواتر بۆ گەشەکردنی ڕەوتەکەی بیقۆزێتەوە، بۆیە دەبینیت لە ڕۆژی مانگرتنی خەڵکی شاری سنە لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارە وتارێك پێشکەش دەکات و هەموو لایەك لە هاوڵاتیانی کوردستان (سنە) بەڕاست و چەپیانەوە بانگهێشت دەکات بۆ دانبەخۆداگرتن و زیندووکردنەوەی گیانی برایەتی و یەکتری قبووڵکردن، "ئەگەر کاك ئەحمەد لە کۆبوونەوە و وتارەکانی پێشووتریدا وردە گلەیی لە چەپەکان هەبووایە لەو ڕۆژەداو لە وتارەی مزگەوتی گەورەی سنەدا زۆر بەزمانێکی نەرم و پێداگریکردن لەسەر برایەتی و یەکێتی قسەی کردووە"[20].

کورتەی ڕووداوی مانگرتنەکە بەمشێوەیە دەبێت: دوای ئەوەی بارودۆخی شاری سنە بەرەو ئاڵۆزتر دەبرێت و ئاسایشی هاوڵاتیان دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە، خەڵکی شار دەست دەکەن بە مانگرتنێکی کۆمەڵی لە مزگەوتی گەورەی ئەو شارە، لەهەمانکاتدا داوا لە حکومەتی ناوەند دەکەن بەشداری ڕاستەوخۆ بکات و هەوڵی جدی بدات لە دامرکاندنەوەو دانانی نەخشە ڕێگایەك بۆ ئەو بارودۆخە، بۆ ئەم مەبەستەش چوار نوێنەر لەشاری سنەوە بەرەو تاران بەڕێدەکەن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خودی (موهەندیس بازرگان)، دوو لەو نوێنەرانە بەڕێزان (حاجی مەلا سدیقی عەلایی و ئاغا یونس)ی بووە. ئەمان دەچن و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەند کۆدەبنەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە وا دەردەکەوێت هەندێك سیاسیش لەناوەند بڕوایان وابووە کە دەبێت بەهێز و زەبر ڕووبەڕووی چەپەکان ببنەوەو لێیان بدرێت و دەربکرێن، ئەحمەدی موفتی زادە ئەم زانیارییەی لە کەسانی ناو ئەو لیژنە چوار کەسییەوە بیستووە، بۆیە ترسی ئەوەی لەلا دروست دەبێت، ئەم بۆچوونە جێبەجێ بکرێت و ئەم مانگرتووانە بڕوا بە ئاوا پێشنیارێك بکەن و هەوڵبدەن بە شەڕ ڕووبەڕووی ئەو حیزبانە ببنەوە، بۆیە وەك ئیمامی دەیگێڕێتەوە ئەو ڕۆژە

موفتی زادە لەمزگەوتی گەورەی سنە وتارێکی زۆر نیشتمان پەروەرانەی دڵسۆزانە پێشکەش دەکات "دوای نوێژی عەسر کاك ئەحمەد وتاریدا، لە وتارەکەیدا خەڵکی بانگکرد بۆ ئارامی و خۆڕاگری بەرامبەر ناکۆکییەکان و برا چەپەکان بۆ هاوکاری لەگەڵ جەماوەر بۆ دابینکردنی مافی سروشتی کە خواد داویە بە نەتەوەی کورد و دەستهەڵگرن لە توندوتیژی. هەمووانی بانگکرد بۆ هاوکاری و یەکێتیی و لابردنی چەند بەرەکی. بەتایبەتی زۆر پێداگری کرد لەسەرئەوەی ئەو برادەرانەش (مەبەست کۆمەڵە و چریکەی فیدای) هەر ڕۆڵەی ئێوەن، ئێوە هەوڵبدەن کە ناکۆکی نەمێنێ و دژایەتی بنێننە گۆڕ. دەیگوت دەبێت بەئارامی لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت بکەن، دەیگوت دەخیلتان بم ئەگەر ئەو برادەرانەش ناکۆکییەکیان پێکهێناوە ئێوەی جەماوەر ئەوان بە سەبر و حەوسەڵە ناچاربکەن، لە توندوتیژی دژی ئەوان خۆبپارێزن. تکاتان لێدەکەم، لێتان دەپاڕێمەوە بڕێك کاری ناڕەوای ئەوان ناچارتان نەکات بەوەی خوا نەخواستە قەترەیەك خوێنی کوردێك بەدەستی کوردێك بڕژێت، بە هاوکاری و سەبر و یەکدڵی و لێبوردەیی هەموو شتێك چارەسەر دەکرێ. دەزانم ئێوە بە هەر هۆیەك هەیە زۆر توڕەن و دڵتان دەردە دارە، بەڵام هەرچی بێت ئەوانە برا و کوڕی ئێوەن، نەکا خوانەخواستە مەبەستێکی خراپتان هەبێت لەگەڵیان. داواتان لێدەکەم دووبارە بۆ خاتری خوا مەبنە هۆی ئەوەی کە ئاو لێڵ بکەن بۆ دوژمنانی هەردوو لا"[21]. لەم وتارەدا ئەوەی بەلای ئەحمەدەوە گرنگ بووە زمانی تفەنگ و خوێن ڕشتن نەیەتە گۆڕێ، لەلایەکی دیکەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو شتێکی بیستووەو لە هەوڵێك ئاگادارە بۆئەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵات بەرەو خوێنڕێژی و شەڕ بڕوات، بەڵام هەر دوای ئەم وتارە لەناکاو کەسێك لەناو جەماوەرەکەدا بە تفەنگێکی (ژێسێ)وە هەڵدەستێتەوە و تفەنگەکەی بەرزدەکاتەوە و دەقیڕێنێت "ڕابەر، بەخوا ڕازی بیت و ڕازی نەبیت ئێمە لێیان نابوورین و هێرش دەبەینە سەر بنکەکانیان". دوای ئەوەی ئەم قسەیە لەناو جەماوەرەکەدا دەکات لەمزگەوت دەچێتە دەرەوەو ژمارەیەکی زۆر لەئامادەبووان شوێنی دەکەون و موفتی زادە لەکاتی وتارداندا بەجێدەهێڵن! بەجۆرێك بارودۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەچێتە دەرەوە! "قەت ئەوەندە کاك ئەحمەدم بەناڕەحەتی نەدیبوو، هاواریکرد لەخەڵکەکە نەڕۆن، بە قسەیان نەکرد. ئەمجار هاواریکرد لەو مامۆستا و مەلایانە کە لەوێ بوون و گوتی مامۆستایانمان! بۆ خاتری خوا فریا کەون! بەری ئەو هێرشە ناڕەوایە بگرن، بۆخۆشی بە پەلە ڕۆیشتە دەرەوە. ئێمەش بە شوێنیدا ڕۆیشتین. کە چووینە دەرەوە هەزاران کەس ئاوا بە هوڕاکێشان و دروشم دان لە مزگەوتی جامیعەوە بە شەقامی شاپوری پێشوودا سەرەوخوار بەرەو مەیدان بەڕێکەوتین... ئێمەش هیچ چارەمان نەبوو ئەوە نەبێت بە ئوتومبیل و بە پیادە ڕوومانکردە چەمی (قەتارچیان) لە کوچەو کۆڵانانەوە کە سەربڕ (کورت بڕ) بوو بەرەو مەیدانی ئیقباڵی پێشوو بەڕێکەوتین، چونکە

جەماوەرەکە دەبوو بچوایەتە مەیدانی ئەم بەر و لەوێوە بەسەر پردی (مەلا وەیسا) بڕۆشتایە بۆ مەیدانی ئیقباڵ و لەوێوە بۆ شەقامی (شەشی بەهمەن)ی پێشوو، چونکە بنکەی حیزبە چەپە چەکدارەکان کە بریتیبوون لە چریکەی فیدای و جەمعییەت (کە لە دوایدا لەگەڵ چەند گرووپێکی بچکۆلە بوونە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ) لە نزیك شەقامی (ئەدەب) سەنگەریان گرتبوو. ئێمە دەستەی مەلایان و زۆرێك لەکەسایەتییەکانی سنەیی، سەقزی، بانەی، بۆکانی و مەریوانی، کە جەماوەرێکی زۆرمان پێکهێنابوو، بە ڕێنمای کاك ئەحمەد، زووتر لە جەماوەرە تووڕەکە گەیشتینە ئەوەڵی مەیدانی ئیقباڵ، لەو تەنگە بەرییەدا لەبەر سینەماکە بەڕیز ڕاوەستاین، دوو سێ ڕیز مەلا لەپێشەوەو باقییەکەی ڕیز بە ڕیز وەستان. ئێمە هەموو دەستمان لەیەك هەڵپێکا کە ببینە هێزی بەرگری ... کاتی نوێژی شێوان بوو جەماوەر گەیشتە پێشەوە. کاك ئەحمەد دەستووریدا بڵندگۆیەکی دەستیان هێنا. گوتی بانگی شێوان بدەن. لەوێ بانگ گوترا و جەماوەریش کەئەوەیان زانی لە حەرەکەت کەوتن و لەجێی خۆیان دانیشتن. باوەڕبکەن سەرەتایان لەمەیدانی ئیقباڵ (ئازادی – ئێستا -) بوو، دواییەکەیان لە مەیدانی گەورە لای مزگەوتی والی بوو. کاك ئەحمەد وتارێکی زۆر دڵسۆزانەی دا و خەڵکی بانگکرد بۆ ئارامی، تا ئەندەزەیەك لە پیلانەکەی تێگەیاندن و هۆشداری پێدان. چونکە کاتی نوێژی شێوان بوو هەرلەوێ هەرکەس دەستنوێژی هەبوو نوێژیانکرد. ئیتر ئەو پیلانە سەری نەگرت و جەماوەر بەرە بەرە بڵاوەیان لێکرد"[22]. لەگەڵ ئەم هەوڵەشێلگێرانەی بۆ ڕوونەدانی شەڕ! بەڵام دواجار وایان بڵاوکردەوە کە موفتی زادە فتوای جیهادی لەدژی هێزە چەپەکان داوە و ئەو ئێوارەیە خەڵکی بۆ جیهادی ئەوان بەڕێکەوتوون. بەمشێوەیە و دواجار ئەحمەدی موفتی زادە بارودۆخی ئەو ئێوارەیەی سنە کۆنترۆڵ دەکات و ئەو پیلانەی بۆ هەڵگرساندنی شەڕ و تێوەگلانی موفتی زادە داڕێژرابوو پوچەڵ دەکاتەوە و سەرناگرێت. بەڵام دواجار ئەم هەوڵانە ناتوانن بەر بە پیلانەکان بگرن و دواتر هێزێکی چەکدار بەناوی هێزی پێشمەرگەی مسوڵمانی کوردەوە دروست دەکەن و جەنگ دەهێننە ناو ماڵەکانەوە.

### پێشمەرگەی مسوڵمان و سەرەتای دەرکەوتنیان

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕش و بەتایبەتی تر دوای کۆچی ئەحمەدی موفتی زادە و یارانی بەرەو کرماشان دەبێتە جێگەی باسوخواس و سەرقاڵی و گرفتێکی زۆر بۆ موفتی زادە و ڕەوتەکەی بریتییە لە دروستکردنی هێزێکی چەکدار لە کوردی شارەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە کرماشان و پاشان تەشەنەکردنی بۆ شارەکانی (جوانڕۆ، کامیاران، پاوە و مەریوان)[23] کە بە هێزی (پێشمەرگەی مسوڵمانی کورد) ناودەردەکەن. چیرۆك و مەبەستەکانی ئەم هێزە پڕچەکە کوردە جیاوازە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە قۆناغێکدا کەس نایەوێت خۆی بکاتە خاوەنی

و هەرلایەنەو خاوەندارییەتی دەداتە کەسێکی دیکە! لەوەش گرنگتر ئەوەیە دەسەڵاتی ناوەندی و سەرپەرشتیارانی هێزەکەن کە بۆ کۆکردنەوەی ئەندام دەیدەنە پاڵ ئەحمەدی موفتی زادە، بەڵام هێزە کوردییەکان بۆ لێدان لە مەکتەب قورئان و خراپکردنی ناوبانگی هەوڵدەدەن موفتی زادە بەدامەزرێنەر و ڕێکخەری ئەم هێزە سەربازییە بناسێنن!

هەروەك ئاماژەی بۆ کرا، لە ڕۆژان و مانگەکانی دوای شۆڕشدا شارەکانی دیکەی ئێران کەم کەم بەرەو ئارامی دەڕۆیشتن، بەڵام ناوچە کوردییەکان بەپێچەوانەوە ببووە مەنزڵگەی ململانێیەکی قورسی سیاسی و سەربازیی، کۆمەڵێکیان لە هەر شارێکی ئێراندا جێگەیان نەبوایەتەوە دەهاتنە ناوشارە کوردییەکان و دەستیان بەچالاکی دەکرد کە بەشێك لەمانە پاشماوەی سەردەمی شا و دەزگای ساواك بوون[24]! بەداخەوە کوردەکانیش لەم پیلانەوە تێوەگلابوون، بارودۆخەکە بەجۆرێك لەکۆنترۆڵ دەرچووبوو، دەسەڵاتی ناوەند نائومێدبوون لە ناوچە کوردییەکان و پاشەکشەی پارسەنگی هێزی دەوڵەتەکەی بازرگان و بەنی سەدر، بەرنامەو کاریانی بۆ سەقامگیری کوردستان بەتەواوەتی گۆڕیبوو. هێزە کوردییە چەك بەدەستەکانیش لەبەرئەوەی بڕوایان بە ناوەند نییە هەرچی دەرفەتیان دەدرێتێ زیاتر هەنگاو بەرەو زمانی تفەنگ دەنێن! لەم سەروبەندەدا دەبێت هێزێکی چەکدار بە فەرمی دروست بکرێت، ئەمانیش بەهەمان شێوە زمانی تفەنگ دەدەن تاکە هۆکاری گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئارامکردنەوەی ناوچەکە، ئەم هێزەش ناوی خۆیان دەنێن پێشمەرگەی مسوڵمانی کورد.

سەرەتای بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هێزە چەکدارەلەو کاتەوە دەست پێدەکات کە (محەمەد بروجەردی) دەڵێت "لەجیاتی ئەوەی پۆل پۆل گەنجە شیعەکان لە کوردستان بە کوشت بدەین دەبێت کارێك بکەین کە کوردەکان لەبەرامبەر یەکەوە بوەستن. لەبەرئەوە ئەگەر لە داری وشکیش بووە دەبێت پێشمەرگەی کوردی دەوڵەتی دروست بکەین"[25]. بەڵام هەندێکی دیکە بڕوایان وایە بیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بڕوایەکی قووڵ لەناو هێزە دەسەڵاتدارە ئێرانییەکەی ناوچەکەدا بەوەی "ڕۆڵی خەڵکی و بەرقەرارکردن و جێگیرکردنی ئاسایش و ئارامیی لە ڕێگەی خەڵکییەوە بۆ خەڵکی، کە بریتییە لە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی (بەجەماوەرییکردنی ئاسایش) لە بەڕێوەبردنی قەیرانی کوردستاندا"[26]. چیرۆکی پەیدابوونی ئەم هێزە لەزاری یەکێك لەدامەزرێنەرەکانییەوە بەم شێوەیەیە "ئێمە لە مەریواندا بووین 25 کەس لە پێشمەرگەی مسوڵمان، لە 23 تیردا (19/07/1979) شەڕێك کراو حەبیب و کۆمەڵێك کەس شەهید کران ئێمەش بەم ژمارە کەمەوە شەڕمانکرد و لەشار ڕاومانان و دەرمانکردن و چوون بۆ دێهاتەکانی دەوروبەر. ئێمە تا ماوەیەك لەشاردا دانیشتین و ئەوان دووبارە هاتنەوە، ئێمەش بەو ژمارە کەمەو بەو چەك و تفاقە کەمەوە کە هیچێکی وامان

پێنەبوو، ئەمجارە هەڵساین و ئیتر لەمەریوان دەرچووین و چووین بۆ کرماشان، لەوێ بووین بە دوو دەستەوە، دەستەیەکمان ئەوەبوو کە بچین بۆ لای ئیمام (ئایەتوڵڵا خومەینی)، وا ڕێکەوت ئەم شتە بەر من و محەمەدی برام و باوکم کەوت کەبچین بۆ خزمەت ئیمام، هاتین بۆ فرۆکەخانە و بینیم (شەهید چەمەران)یش لەوێ بوو، ئەویش زۆر موحیبەتی هەبوو، وتی بۆ کوێ دەچن؟ وتمان دەمانەوێت بچین بۆ خزمەت ئیمام و باسی ڕووداوەکانمان بۆ ئەویش کرد ... ئێمە چووینە خزمەت ئیمام کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ بوو، چووینە ئەوێ و دوای دە دەقیقەیەك یەکسەر بینیمان ... بینیمان ڕەهبەر بەجلێکی سپییەوە هاتە دەرەوە .. فەرمووی بەخێر بێن یاخوا ... بۆچی هاتوون؟ وتمان قوربان بارودۆخەکە ئاوایەو ئێمە هاتووین 25 کەس پێشمەرگەی مسوڵمان و زۆرمان بۆ هاتووە، توانای بەرگریمان نەبووە، بەڵام ڕۆحییەتمان بەهێزە و ئیمکانیاتمان زەعیفە"[27].

دوای ئەوەی پرسیاریان لێدەکات ئێوە کێن، ئەم دەستەیەش لەوەڵامدا دەڵێن "ئێمە پێشمەرگەین و مسوڵمانین، ئێمە خۆمانمان ناوناوە پێشمەرگەی مسوڵمان، واتە خۆمان فیدای شۆڕش و ڕەهبەر کردووە، ئەویش قسەکەس زۆر پێخۆشبوو"[28].

وەك لەم گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێت هیچ ئاماژەیەك بەوە ناکرێت کە دەسەڵات دەیەوێت خەڵکی بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی ئاراستە بکات، بەڵکو زۆرتر قسە لەسەر خۆڕسکبوونی هێزەکە دەکرێت و خاوەندارێتی نادرێتە هیچ لایەنێکی دیاریکراو، لەهەمانکاتدا باس لەوە دەکات ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریان هەبووە، بەمەدا دەردەکەوێت ئەم هێزە لە شوێنێکەوە توانیویانە دەستیان بە چەك بگات. بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە ئەم هێزە بۆخۆی ڕێ و ڕەسمێکی سەربازییان هەیە بۆ ئەندام وەرگرتن "ئەندامی وەرگیراو لەگەڵ ئەوی لەیەکە و کەتیبەکانی شەڕ و مانۆڕیدا جێگیر دەکران، پارێزگاریان لەناوچەکانی خۆیان گرتە ئەستۆ. ناوچەی شار و دێهاتەکان بەپێی ئاستی ئاسایش و ئارامییان دابەشکرابوو، هەر ناوچەیەک بەپێی بارودۆخی ئەمنی هێزی بۆ دادەنرا، ئەو ناوچانەی هێزی شۆڕشگێڕی لێبووە و نائارام بووە لە ئەولەوییەتی کاردا دادەنراو. لە قۆناغی دووەمدا و پاش ئەوەی کەسەکان ناونوس و دڵنیابوون لێیان پرچەك دەکران و ناونیشانی پێشمەرگەی مسوڵمانیان پێدەدرا"[29]. تەنانەت لە ناوچەی کرماشان سەربازگەی تایبەتییان بۆ کردوونەتەوە و لەلایەن سوپای پاسدارانەوە ڕاهێنانیان پێدەکراو.

بەهەرحاڵ، محەمەد عەلی حەیدەری لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دێتە سەرباسی وەرگرتن و ناونانی ئەم هێزە لەلایەن خودی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە: لەدوای ئەوە "ئیمام بڕیاریدا کە سازمانێك بەناوی سازمانی پێشمەرگەی مسوڵمان دروست بکرێت"[30]. لەدوای ئەم دانیشتنە کورتە ئەم دەستە لە کورد دەبرێن بۆ بینینی لیژنەی شارەزایان (خبرگان) و لەوێ "هەموو بەرپرسان کۆبوونەوە و ئەم بەیاننامەیە دەرکرا:

کە بەڵێ شتێك بەناوی (سازمانی پێشمەرگان)ەوە دابنرێت، بۆیە سازمان بۆ دوو ناوەوە دروستکرا: یەکێکیان سازمانی پێشمەرگانی مسوڵمان، یەکێکیش سازمانی وەحدەتی ئیسلامی. لەوێدا ئەم دوو لقە دەمەزراو ناسێنرا، پاشان هاتینەوەو لەناو کرماشاندا مقەڕمان بۆ دانرا"[31]. ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە، ئەم هێزە هەوڵیانداوە شەڕو پێکدانەکەی شاری مەریوان بکەنە دەرفەتێك بۆ ڕاگەیاندنی خۆیان و دەرکەوتنیان، کە دواتر دەردەکەوێت ئەم جۆرە لە هەڵبژاردنی کات پیلانی پێشوەختە بوو. هەر ئەمەش وادەکات هێزە کوردییەکان بە تایبەت (کۆمەڵە و چریکی فیدایی و یەکێتی جوتیاران) ئەحمەدی موفتی زادە وەك کەسایەتی پشت هێزەکە دەبینن، چونکە کوژرانی ژمارەیەك لە لایەنگرانی مەکتەب قورئان لەلایەن ئەندامانی یەکێتی جوتیاران و هێزەکانی ناو شاری مەریوان لە 23 پوشپەڕدا، هەروەها ڕاستەخۆ دەرکەوتنی ئەم هێزەش لەو کاتەدا وادەکات کە هەست بە پەیوەندییەك بکەن لە نێوانیاندا! لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوە فارسییەکان (محەمەد بروجەردی) بە دامەزرێنەری ئەم هێزە دەناسێنن و ئەوەی دەچێتە تاران بۆ گفتوگۆ و نەخشە کێشانی ئەم هێزە ئەوە، لەپاڵ ئەویشدا ئاماژە بە ناوی (حاجی محەمەد الله مورادی) دەکەن "بەپێی سەرچاوەی مێژوویی تۆمارکراو لە فەیلەق بەیتولقودسی و گفتوگۆی پێگەی میهر لەگەڵ ژمارەیەك لە پێشمەرگە دێرینەکانی مەیدانی خەبات و قوربانیدان لەو پارێزگایە، شەهید محەمەد بروجەردی فەرماندەی فەیلەقی سوپای ڕۆژئاوا لە پایزی 1980بە هاوکاری هەندێك لە فەرماندەکانی دیکە سوپای پێشمەرگەی مسوڵمانی دامەزراند"[32]. واتە لە دیدگا و تۆماری فارسەکاندا ئەم هێزە خاوەنێکی دیکەی هەیە و باڵەوانەکە ئەوە. هۆکاری دروستبوونەکەشی ئەو پشێوی و باڵادەستبوونەی هێزە کوردییەکان و نانەوەی پشێوی و نارامیی لە ناوچە کوردییەکان و ئازاربایجانی غەربی، هەروەها فتواکەی (مامۆستا عوسمان) کە دەڵێت: هەر پێشمەرگەیەك سەری دە پاسداری شۆڕشی ئیسلامیی ببڕێت چوونە بەهەشتی بۆ واجب دەبێت[33]، بۆ فارسەکانیش ئەمە واتای گۆڕینی جەنگەکەیە بۆ جەنگێکی مەزهەبی.

لەکۆتاییدا ئەم هێزە دەست بەکار دەبێت و چالاکییە سەربازییەکانی دەست پێدەکات و لەیەکەم کاری بەرنامە بۆ داڕێژراویاندا هێرش دەکەسە سەر شاری کامیاران و لەماوەیەکەدا دەتوانن هێزە کوردییەکە لەو شارە بکەنە دەرەوە. ئەمەش دەبێتە سەرەتای گەڕانەوەی هێز بۆ سوپای پاسداران، چونکە ئەم هێزە کوردییە لەبەرئەوەی لە هۆز و کەسایەتی و خەڵکی ناوچەکە دروستکرابوون لەبارەی شار و ناوچەکانەوە پڕ زانیاری بوون و دەبوونە بەرچاوڕوونی هێزە فارسییەکە و لەماوەیەکی کەمدا دەیانتوانی شار و ناوچەکان بگرنەوە دەست، هەر بۆیە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە هێزە (جاش)ەکە بەناو بانگن.

## ڕۆڵ و تێڕوانینی موفتی زادە بۆ دروستبوونی هێزی پێشمەرگەی مسوڵمان

بەپێی سەرچاوە فارسییەکان هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە دەربارەی ڕۆڵی ئەحمەدی موفتی زادەیە لە دروستبوونی ئەم هێزەدا، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و ئاماژەی بۆ کراوە، لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئەم هێزەدا چەند ڕووداوێکی نەخوازراو و کوشتن بەسەر لایەنگران و شوێنکەوتوانی مەکتەب قورئاندا دەهێنرێت لەلایەن هێزە چەپەکانەوە لە مەریوان و سنەدا. وەك "هەڵکوتانە سەر بنەماڵەی (نمکی) کوشتنی سێ برایان، و کوشتنی براکانی (شلبی)، هەروەها کوشتنی: شەهاب ئاروەند، صدیق بەهاران، محێدین ئازەرپیران، ساڵەح ڕەشیدی لە مەریوان"[34]. هەروەها ئەو کۆمەڵکوژییەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لە شاری مەریوان و لە بینا تەواو نەبووەکەی ڕێکخراوی ساواکدا لە (19/07/1979). دیارە موفتی زادە لەبارەی ئەم ڕووداوانەوە هەڵویستی هەبووە و قسەی کردووە[35]، بۆیە وا دەرکەوتووە ئەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لە دروستکردنی ئەم هێزەدا! بەڵام بەپێچەوانەوە یەکێك دەبێت لەڕێگرە سەرسەختەکان بۆئەوەی ئەم گرووپە دروست نەبێت و دەست بەکار نەبن، چونکە ئەو دەستەیەی چوونە تاران (محەمەد عەلی حەیدەری) و هاوڕێکانی بەلای موفتی زادەوە بۆ جۆرێك لە ئیزن وەرگرتن چوون بۆ شەڕکردن و لەدوای گەڕانەوەیان لەتاران خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. ئەو شەڕە ناوخۆیی و برا کوژییەی ڕوویدا، ئەو هەموو هەوڵێکیدا دروست نەبێت، دروست دەبێت و کوردێکی زۆر بەدەستی کورد دەبێتە قوربانی ئاگرێك، کەخۆی هەڵگرسێنەری سەرەکی نییە، بەڵکو بۆ کەسان و لایەنگەلێکی دیکەی دەکات.

دوای دروستبوونی هێزی چەکداری پێشمەرگەی مسوڵمان ڕاستەوخۆ دەنگۆی ئەوە بڵاوکراوەتەوە مەکتەب قورئان و ئەحمەدی موفتی زادە لەپشتەوەی ئەم بەرنامەیەن، وەك دەردەکەوێت ئەمەش لەبەرئەوە وتراوە تاوەکو خەڵکی بێن و ناوی خۆیان لەناو ئەم هێزەدا بنووسن و دەستبدەنە چەك و بڕۆنە شەڕی براکان! بەڵام هەر زوو ئەحمەد هەوڵدەدات ئەم دەنگۆیە بەدرۆ بخاتەوە، ئەمەش لە چەند ڕێگەیەکەوە، سەرەتا نامەی ڕاستەوخۆ دەنووسێت بۆ بەرپرسانی تاران لەوانە (ئایەتوڵڵا مونتەزری)، پاشان بەیاننامە دەنووسێت و بە تیراژی 3000 دانە بەناو شارەکانی کوردستاندا بڵاوی دەکاتەوە و لەمزگەوتەکانی دەخوێنرێتەوە، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە دەستەیەکی 20 کەسی لەوانەی وا بەنیازن یان چوونەتە ژێرباری ئەم بیروبۆچوونەوە بانگهێشتیان دەکات بۆ ماڵەکەی خۆی لە کرماشان و بە وردودرشتی بەرنامەو پیلانەکانی پشتی ئەم هەوڵ و هێز دروستکردنەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەم کارەی موفتی زادە بە جۆرێك دەنگ دەداتەوە هەر لەو ڕۆژانەدا دەبێت ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی (17/11/1358) دەنووسێت "شکل گیری سازمان مردمی پیشمرگان مسلمان کرد از سوی موفتی زادە

مورد مخالفت قرار گرفت"[36]، واتە: (دروستکردنی ڕێکخراوی جەماوەری پێشمەرگەی مسوڵمانی کورد لەلایەن موفتی زادەوە دژایەتی کرا). هەروەها بەڕێز سەعدی قورەیشی لەبارەی هەوڵەکانی موفتی زادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کارەی دەسەڵات لە گفتوگۆی بەرنامەی تەلەفزیۆنی (ڕوودا و مێژوو)ی کەناڵی (NRT) دەڵێت "کاک ئەحمەد لە ڕێبەندانی ساڵی 1358 (1961)دا لە سەرکۆنە و بەرپەرچدانەوەی تەواوی ئەم گرووپانەدا نامەیەکی نووسی، ئەو نامەی دابە من و من هێنام لە مزگەوتی جامعەی سنە خوێندمەوە، کە هەر جەماعەت و دەستەو گرووپێك بەناوی منەوە خەریکن خۆیان ڕێکدەخەن و چەکدار دەبن و شەڕ لە کوردستان هەڵدەگرسێنن دژی ئەو گەلە، ئەوانە لەمن نین و من بێ بەریم لەم شتانە. هەر دوای ئەوەش نامەیەکی بۆ ئایەتوڵڵا مونتەزری نووسی، هەرلەوێش ئەوە ڕەد دەکاتەوە و سەرکۆنەی دەکات"[37]. ئەو بەیاننامەیە کە لە بەرواری (17/10/1358) (7/1/1980) بە واژۆی خودی موفتی زادەوە نێراوە نووسراوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

هاوڵاتیانی خۆشەویست

ئاگادارن لەبەر بارودۆخی هەنوکەیی و لەبەر ڕێگری لەهەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە و خوێنڕژانێك، ماوەیەك لەمەوپێش ژمارەیەك لە مسوڵمانانی سنە و هەندێك لەناوچەکانی دیکەی کوردستان بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران کۆچمانکرد. لەئێستادا کە ڕووبەڕووبوونەوەی میللەت و شۆڕشی ئێران لەگەڵ داگیرکەردا فۆڕمێکی دیکەی وەرگرتووە، دووبارە بۆ تەئەکید کردنەوە لەسەر ڕاگەیاندنەکانی ڕابردوو، هەروەها لەنێوانیاندا بەیاننامەی چەند ڕۆژی پێشوو کە برادەرانی کۆچکردو لەبارەی هەمان بابەتەوە بڵاویانکردەوە، بەقەتعی ڕایدەگەیەنم کە دروستکردنی هەرجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە کوردستان یان هەر گۆشەیەکی تری ئێران و هاندان بۆ شەڕی ناوخۆ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپگەل و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا لەژێر هەرناونیشانێکدا بێت، چ ناوی ئیسلامی یان نا ئیسلامی بێت، هەنگاوێکە دژی میللەت و بە زیانی میللەتی ئێران و ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ خزمەتێکە بە ئامانجەکانی دژی خەڵك و دژی ئیسلامیی و خاوەن هێزەکانی داگیرکەر. لەبەرئەوە ئەمجۆرە هەنگاو و دەستپێشخەریانە سەرکۆنە دەکەم.

هەروەها هەواڵ لەملاو ئەولا بڵاودەکرێتەوە و باس لەوە دەکەن کە کەسانێک هەن دەیانەوێت لەم بوارەوە دەستپێشخەری بکەن و لەڕێگەی سود وەرگرتن لە ناونیشانی ئیسلامی و بەکارهێنانی ناو و وێنەی بەندە کاری خۆیان دەبەستنەوە بە منەوە.هەموو ئەمانە من بەدرۆی دەخەمەوە و کارێکی بەو شێوەیە پێچەوانەی نەخشە ڕێگای خۆمی ئەژمار دەکەم.

والسلام علينا و على عبادالله الصالحين

واژۆ: ئەحمەد موفتی زادە

ناوەرۆکی نامەکە زۆر ڕوونە و بەئاشکرا بێ بەری بوونی خۆی لە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ دروستکردنی هێزێکی چەکداری لەو شێوەیەی ڕەتکردۆتەوە.

## تێڕوانینی موفتی زادە بۆ پیلانی پشتی هێزی پێشمەرگەی مسوڵمان

دوای لە کۆنترۆڵ دەرچوونی ئاسایشی شارە کوردییەکان و بەتایبەت سنە، ئەحمەدی موفتی زادە بە فەرمی داوا دەکات هەندێك پێداویستی سەربازیی بدرێت بە لایەنگرانی بۆئەوەی بتوانن لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خۆیدا کار بۆ گەڕانەوەی ئاسایش بکەن بۆ شارەکانی سنە و مەریوان، لە هەمانکاتدا کارێك بکرێت چەك بەئاسانی نەگاتە دەستی هەموو کەسێك و لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە سنوردار بکرێت. بۆئەم مەبەستەش چەندین جار داواکاری بەرز دەکاتەوە و لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ بەرپرسان قسەی لەسەر دەکات، بەڵام وەك دەردەکەوێت دەسەڵاتی ناوەند و فەرماندە سەربازییەکان ناچنە ژێرباری ئاوا داواکارییەکەوە، پشێوییەکان هەتا بێت زیاتر دەبن[38]، بەڵام کاتێك پێشمەرگەی مسوڵمان دروست دەبێت ڕاستەخۆ پێداویستی سەربازیی دەخەنە بەردەستیان و ئامادەیان دەکەن بۆ شەڕ، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی موفتی زادە دەرکەوتنیان بە هەوڵێکی مەترسیدار بزانێت بۆسەر ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیانی کورد. بۆ ڕێگری کردنیش لە بڵاوبوونەوەیان دەست دەکات بە هەوڵدان، لەپاش دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەی ئاماژەی بۆ کرا ڕاستەوخۆ داوادەکات کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجام بدات کەبەنیازی ئاوا کارێکن، بۆئەمەش نزیکەی بیست کەسیان بانگ دەکات و بەوردی مەترسییەکان و پیلان و ماڵوێرانییەکانی پشتی ئاوا کارێکیان بۆ باس دەکات. موفتی زادە لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەوە دەڵێت "ئەوکاتە دەمزانی پێشمەرگانی مسوڵمان خیانەتەو دەوڵەت بۆئەوەی کاری لەناو کوردەواریدا بچێتە پێشەوە لەناوخەڵکدا بڵاوی دەکردەوە و دەیگوت پێشمەرگانی مسوڵمان هی ئەحمەدە، بۆئەوەی مسوڵمانەکان باوەڕ بکەن. ئێستاش ئاگادارم و خەبەرم هەیە لەزۆرێك لە شارو دێهاتی کوردەواریدا ئەو میللەتە مسوڵمانە، مەزڵوم و فەقیرە باوەڕیانکردووە کە پێشمەرگانی مسوڵمان هی منە، لەکاتێکدا هەر ئێستا خەریکن بەناوی منەوە لە بانە و لەم شارانەدا شیعار دەدەن [واتە بەناوی منەوە قسە دەکەن]، دەزانن خۆم لەژێر چاودێریدام و لەماڵەوە دەستبەسەرم، دەزانن چەند کەس لە منداڵە (گەنجە) مسوڵمانەکانمان گیراون..."[39]. لەم ڕوونکردنەوەیەدا موفتی زادە دەیەوێت بڵێت: دەسەڵات لەلایەکەوە بۆئەوەی هانی خەڵکی کوردەواری بدات لەناو هێزی پێشمەرگە مسوڵماندا ناوی خۆیان تۆمار بکەن هاتووە سود لەناو و نازناوی ئەو وەردەگرێت و وابڵاو دەکاتەوە موفتی زادە لایەنگرو هاوڕایە لەگەڵ ئەم کارانەدا! لەلایەکی دیکەوە لەماڵەکەی خۆی لەکرماشان خراوەتە ژێر چاودێری ئاسایشەوە و دەستبەسەرکراوە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و لایەنگرانی لەوکاتەدا لەزیندانەکان توند کراون و مەحکوم بەزیندانین، کە ئەمانەش هەموو کرداری دژ

بیەکن. لەدرێژەی لێدوانەکەیداو لەوەڵامی ئەوەی چۆنە بەفەرمی بڕیارتداوە ئیتر ئامادە نیت هاوکاری لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەندا بکەیت، بەڵام لەم لاوە هاتوویت هێزی چەکدارت بەناوی مسوڵمانەوە دروست کردووە، وەك دیارە حکومەت بۆ ئەم کارە هاوکاریت دەکات، دەڵێت "کاکە گیان! کەسێك پەیوەست نەبێت بەهیچ بنەمایەکی شەرافەتەوە و گوێ بەڕاستی و درۆ نەدات دەتوانێت هەموو قسەیەك بکات، هەموو تۆمەتێك بۆ هەموو کەسێك دروست بکات و دروست بکرێت، بەڵام ڕاستی بابەتکە ئەوەیە لەدوی 6-5 مانگ لە شۆڕش، کاتێك زانیم ئەوانە هێزیان پەیداکردووە و خەریکە لادەدەن لەسەر ڕێگەی ئەوەی وابەڵێنیان لەسەر داوەو خەریکن ناڕاستی بنوێنن لەگەڵ نەتەوەی کورد، کەوتمە بەرهەڵستیان، هەرئەوەنەبوو لە (حوسەینیەی ئیرشاد)دا قسەمکرد، بەڵکو لە (پەیام بە نەتەوەی ئێران) کە نامەیەکی دوورودرێژ بوو، لەچەندین جێگەدا باسمکردووە کە تەواوی نەتەوەی ئێران داچڵەکێت و بزانێت ئەوانە خائینن و ئەوانە خراپن بۆ ئەو شۆڕشە. لەلایەکی دیکەوە ئەو کتێبانەی نووسیومە و هەیە، لەگەڵ ئەو بەیاننامانەدا، هەروەها ئەوکاتەی خەریك بوون (سازمانی پێشمەرگانی مسوڵمان)یان دروست دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لەوانە هەر لەکرماشاندا بوون، ناردم بە شوێنیاندا کە نزیکەی 20 کەس لەوانەی وا خەیاڵیان بوو ئەو سازمانە دامەزرێنن (هاتن) بەوردو دێژی بۆمباسکردن و ڕوونمکردەوە بۆیان، کەلە کتێبی (دەربارەی کوردستان) دا هەندێکیم باسکردووە ... حاڵیمکردن ئەوە خیانەتە بە نەتەوەی کورد، ئەوە خزمەت نییەو باوەڕمەکەن کەئەو حکومەتە خەریکە سازمانی پێشمەرگانی مسوڵمان دروست دەکات بۆئەوەی نەتەوەی کورد ڕزگار بکات، بۆئەوەیە شەڕی ناوخۆ دروست بکات، بێن ومەردی مەردانە مەهێڵن ئەم شەڕە ناوخۆییە دروست ببێت.

پێمووتن: ئەگەر من کەیفم لەشەڕی ناوخۆ بووایە لە کوردستان (سنە) دەمامەوەو نەدەهاتمە دەرەوە (کرماشان). من کاتێك زانیم ئەگەر لە کوردستان بمێنمەوە دەبێت تووشی شەڕی ناخۆ ببم لەگەڵ ئەو گرووپە ئەمەریکایی و ڕووسانە، لەبەرئەوە هاتمە دەروە لە کوردستان، تاوەکو ئەم ماڵ ئەو ماڵ نەکەمە دوژمنی یەکتری، با ئەم شار و ئەو شار نەکەمە دوژمنی یەکتری، با شار و دێهات نەکەمە دوژمنی یەکتری، ئەم دێ و ئەو دێ، براو برا نەکەمە دوژمنی یەکتری. ئەو هەرایەکە ئەمەریکا و ڕووسا لە کوردستاندا سازیانکردووە و وردە ووردە خەڵکی وریا دەبێتەوە و دەزانێت ئەو هەرایە خیانەتەو دوژمن سازیکردووە... با کارێك نەکەین میللەت دەستی بچێتە خوێنی یەکتری و شەڕی ناوخۆ دروست نەبێت"[40]. وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات ئەم پێداگرییەی لەسەر دروست نەبونی شەڕی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرئەنجامەکەی ئەوەی دەبێت سنە بەجێدەهێڵێت بۆ هەمیشە ناتوانێت ببینێتەوە تائەوکاتەی تەرمەکەی دەهێننەوە و لەوێ دەیناژن!

موفقی زادە لە دانیشتنی لەگەڵ پێشمەرگانی مسوڵماندا باسی ئەجێندای ترسناکی دەسەڵاتی ناوەندی بەرامبەر بە کوردی بۆ کردوون و بۆچوونی خۆی بۆ ڕوونکردونەتەوە"دەمزانی لەم حکومەتەدا دەستەیەکی خائین و ناکەس هەن پێیانخۆشە شەڕی ناوخۆ لەناو میللەتی کورددا دروست بکەن و دەستەیەك بدەن بەگژی دەستەیەکی دیکەدا، کەی شەڕی ناوخۆیان تێدا دروست بوو ئەوان ئیتر بڕۆن و بۆخۆیان دانیشن و پاڵی لێبدەنەوە. جا سیاسەتی ئەو دەوڵەتە بەهێزانەش هەروایە: شەڕ لەنێوان نەتەوەکاندا دروست دەکەن بۆ قازانجی خۆیان. سەیرمەکرد ئەمانیش پێیانخۆشە لەناو کوردەواریدا شەڕ دروست ببێت، لەنێوان مسوڵمانان و ئەو گرووپە کۆمۆنیستانەدا و دواتر خۆیان دڵنیا و ئاسودە بن. ئەو کۆچەمکرد لە کوردستان و هاتمە دەروە بۆئەوی ئەو شەڕە نەبێت. من نەمدەویست شەڕ ببێت لەکوردستانداو دەشمزانی ئەو خائینانە شەڕ دەکەن، ئەمەریکا و ڕووس فەرمانیان پێکردون شەربکەن، ئەمەریکا و ڕووس دەیانەوێت دەسەڵات پەیدا بکەن لەکوردستاندا و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. منیش نەمدەهێشت و دەمزانی ئەمەریکا و ڕووس دوژمنی کورد و تەواوی نەتەوەکانی دونیان .... جا شەڕی ناوخۆی کەوتە ناو میللەتێکەوە پەنا بەخوا ئەو میللەتە وێران دەبێت، دەچێت بە قوڕدا"[41].

جگەلەم دیدگا سیاسی و مێژووییە، ئەو بۆ پەشیمانکردنەوەی ئەو کۆمەڵە لە پێشمەرگە مسوڵمان دێت لە دیدگا شەرعییەکەشەوە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، پێیوایە بوون بە ئەندام لە هێزی پێشمەرگە مسوڵماندا و چەك هەڵگرتن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە کارێکی نادروستە"پێشمەرگە مسوڵمانەکانم حاڵی کردوو ووتم: براله ئەگەر لەڕووی شەرعییەوە ئەو شەڕە دروست بووایە لە کوردستان نەدەهاتمە دەرەوە، وەرن مەردو مەردانە مەیکەن"[42].

هەروەها لە بەیاننامەی ژمارە (86)ی بەرواری (17/7/1358)-(9/10/1979)دا کە یەکێکە لەبەیاننامە دورودرێژەکانی دەربارە بارودۆخی کوردستان ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەوێدا دەنووسێت "خوایە تۆ شایەت بە تا چی ئەندازەیەك خوێن و گیانی گەنجانی نیشتمانم لەلا خۆشەویست بوو، تا چی ئەندازەیەکیش هەوڵمدا ڕێگری بکەم لەڕژانی ئەو خوێنە خۆشەویستانە، تا چی ئەندازەیەکیش هەوڵمدا ئەم شۆڕش – ئەم خوێنی دە هەزار شەهیدە – بێتە بەرهەم و بەفیڕۆ نەچێت، تا چی ئەندازەیەك ئەم شۆڕشەم خۆشدەویست و لەبەرخاتری ئەو فشارو دەردی سەریەکانم تەحەمول دەکرد"[43]. لێرەدا بەتەواوەتی دەردەکەوێت ئەحمەدی موفتی زادە چەنێك کاری لەسەر ئەوەکردوە ئەم خوێنانە نەڕێژرێن.

وەك لە بەڵگەنامەو لێدوانەکاندا هاتووە، دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەی موفتی زادە دەبێت ژمارەیەك لەوانەی بڕیاریانداوە بەشداری بکەن لەو هێزە چەکداریەدا دەکشێنەوەو بەگوێی موفتی

زادە دەکەن و ناچنە شەڕی کوشتنی براکانەوە، بەڵام ژمارەیەکیان وەك (محەمەد عەلی حەیدەری) و باوك و براکەی دەچن و ئەو هێزە چەکدارە دروست دەکەن و بەئاڕاستەی ڕشتنی خوێنی براکان دەچنە جەنگێکەوە لەهەردوو سەرەوە تەنها کۆمەڵگەی کوردی زەرەری تێداکرد.

**پەیوەندیکردن لە تارانەوە**

**بۆهەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە مسوڵمان**

هەوڵەکانی ئەحمەدی موفتی زادە بۆ ڕێگری کردن لە دروست بوونی ئەم هێزەدا تا ئەوجێگەیە دەچێت، کە پەیوەندی دەکات بەلایەنی دەسەڵاتەوە، واتە موفتی زادە بۆئەوەی لەڕێگەی ئەم هێزەوە زەمینەی شەڕی ناوخۆ نەسازێت لەسەر چوار ئاست کاری کردووە: یەکەم هەوڵیداوە ئەو گەنج و کەسانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن لە دروستکردنی هێزی پێشمەرگە مسوڵماندا پەشیمانیان بکاتەوە و ڕوونکردنەوەیان پێبدات، دووەم، بەماوەیەکی زۆر پێشتریش و لە چەندین هەوڵدا لەگەڵ سەرکردایەتی کورد دانیشتووەو لەبارەی ئەم هەوڵە مەترسیدارانەوە ڕوونکردنەوەی داوە[44]، سێیەم، لەگەڵ کەسانی بەرپرس و خاوەن نفوز و دەسەڵات لەحکومەتدا قسەی کردووەو دەربارەی مەترسییەکانی ئاوا هێزێك ئاگاداری داوە، لایەنی چوارەبلاوکردنەوەی ئاگاداری نامە و وتاری مزگەوتەکان، ئەویش کاتێك دەزانێت هیچ کام لەوانە کاری خۆیان ناکەن! بۆیە دێت ڕاستەوخۆی میللەت ئاگادار دەکاتەوە، وەك پێشتر باسمانکرد. ئێستا قسە لەسەر ئەو نامەیە دەکەین کە لەبەرواری (2/8/1359) – (24/10/1980) دەینێرێت بۆ ئایەتوڵا مونتەزیری. بەشێکی نامەکەی تایبەتە بەو هێزە چەکدارەی پێشمەرگانی مسوڵمان و لەبارەیانەوە بە مونتەزری ڕادەگیەنێت:

"بەرپرسانی دەسەڵاتدار هەوڵیاندا دروستکردنی سوپاس پێشمەرگانی مسوڵمان، ئەم هێزە دەوڵەتییە لەگەڵەئەوەی من زۆر دژی بووم پەیوەست بکەن بەمنەوە: تاوەکو گەنجانی خاوەن باوەڕ بڕۆن و خۆیان ناونووس بکەن، هەروەها زەمینەی خۆشەویست بوونی لەناو کوردانی مسوڵماندا بسازێنن. لە بەهاری ساڵی ڕابردوودا کاتێك ئەم سوپایە هاوڕێ لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکانی دیکەدا دەچنە ناو سنە و هەندێك ناوچەی دیکەی شار و گوندەکانی کوردستانەوە، بە بەردەوام بوون لەسەر هەمان سیاسەتی هەڵخەڵەتاندن، و پێدانی وێنەو ووتنی شیعاراتی پشتیوانی لە من و دەوروبەرم، ئەم کارەیان کردووە، بەڵام هەر لە سنەو هەندێك ناوچەی دیکە وابیردەکەنەوە بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵکردووە هەستدەکەن بارودۆخەکە گۆڕاوە، و تەنانەت چەند جارێك بە ڕوونی بە پێشمەرگەکان ڕادەگەیەنن، کە هەرکەسێك لایەنگری موفتی زادەیە دەبێت چەك دانێت و لە سوپا بچێتەدەرەوە! (وەك ئاماژەی بۆ کرا پێشتر بە شێوەیەکی فێڵبازانە، ژمارەیەك نائاگا

و بێ خەبەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکەو بێ خەبەر لە دژایەتی کردنی من بۆ ئەم سوپایە لە سوپا خۆیان ناونووس دەکەن)، بەڵام بابەتێکی زۆر سرنجراکێش ئەمەیە: ئێستاش لە هەندێك لە شارو دێهاتەکانی ئازەربایجان و دەوروبەری کە هەست دەکەن لاواز و بێ هێزن، دووبارە هەمان سیاسەتی پێشتر جێبەجێ دەکەن [واتە بەفێڵ و تەڵەکە ناوی ئەحمەد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار دەهێنن]، هەواڵ دەگات: دەیان و سەدان مسوڵمانی گوندەکان بە خەیاڵی ئەوەی لە "سوپای موفتی زادە" بەشدار دەبن، کەوتوونەتە داوەکەوە! ... سەیرە کە یاریکەرانی ئەم سیاسەتە ناشیانە"بانێکە و دوو هەوا" ئاگایان لێ نییە لەکۆتایدا خۆ ڕۆژێك هەردێت ئەم دوو ڕەنگییە و بەسەریەکدا پژانە ئاشکرا دەبێت ..."45. بەم شێوەیە لەنامەکەدا بە ئاشکرا و جارێکی دیکە بێ بەری خۆی لەم سوپایە دەردەبڕێت و بچوکترین کرداریان نانخاتە ئەستۆی خۆی و هاوەڵەکانی.

## دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەوەی هێزی پێشمەرگە مسوڵمانی کورد، هێزێکی ڕێکخراوی بەرنامە بۆ دارێژراو بووە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بەتایبەت و لەژێر بەرنامەی: سیاسەتی بەکارهێنانی هاوڵاتی کورد بۆ گەڕانەوەی ئاسایش بۆ ناوچە کوردییەکان و کردنیان بە گژی هێزە کوردییەکاندا دامەزراوە، لەگەڵئەوەی سەرچاوە و تۆماری مێژووی دروست لەبەردەستدا نییە، بەڵام محەمەد بروجەردی بە داینەمۆی بیری ئەم هێزە دادەنرێت هەروەها هەندێك لە کوردەکانی وەك (محەمەد عەلی حەیدەری) و باوکی باس لەوە دەکەن ئەوان دەستپێشخەر بوون. ئەوەی دەردەکەوێت دواجار کوردەکان دەچنە شەڕێکی خوێناوییەوە لەبەرامبەر یەکتردا و بەجۆرێك بکوژ و کوژراو هەر لە کورد دەبێت. هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەحمەدی موفتی زادە وەك کەسایەتییەکی خاوەن هێز و دامەزرێنەری مەکتەب قورئان هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەدروست کردنی ئەم هێزەدا و بە پێچەوانەوە لەو کەسانەدەبێت زۆر بەسەرسەختی دژایەتی خۆی بۆ دروستکردنی ئاوا هێزێك دەردەبڕێت و هەموو ڕێگەیەك جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری دەگرێتەبەر بۆ دروست نەبوونیان. لەبەرامبەردا هێزە سیاسیەکانی دیکەی وەك دیموکرات، کۆمەڵە، و چریکەی فیدای بە هەمانشێوە دژایەتی دروست بوونی ئەم هێزە دەکەن، لەلایەکەوە دەیدەنەپاڵ موفتی زادە و ئەو بەخاوەنی دەزانن، لەلایەکی دیکە هەوڵدەدەن بە هێزی چەکداری ڕووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام ئاکامی کار بەوە دەگات، لەبەر ئەو پاڵپشتە لۆجستی و سەربازییەی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بۆیان دەنێرێت دەتوانن لەماوەیەکی کاتیدا هێزە چەکدارە کوردەکانی دیکە بخەنە دەرەوەی نەخشەی جوگرافی-سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

## سەرچاوەکان و پەراوێزەکان


1. میرزا، حمە صدیق، 2019،بەرهەمی ڕەنج و کار، ئەم بەرهەمە کەزانیارییەکانی لێوەرگیراوە (735) لاپەڕەیە، بەڵام نەمانتوانی شوێنی لەچاپدانی پەیدا بکەین، لا287.

2. زەرزا، حامید ڕەشیدی، 2002، کورتەباسێك لەسەر چەند ڕووداوی مێژوویی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ئادیلاید، ئوستراليا، لا 100.

3. میرزا، حمە صدیق، 2019،بەرهەمی ڕەنج و کار، ئەم بەرهەمە کەزانیارییەکانی لێوەرگیراوە (735) لاپەڕەیە، بەڵام نەمانتوانی شوێنی لەچاپدانی پەیدا بکەین، لا288

4. مەبەست لە لیژنەی چوار قۆڵی (ئایەتوڵا تاڵەقانی، بەهەشتی، ڕەفسەنجانی و بەنی بەصەدر)ە، کە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەبارەی هاتنی لیژنەکانی تاران بۆ شارەکوردییەکان و بەتایبەت پارێزگای سنە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: عەبدوڵا، سەروەت، 2022، ئەحمەدی موفتی زادە سەرکردەیەکی کاریزما و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، لا279-330

(محمد بروجردی (1333-1362) (1955-1983) لەسەرەتای شۆڕشدا یەکێك بووە لەکەسە نزیکەکان و جێگەی باوەڕی خومەینی. لەکاتی گەڕانەوەی ئیمام بۆ ئێران بروجردی دەبێتە بەرپرسی پاراستنی ئیمام خومەینی، بۆ ئەم ئەرکەش لەلایەن (ئایەتوڵا بەهەشتی و عراق) ەوە دەستنیشان دەکرێت. ماوەیەکیش سەرپەرشتی (زیندانی ئەوین) بووە، پاشان یەکێکە لەو دوانزە کەسەی کە لەلای خامنەئی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دادەمەزرێنێت. محەمەد ئەو کەسە بوو کە بەفەرمانی خومەینی چووە ناو شاری پاوەو لەوێوە هەموو جوڵانەوەکانی کوردی سەرکوت کرد. دوای دروستکردنی ڕێکخراوی (پێشمەرگەی کوردی مسوڵمان) لە لایەن (بەهەشتی و ڕەفسەنجانی) ەوە دەکرێتە بەرپرسیارن. وەك سەرکردەیەکی مەیدانی تەواوی جوڵانەوەکانی کوردستانی لە ژێر دەستدا بووەو سەرپەرشتیاری هەموو جوڵانەوە سەرکوتکەرەکانی بووە کە لەو ماوەیەدا دژی کوردو جوڵانەوەی ئازادی خوازیی کورد ئەنجام دراوە. لە (22/05/1983) لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڵاتی لە ڕێگەی (مەباهات) مین (بۆمب) دەتەقێنێتەوە پێیداو دەکوژرێت. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی پێگەی فەرمی ڕۆژنامەی همشهری بکەن www.hamsharion/ine.ir.

5. روحی، نبی اله، 1386، شگل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا25.

6. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفتی زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، لا 208-197.

7. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا26.

8. روحی، نبی اله، 1386، شگل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا26-23.

9. دکتۆر ئەبولحەسەن بەنی صەدر لەدوای ئەوەی لە ئێرانی دەچێتە دەرەوە، لە چالاکییە سیاسی و نووسینەکانیدا ئاماژە بە دیدگای دەوڵەتە مەزهەبییە نوێکەی ئێران دەدات و ڕوونی دەکاتەوە زۆر چەمك و سیستەم هەیە ئایەتوڵا خومەینی بڕوای پێی نییە و کاریان پێناکات، خوێنە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم باسە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ: بەنی صدر، ابولحسن، 1360، خیانت به امید، انتسرا در صفحه انترنیت، https://www.goodreads.com/book/show/8474506.

10. خوێنەر بۆ زیاتر خوێندنەوە لەبارەی ئەم هۆکارەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لێدوان و نووسراوەکانی سەرکردە دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ، کە لەزۆر جێگەدا ئاماژەی بۆ کۆژدووە کە دیدگای حکومەتی ناوەند بە نیسبەت چارسەری کێشەی کوردەوە ناڕوونە!

11. بڕوانە: بەنی صدر، ابولحسن، 1360، خیانت به امید، انتسرا در صفحه انترنیت، https://www.goodreads.com/book/show/8474506.

12. بەنی صدر، ابولحسن، 1360، خیانت به امید، انتسرا در صفحه انترنیت، https://www.goodreads.com/book/show/8474506، لا75

13. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ پێگەی ئەلکترۆنی (نماینده)، بابەتەکانی (بحران کردستان از اغاز تا فرجام – 6) مێژووی 24 فرداد 1392 (https://namayande.com/tag).

14. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفتی زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما.

15. بڕوانە: موفتی زادە، ئەحمەد، 1358، درباره کردستان، چاپ اول، ئیران.

16. فتی زادە، احمد: 1385، دربارەی کردستان، انتشارات نور، چاپ اول 1359، لا103.

17. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

18. ئیمامی، حاجی مامۆستا مەلا محەمەد 1399: بیرەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی سەید هیدایەت هیدایەتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی خانی، سەقز، ڕۆژهەلاتی کوردستان، لا 311-310.

19. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

20. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

21. ئیمامی، حاجی مامۆستا مەلا محەمەد 1399: بیرەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی سەید هیدایەت هیدایەتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی خانی، سەقز،

رۆژهەلاتی کوردستان، لا 314.

22. ئیمامی، حاجی مامۆستا مەلا محەمەد 1399: بیرەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی سەید هیدایەت هیدایەتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی خانی، سەقز، رۆژهەلاتی کوردستان، لا 315-316.

23. روحی، نبی اله، 1386، شکل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا27.

24. عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفق زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما.

25. بڕوانە: بابەتی بڵاو بووەوە لە ئینتەرنێت بەناونیشانی: رد روغی اشکار، ئامادەکردنی ژمارەیەك لە خوێندکارانی زانکۆ لە ئەهلی سوننە.

26. روحی، نبی اله، 1386، شکل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا26.

*) مەبەست پێکدادانەکەی بینای تەواو نەبووی ساواك و کوژرانی عەبە حەبیب و هاوڕێکانی، کە هەموویان ئەندامی مەکتەب قورئان بوو (لە پێشەکی بابەتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە).

27. حەیدەری، محەمەد عەلی ، 22 بهمن 1399 (10/2/2021)، چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەکەناڵی ناوخۆی (سنە)/ کردستان، بەرنامەیەکی تایبەت بە ساڵوەگەری شۆڕشی گەلانی ئێران.

28. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

29. روحی، نبی اله، 1386، شکل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا31.

30. حەیدەری، محەمەد عەلی ، 22 بهمن 1399 (10/2/2021)، چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەکەناڵی ناوخۆی (سنە)/ کردستان، بەرنامەیەکی تایبەت بە ساڵوەگەری شۆڕشی گەلانی ئێران.

31. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

32. موقع مهر، 7 مهری 1399، پیشمرگان کرد مسلمان پیشگام در دفاع از انقلاب/سازمانی در خدمت مردم، https://www.mehrnews.com/news/5033694

33. بڕوانە: پێگەی تەسنیم نیوس، 2 مرداد 1396، سازمان پیشمرگان کرد چگونه شکل گرفت؟، https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/05/02/1472900

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم رووداوەوە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی: عەبدوڵا، سەروەت، 2010، کاك ئەحمەدی موفق زادە، دەروازەیەك بۆ خەباتێکی نەناسێنراو، چاپی یەکەم، دووەم، سێیەم، سێمانی، چاپخانەی سیما.

34. امینی، حەسەن 1384، انتساب پیشمرگان مسلمان به کاك احمد مفتی زاده را تکذیب می کنم، گفت و گو با حسن امینی، ویژەنامه کردستان/چشم انداز ایران، 37.

35. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفق زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما.

36. روحی، نبی اله، 1386، شکل گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مگالعات بسیج، شماره 34، لا28.

37. قورەیشی، سەعدی، 2020، رودا و مێژوو، بەشێك لە مێژوی مەکتەب قورئان و کەسایەتی کاك ئەحمەدی موفق وادە،بەرنامەی تۆمارکراو کەناڵی ئێ ر تی، https://www.youtube.com/watch?v=GXnq4sHjNn4

38. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفق زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما.

39. گفتوگۆیەکی تۆکارکراوەی کاك ئەحمەد موفق زادە لەبارەی دەنگۆی دروستکردنی هێزی چەکداری پێشمەرگانی مسوڵمان و رادەی پەیوەندی ئەم هێزە بە کاك ئەحمەدو مەکتەب قورئانەوە. مێژووی ئەم گفتووگۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 1980 لە شاری کرماشان.

هەر لەم وەڵامەوەیە ئێمە بە وردی دەتوانین هۆکارەکانی پشت کۆچی کاك ئەحمەد و بەشێك لە یارانی بۆ شاری کرماشان پەیدا بکەین، و لە مەبەستی ئەو کۆچە مێژووییە تێبگەین!

40. گفتوگۆیەکی تۆکارکراوەی کاك ئەحمەد موفق زادە لەبارەی دەنگۆی دروستکردنی هێزی چەکداری پێشمەرگانی مسوڵمان و رادەی پەیوەندی ئەم هێزە بە کاك ئەحمەدو مەکتەب قورئانەوە. مێژووی ئەم گفتووگۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی 1980 لە شاری کرماشان.

41. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

42. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفق زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، لا436.

43. نگاهی گزرا به زندگی و مبارزات علامه احمد مفتی زادە، بەیاننامەی ژمارە (86)ی بەرواری (17/7/1358)-(9/10/1979).

44. بڕوانە: عەبدوڵا، سەورەت، 2022، ئەحمەدی موفق زادە - سەرکردەیەکی کاریزکا و قوتابخانەیەکی کرداری، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما.

45. نامەیەکی کاك ئەحمەد موفق زادە بۆ خوالێخۆشبوو ئایەتوڵا مونتەزری، لەبەرواری (2/8/1359) – (24/10/1980).

# هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر ئێران

توێژەر: یاسین عزەم



**بەرایی**

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەوە بۆ یەکەمین جارە ئەورووپا ڕووبەڕووی جەنگێکی گەورەی لەم شێوەیە دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیی هەر درێژەی هەبوو، بەڵام نەگەیشتە ئاستی هێرشی سەربازیی، ئەوەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە هەستی پێدەکرا وەك ململانێ لە نێوان وڵاتانی ناکۆك بە شەڕی سارد ناسرا، ئەویش جۆرێك بوو لە بەربەرەکانێ و ململانێ، بەڵام دوور لە

بەکارهێنانی چەك، دوای ساڵی 1991 ئەم جۆرە لە ململانێیە کۆتایی پێهات بەهۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت کە رابەرایەتی بلۆکی سۆسیالیستی دەکرد دژ بە بلۆکی سەرمایەداری بە رابەرایەتی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەوەی جارێکی دیکە ئەورووپای رووبەرووی تەنگەژەیەکی گەورە کردەوە سەرهەڵدانی ناکۆکی رووسیا و ئۆکرانیا بوو لەسەر داواکاری کێیف بۆ بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی(ناتۆ)، ئەوەش بەلای رووسیاوە بەزاندنی هێڵی سوور بوو، چونکە وەك سەرۆکی رووسیا ڤلادیمێر پۆتن ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوان رێگە نادەن ئۆکرانیا ببێتە ئەندام لەو هاوپەیمانیەتییە، پێداگری ئۆکرانیا بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆ وایکرد رووسیا پەنا بۆ بەکاهێنانی هێزی سەربازیی و تەنانەت هەوڵدان بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا و کۆتایی هێنان بەو دەسەلاتەی کە خواستی بوون بە ئەندامی ناتۆی هەیە، هێرشەکانی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لێکەوتەی گەورەی لەسەر زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان هەیە بەتایبەتی ئێران، چونکە لە لایەك لە ئێستادا بەهۆکاری سەرهەڵدانی شەڕەکەوە نرخی سووتەمەنی زۆر بەرزبووەتەوە و خواست لەسەری زۆر زیادی کردووە، ئەوەش وا دەکات بازاڕەکانی جیهان پێویستیان بە سووتەمەنی ئێران هەبێت بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی پڕ بکەنەوە کە لە ئەنجامی زۆری خواست لەسەری و کەمی هەناردەوە دروست بووە، لە لایەکی دیکەشەوە ئێران لە ئێستادا لە دانوستانداندایە لەگەڵ وڵاتانی پێنج کۆ یەك بۆ زیندووکردنەوەی رێکەوتنی ناوەکی، بەهۆکاری ئەوەی رووسیا یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی دانوستاکار ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان، جگە لەوەش جەنگەکە لێکەوتەی ئابووری بەرچاوی دەبێت لەسەر ئێران.

ئەم نووسینە بۆ دەرخستنی کاریگەری و لێکەوتەکانی شەڕی رووسیا- ئۆکرانیایە لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتایبەتی کاریگەریەکانی لەسەر دانوستانەکانی ڤییەنای تایبەت بە زیندوکردنەوەی رێکەوتنی ناوەکی.

**سەرەتای ناکۆکییەکانی رووسیا و ئۆکرانیا**

ئۆکرانیا بەشێك بوو لە یەکێتی سۆڤیەت تاساڵی 1991 کە ئەو یەکێتیە هەڵوەشایەوە و ئۆکرانییەکانیش لە هەمان ساڵدا بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا بێنە دەرەوە لە یەکێتی سۆڤیەت وسەربەخۆیی یەکجارەکیان بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەی سۆڤیەت لە بەرامبەر دەرچوونی وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە هیچ فشارێکی سیاسی یان سەربازیی ئەوتۆی بەکار نەهێنا، بەڵام لەناخەوە بەو دۆخەی کەبەسەریداهات زۆر نیگەران بوو، چونکە دەیزانی ئەوە بەمانای

کۆتایی قۆناغی کێبڕکێی بلۆکی سۆسیالیستی کە یەکێتی سۆڤیەت ڕابەرایەتی دەکرد و بلۆکی سەرمایەداری کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد، دواى هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی( ناتۆ) بۆ ڕەوینەوەی مەترسیەکانیان لە ڕووسیا کەوتنە هاندانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام لە هاوپەیمانێتییەکەیان، ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی 2004 بەشێك لە وڵاتانی ناوچەی بەڵتیك بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانیەتی ناتۆ، ئەو وڵاتانەی کە لەو ساڵەدا بوون بە بەشێك لە هاوپەیمانەتی ناتۆ بریتیبوون لە ئیستۆنیا و لاتیفیا و لیتوانیا، بەوەش بەشێك لە وڵاتانی کە لە پێشتردا بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەت بە تەواوی لە ڕووسیا دابڕان و بوون بە بەشێك لەو هاوپەیمانیەتیەی کە ڕووسیا بە ڕکابەری خۆی دەزانێت لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی بە نیسبەت ڕووسیاوەبەزاندنی هێڵی سووربوو بریتیبوو لە پیشاندانی ڕەزامەندی لە لایەن هاوپەیمانییەتی ناتۆ بۆ ئەوەی ئۆکرانیاش هاوشێوەی وڵاتانی ناوچەی بەڵتیك ببێت بە ئەندامی ناتۆ، لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانی ناتۆ ئەوەی ڕاگەیاند کە لەبەرنامەیاندایە ئۆکرانیاش بخنە ناو هاوپەیمانێتییەکەیانەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان، بەڵام ڕووسیا زۆر بە توندی

**نیەتی پۆتن لە داگیرکردنی ئۆکرانیا لە دوای ساڵی ٢٠٢١ بەتەواوی بەدەرکەوت بەتایبەتی دوای نوسینێکی دوورو درێژ لە مانگی یولیۆی ٢٠٢١ کە تیایدا باس لەوە دەکات ڕووسەکان و ئۆکرانییەکان یەك میللەتن، ئاماژەی بەوەش کرد ئەوە ئەورووپییەکانن ئۆکرانییەکانیان تووشی هەڵە کرد و دەیانەوێت لە ڕووسیای دوور بخەنەوە**

دژی ئەو هەڵوێستەی ناتۆ وەستایەوە، ئەوەش بەسەرتای دروستبوونی ناکۆکیەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دادەنرێت[1].

ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕووسیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە وڵاتەکەی بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادات ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی هاوپەیمانیەتی ناتۆ، وتیشی ئەو بابەتە بە لای ئەوانەوە هەڕەشەیەکی جدیە لە سەر وڵاتەکەی، بۆیە باشترە ئۆکرانیا و وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆش دەست لەو نیەتە هەڵبگرن و بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوە، جگە لەوەش

پۆتن جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان لەگەڵ ئۆکرانیا لە ڕووی زمانەوانی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە هاوبەشیەکی گەورەیان هەیەو و تەنانەت دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بە زمانی ڕوسی گفتوگۆ دەکەن و ئەو هاونیشتیمانییە ئۆکرانییانە دەیانەوێت زیاتر لە ڕووسیا نزیك ببنەوە، بەڵام ئەوەی کە پۆتن خۆی لێبوارد و نادیدە گرتنی داواکاری هاونیشتیمانییە نەتەوەییە ئۆکرانیەکان بوو کە داوایان دەکرد زیاتر لە وڵاتانی ئەورووپا نزیك ببنەوە و پێیان باشبوو وڵاتەکەیان بەشێك بێت لە هاوپەیمانییەتی ناتۆ[2].

لەگەڵ ئەوەی پێشنیارەکەی ناتۆ بۆ ئۆکرانیا وەك خۆی مایەوە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان و خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە و بەرفراوان لە ئۆکرانیا حکومەتی ئەو وڵاتە ناچارکرا دەست لەکاربکێشێتەوە، سەرۆکی دەست لەکارکێشاوە بە لایەنگری ڕووسیا دادەنرا، بۆیە کرملن و وڵاتانی ئەورووپی بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئۆکرانیا تۆمەتبار کرد، جگە لەوەش ڕووسیا بڕیاریدا ناوچەی قرم بخاتە سەر سنوری وڵاتەکەی وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر لەسەرکارلادانی سەرۆکی وڵات کە لایەنگری ڕووسیا بوو، جگە لەوەش سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لە ئۆکرانیا هەر لە ساڵی 2014 بەدوا کە بەشێك لەسەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن نزیکەی چواردەهەزار کەس گیانیان لە دەستداوە ئەوە جگە لە ئاوارەبوونی نزیکەی ملیۆن و نیوێك هاوڵاتی کە دانیشتوانی ئەو ناوچە کێشە لەسەرانە بوون[3].

نیەتی پۆتن لە داگیرکردنی ئۆکرانیا لە دوای ساڵی 2021 بەتەواوی بەدەرکەوت بەتایبەتی دوای نوسینێکی دوور و درێژ لە مانگی یولیۆی 2021 کە تیایدا باس لەوە دەکات ڕووسەکان و ئۆکرانییەکان یەك میللەتن، ئاماژەی بەوەش کرد ئەوە ئەورووپییەکانن ئۆکرانییەکانیان تووشی هەڵە کرد و دەیانەوێت لە ڕووسیای دوور بخەنەوە، دوای ئەوەش چەندین جاری دیکە لە لایەن لێپرسراوانی باڵای ڕووسیاوە باس لەوە کراوە کە ئۆکرانیا بەشێکە لە ڕووسیا و ئەوان یەك میللەتی هاوبەشن[4]، بەڵام ئەم هەڵوێستەی ڕووسیا بەلای حکومەتی تازەی ئۆکرانیا کە بەوە تۆمەتبار دەکرێت لایەنگری ئەورووپایە بە هەموو شێوەیەك ڕەتکرایەوە، ئەوەش ڕووسیای هاندا بۆ ئەوەی بکەوێتە دژایەتی حکومەتی ئۆکرانیا، سەرەتای قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەوێوە سەرچاوەی گرت کە جارێکی دیکە ئۆکرانیا بابەتی بوون بە ئەندامی هاوپەیمانییەتی ناتۆی هێنایەوە گۆڕی، ئەوەش سەرۆکی ڕووسیای تورە کرد و بڕیاریدا هێز بنێرێتە ناوچە سنوورییەکانی ئۆکرانیا، هەرچەندە

لێپرسراوانی باڵای ڕووسیا و تەنانەت خودی پۆتنیش چەند جارێك ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئەوان نیازی هێرشکردنە سەر ئۆکرانیایان نییە، بەڵام ئەم نیەتەی ڕووسیا سەبارەت بە داگیرکردنی ئۆکرانیا دوای ئەوە دەرکەوت کە ڕووسیا لە ڕێگەی مەرسومێکەوە بڕیاریدا هەردوو ناوچەی (دونیتسك و لوغانسك) بکرێنە دوو کۆماری سەربەخۆ و لە ئۆکرانیای دابڕین[5].

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی ئۆکرانیا زیلینسکی چەندینجار ئاماژەی بە مەترسی سەرهەڵدانی جەنگێکی گەورەی کردبوو لە ناوچەکە لە نێوان وڵاتەکەی و ڕووسیادا، ئەوە سەرباری هۆشدارییەکانی ئەمریکا لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەردوو ناوچەی دونتیسك و لوغانسك سەرۆکی ئۆکرانیا ڕایگەیاند کە سوپای ڕووسیا داخڵی خاکی وڵاتەکەی بووە، دواتریش لە ڕۆژی پێنج شەممە 24/2/2022 زیلینسکی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی وتارێکی تۆمارکراووە ئەوەی ڕاگەیاند کە سوپای ڕووسیا دەستی کردووە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتەکەی و دەیانەوێت بەتەواوی ئۆکرانیا داگیر بکەن، وتارەکەی زیلینسکی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکی خۆی بڵاوکردەوە ئاماژەی بەوەشکرد کە لە ئەمڕۆدا سوپای ڕووسیا دەستی کردووە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتەکەی، ئەوەشی دووپات کردەوە کە پۆتن بەم کردەوەیەی شەڕی دژ بە ئۆکرانیا و تەنانەت دژ بە دونیای دیموکراتی هەڵگیرساند، ئەو دەیەوێت وڵاتەکەم لەناوبەرێت، هەموو ئەوەی بونیادمان ناوە ئەو دەیەوێت لەناوی بەرێت[6].

## هەڵوێستی ئێران

## سەبارەت بە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا

لەگەڵ ئەوەی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ناڕەزایەتی گەورەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی وڵاتانی دونیا سەرکۆنەی ڕووسیای نەکرد لە هێرشەکانی بۆ سەر خاکی ئۆکرانیا، ئیبراهیمی ڕەئیسی سەرۆککۆمار لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە لەگەڵ هاوتا ڕووسیەکەی ڤلادیمێر پۆتن ئەوەی دووپات کردەوە کە فراوانخوازییەکانی ناتۆ بووەتە مایەی هەڕەشەیەکی جددی بۆ ئەمن و ئاسایشی وڵاتانی دەرەوەی هاوپەیمانێتییەکە، ڕەئیسی جەختی لەوە کردەوە کە لە ئێستادا وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ دەیانەوێت هاوپەیمانیەتیەکەیان زیاتر بەرفراوان بکەن، بەجۆرێك کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاش بگرێتەوە، ئەوەش بووەتە مایەی نیگەرانی، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم فراوانخوازیانەی ناتۆ بووەتە مایەی تێکدانی ئاشتی و سەقامگیری بۆ

وڵاتانی ناوچەکە، هاوکات سەرۆککۆماری ئێران هیوای خواست ئەوەی کە ڕوویداوە دەرئەنجامەکەی بە قازانج و سوودی هاونیشتیمانیانی ناوچەکە بکەوێتەوە، لای خۆشیەوە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمێر پۆتن ئەوەی بە هاوتا ئێرانیەکەی ڕاگەیاند، کە ئەوەی ڕوویداوە بەرئەنجامی ئەو دۆخەیە کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، جگە لەوەش ئاماژەی بەوە کرد کە لەماوەکانی ڕابردوودا هەموو ئەو هاوپەیمانییە ئەمنیانەی کە هەبوون پێشێل کراون و وڵاتانی ئەورووپا دەیانەوێت ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەمان بخەنە مەترسیەوە کە ئەوەش مایەی قبووڵ کردن نییە[7].

وەزیری دەرەوەی ئێران حسەین ئەمیر عەبدولئیلاهیان دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە تویتێکدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کێشەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بڵاوکردەوە و نووسی ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکییەکانی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا دەگەڕێتەوە بۆ دەستوەردانەکانی ناتۆ[8]، هاوکات ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەوان پەنابردن بۆ شەڕ بە چارەسەر نازانن و داوای کرد هەرچی زووە شەڕ ڕابگیرێت و ڕێگە چارەی سیاسی و دیموکراتی بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو جەنگە کۆتایی پێبێت، وەزیری دەرەوەی ئێران ئۆباڵی جەنگەکەی خستە ئەستۆی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی ناتۆ[9].

لەگەڵ ئەوەی عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەسەرەتای شەڕو ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بێدەنگی هەڵبژارد، بەڵام دواجار لە ڕۆژی سێ شەممە1/3/2022 لە وتارێکیدا ڕایگەیاند لەئێستادا زۆربەی چاوەکانی دونیا لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە، هاوکات ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بەشێك لە وڵاتانی دونیا ئەو دۆخە ئەقۆزنەوە بۆ مەرامی سیاسی تایبەت بەخۆیان، لەڕاستیدا هاونیشتیمانیانی ئۆکرانی دەبنە قوربانی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی کە دەستوەردان دەکەن لە ناوچەکەدا، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی لۆمەی ئەمریکا و وڵاتانی ناتۆی کرد سەبارەت بەو دۆخەی کە لەو ناوچانەدا هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی زۆربەی کێشە و گرفتەکانی خستە ئەستۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەوە وەسفی کرد کە ئەوان بۆ مەرامی سیاسی خۆیان گەلی ئۆکرانیایان بەکارهێناوە و دەیانکەنە قوربانی، تەنانەت ئاماژەی بەوەش کرد ئەمریکا دوای ئەوەی ئۆکرانیای بەکارهێنا، بەڵام لەسەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگەکە پشتی تێکرد ئەوەشی بەخیانەتی ئەو وڵاتە وەسف کرد لە هاوپەیمانەکەی کە ئۆکرانیایە، خامنەیی وتی ئێمە بەهیچ شێوەیەك جەنگمان پێ خۆش نییە و دەبێت هەموو گیروگرفتەکانی جیهان کە بوونیان

هەیە لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە[10].

سەربارى هەڵوێستی فەرمی ئێران سەبارەت بە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ڕۆژنامەکانی ئێرانیش بەشێوەیەکی چڕ و پڕ ئەوبابەتەیان گەنگەشەکرد و بە بایەخەوە لە کێشەکانی نێوان ڕووسیا ئۆکرانیان ڕوانی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە ئێرانییەکان لە سەردێڕی هەواڵەکانیاندا لایەنگری بە نووسینەکانەوە دیاربوو، بەتایبەتی ئەو ڕۆژنامانەی کە حکومەتین بەتەواوی پشتگیری ڕووسیا بوون لە جەنگەکەدا، بەڵام بەشێکی دیکە لە ڕۆژنامەکان کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لۆمەی پۆتنیان کرد لە هێرشەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا، لەگەڵ بوونی چەند ژمارەیەکی کەم لە ڕۆژنامە کە نە پشتگیری ڕووسیا و نە پشتگیری ئۆکرانیایان کرد، بۆ نموونە ڕۆژنامەی ئێران لەمانشێتێکی گەورەدا نوسیویەتی فراوانخوازییەکانی ناتۆ کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد، لەدرێژەی هەواڵەکەشیدا ئۆباڵی جەنگەکەی خستە ئەستۆی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی ناتۆ، ڕۆژنامەی کەیهانیش بەمانشێتێکی گەورە نووسیبووی ئەمریکا جارێکی دیکە پشتی لە هاوپەیمانەکانی کرد،ڕۆژئاواییەکان پەند وەربگرن، لە درێژەی هەواڵەکەشیدا باسی لەوە کرد کە ڕووسیا لە ماوەیەکی کەمدا

**لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئەگەری زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی ڕەنگە سوودمەندی یەکەم لە جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا ئێران بێت. لەبەرئەوەی ڕێکەوتنەکە ڕێگە بە ئێران دەدات جارێکی دیکە نەوت و گازی سروشتی ئێران بگەڕێتەوە بۆ بازاڕی وزەی جیهانی.**

دەتوانێت سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنێت و ئۆکرانیا ناتوانێت خۆی لەبەردەم هێرشەکانی ڕووسیا ڕاگرێت، هاوکات ئەوەشی تێدا دووپاتکرابوویەوە کە پێویستە سیاسییەکان و ئەوانەی کەدەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ببەستن پەند لە بارودۆخی ئێستای ئۆکرانیا وەربگرن بەوەی کە ئەمریکا پشتی تێکردوون، ڕۆژنامەی جامی جەمیش یەکێکی دیکە بوو لەو ڕۆژنامانەی کە بە مانشێتێکی زەرد گوزارشتی لە دۆخی ئۆکرانیا کردبوو کە نووسیبووی سەرۆکی ئۆکرانیا زیلینسکی بە بڕوابوونی بە وڵاتانی ڕۆژئاوا وڵاتەکەی خۆی توشی جەنگێکی ماڵوێرانکەر کرد، لەدرێژەی هەواڵەکەشیدا ئۆکرانیای

تاوانبارکردووە بە پیادەکردنی سیاسەتێکی هەڵە کە وڵاتەکەی بەهۆکاری ئەو سیاسەتە نا دروستە ڕووبەڕووی جەنگێکی ماڵوێرانکەر کردۆتەوە، ڕۆژنامەی ئافتاب یەزد جیاواز لە ڕۆژنامە حکومییەکان سەرکۆنەی هێرشەکانی ڕووسیای کرد بۆ سەر ئۆکرانیا و بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی ڕاستی جەنگی ئۆکرانیا، لە درێژەی هەواڵەکەشدا باسی لە هۆکار و دەرهاویشتەکانی جەنگەکەی کردبوو، هاوکات باسی لە سیاسەتی دەوڵەتی ئۆکرانیاش کردبوو کە بەهۆکاری پشت بەستنیان بە ڕۆژئاوا و پیادەکردنی سیاسەتێکی هەڵە بەم ڕۆژەی گەیاندوون، ڕۆژنامەی ئیعتیمادیش یەکێکی دیکە بوو لەو ڕۆژنامە ئێرانیانەی کە بەئاشکرا لە هەواڵەکانیدا دژایەتی بەرپابوونی جەنگەکەی پێوە دیاربوو، جگە لەوەی دژایەتی خۆی پیشاندابوو بۆ جەنگ تەنانەت هەڵوێستی ئەفغانستنی پێ باشتربوو سەبارەت بە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا تا هەڵوێستی وڵاتەکەی خۆی، ڕۆژنامەکە داوای لە لێپرسراوانی باڵای وڵاتەکەی کردبوو هەر هیچ نەبێت وەك تاڵیبان بێدەنگ بن ئەگەر لایەنگری ئۆکرانیاش نابن، ڕۆژنامەی شروقیش وەك یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامە نا حکومییەکان هەڵوێستی جیاوازبوو سەبارەت بە هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و بەمانشێتێکی گەورە

نوسیبووی زیندووکردنەوەی ناسیۆنالیستی ڕوسی، ئەوەش بەمانای دژایەتی داگیرکاری ڕووسیا دێت بۆ ئۆکرانیا لە لایەن دەستەی سەرپەرشتیارانی ڕۆژنامەکەوە، ڕۆژنامەکە لۆمەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاشی کرد کە بێ دەنگی ئەوان وایکردووە ڕووسیا بەو شێوەیە بکەوێتە مووشەك بارانکردنی شارەکانی ئۆکرانیا، ڕۆژنامەکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ حسەین موسەویان کەسایەتی نزیك لە حەسەن ڕوحانی سەرۆککۆماری پێشووی ئێران بڵاوکردۆتەوە کەتێیدا موسەویان ڕەخنە لە ڕووسیا دەگرێت و دەڵێت ئەو دۆخەی لەو ناوچانە دروستی کردووە بەدڵنیایی بێ سزا لێی دەرناچێت، موسەویان لەدرێژەی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات کە نیشاندانی ئێران بەوەی کە لایەنگری ڕووسیایە لەجەنگەکەدا بەدڵنیایی لە زەرەری تاران کۆتایی پێ دێت، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی هێرشەکانی ڕووسیان بۆ سەر ئۆکرانیایان[11].

### لێکەوتە ئابوورییەکان لەسەر ئێران

لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئەگەری زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی ڕەنگە سوودمەندی یەکەم لە جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا ئێران بێت، لەبەرئەوەی ڕێکەوتنەکە ڕێگە بە ئێران دەدات جارێکی دیکە نەوت و گازی سروشتی ئێران بگەڕێتەوە

بۆ بازاڕی وزەی جیهانیی، جێی ئاماژەیە ئێران یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە بوونی نەوت و گازی سروشتی، بۆیە دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا هاوشانی قەتەر ببێتە جیگرەوەیەکی گەورەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کەلە ئەنجامی کەمبوونەوەی هەناردەی گازی ڕووسیا بۆ وڵاتانی ئەورووپا دروست دەبێت، بەوشێویەش ئێران دەتوانێت لە لایەك پێداویستی وڵاتانی ئەورووپا لەگاز و نەوت پڕبکاتەو لە لایەکی دیکەشەوە قازانجێکی ئابووری گەورەی دەست بکەوێت لە ئەنجامی فرۆشتنی بەرهەمەکانی، لە ئەگەری سەرکەوتنی ڕێکەوتنەکە ڕەنگە ئێران لە داهاتووشدا بتوانێت فشاری زیاتر بخاتە سەر وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکاش بەهۆکاری دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە لە نەوت و گازی سروشتی، لەو ڕێگەیەشەوە ئەمریکا ناچار دەکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دوورکەوتنەوە لەجەنگ ڕێگەی دیبلۆماسی لەگەڵ ئێراندا بگرێتە بەر[12].

لە ئەگەری ڕێکەوتنی ناوکی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر کەرتی وزەی ئێران، بەڵام کەرتەکانی دیکەی ئابووری ڕەنگە زیانی گەورەی لێبکەوێت، چونکە هەڵگیرسانی جەنگەکە بازرگانی و ئاڵوگۆڕەکانی نێوان ئێران و هەردوو وڵاتی شەڕکەری تا ئاستێکی گەورە ڕاگرتووە، بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ڕووسیا زەرەی گەورەی بەردەکەوێت لەچاو بازرگانی نێوان ئێران و ئۆکرانیا، چونکە قەبارەی ئاڵوگۆڕ و بازرگانی لەگەڵ مۆسکۆدا زیاترە کە لەساڵێکدا بە نزیکەی چوار ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵام قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و ئۆکرانیا کەمتر بووە لە 150 ملیۆن دۆلار، ئەوەش ژمارەیەکی کەمە لەچاو بازرگانی لەگەڵ ڕووسیا، بەڵام ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە کەرتی کشتوکاڵییە، لەم ساڵانەی دواییدا ئێران دەستی کردبوو بە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی لە خاکی ئۆکرانیا بۆ بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ بەهۆکاری هەرزانی و لەباری خاك و کەش و هەواکەی، بۆیە هەڵگیرسانی جەنگەکە زیانی گەورەی بەم کەرتە دەگەیەنێت.

لایەنێکی دیکەی جەنگەکە بۆ ئێران پەیوەندیدارە بە فشارەکانی ئەمریکاوە لەسەر وڵاتەکەی بەتایبەتی فشارە ئابوورییەکان، لە ئێستادا بەهۆکاری جەنگەکەوە ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت چیدی فشارەکانی خۆی لەسەر ئێران توندتر بکات، چونکە ترسی لەوە هەیە لەئەگەری زیاتری فشار ئێران ناچار بکات پەنا بۆ ڕووسیا ببات، بەو شێوەیەش ئێران بەتەواوی دەبێتە هاوپەیمانی ستراتیجی ڕووسیا و لەبەرەی ئەمریکا و ئەورووپا دوور

دەکەوێتەوە، ئەوەش وا دەکات ڕووسیا کارتی ئێرانیش بەڕووی وڵاتانی ئەورووپادا بەرزبکاتەوە[13]،ئەوە جگە لەکاریگەرییەکانی وڵاتی چین لەسەر دۆسیەی ناوەکی و فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، بۆیە چاودێرانی دۆخی سیاسی وای بۆ دەچن لە ئەگەری بەردەوامی جەنگەکە تاران دەتوانێت بەقازانج و بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت و ئەجێنداکانی خۆی وردەوردە جێبەجێ بکات[14]، ڕەنگە لە ئێستادا ئەوەی باری سەرشانی ئێرانییەکانی قورس کردبێت سزا ئابوورییەکانی ئەمریکایە، بۆیە لە ئەگەری بەردەوامی جەنگەکە و دژایەتی وڵاتانی ئەورووپا ئەمریکا بۆ ڕووسیا ڕەنگە وابکات ڕووسیا دەرگای زیاتر بەڕووی ئێراندا بکاتەوە و وا بکات ئابووری ئێران لە ڕێگەی بازاڕی وڵاتەکەیەوە ببوژێتەوە، ئەوە جگە لە ئەگەری دروستکردنی پردێکی بازرگانی گەورە لە نێوان ڕووسیا و چین و ئێران لەگەڵ کۆمەڵێك وڵاتی هاوپەیمانیان، بۆیە ئەمریکا نایەوێت لەوە زیاتر فشار لە تاران بکات، ئەوەش وای کردووە لە ئێستادا چاوپۆشی لە هەناردەی نەوت و گازی ئێران دەکرێت بۆ دەرەوە لەکاتێکدا ئەو وڵاتە بە پێی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆی نییە ئەو بەرهەمانە بفرۆشێت، بەدڵنیایی فرۆشتنی گاز و نەوت کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئابووری ئێران دروستکردووە، لە ئێستادا بەتایبەتی گرانبوونی نرخی نەوت و گاز سوودی بۆ تاران چەند هێندە زیاد کردووە[15].

## لێکەوتەکانی جەنگەکە

### لەسەر زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی

لەگەڵ ئەوەی ئێران چاوی لە زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی بوو لە ڕێگەی دانوستانەکانی ڤییەنناوە، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا خەریکە مەلەفی ڕێکەوتنی ناوەکی و دانوستانەکانی ڤییەننا لەبیر ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا دەباتەوە، لەڕاستیدا ئێستا جیهان لە بەردەم هەڵگیرسانی جەنگێکی گەورەی جیهانییدایە بەهۆکاری هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، بۆیە مەترسی ئەوە دروستبووە لە ئەگەری بەردەوامی جەنگەکە و بەشدارینەکردنی نوێنەری ڕووسیا لە دانوستانەکانی ڤییەننا ئەو ڕێکەوتنە هەروا بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، بەشێك لە چاودێران گەڕانەوەی دیبلۆماتکاری باڵای ئێران لە دانوستانەکانی ڤییەننا عەلی باقری کنی بۆ تاران وا لێکدەدەنەوە کە پەیوەندی بە هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هەیە، تەنانەت مەترسی ئەوەش هەیە کە بەم نزیکانە نەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بە بەرنامە ناوەکییەکەی وڵاتەکەی، ئەوەش ڕەنگە ببێتە مایەی دواخستنی دانوستانەکان[16]، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە نێوان ڕووسیا ئۆکرانیا چاودێران وا لێکی

دەدەنەوە ئەوە ململانێی نێوان ڕووسیایە لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپا، هەڵکشانی ململانێ و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا لەکاتێکدایە کە هەموو لایەك چاوەڕێی ئەوە بوون جارێکی دیکە ڕێکەوتنی ناوەکی زیندوو بکرێتەوە لەڕێگەی دانوستانەکانی ڤییەنناوە، کە لە ئێستادا لە دەورەی هەشتەمی کۆبوونەوەکانیان بوون سەبارەت بەو بابەتە، جگە لەوەش ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە فشارەکانی خۆی بەردەوام بوو لەسەر هەریەکە لە ڕووسیا و چین بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکەن بچێتە ژێر باری خاڵەکانی کە دەیانەوێت لە ڕێکەوتنەکەدا جێگیری بکەن، لایەنی ئەمەریکی گرەوی لەسەر ئەوەبوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕووسیا و چینەوە ئێران ناچار بە خاڵەکانی ناو ڕێکەوتنەکە بکات، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە نوێنەرانی ئەو دوو وڵاتە کرد کە ئەندامی ناو دانوستاندنەکانن بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە گفتوگۆکانی تایبەت بە ڕێکەوتنە ناوەکیەکە، نابێت ئەوەش نادیدە بگیرێت کەلە ڕابردوودا ڕووسیا پێی خۆش نەبووە ئێران لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نزیك ببێتەوە، بۆیە بەردەوام هەوڵیداوە لەمپەر لەبەردەم ڕێکەوتنەکەدا دروست بکات، تەنانەت بەر لە ڕێکەوتنی ناوەکی لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما کە ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك نزیك کەوتبوونەوە

> **لە ئێستادا ئێران زۆرپێویستی بەوەیە ڕێکەوتنی ناوەکی زیندوو بکاتەوە بۆ ئەوەی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکای لەسەر هەڵبگیرێت، تا لەڕێگەیەوە بتوانێت پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ڕووسیا چین گرێبداتەوە.**

لە ڕێکەوتن وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی لاڤرۆڤ سەبارەت بە داگیرکردنی قرم هەڕەشەی ئەوەی لە ولایەتە یەکگرتووەکان کرد کە لە ئەگەری دەستوەردانیان لەو مەلەفە ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لە ڕێکەوتنی تایبەت بە مەلەفی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران دەکەنەوە، ئەوەش بەمانای ئەوە هات کە ڕووسیا نیگەرانە و ڕازی نییە بە شێوازی ئەنجامدانی ڕێکەوتنەکە.

لە ئێستادا کە باس لەوە دەکرێت تاران و واشنتۆن نزیکبوونەتەوە لە زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ڕەزامەندی لەسەر ئەو ڕێکەوتنە

پیشاندا، پرسیاری جدی لەسەر ئەوە کە ئایا تێکچوونی پەیوەندیەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هێرشەکانی مۆسکۆ بۆ سەر کیێڤ کاریگەری دەبێت لەسەر دانوستانەکانی ڤیيەننای تایبەت بە ڕێکەوتنی ناوەکی ئێران و ئەمریکا، ڕەنگە مۆسکۆ ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا پاڵی پێوە بنێت ڕوو لە ئێران بکات، بەو شێوەیەش تاران بەهۆکاری پەیوەندییە سیاسی، سەربازی و ئابووریەکانییەوە بە مۆسکۆ ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ زیاتر بەهێزبوونی، ئەوە جگە لەوەی کەلە ئێستادا حکومەتی ئێران لە لایەن باڵی ئوسوڵیەکانەوە بەڕێوە دەبرێت بەسەرۆکایەتی ئیبراهیمی ڕەئیسی، ئەمانە زیاتر مەیلیان بۆ ئەوەیە وڵاتەکەیان دوور بخەنەوە لەبەرەی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپاو دەیانەوێت ڕوو لە ڕووسیا و چین بکەن، ئەوەش وا دەکات لە ئێستادا ئێران سەبارەت بەڕێکەوتنی ناوەکی و دانوستانەکانی ڤیيەننا زۆر جدی نەبێت، ئەو مەترسیەش چەندینجار لەلایەن وڵاتانی ئەورووپی و ئیسرائیلەوە ڕاگەیەندراوە کە باس لەوە دەکەن تاران یاری بە کات دەکات لە بەرژەوەندی خۆی، دەیەوێت لەڕێگەی درێژکردنەوەی دانوستانەکانەوە ئامانجە ستراتیجیەکانی خۆی بپێکێت، ئەو هەڵوێستەی تاران وڵاتانی ئەورووپای نیگەران کردووە، تەنانەت نوێنەری ئەڵمانیا و فەرەنسا لە دانوستانەکانی ڤیيەننا باسیان لە مەترسی درێژەکێشانی دانوستانەکان کرد و ڕایانگەیاند ئەوان لەوە زیاتر ناتوانن چاوەڕێی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بکەن و دەبێت هەرچی زووە کۆتایی بە بابەتی گفتوۆگی تایبەت بە بەرنامەی ناوەکی ئێران بهێنرێت، جگە لەوەش حکومەتی ئیسرائیل چەندینجار مەترسی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە تاران دەیەوێت ماوەی پێویست وەربگرێت تا بتوانێت وردەوردە ببێتە خاوەن چەکی ناوەکی و ئەوەش بەلای وڵاتەکەیەوە هێڵی سوورە، بۆیە هۆشداری ئەوەی داوە بە وڵاتانی بەشدار لە ڕێکەوتنەك، کە دەبێت زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەن، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە دەستی نەگات بە چەکی ناوەکی، بەبڕوای ئیسرائیل لە ئێستادا ئێران زۆر نزیکبووەتەوە لە بەدەستهێنانی ئەو چەکە و ئەوەش مەترسی لەسەر تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات[17].

لە ئێستادا ئێران زۆر پێویستی بەوەیە ڕێکەوتنی ناوەکی زیندوو بکاتەوە بۆ ئەوەی سزا ئابووریەکانی ئەمریکای لەسەر هەڵبگیرێت، تا لەڕێگەیەوە بتوانێت پەیوەندییە ئابووریەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و ڕووسیا چین گرێبداتەوە، هەرچەندە سزا ئابووریەکانی ئەمریکا کاریگەری گەورەی نەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران، تەنانەت ڕووسیا ئەوەی قۆستۆتەوە

تا لەو ڕێگەیەوە ئێران زیاتر بەلای خۆیدا کێش بکات، بەمانایەکی دیکە ڕووسیا نایەوێت ئێران جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنەکە، چونکە بەم شێوەیە باشتر دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بپارێزێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنەکە بەمانای ئەوە دێت تاران خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕێکەوتنەکە، ڕەنگە ئاڵۆزییەکانی ئۆکرانیاش چانسێکی باشتر بدات بە ئێران تابتوانێت ئەجێنداکانی خۆی لە ڕێکەوتنەکەدا بچەسپێنێت، بەهۆکاری ئەوەی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی ئەمریکا نەرمی زیاتر بنوێنێت بەرامبەر بە ئێران، چونکە لەئێستادا بەهۆکاری ئاڵۆزییەکان وڵاتانی ئەورووپا زۆر پێویستیان بەگازی سروشتی ئێرانە بۆ ئەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی خۆیانی پێ پڕبکەنەوە و جێگەی ئەو گازە بگرێتەوە کە لە لایەن ڕووسیاوە بۆیان دابین دەکرا، بەمەش ئێران دەتوانێت دوو ئامانج بپێکێت، یەکەمیان فرۆشتنی گازەکەی و باشبوونی بارودۆخی ئابووری لە ئەنجامی دەستکەوتنی پارە. دووەمیش پڕکردنەوەی پێداویستی وڵاتانی ئەورووپا بە گازی سروشتی وڵاتەکەی، ئەوە وا دەکات پێگەی ئێران لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی گەورەتر بێت[18].

## لێکەوتەکانی جەنگەکە لەسەر پەیوەندییە سەربازییەکانی ڕووسیا و ئێران

بەهۆکاری ئەوەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشا، بە شێك لە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن لە ئێستادا ڕووسیا پێویستی بە هاوکاری سەربازیی هەیە بەتایبەتی لەبواری تەکنەلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، یەکلایی نەکردنەوەی شەڕەکە لە بەرژەوەندی ڕووسیا و سەرنەکەوتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕووسی ڕەنگە ئەو وڵاتە ناچار بکات بۆ ئەوەی پەنا بۆ ئێران ببات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە بۆی دروستبووە لەو بوارەدا، بەڵام تا ئێستا ئەوە بەتەواوەتی پشتڕاست نەکراوەتەوە، کە ڕووسیا ئەو بابەتەی لەگەڵ ئێراندا خستۆتە سەر مێزی گفتوگۆ یاخودنا؟[19]، لای خۆشیەوە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە وڵاتەکەی لە چەندین بواری جیاوازدا هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لەگەڵ ڕووسیا، بەتایبەتی بواری بەرگری، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا باس دەکرێت دوورە لە ڕاستییەوە، بەپێی هەواڵی ئاژانسەکانی ئەمریکا، ئێران و ڕووسیا سەرقاڵی ڕێکەوتنێکی سەربازین سەبارەت بە فرۆشتنی ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ڕووسیا، سەرچاوە

ئەمریکیەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە لەمانگی شەش و حەوتی ئەمساڵدا تیمێکی ڕووسی سەردانی ئێرانیان کردووە بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنان لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئەو فڕۆکە ئێرانیانە بکەن، سەبارەت بە بابەتی فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بە ڕووسیا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستەوە و ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەچەندین بواری جیاوازدا بەتایبەتی لەبواری تەکنەلۆجیای پیشکەوتوو لەگەڵ ڕووسیادا هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لەنێوانیاندا، ئەو پەیوەندییانەی نێوان ئێران و ڕووسیاش دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، دوای هەڵگیرسانی جەنگەکەش هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی نوێ نەکراوە لەبواری سەربازیدا[20].

سەربارى ئەوەی ئێرانییەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە کە وڵاتەکەیان لەگەڵ ڕووسیا ڕێکەوتنی فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کردبێت لەگەڵ ڕووسیا، ڕاوێژکارێکی سەرۆکی ڕووسیا بەناوی یوری ئوشاکۆف ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرۆکی ڕووسیا بەهیچ شێوەیەك ڕێکەوتنێکی لەو جۆرەی لەگەڵ ئێران نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرچاوەکانی هەواڵ بەگەرمی باس لە ڕێکەوتنی ئێران و ڕووسیا دەکەن سەبارەت بەو بابەتە، چونکە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیج برایس ڕایگەیاند لە ئەگەری ڕێکەوتنی لەو جۆرە لە نێوان ڕووسیا و ئێران ئەوا وڵاتەکەی سزای زیاتر دەخاتە سەر ئێران[21].

جەختکردنەوەی ئەمریکا لەسەر بابەتی گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران بۆ ڕووسیا ئێرانی ناچار کرد بەشێوەیەکی فەرمی ئەو بابەتە نکۆڵی لێبکات، بۆ ئەو مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئێران لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە لەگەڵ هاوتا ئۆکرانییەکەی ئەو وڵاتەی لەوە دڵنیاکردەوە کە هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە لە نێوان تاران و مۆسکۆدا نییە، ئەوەش لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس دەکرێت تەنها پڕوپاگەندەیەو دوورە لەڕاستیەوە[22].

دەنگۆی فرۆشتنی گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران بە ڕووسیا دوای ئەوەهات کە ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا جیك سولفیان، باسی لەوە کرد کە لە ڕێگەی چەند زانیارییەکی هەواڵگری هێنیەوە، ئەوەی پێگەشتووە کە ئێران لە پلانیدایە سەدان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی وڵاتەکەی بگوازێتەوە بۆ ڕووسیا بۆ ئەوەی لە شەڕی دژ بە ئۆکرانیا بەکاری بهێنێت[23]، جگە لەوەش لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە چەند وێنەیەکیان دەستکەوتووە، کە ئەوە دەردەخات وەفدێکی سەربازیی ڕووسی سەردانی بنکەیەکی سەربازیی ئێرانیان

کردووە، هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە تاران و مۆسکۆ سەرقاڵی ڕێکەوتنێکن سەبارەت بە فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران بە ڕووسیا[24].

**ئەنجام**

- ڕووسیا لەهێرشی سەر ئۆکرانیا تا دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا شەڕەکەی هەڵگیرساندووە کۆتایی بە هێرشەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا ناهێنێت، ئەو پەیامەشی لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی وڵاتەکەیەوە چەندینجار بەگوێی بەرپرسانی وڵاتان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشی داوە، بۆیە لە ئەگەری بەردەوامی و سووربوونی ئۆکرانیا لەسەر هەڵوێستەکانی پێشووی ئەوا ڕووسیا تا لەناوبردنی دەسەڵات و دامەزراندنی حکومەتێکی لایەنگری خۆی بەردەوام دەبێت، لەگەڵ ئەوەی بەردەوامی هێرشەکان زیانی دەیان ملیار دۆلار بە ئابووری وڵاتەکەی دەگەیەنێت.

- وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش کە خۆیان بە دۆستی ئۆکرانیا دەزانن توانای ئەوەیان نییە ڕاستەخۆ بەشداری بکەن لە بەرگریکردن لە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، بەردەوامی هێرشەکان و داگیرکردنی شار و شارۆچکەکانی ئەو وڵاتە لە لایەن ڕووسیاوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، ئەوەی وا دەکات ئەم وڵاتانە دەستەوەستان بن لە ئاست هێرشەکانی ڕووسیا ئەوەیە، کە مۆسکۆ وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوەکییە بۆیە وڵاتانی زلهێزی جیهان نایانەوێت ڕووبەڕووی وڵاتێك ببنەوە کە خاوەن چەکی ناوەکییە، چونکە ترسی هەڵگیرسانی جەنگی ناوەکییان هەیە کە ڕەنگە بەتەواوی جیهان لەناوبەرێت، بۆیە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لە ئاستی سەربازییەوە گۆڕی بۆ سەپاندنی سزای ئابووریی، ئەوەش تا ئێستا نەیتوانیوە ڕووسیا پاشگەزبکاتەوە لە هێرشەکانی بۆ سەر ئۆکرانیا.

- بەردەوامی جەنگەکە تەنگەژەی ئابووری گەورەی دروستکردووە، نرخی شتومەك و بەتایبەتی سووتەمەنی زۆر بەرزکردۆتەوە، ئەوەش کاریگەریی گەورەی لەسەر وڵاتانی جیهان کردووە بەجۆرێك لە ئێستادا بازاڕە جیهانییەکان پێویستیان بە سووتەمەنی ئێران هەیە کە ئەو پێداویستیانەیان بۆ پڕبکاتەوە، ڕەنگە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چاوپۆشی بکەن لە هەناردەی نەوت و گازی سروشتی ئێران بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بازاڕەکانی جیهان، ئەوەش کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئابووریی ئێران، جگە لەوەش ڕەنگە بۆ ئەوەی ئێران نەچێتە بەرەی ڕووسیاوە ئاسانکاری زیاتر بکرێت و دانوستانەکانی ڤییەنایی تایبەت بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران گەرموگوڕتر بکرێت، بەڵام ئەوەش نادیدە ناگیرێت کە لە ئێستادا بەهۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکەوە چاوەکان زیاتر لەسەر جەنگەکەن نەك ڕێکەوتنە ناوەکییەکە.

## سەرچاوەکان

1- ايلي يوسف: المسألة الأوكرانية» معضلة روسيا في علاقاتها بأميركا والغرب المواجهة العسكرية ليست في حسابات بايدن... وتكرار سياسات أوباما وترمب ليس وارداً, لەماڵپەڕی https://aawsat.com/home، لەبەرواری 18 ديسمبر 2021 م رقم العدد [ 15726] بڵاوکراوەتەوە.

2- بابەتێکە بەناونیشانی : معضلة أوكرانيا.. عقود من التجاذب بين الغرب و روسيا، لەماڵپەڕی https://www.alara-biya.net/، لەبەرواری 23/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

3- بابەتێکە بەناونیشانی : طبول الحرب تُقرع.. لماذا يريد بوتين غزو أوكرانيا؟، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/، بەرواری سەردان 3/3/2022.

4- بول كيربي: روسيا وأوكرانيا: لماذا دخلت القوات الروسية إلى أراضي جارتها الأوكرانية، وماذا يريد بوتين؟، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/arabic، لەبەواریری 26/فبراير/2022 نوێکراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

5- بابەتێکە بەناونیشانی : روسيا وأوكرانيا: ما سبب الأزمة بين البلدين؟، لەماڵپەڕی >https://www.bbc.com/arabic ، لەبەرواری 22/ ف براير/ 2022 بڵاوکراوەتەوە.

6- بابەتێکە بەناونیشانی: ماذا يريد بوتين؟ كل ما تحتاج معرفته عن دوافع الغزو الروسي لأوكرانيا وتداعياته، لەماڵپەڕی https://arabic.cnn.com/world/article، لەبەرواری 24/ فبراير/2022 بڵاوکراوەتەوە.

7- بابەتێکە بەناونیشانی : موقف ايران من حرب روسيا على اوكرانيا ؟، لەماڵپەڕی https://www.agnaden.net/، لەبەرواری 24/شباط/2022 بڵاوکراوەتەوە.

8-بابەتێکە بەناونیشانی : محور روسي-صيني-إيراني وما خفي أعظم.. ماذا لو انتصر بوتين على الغرب في أوكرانيا؟، لەماڵپەڕی https://arabicpost.net/، لەبەرواری 25/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

9- بابەتێکە بەناونیشانی : إيران: حرب أوكرانيا نجمت عن استفزاز حلف الأطلسي، لەماڵپەڕی https://aawsat.com/home/article، لەبەرواری 24/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

10- بابەتێکە بەناونیشانی : سخنرانی تلویزیونی رهبر انقلاب به مناسبت عید مبعث، لەماڵپەڕی https://farsi.khamenei.ir/، لەبەرواری 1/3/2022 بڵاوکراوەتەوە.

11- بابەتێکە بەناونیشانی : روزنامەهای تهران درباره جنگ اوکراین؛ جدال بین حامیان پوتین و مخالفان تهاجم، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/persian، لەبەرواری 24/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

12- کیوان حسینی: بحران اوکراین چه معنایی برای ایران دارد؟، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/persian، لەبەرواری 24/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

13- انا بورتشفسكايا: هل ستؤثر المواجهة في أوكرانيا على المحادثات النووية مع إيران؟ لەماڵپەڕی https://www.washingtoninstitute.org/ar، لەبەرواری 11/يناير/2022 بڵاوکراوەتەوە.

14- بابەتێکە بەناونیشانی : الهجوم الروسي على أوكرانيا وتداعياته على الخليج وإيران، لەماڵپەڕی https://rasanah-iiis.org/، لەبەرواری 24/2/2022 بڵاوکراوەتەوە.

15- بابەتێکە بەناونیشانی: الغزو الروسي لأوكرانيا . هل يسرع أم يعقد مفاوضات نووي إيران؟، لەماڵپەڕی https://www.dw.com/ar، لەبەرواری 2/3/2022 بڵاوکراوەتەوە.

16- ايلى يويف: الأزمة الأوكرانية تخيّم على محادثات فيينا، لەماڵپەڕی https://aawsat.com/home، له بەوراری 26 فبراير 2022 م رقم العدد [ 15796.

17- هدى رؤوف: تداعيات الصراع الروسي - الغربي في أوكرانيا على الملف الإيراني، لەماڵپەڕی https://www.independentarabia.com/، لەبەرواری 29/يناير/2022 بڵاوکراوەتەوە.

18- بابەتێکە بەناونیشانی : الحرب على أوكرانيا تلقي بظلالها على مفاوضات الاتفاق النوو، لەماڵپەڕی https://alquds.com/، بڵاوکراوەتەوە، بەرواری سەردان 1/3/2022.

19- صالح حسن: المسيرات الإيرانية.. هل تسرع وتيرة "انتصارات" الجيش الروسي؟، لەماڵپەڕی https://al-ain.com/article/، لەبەرواری 23/7/2022 بڵاوکراوەتەوە.

20- بابەتێکە بەناونیشانی: طهران تنفي بيعها مسيّرات لموسكو.. والخارجية الروسية: تضليل أميركي، لەماڵپەڕی https://www.almayadeen.net/news/politics/، له بەرواری 13/7/2022 بڵاوکراوەتەوە.

21- فهيم الصوراني: طائرات مسيرة إيرانية إلى روسيا.. خبراء يتساءلون: لماذا المسموح لكييف ممنوع على موسكو؟، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/news/politics/2022/7/24/، لەبەرواى 24/7/2022 بڵاوکراوەتەوە.

22- بابەتێکە بەناونیشانی : طائرات مسيرة من طهران إلى موسكو، لەماڵپەڕی https://www.independentarabia.com/node لەبەرواى 12/اغسطس/2022 بڵاوکراوەتەوە.

23- بابەتێکە بەناونیشانی : بعد معلومات أمريكية... هل ستزود إيران روسيا بطائرات بدون طيار في حربها على أوكرانيا؟، لەماڵپەڕی https://www.france24.com/ar لەبەرواری 20/7/2022بڵاوکراوەتەوە.

24- فرزين نديمى: الطائرات الإيرانية المسيّرة إلى روسيا: القدرات والقيود، لەماڵپەڕی https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/، لەبەرواری 1/ اغسطس/ 2022 بڵاوکراوەتەوە.

# فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەحسین وسو عەبدوڵڵا*** | مامۆستای زانکۆ، ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتی ئەفریقیا، مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی نۆلج/ کۆلێژی یاسا/ بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پرسی ئابووری و جیۆپۆلەتیکی ئێران بۆ هاوکاری ستراتیژی درێژخایەن لەگەڵ چین ڕوون دەکاتەوە. ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات ئەوە نیشان بدات کە بەبێ گوێدانە گێڕانەوەی پەرەسەندنی وابەستەیی ئێران بە چین، پێدەچێت پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و چین بەشێکی بچووکی ستراتیژێکی جیۆ-ئابووری ئێران بێت کە لە ئاستێکی گەورەتردا لە ناوچەکەدا جێبەجێ دەکرێت. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئێران لە گەڕان بەدوای

* ئەم بابەتە لە لایەن دیبیکا ساراسواس _ لە سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینەوە و دیراساتی سیاسییەوە نووسراوە و مامۆستا تەحسین وسو دەستکاری، ئامادەکردن و وەرگێڕانی بۆ کردووە. بۆیە لە بەشی توێژینەوە دانراوە چونکە وەرگێڕانی دەقاودەقی توێژینەوەکە نییە.

هاوبەشێکی درێژخایەن لەگەڵ ڕێگەی چیندا، وەك لە ڕێکەوتننامەی هاوکاریی ستراتیجی 25 ساڵەی نێوان تاران و پەکین ڕوونکراوەتەوە، پابەندە بە پەسەندکردنی شەراکەتی هەمەلایەنە بە ئامانجی ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەت بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی جیۆ-ئابووری ئێران لە ناوچەکە. شایانی باسە کە ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران لە لوتکەی ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای لە ئەیلوولی (٢٠٢١)دا، جەختی کردەوە کە پرۆژە سەرەکییەکانی ژێرخانی "دەستپێشخەری یەک پشتێن-یەک ڕێگە، یەکێتی ئابووریی ناوچەی ئۆراسیا و یەکێتی ئابووریی و کۆریدۆری باکوور-باشوور" کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر ناکەن، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، ئێران پەیوەندی نێوان سێ پرۆژەی ژێرخانی ئاماژەپێکراو پێکدەهێنێت. پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ چین و ڕووسیا ڕێڕەوێکی بەرەو سەرەوەی پاراستووە، نەك تەنیا بە بەهای ڕەمزیی خۆیان لە خستنەڕووی هەڵوێستێك لە دژی تاکلایەنەی ئەمریکا. ئەم توێژینەوەیە پەیوەست بە تاوتوێکردنی پەرەسەندنی شەراکەتی نێوان ئێران و چین لە چوارچێوەی ستراتیجی ناوچەیی ئێران، لە ئاستی جیۆئابووریدا دەگەڕێتەوە، سەرئەنجام ڕادەی پەرەسەندنی هاوکارییەکانی نێوان ئێران و چین لە بواری بەرگرییدا دەردەخات.

**وشە سەرەکییەکان:** ئێران، چین، جیۆپۆلەتیک، پەیوەندی ئابووریی، ڕێکخراوی هاریکاریی شەنگەهای.

## بەرایی

دیدگا و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرهەڵدانی چین وەک زلهێزێکی جیهانیی و گۆڕانی سیستماتیکی ئێستا لە ئابووری سیاسی جیهانیی تێڕوانینێکی ئیجابییە. ڕاستە ئێران دڵخۆشە بەبۆنەی دارمانی سیستەمی نێودەوڵەتی لیبراڵ دوای جەنگی سارد بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەمە بووە هۆی دەستێوەردانی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەپاندنی دەیان ساڵ گۆشەگیری بەسەر ئێراندا، بەڵام سیاسەتی "بەرەو ڕۆژهەڵات" کە سەرۆک مەحمود ئەحمەدی نەژاد (-2005 2013) یەکەم کەس بوو پەیڕەوی کرد لەسەر ئاستی دەرەکیدا، چەسپاندنی هاوبەشییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ زلهێزە گەورەکانی غەیرە ڕۆژئاوا، چ دوولایەنە و چ فرەلایەنە، لە پێشینەدا دانا. لەم بارەیەوە دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ هەریەکە لە پەکین و مۆسکۆ باشترین نموونەی بەرچاون. لەم دواییانەدا، سیاسەتی "پەڕینەوە بەرەو ئاسیا" لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی ئابووریی ئێراندا بەهێزتر کرا وەک ستراتیژیەتی درێژخایەن لە سیاسەتی دەرەوەدا سەیرکراوە، سەرەڕایی ئەوەی بەرەو ڕووی کۆمەڵێک ئاڵەنگاری جۆراوجۆر دەبێتەوە. دوای کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمریکا لە پلانی هاوبەشی هەمەلایەنەی کارکردن، JCPOA ((The Joint Comprehensive Plan of Action

یان ئەوەی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران ناسراوە، لە مانگی ئایاری 2018، سەرەتا سەرۆککۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی لە مانگی ئابی (٢٠٢١)دا ئەوەی ڕاگەیاند کە بەرگریی لە ڕێکەوتنی ئەتومی ئێران ناکات ئەگەر ئەمریکا بەردەوام بێت لەسەر توندکردنی سزاکانی سەر ئێران.

جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە پێشهاتەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و چین، بە تایبەت دوای ئەوەی ئێران و چین لە مانگی ئازاری ٢٠٢١ ڕێکەوتنی هاوکاریی ستراتیژیی (٢٥) ساڵەیان واژۆ کرد، سەرنجی نەک تەنیا شرۆڤەکاران و بەرپرسانی واشنتۆن، بەڵکو چاودێرانی دیکەی لەسەر ئاستی جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشا[1]. بەردەوامبوونی چین لە کڕینی نەوتی ئێران سەرەڕای سزاکانی ئەمریکا لە لایەک و پەرەسەندنی هاوکارییەکانی لەگەڵ ئێران لە بواری بەرگری لە لایەکی دیکەوە، نەک تەنیا وەک فاکتەرێک سەیر دەکرێت کە "کاریگەریی سزاکانی ئەمریکا تێکدەدەن" دژی ئێران، بەڵکو وەک ئامانج لێی تەحەدای سەرکردایەتی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[2]. لەگەڵ وەستانی دانوستانەکانی ڤیەننا بە ئامانجی زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ئێران، ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بە زۆرینەی دەنگ "داواکاری لەسەر فەرمان"ی سیناتۆری کۆماریخواز تێد کروز پەسەند کرد و داوای لە حکومەت کرد ڕاپۆرتێک سەبارەت بە سزاکانی سەر ئێران کە پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە دەربکات و ئەم سزایانەش دەبینێت وەک پێویست بۆ سنووردارکردنی هاوکارییەکانی نێوان چین و ئێران[3]. لە 25ی ئایاردا، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا خولێکی نوێی سزاکانی ڕاگەیاند کە بە ئامانجی ئەوەی بە "تۆڕی نێودەوڵەتیی قاچاخچێتی نەوت و سپیکردنەوەی پارە" وەسف دەکات، بە سەرۆکایەتی بەرپرسانی سوپای پاسداران، لەنێویاندا پلەدارێکی پێشووی سوپای پاسداران و ڕۆستەم قاسمی وەزیری ڕێگەوبان و بینای شار بەدیکراوە. هەروەها ئەو سزایانە کۆمپانیای چین ئینێرجی هاوکون لیمیتەد کە بنکەکەی لە هۆنگ کۆنگە لەخۆ گرتووە، چونکە نەوتی ئێران لە سوپای پاسدارانی ئێران دەکڕێت[4].

## پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی گرنگترین پرسیار لە چوارچێوەی بابەتی سەرەکی توێژینەوە بریتییە لەوەی ئایا فاکتەری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی چەند کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاست و جۆری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و چین؟ یان بە جۆرێکی تر، ئایا تا چەند هەردوولا پەیوەندییەکانی نێوان وەک پەیوەندییەکی ستراتیژی دەبینن؟

## گرنگی توێژینەوە

بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەتی کاریگەری جیهانیی وەک چین و ئێران گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەچەند ڕوویەکەوە، لەوانە:

- لەبەرئەوەی ئێران وڵاتێکە لەلایەن

ڕۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا وەک وڵاتێکی پەراوێزخراو تەماشا دەکرێت، لە هەمانکاتدا چینیش لەگەڵ ئەمریکا لە ململانێیەکی قوڵی ئابووریدایە، کەواتە ئەمە دەبێتە خاڵی هاوبەش بۆ هەدوولا. لەبەرئەوە توێژینەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەی جیهانییەکان.

• لایەنێکی تری گرنگی توێژینەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان پەکین و تاران پەیوەستە بەوەی تاران سزا و ئابلۆوقەکانی لەلایەن ئەمریکاوە بەسەریدا سەپێنراوە، تا چەند دەتوانرێت لەڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین قەرەبووی بکاتەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە ئێران بابەتی قەرەبوونی سزاکانی ئەمریکا لەڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین ڕوون بکاتەوە.

• تێگەیشتن لە ململانێیەکانی نێوان چین و ئەمریکا لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و پەکین و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**گریمانەی توێژینەوە**

هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی پشت بە گریمانەیەک دەبەستێت بۆ خستنەڕووی ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی توێژینەوە، لەم چوارچێوەیەشدا گریمانەی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە فاکتەرە ئابووری و جیۆپۆلەتیکییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەروەها ململانێی نێوان واشنتۆن و پەکین، بەو مانایەی ئەمریکا لەپشت فاکتەرە ئابووری و جیۆپۆلەتیکییەکانە لە پەیوەندی نێوان تاران و پەکین.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دوو باسی سەرەکی و دەرئەنجامێک، لە پێشەکی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی بەستێنی سەرەکی پێکەوە گرێدانی هەردوو فاکتەری ئابووریی و جوگرافی لەپەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران ڕوونکراونەتەوە. لە باسی دووەمدا هاریکاریی و هەماهەنگی ئەمنی نێوان هەردوولا وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە پەیوەندییەکانی نێوانیان باسکراوە، لە کۆتاییشدا ئەو دەرئەنجامانە باسکراون کە لە میانەی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون.

**باسی یەکەم: بە ستێنی ئابووریی و جوگرافی لە پەیوەندییەکانی نێوان چین و ئێران**

ڕاستە ئێران لە ڕێگەی نێوان ئاسیا و ئەورووپادایە، بەڵام توانای جیۆئابوورییەکەی بۆ دەیان ساڵ بەبێ بەدینەهاتووی مایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتەوەیە کە ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی کاریگەریی ئابووریی و جیۆپۆلەتیکی ئێران پراکتیزەی دەکرد. بەم پێیە ئێران دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە کە لەلایەن چینەوە دەستپێکردووە، بە

دەرفەتێکی گەورە دەبینێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی چینی بۆ پرۆژەکانی گواستنەوە و وزە، دەستپێشخەرییەکە هەوڵدەدات وابەستەیی یەکتر لە نێوان کیشوەرەکاندا بەرز بکاتەوە و نەزمێکی ئابووریی جیهانیی لە دەرەوەی هەژموونی واشنتۆن بەرەوپێش ببات. ئێران بە تێکەڵبوون بە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەوبان و پرۆژەکانی دیکەی پەیوەندی نێوان ناوچەکان لە ناوچەی ئۆراسیا، ئاواتەخوازە پێگەی جیۆ-ئابووریی خۆی باشتر بکات بۆ ئەوەی ببێتە پردێک لە نێوان ئەورووپا و ئاسیا، هەروەها هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا فراوان بکات وەک دژە ستراتیژییەکی درێژخایەن لە بەرامبەر سزاکان و دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیری. لە هەمان چوارچێوەدا ئێران هاوبەشی دیدگای چینە، کە لەسەر بنەمای بەدیهێنانی "ئاشتی گەشەسەندن" لە ناوچەکەدا دامەزراوە، کە شاهیدی شکستی هەموو هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بوو بۆ پێشخستنی ئاشتی دیموکراسی تێیدا[5]. دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە ڕەنگە گەشەسەندنی ئابووریی بەرەوپێش ببات، لە ڕێگەی پرۆژەی سوودبەخشی یەکتری لە چین و وڵاتانی ناوچەکە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و مرۆییانەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە، لە هەمانکاتدا هاوسەنگکردنی سەرکردایەتی ئاسایش و ئابووری ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

### 1. بەستنەوەی ئێران بە دەریای ناوەڕاستەوە

لە سەردەمی سەرۆک ئیبراهیم ڕەئیسیدا، ئێران هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە پەیوەندییەکانی ناوچەکە لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی درێژخایەنی جیۆ-ئابووریی، سەربەخۆ لە لێکەوتەکانی سزاکانی ئەمریکا خێراتر کردووە، پێشتر هەوڵێکی لەو جۆرە بەدینەکراوە بۆ چەسپاندنی نفووزی جیۆپۆلەتیکی ئێران لە عێراق و سووریا بە مەبەستی دروستکردنی ڕێڕەوێکی بازرگانی و گواستنەوە لە کەنداوەوە بۆ سووریا و لوبنان بەدرێژایی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست. هاوکات تاران سەرنجی پەکین بۆ ئەم ڕێڕەوی وشکانی باشووری لە چوارچێوەی کۆریدۆری چین-ناوەڕاستی ئاسیا-ڕۆژئاوای ئاسیا لە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگەدا ڕادەکێشا.

بیرۆکەی ڕێڕەوی گواستنەوە بووە جێگەی سەرنجی گفتوگۆ جدییەکان دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی سووریا و هاوپەیمانە عێراقییەکانیان لە تشرینی دووەمی 2017 ناوچەی ئەلبوکەمالیان لە نزیک سنووری عێراق لە دەستی داعش کۆنترۆڵکرد[6]. هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە مانگی ئەیلولی 2017 شاری ئەلقائیمیان لە دیوی سنووری عێراق لە دەستی داعش کۆنترۆڵکردەوە، دوای ئەوەی ئێران و سووریا ڕێکەوتن لەسەر بەستنەوەی بەندەری ئیمام خومەینی لە باشووری ڕۆژئاوای

ئێران بە بەندەری لازقیەی سووریا لە ڕێگەی هێڵێکی شەمەندەفەرەوە کە تێیدا تێدەپەڕێت. لە ساڵی 2019 ئێران و عێراق دەستیان بە دانوستان کردووە بۆ ئامادەکردنی پلانەکان بە ئامانجی تەواوکردنی هێڵی ئاسنی 40 کیلۆمەتر کە شاری شەلامچە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بە بەسرە[7]. وەزیری گواستنەوە و گەشەپێدانی شارنشینی ڕۆستەم قاسمی، لە سەردانەکەیدا لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بۆ بەغدا، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی بۆ جێبەجێکردنی هاوبەشی هێڵی ئاسنی شەلەمجە- بەسرە واژۆ کرد. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا تاران چەندین دانوستان و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ لایەنی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی هێڵی ئاسن واژۆ کردووە. لەم پەیوەندییەدا قاسمی وتی: "ڕێکەوتنەکە خشتەی کاتی ڕوونی هەیە، یەکێک لە برگەکانیش بریتییە لەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەست پێدەکات"[8]. دوای تەواوبوونی پرۆژەکە تۆڕەکانی شەمەندەفەری هەردوو وڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئێران لە سووریا نزیک دەکاتەوە.

سەبارەت بە ململانێی سووریا، ساڵانێکە چین دژی گۆڕینی ڕژێم لەو وڵاتە بووە؛ لەگەڵ ڕووسیا چەندین ڕەشنووسی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ڤیتۆ کردووە، زۆرجار پشتگیریان لە سەروەری نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی سووریا کردووە[9].

لە سەردانێکی وەزیری دەرەوەی چین، وانگ یی، لە تەمموزی ٢٠٢١ بۆ سووریا، پلانێکی چوار خاڵیی پێشنیار کرد کە داوای هەڵگرتنی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر سووریا و ئەولەویەت بدرێت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە[10]. وانگ یی هەروەها داوای "ڕێزگرتن لە هەڵبژاردنی گەلی سووریا"ی کرد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر شەرعیەت بە پرۆسەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەشار ئەسەد لە مانگی ئایاری ٢٠٢١ دا. بەو پێیەی ڕووسیا و ئێران کە دوو هاوپەیمانی سەرەکی دیمەشقن، سەرچاوەی دارایی تەواویان نییە بۆ دابینکردنی دارایی ئاوەدانکردنەوەی سووریا، ئەوان هەوڵدەدەن ئەو دەرفەتانە بقۆزنەوە کە پلانەکانی دەستپێشخەریی ڕێگە و پشتێنە کە لە لایەن پەکینەوە لە ناوچەکەدا دەستی پێکردووە. لە کاتێکدا گفتوگۆ لەسەر پەیوەستبوونی سووریا بە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە لە میانی سەردانەکەی وانگ یی لە تەمموزی 2021 دەستیپێکرد، هەردوو وڵات لە 12ی 1ی 2022 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لەو بارەیەوە واژۆ کرد، سەرۆکی دەسەڵاتی پلاندانان و هاوکاریی نێودەوڵەتی لە سووریا، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە لایەنی سووریا، ڕۆڵی چین لە دوو پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئابووریی لە سووریا و بەهێزکردنی "هەماهەنگی هەبوو لە نێوان دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە لە لایەک، ستراتیژی بەرەو ڕۆژهەڵات پێشنیار کراوە

لە لایەکی دیکەوە“[11]. شرۆڤەکاران ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە سەرنجدان بە گرنگیدان بە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە لەسەر یەکگرتنی ناوچەیی، پرۆژە پێشنیارکراوەکانی چین لە سووریا جەخت لەسەر کەرتی گواستنەوە دەکەنەوە، وەک بەستنەوەی هێڵی ئاسنی نێوان بەندەری تارتۆس و سنووری عێراق، هەروەها دامەزراندنی ڕێگەیەکی خێرا کە باشوور و باکوور بەیەکەوە دەبەستێتەوە(12). هەروەها پەکین لە هەوڵی دامەزراندنی ناوچەیەکی بازرگانیی ئازادی چینە لە بەندەری لازقیە، کە دەکەوێتە کەمتر لە 100 کیلۆمەتر لە باکووری شاری تارتوس، کە مۆسکۆ بنکەیەکی سەربازیی دەریایی تیایدا جێگیرکردووە، هەروەها بەڵێنی داوە 500 ملیۆن دۆلار بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی بەندەری بازرگانیی تەرخان بکات[13]. سەبارەت بە ئێران، لە مانگی ئایاری (٢٠٢١)دا هێڵێکی کەشتیوانی ڕاستەوخۆی لە نێوان شارەکانی بەندەر عەباس لە گەرووی هورمزو لازقیە دەستپێکرد و هەردوو وڵات ئارەزووی دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکی هێڵی ئاسنین لە نێوان هەردوو بەندەرەکە دەکەن لە ڕێگەی عێراقەوە[14].

لەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەتیش لە دوای کۆتایی هاتنی ئەرکی شەڕی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠، چین وەبەرهێنانی لە بواری وزە و ژێرخانی ئەو وڵاتەدا زیاتر کردووە. لە ساڵی ٢٠٢١ عێراق یەکەم شوێنی وەبەرهێنانەکانی چین بوو لە دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە؛ 10.5 ملیار دۆلاری لە دارایی بۆ پرۆژەکانی وزە و ژێرخانی دەستەبەر کرد[15]. ئێران کاریگەریی خۆی بەسەر حکومەتی عێراق و ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا درێژ دەکاتەوە و هەوڵدەدات ئامادەیی ئابووریی و ئەمنیی ئەمریکا لە عێراق کەم بکاتەوە، تارادەیەکی زۆر پێشوازی لە زیادبوونی سەرمایەگوزاری چینی لە عێراق کردووە. لە ساڵی 2019، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، لە میانی سەردانێکیدا بۆ چین، ڕێکەوتنی ”نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوە“ی واژۆکرد، کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە داهاتی نەوت لە سندوقێکی وەبەرهێنانی هاوبەشدا دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی لە پرۆژە ژێرخانییە گەورەکاندا لەلایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە بەکاربهێنرێت[16]. لە ساڵانی دواتردا نارەزایی جەماوەریی دژی بێکاری و تێکچوونی ژینگە و بەگشتی ناتەواوی حوکمڕانی لە عێراقدا بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی وەبەرهێنان و ژینگەی ئەمنی، ئەمەش وایکرد کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی نێودەوڵەتی ڕۆژئاوا عێراق بەجێبهێڵن. ئەم کۆمپانیایانە زۆرجار پشکەکانیان بە کۆمپانیا چینییەکان دەفرۆشت[17] کە ئامادەبوون لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قازانجی کەمتر لە ڕکابەرەکانیان وەربگرن، وەک بەڵێندەری سەرەکی یان لق لە پانزە کێڵگەی نەوت لە باشووری عێراق[18].

هەروەها لە ساڵی 2019 و لە نێوان هەڕەشەی ململانێی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمریکا، ڕاپۆرتی نوێ هاتنە ئاراوە کە ئێران

هەوڵدەدات "هێڵی دۆستایەتی" لە نێوان ئێران و عێراق و سووریا کارا بکات بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی لە ئێرانەوە بۆ بەندەری بنیاس لە سەر دەریای ناوەڕاست لە سووریا. لە ساڵی ٢٠١١ ئێران و عێراق و سووریا ڕاستەوخۆ بەر لە سەرهەڵدانی نائارامی لە سووریا ڕێکەوتنێکیان واژۆ کرد، کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئێران بەڵێنیدا بۆرییەکی شەش هەزار کیلۆمەتری دروست بکات کە ڕێگەی پێدەدات لە کاتی دروست بوونی گەمارۆی زۆر وەک بەدیل لە جیاتی گەرووی هورمز بەکاربێنێت[19]. ڕەنگە تەواوبوونی ئەم بۆرییە زەبر و زەنگێکی نوێ بەدەستبهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە عێراق وەک هاوردەکاری سەرەکی غازی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دەمێنێتەوە، سەرەڕای سزاکانی ئەمریکا و گرنگیدانی ئەورووپا بە بەدەستهێنانی سەرچاوەی هەمەچەشنی گازی سروشتی لە کاتی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیادا.

**2. سوود وەرگرتنی تاران لە ڕێڕەوی ئابووری نێوان چین و پاکستان**

هەروەها لە دیوەکەی تری ناوچەی کەنداو، ئێران هیواخوازە پرۆژەی دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگە کە بەستراوەتەوە بە ڕێڕەوی ئابووری چین پاکستان، فراوانتر بێت بۆ ڕێڕەوێکی بازرگانی و وزە، کە لە کەنداوەوە درێژ دەبێتەوە، لە ڕێگەی پاکستانەوە، هەموو ڕێگەی ڕۆژئاوای شینجیانگ (واتە تورکستانی ڕۆژهەڵات کە ناوە کۆنەکەیەتی). تاران هەوڵدەدات سوود لە سەرمایەگوزاری چین وەربگرێت بۆ ئەوەی کەناراوەکانی مەکران کە گەشەسەندنی هەیە بکاتە وێستگەیەکی بەهێزی پیشەسازی و وزە. ئێران ڕۆڵی گرنگ لە ژێرخانی وزەی ڕێڕەوی ئابووری چین و پاکستان دەبینێت، بە تایبەت دروستکردنی تێرمیناڵی گوادار ئێل ئێن جی بە بڕی 2.5 ملیار دۆلاری پەکین، و بۆرییەکی غاز بەدرێژی 700 کیلۆمەتر لە نێوان گوادار و شاری نەوابشای (پاکستانی) درێژ دەبێتەوە، زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی لە پلانەکانی پەیوەست بە هێڵی بۆری ئێران-پاکستان کە لەمێژە دامەزراوە[20]. ئەم بۆرییە 1880 کیلۆمەترییەی ئێران و پاکستان بە مەبەستی بەستنەوەی کێڵگەی گازی پارسی باشووری ئێران بە پارێزگاکانی بەلوچستان و سندی پاکستان بوو. دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی کڕینی غاز لە ساڵی ٢٠٠٩، ئێران لە ساڵی ٢٠١١ دروستکردنی بەشی تایبەتی خۆی لە بۆرییەکەی تەواو کرد، تەنانەت پێشنیاری دابینکردنی دارایی بەشی پاکستانی کرد لە ساڵی ٢٠١٣. بەڵام دوای سزا و فشارەکانی ئەمریکا کە بووە هۆی دواکەوتنی، لە ساڵی (٢٠١٩)دا لە دژی پاکستان تاران هەڕەشەی یاسایی کرد[21]. کاتێك چین کارەکانی دروستکردنی هێڵی بۆری گوادار-نەواب شا تەواو دەکات، بە بەراورد لەگەڵ دروستکردنی بەشێك بە درێژی 780 کم لە دەروازەی کەبدەوە لەسەر سنووری ئێران و پاکستان تا نەوابشا لە پارێزگای سندی پاکستان، پاشان بۆرییەکی 72 کیلۆمەتر لە کەبدەوە بۆ... نەوابشا دەتوانرێت تەواو بکرێت.

بەدرێژایی ساڵانی سزاکان و پەرەسەندنی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو، ئێران سەرنجی لەسەر گەشەپێدانی بەندەرەکان چڕکردۆتەوە، هەروەها تێرمیناڵێکی هەناردەکردنی نەوت لە کەنداوی عومان کە دەکەوێتە دەرەوەی ناوچەی کەنداو لەڕووی جیۆپۆلەتیکی ناجێگیرەوە و نزیکتر لە وڵاتانی نەوت بەکارهێنەری ئاسیا. لە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنی سێ قۆڵی نێوان ئێران، ئەفغانستان و هیندستان لە مانگی ئایاری 2016، هیندستان خەریکی پەرەپێدان بە بەندەری چابەهار (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران)، کە تاکە بەندەری ئێرانە کە لە ڕێگەی کەنداوی عومانەوە دەڕوانێتە زەریای هیندی، کە هەڵکەوتووە لە 140 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای بەندەری گوادارەوە دوورە پاکستان کە چین کار بۆ پەرەپێدانی دەکات. ئێران جەختی لەوە کردەوە کە بەندەری چابەهار ئامانجی کێبڕکێکردن یان ”دەورەدانی“ کەس نییە[22]. ئەو پێشوازی لە هاوکارییەکانی ئێستای نێوان بەندەری چاباهار و بەندەرەکانی دیکەی پاکستان کرد، و ئەڕێنی بوو سەبارەت بە وەبەرهێنانەکانی چین کە ئامانجیان پەرەپێدانی بەندەری چاباهارە[23]. بە گرنگییەکی زۆرەوە، لە میانی لوتکەکەدا کە لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهایەوە بەڕێوەچوو، ڕەئیسی بەندەری چابەهاری وەک هێمای هاوکاریی لە نێوان هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا پێشکەش کرد[24]. پاش ماوەیەکی کەم لە کردنەوەی تێرمیناڵێکی نوێی هەناردەکردنی نەوت لە بەندەری جاسک کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گەرووی هورمز، لە تەممووزی 2021، ئێران پێشنیاری دەستڕاگەیشتن بە یەدەگی ستراتیژی نەوتی بەندەری جاسک بە ئاسانی بۆ هیندستان کرد، هەروەها بۆرییەکی غازی سەربەخۆ لە دوورگەی جاسکەوە تا هیندستان درێژ دەبێتەوە. بەم شێوەیە، ئێران بە پەرەپێدانی ناوەندێکی گەورەی هایدرۆکاربۆن لە بەندەری جاسک، نەک هەر نەوتەکەی لە بازاڕەکانی ئاسیا نزیک کردۆتەوە، بەڵکو پشتبەستنی بە هەناردەکردن لە ڕێگەی دوورگەی خەرج لە کەنداو کەمکردۆتەوە کە نزیکەی لە (٪٩٠)ە، ئەمە وەک کارتێکی فشارە لەکاتی دروست بوونی فشاری زیاتر لەسەر ڕۆیشتنی نەوت لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە[25].

کاتێک شی جینپینگ سەرۆکی چین لە ساڵی ٢٠١٦ سەردانی ئێرانی کرد کە بە واژۆکردنی هاوبەشی ستراتیژی گشتگیریان پەیوەندییەکانیان گەیشتە لوتکە، چەندین ڕێکەوتنیش بۆ دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی لە جاسک و هۆرموزگان واژۆ کرا، هەروەها لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان کە بەندەری چابەهاری لێیە. ڕاپۆرت کرا کە بەپێی ڕێکەوتنەکە کە ٢٥ ساڵ دەخایەنێت، چین وەبەرهێنان لە ژێرخانی بەندەری جاسک دەکات، هەروەها لە ناوچە بازرگانییە ئازادەکانی دوورگەکانی کەنداودا[26].

ئێران هەوڵەکانی بۆ هەمەچەشنکردنی چالاکییە ئابوورییەکانی و زیادکردنی هەناردەی

غەیرە نەوت بەتایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێی دوو هێندە زیادکردووە، لە کاتێکدا کە بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە هەناردەی نەوتی وڵاتەکەی کەمیکردووە. لە غیابی بەرنامەیەکی گشتگیری ئازادکردنی ئابووری بە هۆی جیاوازی نێوان ڕەوت و فشارە جۆراوجۆرەکان کە لە دەرئەنجامی گەمارۆکانەوە دروست دەبن و بە ئامانجی پێشخستنی چالاکییەکانی پەیوەست بە پیشەسازی و هەناردەکردن، بەرژەوەندیی ئێران هەر لەسەر ناوچەکانی بازرگانی ئازاد بەدرێژایی کەناراوەکانی کەنداو و دوورگەکانی وەک کیش و دوورگەی قیشم، کە دەکەونە نزیک بەندەر عەباس. ئێران پەیوەندی باشی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی لە ئەنجومەنی هاوکاریدا هەبوو بۆ وڵاتانی عەرەبی کەنداو، سیاسەتی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی و هاندانی بازرگانی ناوچەیی پراکتیزە کرد[27]. ئەنجومەنی چاودێری دەستوور، لە سەردەمی سەرۆک حەسەن ڕوحانی (٢٠١٣-٢٠٢١)، ڕێکەوتن لەسەر تێکەڵکردنی بەندەری چابەهار لەگەڵ ناوچەی بازرگانیی ئازادی چابەهار پەسەندکرد بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کارەکانی کەشتیوانی و بازرگانیی لە بەندەرەکەوە[28]. سەبارەت بە ئیبراهیم ڕەئیسیش ڕایگەیاند، پێویستە ناوچە بازرگانییە ئازادەکان لە وڵاتدا ڕۆڵی سەرەکی خۆیان وەربگرنەوە، هەروەها لە کاتی دەستبەکاربوونیدا شەست پرۆژەی ڕاگەیاند کە بریتی بوون لە پرۆژەی ئابووری و ئەوانی دیکە کە پەیوەندییان بە ژێرخانی ئابووریی و دامەزراوە پیشەسازییەکانەوە هەیە، جگە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ئاسن و پاڵاوگە و دامەزراوەکانی پەرەپێدانی بەندەر لە شەش ناوچەی بازرگانیی ئازاد لە سەرانسەری وڵاتدا، هەروەها ڕایانگەیاند کە ناوچە بازرگانییە ئازادەکان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئامانجە سەرەتاییەکانیان[29]. ڕەئیسی ئاماژەی بەوەشکردووە، پێویستە ئەم ناوچانە ببنە ناوەندێکی سەرەکی بۆ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و کارەکانی هەناردەکردن، نەک وەک ناوەندێک بۆ "هاوردەکردنی کۆنترۆڵنەکراو". بەم پێیە ڕاکێشانی وەبەرهێنان لە چینەوە دەبێتە شتێکی بنەڕەتی. لەڕاستیدا کابینەکەی ڕەئیسی چەند هەفتەیەک لەمەوبەر کردنەوەی کونسوڵخانەی چینی لە بەندەر عەباس کە بەندەری سەرەکی بازرگانیی ئێرانە لە کەنداو پەسەند کرد، ئەمەش دوای سەردانەکەی حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ چین لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ هات.

### 3- شەنگەهای وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سزاکانی سەرتاران

ئێران وەک ئەکتەرێکی ئیقلیمی کە هەوڵی ڕاستکردنەوەی دۆخی ئێستا دەدات، ویستی خۆی بۆ گروپی فرەلایەنە نیشانداوە کە دەتوانێت دەسەڵاتی هەژموونی ئەمریکا لە چوارچێوەی سیستەمی دارایی نێودەوڵەتیدا لەخۆبگرێت، وەک بەرازیل، ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا. چین و باشووری ئەفریقا، بریکس، یان

ئەوانەی کە دەتوانن وەک هاوسەنگییەک لە ئاستێکی گەورەتردا بۆ ئامادەبوونی ئابووریی و ئەمنی ئەمریکا، وەک ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای یان یەکێتی ئابووری ئۆراسیا (EAEU). ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای دوای پەسەندکردنی ئەندامێتی ئێران لە میانی لوتکەی سپای 2021 کە لە تاجیکستان بەڕێوەچوو، فراوانتر بوو بۆ ئەوەی ڕۆژئاوای ئاسیا بگرێتەوە و ئەم ڕێکخراوە بەشداری لە پرۆسەی پەیوەندی ناوچەیی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ئاسیادا کردبوو. ڕاستە ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای هەمیشە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی ناوچەیی لە پرسە ئەمنییەکان مسۆگەر کردووە، بەڵام تاران ماوەیەکە داوای بەهێزکردنی ڕەهەندی ئابووری ئەو ڕێکخراوە دەکات بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەمارۆ تاکلایەنەکانی ئەمریکا. لەم چوارچێوەیەدا، و لە وتارێکدا بۆ لوتکەی ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای، سەرۆککۆماری ئێران ڕەئیسی سزاکانی بەم شێوەیە وەسف کرد کە: "بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم پێشخستنی هاوسەنگی ناوچەیی سزا تاکلایەنەکان تەنیا لە یەک وڵاتدا سنووردار نین، بەڵکو، وەک ڕوون بووەتەوە لە ساڵانی ڕابردوودا، ئێستا وڵاتانی سەربەخۆتر لەخۆدەگرێت، بە تایبەت ئەندامانی ڕێکخراوەکە." ئاماژەی بەوەشکردووە، "گرنگ و پێویستە میکانیزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەکۆمەڵ دابنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی سزا تاکلایەنەکان لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەدا".

لەگەڵ هێشتنەوەی ئێران لە لیستی ڕەشدا، سەرۆک ڕەئیسی ڕەخنەی لە حەسەن ڕوحانی لە پێش خۆی گرت کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئێران بچێتە ناو ئەو دەزگا نێودەوڵەتییەوە کە بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی دارایی تیرۆریستان. ڕەئیسی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیدا بە "ڕێککەوتنی دوژمن"[30]. بەڵکو تاران بەکارهێنانی دراوە نیشتمانییەکان لە یەکلاییکردنەوەی بازرگانی دوولایەنەدا فراوانتر دەکات، وەک پرۆسەیەک کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی سیستەمی پاککردنەوەی پارەدانی بەدیل و سیستەمێکی یەکلاکردنەوەی وەک سیستەمی گواستنەوەی پەیامە داراییەکانی بانکی ڕووسیا، SPFS، کارا بووە. ئەم سیستەمە لە ساڵی (٢٠١٩)دا خرایە ناو سیستەمی بانکەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئابووریی ئۆراسیا، جگە لە سیستەمی پارەدانی نێوان بانکی سنوور بەزاندن، CIPS، کە لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن پەکینەوە دەستپێکردووە[31].

گومانی تێدا نییە کە لەشکرکێشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و ئەو سزا هەماهەنگانەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەسەر سیستەمی بانکی ڕووسیادا سەپاندووە، لەوانەش دەرکردنی بانکەکانی ڕووسیا لە سیستەمی بانکی پەیام ناردن کە بە سویفت ناسراوە[32]، نیگەرانی زۆری لێکەوتۆتەوە لەلایەن هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ڕووسیا. ئەم سزایانەی کە بەسەر ڕووسیادا سەپێنراون کە ئابوورییەکەی لە پلەی یازدەهەمی جیهاندایە، مشتومڕەکانی

سەبارەت بە توانای بەدیلەکانی سیستەمی سویفت لە ئاسیا نوێ کردووەتەوە[33]. لە مانگی ئایاری 2022، ڕووسیا و ئێران ڕێکەوتن لەسەر گۆڕینی بۆ دراوی نیشتمانی لە یەکلاییکردنەوەی کارەکانی بازرگانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی گواستنەوەی نامەنووسی. لە هەمان چوارچێوەیدا چین کاردەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی کارەکانی بازرگانیی وزەی خۆی لەگەڵ ڕووسیا بە دراوی یوان[34]. لە هەمانکاتدا، کاردانەوەی ڤیتۆی ئەمریکا لەسەر مامەڵە داراییە جیهانییەکانی چین کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پەکین هەبوو[35].

### باسی دووەم: هەماهەنگی ئاسایشی لە نێوان پەکین و تاران

وانگ یی وەزیری دەرەوەی چین لە مانگی یەکی ساڵی (٢٠٢٢)دا لەکاتی میوانداریکردنی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی، ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بۆشایی دەسەڵاتەوە ناناڵێنێت، هەروەها ناوچەکە پێویستی بە ”پاتریاکی یان باوکسالاری بیانی نییە، کە ئەمە وەک ئاماژەیەک بوو بۆ هەبوونی هەژموون و دەسەڵاتی ئەمریکا لەناوچەکە. ئاماژەی بەوەشکردووە، چین پشتگیری لە وڵاتانی کەنداو دەکات بۆ دامەزراندنی سەکۆی گفتوگۆی فرەلایەنە بۆ پێشەنگایەتیکردن لە پرسە ناوچەییەکان[36]. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم لێدوانانە دووڈڵی پەکین لە دابینکردنی گەرەنتی بۆ ڕژێمێکی ئەمنی دوای ئەمریکا لە ناوچەکەدا پشتڕاست دەکەنەوە.

هاوکات ڕێبازی ئاسایشی ناوچەیی کە لەلایەن وەزیر وانگ یی دەربڕیوە، لەگەڵ تێڕوانینی نەریتی ئێران لەمەڕ بوونی سەربازی ئەمریکا بە تایبەت لە ناوچەی کەنداودا یەکدەگرێتەوە، ئەم ئامادەییە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە دەزانێت، هەروەها گەورەترین هەڕەشەش دەبینێت بۆ دەسەڵات و کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا. تاران نەک هەر جەخت لەسەر پشت بەخۆبەستنی ناوچەیی لە بواری ئاسایشدا دەکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بە پرۆژەکردنی خۆی وەک هێزێکی سەربەخۆی ناوچەیی سوود لە ستراتیژییەکانی ڕووسیا و چینی لە ناوچەی ئۆراسیا وەربگرێت. ئەم ستراتیژانە ئامانجیان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا-ناتۆیە لە ناوچەی ئۆراسیا.

پەیوەندییە بەرگرییەکانی نێوان ئێران و چین بە جێبەجێکردنی پلانی هەمەلایەنەی کارکردنی هاوبەش لە ساڵی 2016 بەهێزتر بووە و چیتر ئێران وەک هەڕەشەیەک سەیر ناکرێت کە بەشداربێت لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، یان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. سەردانەکەی سەرۆککۆمار شی جینپینگ بۆ ئێران لە مانگی ژانویەی 2016 دوای سەردانەکەی ژانگ وانکوان وەزیری بەرگری چین لە تشرینی دووەمی 2016دا هات، لە میانەی ئەم سەردانانەدا ڕێکەوتننامەیەکی هاریکاریی سەربازیی دوو قۆڵی واژۆ کرا، کە تیایدا بەڵێنیان دا هاوکارییە سەربازییەکان لە

ژمارەیەك بواردا بەهێز بکەن. لەوانەش مەشقی سەربازی، ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، مانۆڕی سەربازیی هاوبەش[37]. دیپلۆماسی بەرگری لە نێوان ئێران و چین ڕێڕەوێکی بەرەو سەرەوەی پاراستووە؛ ئەم دوو وڵاتە هۆکاری هاوبەشیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی فشار و تاکلایەنەی ئەمریکا دۆزیەوە. ئێران و چین لە مانگی حوزەیرانی (٢٠١٧)دا مانۆڕی دەریایی هاوبەشیان لە نزیک گەرووی هورمز ئەنجامدا، لە کاتێکدا کە هێزی دەریایی ئەمریکا ئێرانی تۆمەتبار دەکرد بە ناردنی بەلەمی هێرشبەری خێرا بۆ وروژاندنی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا کە بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕین[38]. زنجیرەیەک ڕووداو کە لە هاوینی (٢٠١٩)دا ئۆپەراسیۆنەکانی کەشتیوانی لە کەنداو پەکخست، بووە هۆی ئەوەی پەکین ڕۆڵێکی ئەمنی زیاتر بگرێتە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئازادی کەشتیوانی کە پێویستە بۆ ئاسایشی وزەی وڵاتەکەی. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە دۆناڵد ترەمپ هاوپەیمانییەکی دەریایی نێودەوڵەتی پێکهێنا کە هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئیدارەی لەخۆگرتبوو، هەروەها ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و سعودیە و بەحرەینی لەخۆگرتبوو، جگە لە ئوسترالیا و شانشینی یەکگرتوو، لەکاتێکدا کرپارانی ئاسیای بەو جۆرە تۆمەتبار دەکرد، نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە "سودمەندی ئازاد" لە بوونی ئەمنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. دواتر، ئێران، چین و ڕووسیا لە کانوونی دووەمی 2019 لە کەنداوی عومان مانۆڕێکی دەریایی سێ قۆڵییان ئەنجامدا کە بە "پشتێنەی ئاسایشی دەریایی" ناسراوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هاوبەشی چین و ڕووسیا لە دابینکردنی ئاسایش لە ڕێڕەوی ئاوی گرنگ، هەروەها ئاماژەیان بە دابینکردنی پشتیوانی دیپلۆماسی و سیاسی بۆ ئێران کردووە.

واشنتۆن نیگەران بوو لەوەی ئێران توانای پێشکەوتووی دژە دەستڕاگەیشتن-ڕەتکردنەوەی ناوچە (A2/AD) لە پەکین بەدەستبهێنێت. ئێران پشت بە تاکتیکی ناهاوسەنگ دەبەستێت بۆ ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی دەستڕاگەیشتن بە ناوچەکە، بۆ بەکارهێنانی لە دژی دوژمنانی خاوەن توانای ئاساییتر، بەتایبەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کەنداو. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کە ئێران دەستی کرد بە هاوردەکردنی مووشەکی دژە کەشتی لە چینەوە. ئەم مووشەکانە بریتی بوون لە مووشەکی سووکی AShM YJ-9 و C-701 کە لە ئێران بە "کەوسەر" ناسراوە، هەروەها مووشەکی C-704 کە مووشەکێکی سەرزەوی بۆ دەریایە و زۆرترین مەودای ٤٠ کم هەیە کە بە مووشەکی "نەسر" ناسراوە، مووشەکەکانی "نوور" و "قادر" و "قەدیر" بە مەودای 120 کم، 200 کم و 300 کم، مووشەکی دژە کەشتییە دوور مەوداکانن، کۆپییەکە لە مووشەکی چینی C-802 کروز دوای دووبارە دروستکردنەوە[39].

لەگەڵ چڕبوونەوەی کێبڕکێ لەگەڵ ئەمریکا، نیگەرانییەکانی پەکین لە گەشەکردندان

سەبارەت بە ڕۆڵی ناوەندی ئەمریکا لە پاراستنی هێڵەکانی کەشتیوانی لە کەنداو، بە تایبەت گەرووی تەسکی هورمز، توانای هەڕەشەکردن لە ئاسایشی وزەی چین[40]. بە لەبەرچاوگرتنی دوودڵیی پەکین لە گێڕانی ڕۆڵی سەربازیی لە ناوچەکەدا، کە بە دووری لە سنوورەکانی خۆی دەخاتە کێبڕکێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، پێدەچێت دیپلۆماسی بەرگری لەگەڵ ئێران لە پێشینەیەکی ستراتیژی بێت. سەردانەکەی وەزیری بەرگری چین وی فێنگی بۆ ئێران لە نیسانی 2022، لە پاشخانی شەڕی ئۆکرانیادا، ئەو گرنگییەی پشتڕاست کردەوە کە پەکین بە ئێران دەدات، لە نێوان زیادبوونی هەڵچوونە جیۆپۆلەتیکییەکان و ئاسۆی زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران[41].

## دەرئەنجام

ئێران وەک ئەکتەرێکی سەرەکی جیۆپۆلەتیکی ئیقلیمی لە ڕۆژئاوای ئاسیا، نەک هەر بۆ دەیان ساڵ فشاری ئەمنی و ئابووریی ئەمریکای لەسەر بووە و پاشەکشەی لە ڕۆڵە جیۆپۆلیتیکەکەی نەکردووە، بەڵکو کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی لەسەر عێراق و سووریا و شوێنەکانی دیکەی ناوچەکە بەرەو بەهێزبوون ڕۆیشتووە. بەم پێیە ستراتیژی جیۆ-ئابووریی ئێران بریتیبووە لە کەڵکوەرگرتن لەم کاریگەرییە جیۆپۆلەتیکییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان وزە و ژێرخانی سەرتاسەری ناوچەکەدا. ئێران بە پەیوەستبوون بە دەستپێشخەریی پشتێنە و ڕێگە و دامەزراندنی هاوبەشییەکی درێژخایەن لەگەڵ پەکین، هەوڵدەدات ببێتە ناوەندێکی سەرەکی گواستنەوە و وزە لە سیستەمێکی ئابووریی تایبەتی جیهان بە سەرۆکایەتی چین، دەرفەتەکانی هاوکاری ئابووریی فرەلایەنە بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی ئابووریی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کە لەدەرئەنجامی سزاکانەوە لەسەریەتی. پرۆسەی قووڵکردنەوەی هاوبەشی نێوان ئێران و چین نەک هەر توانای بەرزکردنەوەی پێگەی جیۆ- ئابووریی خۆی لە کەنداوەوە بۆ دەریای ناوەڕاستی بەهێز کردووە، بەڵکو بوارێکی زیاتریش داوەتە تاران بۆ مانۆڕکردن لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی وەک هیندستان و تەنانەت ڕۆژئاواش کە نایانەوێت ببینن دەسەڵاتێکی گەورەی ناوچەیی بخزێتە ناو کەمپەکەوە. بە وتەی توێژەر و لێکۆڵەر و پسپۆڕان، وابەستەیی ئابووری ئێران بە چین لە ئەنجامی ستراتیژییەکی داڕێژراوە نەبووە لەلایەن دروستکارانی بڕیاری سیاسی لە ئێران، بەڵکو لە ئەنجامی ستراتیژی ڕۆژئاوا بووە کە پشت بە سزاکان و جێبەجێکردنی دەبەستێت. لەوانەیە پرۆسەی زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان پاڵنەرێک بێت بۆ تاران بۆ ئەوەی کار لەسەر هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین و هەمەچەشنکردنی هاوبەشییەکانی لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ هیندستان و یەکێتی ئەورووپا بکات.

## پەراوێزەکان

[1] Farnaz Fassihi & Steven Lee Myres, "Defying US, China, Iran Near Trade and Military Partnership," The New York Times, 11/7/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://nyti.ms/3NkMqmA; Kabir Taneja, "China's Deepening Ties with Iran Raises Critical Concerns for India, Chabahar Port," The Print, 15/7/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3NptHGj

[2] "US Now Preparing for a World with and without Iran Nuclear Deal," Arab News, 20/6/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3QS5ono

[3] "US Sanctions Russia-backed Iranian Oil Smuggling Network Involving Chinese Firms," The Print, 27/5/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3NlyWqN

[4] "Iran's Raisi Urges Closer Ties to Boost SCO Role in Global Economy," Tasnim News, 17/9/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3nkwNkq

[5] Alam Saleh & Zakiyeh Yazdanshena, "Iran's Pact with China is Bad News for the West," Foreign Policy, 9/8/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3u3Tflt

[6] Hamidreza Azizi, "Iran's Multi-Faceted Strategy in Deir Ez-Zor: From Fighting Terrorism to Creating a Zone of Influence," SWP Comment, no. 15, Stiftung Wissenschaft und Politik (German Institute for International and Security Affairs), 27/3/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/39TXGc1

[7] "Iran-Syria Port and Maritime Co-op on the Rise," Tehran Times, 25/6/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3ONsnhA

[8] "Iran, Iraq Ink Deal on Completing Shalamcheh-Basra Railway," Tehran Times, 27/12/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3OqoxuZ

[9] "Chinese Envoy Explains Veto of UN Security Council Resolution on Syria," CGTN, 4/7/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3y24ZWS

[10] "China Proposes Four-point Solution to Syrian Issue: FM," Xinhua, 18/7/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3yrkCsg

[11] "Syria Joins BRI Amidst Extensive China-Mideast Exchanges," The Global Times, 13/1/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3Npux5V

[12] "China's Move Towards Syria: Objectives and Prospects," Emirates Policy Center, 17/8/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3yzwicV

[13] "Russia to Build Grain Hub at Syria's Tartus Port," Miller Magazine, 23/1/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3a1P6be

[14] Heidi Vella, "Testing the Waters: Direct Shipping Opens between Iran and Syria," Ship Technology, 12/5/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3QR3x2m; "Analysis – Iran Intends to Improve Port Rail Connections to Develop International Trade," PortsEurope, 4/2/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3Abx3Ke

[15] Salam Zidane, "Chinese Oil Companies Fill Void in Iraq," Al-Monitor, 22/7/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3OReYW5

[16] Salam Zidane, "Iraq, China Launch 'Oil for Reconstruction' Agreement," Al-Monitor, 8/10/2019, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3bv52TC

[17] Manuel Fernandez, "Iraq Seems to Limit Chinese Influence in its Oil Sector," Atalayar, 20/5/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/39VGqTM; Hamdi Malik, "Iraq's Oil Sector Caught in Crossfire between US, Iran," Al-Monitor, 31/5/2019, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3ORfbsl

[18] Omar Sattar, "Iraq Plans to Launch Pipeline to Export Oil through Jordan, Syria," Al-Monitor, 17/7/2019, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3ou0Vua; Sarah Mcfarlane & Aref Mohammed, "Iraq Balks at Greater Chinese Control of its Oilfields," Reuters, 17/5/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://reut.rs/3bBaDaQ

[19] "Islamic Pipeline' Seeks Euro Gas Market," United Press International (UPI), 25/7/2011, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3yq70h1

[20] "Pak Approves USD 2 Billion Gwadar-Nawabshah LNG Terminal Project," Asian News International (ANI), 1/10/2016, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3u8Huu7

[21] Haroon Janjua, "Iran Gas Pipeline Deal with Pakistan Hampered by US Sanctions," DW, 20/5/2019, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3no9aHO

[22] "India Says 'Prerogative' of Iran to Invite Chi-

na, Pakistan for Chabahar Development," Tasnim News, 17/3/2018, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3Aak-Lll

[23] "Pakistan Emphasises Expansion of Maritime Ties with Iran," Mehr News Agency, 20/12/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3y6bubw; Ebrahim Fallahi, "Iran-China Partnership to Raise Chabahar Port's Global Status," Tehran Times, 27/4/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3OIC4i1

[24] "Iran's Raisi Urges Closer Ties to Boost SCO Role in Global Economy."

[25] Dipanjan Roy Chaudhury, "Iran could Offer India Access to Jask Port for Strategic Oil Reserve Facility," The Economic Times, 13/6/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3OJtP4G

[26] Farzin Nadimi, "Iran's Evolving Approach to Asymmetric Naval Warfare: Strategy and Capabilities in the Persian Gulf," Policy Analysis, The Washington Institute for Near East Policy, 24/4/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3xXnJqx

[27] Lucille Greer & Esfandyar Batmanghelidj, "Last Among Equals: The China-Iran Partnership in a Regional Context," Occasional Paper, no. 38, Wilson Center (September 2020), accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3bCt-nXT

[28] Hassan Hakimian, "Iran's Free Trade Zones: Back Doors to the International Economy," Iranian Studies, vol. 44, no. 6 (2011), pp. 851-874.

[29] P. Manoj, "India-funded Chabahar Port in Iran to be Integrated with Free Zone," The Hindu Business Line, 2/7/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3N-rKXe4

[30] "Free Zones must Return to their Original Goals," Government of the Islamic Republic of Iran, 21/11/2021, accessed on 27/7/2022, at: https://irangov.ir/detail/374332

[31] "Financial 'Noose' of FATF Divides Iran Presidential Candidates," Iran International, 6/6/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3u8QK1l

[32] Farid Malikov, "Russia, Iran to Expand Use of National Currencies in Trade," Caspian News, 27/5/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3xZDNrT

[33] نظام سويفت هو نظام عالمي يقدّم خدمة التحويل من خلال التراسل والتواصل بين أكثر من 11 ألف مصرف ومؤسسة مالية في جميع أنحاء العالم، بهدف إنجاز المعاملات المالية وتسهيلها. وتدير هذا النظام الجمعية البلجيكية للاتصالات المالية العالمية، وتعتمد عليه دول العالم كلها تقريبًا. (المراجعة)

[34] Kandy Wong & Ji Siqi, "Ukraine Invasion: Swift Ban, Sanctions Cut Russian Economy from the World: Will China's Yuan Payment System Offer a Lifeline?" South China Morning Post, 1/3/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3QQtmQ7; Huileng Tan, "China and Russia are Working on Homegrown Alternatives to the SWIFT Payment System. Here is What they would Mean for the US Dollar," Business Insider India, 1/4/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3I1dy9g

[35] Phil Rosen, "China is Buying Russian Energy with its Own Currency, Marking the First Commodities Paid for Yuan since Western Sanctions Hit Moscow," Business Insider, 7/4/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3bvqnMH

[36] Andy Mukherjee, "China can Bypass SWIFT by Putting Digital Money in Play," Bloomberg, 28/2/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bloom.bg/3Oqzrkw

[37] "Chinese, Saudi Arabian FMs Reach Broad Consensus on Bilateral Ties," CGTN, 11/1/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3u71Cg6

[38] "Iran, China Sign Military Cooperation Agreement," The Diplomat, 15/11/2016, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3P4hQ1Z

[39] "Iran, China Stage Joint Naval Drills," Tasnim News, 18/6/2017, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3QRebpQ

[40] Doughlas Barrie, "Does Iran Harbour High-speed Anti-ship Missile Ambitions?" International Institute for Strategic Studies, 13/3/2020, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3HV0iD3

[41] Camile Lons et al., "China's Great Game in the Middle East," Policy Brief, European Council on Foreign Relations, 21/10/2019, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3yqhxsz

[42] "China, Iran Agree to Push Military Ties to Higher Level," CGTN, 28/4/2022, accessed on 27/7/2022, at: https://bit.ly/3OtTKgS

## وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# وەرگێڕان

# جەستەی ژنان لە وێنەکانی پرۆگرامی خوێندنی دوای شۆڕش؛ پیشاندانەوە و سیاسەت(١)

عەلی جەعفەری

وەرگێڕانی: جەواد حەیدەری






(1) ئەم بابەتە وەرگێڕانی توێژینەوەیەکە بە ناویشانی ”بدن زنان در تصاویر کتاب های درسی پس از انقلاب؛ بازنمایی و سیاست. نووسینی علی جعفری، پژوهش های انسان شناسی ایران، دوره 11 ، شماره پیاپی 21 بهار و تابستان1400 ، صص 67-41

**پوختە**

سیستەمی پەروەردەی ئێران بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی دڵخوازی خۆی، ئاراستە و ڕوانگەیەکی ڕەگەزی و بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای گوتاری زاڵی پیاوانەی لەبەرچاو گرتووە. ئەم ئاراستەیە دووانە لێکدژەکانی لە شێوازی پیشاندانەوەی ڕەگەزی بە تەواوەتی سروشتی و بە هەق پیشانداوە. سیستەمی پەروەردە لە پرۆگرامی خوێندندا بە دوای هەژمونی شوناس لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی ژنانەوە بووە، کە گرنگترین تایبەتمەندییەکەشی جەستەی ژنە. بەسەرنجدان بە گرنگی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی وێنە لە پرۆسەی پیشاندانەوەدا، واتاسازیی و شوناس بەخشین، ئەم وتارە گرنگی بە وێنەی پرۆگرامی خوێندن داوە.

بە پشتبەستن بە شێوازی لێکۆڵینەوە و گوتاری میشێل فۆکۆ، تیۆر و چەمکی پیشاندانەوەی ستوارت هاڵ، تیۆری گوتاری ئەرنستۆ لاکلا و شانتال موف، ئاراستە و ڕوانگە و خوێندنەوەی ڕەگەزی و شێوازی بینین، لەم وتارەدا پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لە ناو پرۆگرامی خوێندن لە دوای شۆڕش لە پەیوەندی لەگەڵ گوتاری زاڵ لە ماوەی (٤٠) ساڵی ڕابردوودا تاوتوێ دەکەین. هەوڵی ئەم وتارە لەسەر ئەمەیە تا سیستەمی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لە دەورەکانی گوتاری دوای شۆڕش بخاتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە و وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە کە چ سیستەمێکی بینین لەو دەورانانەدا نوێنەرایەتی کردووە تا لەڕێگەی فاکتەری گونجاوی خۆی وێنا بکات و بیخاتەڕوو.

بە پێی ئەو شتانەی کە ئەم وتارە دەستی کەوتووە لە بازنەی پیشاندانەوەدا جەستەی ژنان لەناو وێنەی پرۆگرامی خوێندندا، بە شێوازی لەبەرچاوگرتن بەرەوڕووی چەندین هەڵاواردن و جیاکاری جۆراوجۆر دەبینەوە. لەوانە سڕینەوەی بەشێکی زۆر لەو کچ و ژنانەی کە لەڕووی جلوبەرگەوە، هەڵبژاردنێکی جیاوازیان هەیە. لەلایەکی ترەوە پیشاندانەوەی جەستەی ژنان بە زۆری پابەندی گوتاری زاڵی سەرنجراکێشی ڕەگەزییە، جەستەی ژنان بە پێستێکی ڕووناك و لەشولارێکی لەڕ و باریك، دەموچاوێکی جوان و لوتێکی بچووك دەردەخات، کە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە یەك ناگرنەوە.

**بەرایی و شیکردنەوەی بابەت**

جەستەی ژنان لەسەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی بەملاوە هەمیشە یەکێك بووە لە تەوەرەکانی سەرەکی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و باس و خواسی گوتاری هەر دەورەیەك بووە. هەڵبەت پێشینەی گرنگیدان بەو بابەتە بۆ ساڵانێکی پێش لە ڕەزا شاش دەگەڕێتەوە، کاتێك کە هاتنە دەرەوەی ژنان لە پشت پەردە بوو بە بەشێك لە ویست و داخوازییەکانی گرووپێك لە ژنان و ڕۆشنبیرانی نوێخواز. بەهەرحاڵ بڕیارەکەی ڕەزا شا لە لە مانگی دیسەمبەری (١٩٣٥) لەسەر بنەمای لابردنی نیقاب (ڕووبەند) کە بە ڕووداوی

لابردنی حیجاب ناوی دەرکرد، وەك یەکەمین دەستێوەردانی ڕەسمی لەم بوارەدا دەناسرێت، دەستێوەردانێك کە هەرچەندە داسەپێندراو بوو، دژایەتییەکی زۆری مەزهەبی و نەریتخوازانی کۆمەڵگەی لێکەوتەوە، هاوڕێیەتی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگە بە تایبەتی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەدەر لە ڕەخنەکان سەبارەت بە ناچاربوونی وەها گۆڕانکارییەك، کچان و ژنانێکی زۆر پێشوازییان لە لابردنی نیقاب و کەمکردنەوەی کۆت و بەندەکانی ڕوانینی نەریتییان کرد و ئەمەش کاریگەری لە سەر وەها گوتارێك هەبوو.

سەرەڕای پاشەکشەکردنی ڕەزا شا لە بڕیارەکەی و هەڵوەشاندنەوەی یاساکە و لەبەرچاوگرتنی سیاسەتێکی نەرم لەو بوارەدا، ئەم بابەتە بەردەوام لە ئاگایی و ویژدانی بەشێك لە مەزهەبییەکاندا مایەوە و دواتریش دوای شۆڕشی (١٩٧٩) بە دەرکردنی یاساگەلێکی قورس و سەخت لەبارەی حیجابەوە دووبارە دەرکەوتەوە.

کەمتر لە مانگێك دوای شۆڕشی (١٩٧٩) لە ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی لە قوتابخانەی "رفاه" لە تاران وتارێکی پێشکەشکرد و ژنانی بێ حیجابی بە ڕووت لە قەڵەمدا، داوای لەو ژنانە کرد کە بە جلوبەرگی ئیسلامییەوە لە شوێنی کارەکانیان ئامادە بن. لە دۆخی شۆڕشگێرانە و گوڕوتینی ئەو کاتی شۆڕشدا، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر ژنان ملکەچی ئەو بڕیارە بوون و بڕیارەکەیان قبوڵ کرد، بەڵام هاوکات ژنانی دژی حیجابی زۆرەملێ لە تاران و چەند شارێکی دیکەی ئێران دەستیان کرد بە ناڕەزایەتی دەربڕین و ڕەخنەگرانیش لەناو میدیا و ڕۆژنامەکاندا وێڕای پێداگری کردن لە ئازادی جلوبەرگ، ڕەخنەیان لە حیجابی زۆرەملێ و ناچاری گرت. لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتییانە، هەندێك لە ژنانی ڕۆشنبیری وەك (سیمین دانشوەر و هوما ناتق) کە خۆیان باوەڕیان بە حیجابی ئیجباری نەبوو، نەرمییان پیشاندا و ئامادەیی خۆیان بۆ بڕیاری حیجابی زۆرەملێ دەربڕی.

هاوکات لەگەڵ ئیجباری بوونی حیجابی ئیسلامی بۆ ژنان، بەتاوان زانینیش ڕەوتی خۆی دەستپێکرد. جگە لە سنووردارکردنی ئەو ژنانەی کە حیجابی ئیسلامی لەبەرچاو ناگرن، سزاکانی وەك (قەدەغەکردنی ڕۆیشتن بۆ فەرمانگەکان بەبێ حیجاب، دیاریکردنی سزاکانی وەك هۆشداری پێدان و دەرکردن بۆ هەمیشە و بێبەشکردن لە خزمەتی حکومی، هەروەها بۆ ئەو ژنانەی کە لە شوێنە گشتییەکان بەبێ حیجابی ئیسلامی هاتوچۆ دەکەن سزای قەمچی لێدان لەبەرچاو گیرا).

بەمشێوەیە جەستەی ژنانی نا ئیسلامی وردەوردە لەناو میدیا و بەرهەمە فەرهەنگی و کولتوورییەکان و لەناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵك سانسۆر و سڕایەوە. حکومەت دواتر بە درێژایی چەندین ساڵ وردەوردە بە هێنانەئارای چەمك گەلێکی وەك (حیجابی باڵا) هەنگاوێکی دیکەی بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییەکان نا، بۆ ئەوەی کەسانێکی دیکە لەگەڵ خۆی ڕێکبخات

ئیمتیازاتێکی تایبەتی لە بواری پیشەیی و خوێندن لەبەرچاو گرت.

دوای چل ساڵ لە شۆڕشی (١٩٧٩)، وێڕای ئەوەی کە هەر دەورەیەك گوتاری جیاوازی خۆی سەبارەت بە جلوبەرگی ژنان زاڵ کردووە، بەڵام هەموویان لە پێناوی ڕێڕەوی زاڵبوون بەسەر جەستەی ژنان هەنگاویان ناوە، ئەگەرچی تاکتیکەکان جیاواز بوون، بەڵام ستراتیژییەکی هاوشێوەیان لەبەرچاو گرتووە. بەڵام لەم نێوەندەدا سەرنجدان بە ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە (وەك گرنگترین دامەزراوە بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتووی وڵات) سەرقاڵبوون بەو بابەتە و گرنگێکی زۆریان پێداوە. لەدرێژەی شێوازەکانی دیسیپلین و ڕێکوپێك کردن و کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنان، پرۆژەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠١١) لەلایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی ئێران پەسەند کرا. ڕەواج دان و قووڵکردنەوەی فەرهەنگی شەرم و حەیا و خۆداپۆشین و حیجابی گونجاو لەگەڵ لێهاتوویی و تواناکانی سیستەمی فێرکردن و پەروەردەی ڕەسمی و گشتی بوو بە یەکێك لە ئامانجە دیاریکراوەکان و بۆ ئەو مەبەستەش شەش ڕێکار دیاری کرا. یەکێك لە ڕێکارەکان، پلان دارشتن بە مەبەستی ڕازیکردنی قوتابیان بۆ ئەوەی کە خۆویستانە و بەڕەزامەندی خۆیان لەڕێگەی دڵەوە، شەرم و حەیا و حیجاب بەو پێیەی ئیسلام پێناسەی کردووە قبووڵ بکەن. وەها ئاراستەیەك هەمیشە لەپرۆگرامی خوێندن لەدوای شۆڕشەوە لەبەرچاو گیراوە. لەسەر ئەم بنەمایە سیستەمی پەروەردە بە شێوازگەلی جیاواز بۆ پیشاندانەوەی جەستەی ژنانی شیاو و دڵخواز لە دەق و وێنەکان لە پرۆگرامی خوێندن سوودی وەرگرتووە، تا حیجابی دڵخواز لەناو قوتابییەکاندا پەرەپێبدات، بە شێوەیەك کە قوتابییەکان بە دڵ وەری بگرن.

سیستەمی پەروەردە لە ساڵانی دوای شۆڕش بە زیادکردنی وێنە بۆ ناوەڕۆکی پلانی پەروەردەیی خۆی شانۆگێڕی شانۆیەکە، کە لەگەڵ بوارەکانی دیکەی فەرهەنگی لە دۆخی گوتاریدا و لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت. ئەم سەکۆی نمایشکردنە هەروەك (ککی دیور ١٩٣١-١٩٩٤) دەڵێت: "کۆمەڵێك وێنە، پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی نێوان کەسەکاندا نیشان دەدات کە لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە دەبینرێن".

سیستەمی پەروەردە لەڕێگەی کتێبە دەرسی و قوتابخانە و مامۆستاکانەوە چ جەستەیەك وەك جەستەیەکی گونجاو و شیاو پیشان دەدات؟ بابەتی سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەناو وێنەی پرۆگرامی خوێندنی دوای شۆڕش بدۆزێتەوە و شیکاری بۆ بکات تا بتوانێت لەڕێگەی ڕێکخستنێکی تیۆری بۆ تاووتوێکردنی "پیاوانە جەستەی ژنان پیشان بداتەوە، نۆرمی لەبەرچاوگرتن جەستەی ژنان لە

وێنەی پرۆگرامی خوێندن و ڕێژەی ئەوان، بابەتی ڕەگەزی و لە کۆتاییدا سیستەمی نیشاندانەوەی جەستەی ژنان ڕێك بخاتەوە.

ئەم جۆرە لە دەستنیشانکردن بۆ شیکارییەکانی تیۆری جدی ترە بۆ بواری زمانی، بواری زمانی گشتی بریتیە لە زمانی ڕۆژانە، وێنە و هێما و نیشانەکانی بینین و بیستن و لەمس کردن. هەروەها ڕەوتی مێژوویی زێدی ئەو زمانە کە زیاتر پیاوانە و ئایدیۆلۆژیکییە ڕێگای بۆ دەکاتەوە. بابەتی سەرەکی ئەم وتارە ڕاڤەی ڕێکوپێکی تیۆرییە لە بواری زماندا.

## پێشینەی توێژینەوە

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم وتارەدا سێ جۆر توێژینەوە دەکرێ لەبەرچاو بگیردرێت، بەشێوەی گشتی لە پەیوەندی لەگەڵ توێژەینەوەکانی پەیوەنداری بە ڕەگەزی لە ئێران ژمارەیەك کەم لەوان گرنگیان بە وێنە داوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە وتاری "زین السالحین و بلخاری (٢٠١٩) بە ناونیشانی سیاسەت، ڕەگەزی و پیشاندانەوە: ڕاڤە و شرۆڤەی ڕەخنەیی ڕوانینی ڕەگەزی لەسەردەمی ناسری بکەین. کە بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی میشێل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) و ژاك لاكان (١٩٠١-١٩٨١) سەبارەت بە دووبارە پیشاندانەوەی وێنەگرانەی ڕەگەزی و بەها و ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی باو لە بەشی خودئاگا و ناخودئاگای بەکۆمەڵی ئێران کاریان کردووە.

وتارەکە بابەتی ڕەگەزیی لە ڕوانگەی سیاسیەوە بۆتە دووبارە پیشاندانەوەی وێنەگرانە و پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتی پیاوسالار، چوارچێوەیەکی ڕەگەزی تایبەت لەگەڵ خۆی هێناوە. پەیوەندییەکانی هێز و نەزمی ڕەگەزی کە دەتوانن لە گۆڕەپانی خەیاڵ و خولیای سیمبولی کۆمەڵگە بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەناو توێژینەوەکانی بواری سیاسەتی جەستەیی هەندێك سەرنجی خۆیان داوەتە سەر وێنە، ڕاوردراد و گیشیزجانی (٢٠١٧) بەئاڕاستەی خوێندنەوەی کولتووره سەرەتاییەکانی خەڵك و چەشن ناسی مۆدیل پیشاندانەوەی جەستەی میدیایی بەکارهێنەرانی ئێران لە ئینستاگرام کاریان کردووە.

لەوێدا نموونە زاڵەکانی پیشاندانەوەی جەستە لە وێنە شەخسییەکاندا، نمایشی ڕەگەزی و چۆنێتی بەکارهێنانی ڕێکار و تەکنیك و ئامانجەکانی نواندنەوەی جەستە، لەڕوانگەی گاڤمەن و باتلەر خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەوان لە خوێندنەوەکانی خۆیاندا سێ جۆر فۆرمی جەستەیی (کۆمەڵایەتی، شانۆیی و جوانناسی) وەك دووبارە پیشاندانەوەی جەستەی بەکارهێنەرانی ئینستاگرامیان دەستنیشان کردووە کە ڕێکار و ستراتیژی (ئاشکراکردن و شاردنەوە، گورج و گۆڵی، هەڵخەڵەتاندن و جوانناسی) تەکنیك و ئامانج گەلی جیاوازیان هەبووە.

تاقمێکی دیکە لەو توێژینەوانە سەرنجی

سەرەکی خۆیان خستووەتە سەر دەقە نووسراوەکانی پەیوەندیدار. وتاری یاسینی (٢٠٢٠) لەو وتارانەیە. ئەو بە ڕوانینی گوتاری ڕەخنەیی کردارەکانی گوتاری زاڵی لە سەردەمی ڕەزا شا (تێخوڕانە و بە بڕیار) و لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شا (پەرەسەندنانە) تاوتوێ کردووە و دەرئەنجامەکانی لە هەردوو سەردەمەکەدا خسووەتەڕوو، سیاسەتەکانی گوتاری پەهلەوییەکان لێکچوویی و هاوشێوەسازی ڕێژەیی جلوبەرگ لە ئێرانی لێکەووەتەوە. کە لە چەند چەشنی سروشتی، جۆر و سنووری پۆشاک لەچین و توێژە جیاجیاکان و بەستێنی جیاوازی کولتووری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی نەتەوە جۆراوجۆرەکان کەمتەرخەم بوون. لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی ئەم وتارە، بەرگریکردنی ژنان لەبەرامبەر سیاسەت و کردارە گوتارەکانی سەردەمی پەهلەوییەکان (ڕەزا شا و محەمەد ڕەزا شا) بە تێکەڵکردنێك لە دانوستان و بەرخۆدان، جیاوازییەکی لە جۆر و ئاستی لەبەرکردنی جلوبەرگ و جوانناسی جل هێنایە ئاراوە.

وتارەکەی بێنەزیر (٢٠١٩) لەو توێژینەوە دەگمەنانەیە کە گرنگی بە نەزمی جەستە لەسیستەمی پەروەردەیی دەدات، هەڵبەتە ئەو لە وتارەکەی خۆیدا بە ڕوانێکی میشێل فۆکۆیی چیرۆکانی قوتابخانە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی جەستەوە دەخوێنێتەوە و شرۆڤەیان دەکات. لە چیرۆکی گەلێك لە نووسەرانی هاوچەرخ، نووسەر لەڕێی هەبوونی ڕێکار و تەکنەلۆجی نەزمی و تەکنیك و شێوە جەستەی قوتابیان بە مەبەستی دووبارە نواندنەوە پیشان دەدات.

گەلێك لێکۆڵینەوە هەن کە لەڕوانگەی پیشاندانەوە سەیری پرۆگرامی خوێندنیان کردووە، لەوانە دەتوانین ئاماژە بە وتاری سادق (٢٠١٤) بە ناونیشانی" دووبارە هاتنە ئاراوەی گوتاری شوناس لە کتێبە فارسییەکانی قۆناغی بنەڕەتی بکەین. ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوەڕۆکی نووسینی کتێبە درەسییەکان بە پشتبەستن بە تیۆری (لاکلا و موف) تاوتوێ کردووە. بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەو خوێندنەوەیە، لە پرۆگرامی خوێندندا وتارگەلێکی جیاواز و لێکدژ هەن. گوتارە شوناس بەخشەکان لە کتێبە فارسییەکانی قۆناغی بنەڕەتی بە شێوازگەلێکی جیاواز پۆلێن بەندی کراون. پەیوەندی نێوان گوتارەکان لە هەندێك حاڵەتدا دوژمنکارانە و نەیارانەیە و گوتاری ئایینی و شۆڕشی ئیسلامی دەستێوەردانێکی هەژموونی کردووە و مانای لەبەرچاو گیراو بەشێوەیەکی کاتی سەپاندووە. دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەریخستووە شوناسە دووبارە دەرخراوەکان لەو کتێبانەدا لەسەر بنەمای تۆڕێکی پەیوەندی نێوان گوتارە زاڵەکانە کە لەواندا مانا بەرهەم دێت. بە چاوخشاندنەوەیەك بە لێکۆڵینەوەکانی ڕابردوو، بۆمان دەردەخات کە تا ئێستا لە بواری سیستەمی پەروەردەیی بە تایبەتی پرۆگرامی خوێندن لە بواری پیشاندانەوەی دووبارەی بینینی جەستەی ژنانە خوێندنەوەیەکی جدی نەکراوە.

## چوارچێوەی تیۆری

جەستەی مرۆڤ بابەتێکی سەربەخۆ نییە لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا، بە وتەی فۆکۆ جەستە بە بەشێك لە پەیوەندی هێز و دەسەڵات لە قەڵەمدەدرێت و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بوارێکی سیاسەتدا سەرقاڵە. پەیوندییەکانی هێز و دەسەڵات بە دوای ئەوەوەیە کە لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە بەسەر جەستەکاندا زاڵبوونێکی ڕاستەوخۆی هەبێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەرجەستە، چاودێریی، کۆنترۆڵ و پەروەردەیان بکات. لە کۆتاییدا جەستەکان لە ناردنی پەیام و مانای مەبەست لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و بە واتایەکی دیکە لەبواری سیاسی و ئابوورییەوە سوودمەندتری بکات. (فۆکۆ ١٩٧٥:٣٤) ئەم شێوازی نەزمە لە ناوەندە جیاجیاکانی وەك قوتابخانە، خێزان، میدیا و... هتد، بە تەواوی یان نیمچە تەواوی بەکار دەهێنرێت تا بە گرێدانی جۆرەکانی هێز، زاڵبوون و نفوز، وردترین و دوورترین توخمەکان بهێنێتە ئاراوە و دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بچووکترین پەیوەندییەکانی دەسەڵات گرەنتی بکات. (فۆکۆ ١٩٧٥:٢٥٢)

شێوازە دیسیپلینەکان لە ناو هەموو کولتوور و کۆمەڵگەکاندا لەڕێگەی سنووربەندییە سیمبولییەکان مرۆڤ بەرەو پۆلێن بەندییەکان پەلکێش دەکات. گەلێك دەستەبەندی هەن کە بە گشتی لە قازانجی گرووپێك و بە زیانی گرووپێکی دیکەن. زۆرێك لە ئایدیۆلۆژییەکان بە گەورەکردنی ئەو جیاوازییانە بەو سنووربەندیانە وەها گرنگی دەدەن کە سەرپێچی لەوان قەدەغەیە و وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر کولتوور و کۆمەڵگە لە قەڵەمدەدرێت. (هال ١٩٩٧) .

یەکێك لە گرنگترین و باوترینی ئەو سنووربەندییانە، لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزی کراوەوە دەکرێت. ئەو ئایدیۆلۆژیانە بە شێوەی گشتی چاویان لەسەر کۆمەڵێکی تێکپەستاو لە شێواز، باوەڕ، نۆرم، ڕێساکانە کە لەپێناو ڕێکخستنەوەی جەستە و ڕەفتار و شێوازەکانی دەربڕینی هەستە لەسەر بنەمای ململانێ دوو جەمسەریی ڕەگەزیی کار دەکەن کە هەمیشە یەکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵە.

لەسەر بنەمای ئەو هەمبەری و ململانێیە ڕۆڵ و پێگە و بەرپرسیارێتی ژن و پیاو پێناسە دەکرێت. تا ئەو جێیەی کە ئەگەر پیاوێك کە سەرپێچی لێ بکات دەکەوێتە پەراوێزەوە و ئەگەر ژنێکیش مل نەدات بەشێواز گەلی جیاواز سزا دەدرێت. (ڕیچ ١٩٨٠، ڕوبین ١٩٨٤، باتلر ١٩٩٠، بوردیۆ ١٩٨٤، شیپر ٢٠٠٧، بوگئون ٢٠١٤).

سیستەمی پەروەردەی ئێران بە تایبەتی لە دوای شۆڕش، پەروەردەکردنی مرۆڤێکی دڵخوازیان لەسەر بنەمای جیاوازییەکانی ژنان و پیاوان کردە مەبەست و بۆ هەر ڕۆڵێك بەرپرسیارێتیەکی جیاوازیان لەبەرچاو گرت کە قابیلی گۆڕین و چەنەلێدان و چاوپۆشی نەبوو. (جەعفەری ٢٠١٤) وەها دوانە لێکدژەکان جگە لەوەی زۆرینەی پیاوان، بەڵکو ژمارەیەکی

زۆریش لە ژنان وەك شتێكی ئاسایی و سروشتی قبوڵیان كردووە و ئەوانیش لە ڕەوتی ئاسایی سازی وەها ڕووبەڕووبوونەوەیەك ڕۆڵیان هەیە. سیستەمی پیشاندانەوەی ڕەگەزی وێڕای بە سروشتی نیشاندانی ئەو جیاوازییانە، بۆ ژنان و پیاوانیش دوو ڕۆڵی جیاوازیان پێناسە كردووە كە سەرپێچی كردن لەو ڕۆڵانە قابیلی قبوڵكردن نییە. لۆژیكی جیاكردنەوەی ڕەگەزیی لەنێوان ژن و پیاو لە دوای شۆڕش، لەسەر بنەمای جیاوازی لە تایبەتمەندییەكانی جەستەیی و دەروونی ژن و پیاو داڕێژراوە و ئەم جیاوازییانە بە شێوەیەكی سروشتی و ئاشكرا پیشاندانەوەی بۆ كراوە. پڕۆسەی بە سروشتی كردنی ئەو جیاوازییانە لەڕێگەی قوتابخانە و میدیای گشتی و كۆبوونەوەكانی مالّان بە تایبەتی لەناو ژناندا بەهێز كراون.

جوانی جەستەی ژنان وەك گرنگترین تایبەتمەندی ئەوان لە قەڵەمدراوە و ژنان لە سەرووی پیاوانەوەن. جوانی نیعمەتێكە كە خودا بە ژنانی بەخشیوە. لەم ڕووەوە وەها جەستەیەك دەبێت بە باشترین شێوە پارێزگاری لێبكرێت بۆ ئەوەی هیچ زیانێكی پێنەگات. لەسەر بنەمای ئەو زانستە جەستەی ژنان بەشێوەیەكی پەنگخواردوو فریودەرە و سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت. لەم ڕووەوە ئەمە مەترسییەكی گەورەیە بۆ سەلامەتی ئەخلاقی تاك و كۆمەڵگە. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ڕێگریكردن لە گەندەڵی و خراپەكاری و هەروەها گرەنتی تەندروستی و ئاسایش لە كۆمەڵگە، ژنان دەبێت جەستەی خۆیان لە پیاوانی نامەحرەم دابپۆشن. پێكهاتەی سەرەكی كۆمەڵگەی ژنان پێدەچێت ئاسایشی دەروونی و ڕۆحی خۆیان لەسایەی وەها گوتارێكی زاڵ بدۆزنەوە و لە شوێنەكانی وەك ماڵەوە، خانەوادە، قوتابخانە، كوچە و كۆڵان و شوێنی كار خۆیان دەگونجێن لە دووبارە پیشاندانەوە بەشدارییەكی زۆریان دەبێت.

به پەیڕەوی كردن لە میشێل فۆكۆ و ئیدوارد سەعید دەتوانین بڵێین گوتاری زاڵ لە چوارچێوەی ستراتیژی "ئەویترسازیی" و لەڕێگەی دەستكاریكردنی بیرەوەری دەستەیی لە هەوڵدابووە بە یارمەتی دامەزراوە جیاوازەكانی وەك پەروەردە لە مێشكی وەرگرانی خۆیدا مانا و گێڕانەوەیەكی هاوبەش لە جەستەی ژنان بخولقێنێت. لە ئاكامدا بۆ ژنانی ئەو كۆمەڵگەیە لە جەستەی ژنانێكی شیاو شوناسێكی یەكپارچە و لێكدانەبراو دروست دەكات. لەڕەوتی دروستكردنی ئەو گێڕانەوەیە، گوتاری زاڵ بە پشتبەستن بە جیاوازییە ڕەگەزییەكان و بە دوای ئەودا لەبەرچاوگرتن یان نەگرتنی سووژەكان بە فەرمی دەناسێنێت یان لە فەرمی بوونیان دەخات.

لەبەرچاوگرتن لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە بابەتێكی ناڕاستەقینەیە و لە ڕوانگەی بینینەوە دان بەو ڕاستییەدا دەنێت كە ئۆبژەیەك لە چاوی كەسێكی دیكەدا جێی خۆی نەگرتووە. لەبەرچاوگرتنی فیزیكی پێویستی بە ناسینی

ئۆبژەی لەبەرچاوگیراوە لە چوارچێوەی زەمەن و شوێنێکی ئامادە، وەك بابەتێك بە تایبەتمەندی خۆیەوە لەبواری بینیندا جێ بکەوێت. ئەوەی پیشاندانەوە جەستەی ژنان لەناو کتێبەکانی دەرسیدا دەیبینین ئەوەیە کە هەموو ئەو وێنانەی کە ناسراون لە چوارچێوەی بینینی قوتابییەکان لابراون و ئەو وێنەی کە نەناسراو و نەرێنی و ناشیرین و سووکایەتی پێکراوە دووبارە پیشاندانەوەی بۆ کراوە و بە شێوازی خوازەیی و شانۆیی لەبەرچاو نەگیراون. ئەمانەش لە ئاستی خوازەیی سووك و چروك و ناشیرینن.

لێرەدا لە تیۆری چارلز تیلور (١٩٣١) نزیك دەبینەوە، بە واتایەکی وردتر نەبینین دەتوانێ ڕیشەی لە دووبارە ناسینەوەی چەواشەکراو بێت. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە گوتاری زاڵ بە لەبەرچاوگرتنی جەستەی تایبەتی ژنان، باقی جەستەکان لە بازنەی دیتن و لە ئەنجامدا لە دووبارە بوونەوە وەلا دەنێت. بە سڕینەوەی ژنان لە وێنەکاندا بەگشتی بە فەرمی ناساندنی ئەوان زەوت دەکات و دەیانخاتە پەراوێزەوە، هەروەها دووبارە ناسینەوەیەکی چەواشەکراو و ڕووخێنەر لەوان دەخاتەڕوو. چارلز تیلور دووبارە ناسین بە حاڵەتێك لە ستەم و غەدر، سەرلێ شێواندن، کاول کردن و سنووردارکردنی دەرفەتەکانی ژیان دەزانێت و شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکات. لەکاتێکدا هەروەك چۆن چارلز تیلور جەختی لەسەر دەکاتەوە، دووبارە ناسین پێویستییەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤە نە تەنها ڕەفتارێکی بە ئەدەبانە کە مرۆڤ لەبەرامبەر ئەوانی دیکە ئەنجامی دەدات.

بەهەڵسەنگاندنی گۆڕانی گوتاری سیاسی لە هەر دەورەیەکدا دەبینین چەمکێك کە بە وتەی ئێرنێستۆ لاکلا (١٩٣٥-٢٠١٤) و شانتال موف (١٩٤٣) دەبن بە "دالی ناوەندی" و داله بگۆڕەکان هەڵدەبژێرن و ڕایدەکێشن و دووبارە پێناسەی دەکەنەوە تا بە دروستکردنی تۆڕێکی چەمکی نوێ، پێکهاتەی گوتارێکی تازە دابڕێژنەوە. شۆخی و شەنگی و جوانی ژنان وەك یەکێك لە داله بگۆڕەکان لە دەورەی پەهلەوی دەچێتە خزمەت دالی ناوەندی و بەرچاو دەکەوێت. لە دەورەی دوای شۆڕش دالی ناوەندی وەك داپۆشەر و بەرچاوکەوتن داله بگۆڕەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و تۆڕێکی چەمکی نوێ لەناو دڵی گوتاری نوێ دادەڕێژێت. دەرخستنی بەو جۆرە لە جوانی لە گوتاری سەردەمی پەهلەوی دەبێت بە سیمبولێك لە پێشکەوتن و گەشەسەندن و پەرەسەندن. ئەمە لە کاتێکدا شاردنەوە و داپۆشینی جوانی ژنان لە گوتاری دەورەی دوای شۆڕش ڕێگایەکە بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێت.

بە واتایەکی شارەزایانەتر و بۆ شیکردنەوەی زیاتر دەتوانین بڵێین هەر بابەتێك یان ڕاستییەك یان چەمکێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی لە گوتار گەلی جیاوازدا، مانای جیاواز هەڵدەگرێت، کرداری دارشتن بە دیاریکردنی ئەوەی کە

دالی ناوەندی یەك گوتار چییە، واتابەخشی بە بابەتێك یان ڕاستییەك یان چەمكێك دەبەخشێت و ئەم مانابەخشینە بە بابەت، بەردەوام بە شێوەی ڕێژەیی بووە. بەو واتایە كە بە بەراورد لەگەڵ گوتارەكانی دیكە پۆلێن بەندی دەكرێت و كرداری دارشتن لە دەقێكی دیاریكراو لەناو پانتایی زماندا ئەنجام دەدرێت. بابەتەكان لەم ڕووەوە بەهۆی سنووردارببوون لە بواری زماندا دیاریكراو و سنووردارە. گوتارەكان لە نووسینەوە و كۆكردنەوەدا واتا بەو بابەتانە دەبەخشن. لاكلا و موف جەخت لەوە دەكەنەوە كە كاری نووسینەوە و كۆكردنەوە لەسەر بنەمای Nodal Point (خاڵی یەكتربڕین) تەنها كارێكی زمانی و ناسینێكی سادە نییە، چونكە نووسینەوەی چەمكەكان لەسەر بنەمای Nodal Point لەڕاستیدا پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ڕێكدەخاتەوە. لەم ڕوانگەوە دەبێت گوتارە جیاوازەكان وەك ڕێكخراوێكی چەمكی، هەروەها وەك كاری سیاسی و كۆمەڵایەتی سەیر بكرێت نەك تەنها وەك بابەتێكی زەینی و زمانی. بەپێی ئەوەی كە لاكلا و موف دەڵێن، گوتارەكان بابەتێكی تێگەیی و ناساندن نین. كاتێك كاری نووسین و دارشتنەوە لەلایەن گوتارێكەوە ئەنجام دەدرێت لەڕاستیدا جۆرێك ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی و سیاسی جێدەكەوێت كە ئامانجی ئەوان بە وتەی میشێل فۆكۆ نەزمێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتە. هێزە سیاسییەكان كە لە گوتارێكی هەژموونی سوودمەند دەبن

بە دوای نەزمی سیاسی و كۆمەڵایەتی و نەزمی ڕەگەزیی و نەزمێكی ڕەگەزیی تایبەتن. ئەم نەزمی ڕەگەزییە بۆ چۆنێتی كۆنترۆڵ و دیسیپلینی جەستەیی چەمكسازی و واتابەخشی بۆ دەكات و بە دالی ناوەندی واتاكانی تەواو دەكات و لەناو ڕێكخستنەوەی مانایی خۆی لۆجیك دادەنێت و دیسیپلین و سزا بە ڕەوا دەزانێت.

نیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەناو پرۆگرامی خوێندن وەك بەشێك لە ئامرازی ئایدیۆلۆژیك لە پێناوی سەقامگیری گوتاری زاڵ كار دەكات. نواندنەوە و نیشاندانەوە بە وتەی ستوارت هال (١٩٣٢- ٢٠١٤) پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسییە كە لەڕێگەی ئەوەوە ئەندامانی یەك كولتوور لە زمانێك بۆ دروستكردنی واتا بەكاری دەهێنن.

هال نیشاندانەوە و نواندنەوە بە دوو ستراتیژی قاڵبدانەوە و سروشتی ساز دەزانێت. قاڵبدانەوە كردارێكی واتابەخشە كە مرۆڤەكان بە تایبەمەندییە سادە و سەرەكییەكان دادەبەزێنێت و ئەو تایبەتمەندییانە بە شێوەیەك نواندنەوە و نیشاندانی بۆ دەكات كە سروشت، پێناسە و سەقامگیربوونیان بۆ دەكات.

سروشتی سازی، ستراتیژی نواندنەوە و نیشاندانەوەیە بە ئامانجی جێگیركردن و سەقامگیركردنی جیاوازییەكانە، كە جیاوازی بابەتێكی سیاسی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی نییە، بەڵكو تەواو سروشتییە و لەم ڕووەوە هەر جۆرە دەستێوەردان و گۆڕانێك لەودا قەدەغە

دەکات. بەمشێوەیە کوالێتی دیتنی سووژە لەڕێگەی کۆمەڵێك لە شێوازەکانی چەمکسازی و ڕێکخستن و دانانی نیشانە و چەمکەکان لەتەنیشت یەکتر و پەیوەندی ئەوان بە یەکەوە، یان بە واتایەکی وردتر لە کۆمەڵەی نواندنەوە و نیشاندانەوە پۆلێن بەندی دەکات. بە تیشك خستنەسەری ئەم وتارە بۆ وێنەکان، دەبێت بڵێین کە لە سیستەمی نواندنەوە و نیشاندانەوە وێنە وەك زمان ڕۆڵی میدیا و واسیتە لە دروستکردن و گواستنەوەی مانای تایبەت دەگێڕێت. بە واتایەکی تر پرۆسەی وێنەسازی کردارێکی کۆمەڵایەتییە و زیاتر لە پانتایی پەیوەندییە زمانییەکان ڕوو دەدات و لەڕێگەی نیشانە و هێما و ئاماژە بە دوای گواستنەوەی ماناکان و وەرگرتن و دەرکی مانای وێنەکان و مانای گوتاری هەژموونی ئەنجام دەدرێت.

هەر وەك چۆن ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠) هەر وێنەیەك جگە لە دوو توخمی سەرەکی "سەیر و سەمەرە" و "فێرکردن" توخمی سێهەمیشی هەیە و ئەویش بریتییە لەخۆگرتنی پێکهاتەی هێماکان کە ئاماژە بە ئاستێکی قووڵتر دەکات. بە وتەی ستوارت هال ئەوەی لەڕێی دیتنەوە لەڕێگەی نواندنەوە و دووبارە پیشاندان دەخرێتەڕوو تەنها نیوەی ڕاستییەکەیە و نیوەکەی دیکە (مانایەکی قووڵتر لەوەی کە نەوتراوە) نیشان نەدراوە. بە کورتی دەتوانین بڵێین هەر شتێك تەنها لوتکە کێوی سەهۆڵینەکە بە دەرەوەیە و باقی شتەکانی دیکە لەژێر ئاوەکەدایە و نابیندرێن و شاراوەیە.

## تێبینییەکانی شێوازی ناسین

هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لەم خوێندنەوەیەدا ئێمە شێوازی چۆنایەتی ئاراستەی گوتاریمان لەبەرچاو گرتووە. ستوارت هال هەروەك میشێل فۆکۆ، ئاراستەی گوتاری بە شێوازێکی گرنگ لە شرۆڤە و ڕاڤەی کولتوور و مانای هاوبەش دەزانێت. بە بڕوای ئەو لێڕوانینی گوتاریی، زیاتر لەگەڵ بەرهەم و دەرهاویشتەکانی پیشاندانەوە لەگەڵ سیاسەتی گوتاریی پەیوەندی هەیە و دەریدەخات مانای دروستکراو لە چوارچێوەی گوتارێکی تایبەت چۆن لەگەڵ دەسەڵات و هێز پەیوەندی هەیە و ئاکار و ڕەفتار ڕێکدەخات و لە کۆتاییدا فۆڕم بەشوناس و زەینیەتی سووژەکان دەبەخشێت.

ئەم وتارە سەرجەم پرۆگرامی خوێندنی (١٢) ساڵی خوێندن (چ سیستەمی کۆن و چ سیستەمی نوێ، لە قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەموو بەشەکانی خوێندن لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ دەگرێتەوە، وێنەگەلێك کە بە جۆرێك جەستەی ژنان پیشاندەداتەوە. ئێمە لەناو پرۆگرامی خوێندندا بە سەرنجدان بە ئامانجی ئەم وتارە، وێنەکانمان هەڵبژاردووە.

ئەم وتارە بە دوای ئەوەوە نییە تا مانای دروستی وێنەکان بخاتەڕوو، چونکە وێنەکانیش وەکو بوارەکانی دیکەی زمان، مانایەکی سەلمێنراو و نەگۆڕیان نییە و بە وتەی ستوارت هال: هیچ یاسایەك لە ئارادا نییە تا بتوانێ گرەنتی ئەوە بدات کە شتەکان تەنها یەك مانای دروست و ڕاستیان

هەیە، یان ماناکان بە درێژایی زەمەن ناگۆڕدرێن.
بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی وێنەکان تێبگەین. تێگەیشتن و لێکدانەوەیەك لەپێناو شێوازی بەڵگەهێنانەوە، چونکە وێنەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ساختە و ناڕاستن و بۆ وەرگر و بینەر دەرفەت و گونجانی هەڵکۆتن فەراهەم دەکات.

بە سەرنجدان بە گوتاری زاڵ لەبارەی جەستەی ژنانی نەشیاو و ناپەسەند یان جەستەی ژنانی دیکە ئەگەری دیتنی نەداوە یان لەگەڵ سنووردارىبوونەوە ڕووبەڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە کۆگای وێنەکان لە حاڵەتێکی دیکەدا لەناو پرۆگرامی خوێندندا بەتاڵە و ئێمە تا ئەو جێیەی کە پێمان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو سنوورداریەتییە ڕوو لە دەقی نووسراو دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن لە سیستەمی پیشاندانەوە و جوانناسی وێنەکان تەنها بەرهەمی توخمەکانی چاو و دیتن نییە، بەڵکو بەرهەمی کەڵەکەبووی ماناکانە لە نووسینەکاندا، ئیتر وێنەکان پانتای ماناگەلێکی ترن. لەمڕووەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا گرنگیمان بە توخمەکانی دیتن بە تایبەتی لە وێنە هەڵبژاردراوەکاندا داوە. ئەو توخمانەش بریتین لە ژێرنووس، شیکردنەوەی پەیوەندیدار بە وێنەکان، ناونیشانی وانە و حاڵەتە هاوشێوەکان.

**بەدەستهاتووەکانی توێژینەوە، ڕاڤە ولێکدانەوە**

هەڵسەنگاندنی وێنە لەناو پرۆگرامی خوێندن دەریدەخات کە پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەڕوانگەی شوناسەوە، زیاتر سیاسەتی یەکبوون و یەکگرتن درێژە پێدەدات.

بەڕای میشێل فۆکۆ گوتاری زاڵ بە پێناسەکردنی چوارچێوە و ڕێکارە دیسپلینەکان، لەلایەکەوە بەدوای کۆنترۆڵکردنی جەستەکان و لەلایەکی تریشەوە بەدوای دروستکردنی شوناسێکی تاقانەیە کە لە پرۆگرامی دەرسی لەسیستەمی پەروەردە بە کۆمەك وەرگرتن لە کەسایەتییە مەزهەبی و نیشتمانییەکان تایبەتمەندییەکانی پێناسە کراوە. مانای ئەو وێنانە لەڕێگەی هەڵسوکەوتە تێکهاڵاوەکان لە نێوان ئەو شتانەی کە ئامادەیە و دەبیندرێت، یان ئامادە نییە و نابیندرێت فۆڕم و قاڵب وەردەگرن و شوێنی نەدیتن بە شتێکی دیکە پڕ کراوەتەوە، شتێك کە قابیلی دۆزینەوەیە، هەڵبەت نەك بە شێوەی ئاشکرا.



ئەم وتارە دەیەوێت بە ڕاڤەکردنی بابەتیانە و هاوپێچکراو و وێنەکانی بەردەست لەناو پرۆگرامی خوێندن شرۆڤە بکات و ئەو شتە نهێنییانەبدۆزێتەوە.

**جەستەی ژنان و پەیوەندی سووژە و هێز**

وێنەی یەکەم لە یەکەمین لاپەڕەی سەرەکی کتێبی پۆلی یەکی سەرەتایی ساڵی ١٩٨٨، جەستەی ژنان لەناو پۆلێك دا پیشاندەدات، ئەم وێنەیە هی سەرەتای دەیەی (١٩٨٠)یە. ئەو دەورەی کە قوتابییەکان لەبری مەقنەعە (جۆرێك سەرپۆشی ژنانەیە-وەرگێڕ) هێشتا قوتابیانی کچ هەر بە لەچکەوە دەچن بۆ قوتابخانە. پۆلەکە ئەندازەی پێویست ڕووناکە و هەموو توخمەکانی دیتن لە وێنەکەدا بە باشی دەبیندرێت. پەیوەندی نێوان هێز و سووژە لە (Meta picture) بە باشی پیشان دراوە. هەر وەك دەیبینین لێرەدا لەگەڵ بابەتی ڕەگەز مامەڵە دەکەین، بە تایبەتی جەستەی ژنان جێی سەرنجە، لەم ڕووەوە پرسیارگەلێك لە زەمینەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هێز و کۆنترۆڵی ڕەگەزی دێنە ئاراوە کە ناکرێت چاوپۆشیان لێبکرێت.

پەیوەندی هێز لەوەها وێنەگەلێك و هاوشێوەی ئەو وێنانە بەجۆرێك پێداگری لە نواندنەوە و پیشاندانەوەی جەستەی ژنان دەکات، کە بە زۆری خۆی لە کرداری دیتن ئاشکرا و دەردەخات. بەشێوەیەك وێنە دەخوڵقێنرێت، هەروەها بەشێوەیەك کە بینەر لە دەرەوەی وێنەکە بۆ دیتن پەلکێش دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییەی هێز، ڕوانین و چاوپێداخشان بۆ وێنەکە بەو شێوەیە نمایش دەکات تا ڕوون ببێتەوە. بە مانایەکی وردتر لەو وێنەیەدا نواندنەوە و پیشاندانەوە لانیکەم لە سێ پێگەوە ڕوودەدات. یەکەم لە ڕوانگە و بۆچوونی بینەر، دووەم لە ڕوانگەی خوڵقێنەری وێنەکە، سێیەم لەڕوانگەی پەیوەندی سووژەکانی ناو وێنەکە (پەیوەندی مامۆستا و قوتابییەکان).

پێگەی سووژەکانی ناو وێنەکە لە دووبارە نواندنەوە لانیکەم بۆ ئێمە لە هەموو شت گرنگترە، ئەوان کچان و ژنانێکن کە جەستەی ژنانەی ئەوان جێی سەرنجی ئێمەیە. لە وێنەکەدا قوتابییەکان دەبینین کە نیگای ڕاستەوخۆیان بۆ لای مامۆستاکەیانە، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابیان بە تایبەتی لەڕوانگەی ژنانەوە گرنگ و جێی سەرنجدانە. فەرمانبەرانی قوتابخانە بە تایبەتی مامۆستاکان سووژەن و هەم بۆ قوتابییەکانیش نواندنەوە و دووبارە پیشاندانەوەی جەستەی ژنانە باش و شیاو گونجاوە.

ئەو وێنەیە نیگای ئێمە وەك بینەرێك بۆ پێکەوە گونجان و پێکەوە هەڵکردن ڕادەکێشێت. سووژەکانی ناو وێنەکە و نیگای بینەر، دەڵێی لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندییەکی ڕوو لەگەشەدان و ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە هێزی نفوز لە دیتن یان ڕوانگە و تێڕوانین

پیشان دەدات. وێنەکە لە لایەکەوە بینەر بۆ چاودێری بەسەر دیسیپلین لەناو پۆلەکەدا ڕادەکێشێت و لەلایەکی دیکەوە وەرگر دەخاتە هاوڕێی سووژە تا چاودێر بێت بەسەر چاوی چاودێرانی گوتاری دەسەڵات و حوکمڕانان. هەستێك کە لە بینینی ئەو وێنەیە لەناو زەین و مێشکدا دروست دەبێت باس لە شتێك دەکات، کە دەکرێت پێی بڵێین پەسەندکردنی دوو هێندە یان دوو بەرابەر. لەسەر ئەو بنەمایە ئەوەی بینراوە بە فەرمی دانی پێدا دەنرێت و پەسەندی دەکات و هاوکات ئەوەی دەیبینێت لەڕێگەی دیتنەوە پشتڕاست دەکرێتەوە و باوەڕی پێدەکرێت. بێگومان هێز لەدەست سەیرکەرانی کۆمەڵگەی پیاوسالاردان، کە بە باوەڕی ئەوان جەستەی ژنان لە شوێنی تایبەتی وەك ماڵەوەش دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت. شێوازی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەو وێنانەدا بە جۆرێك لە جۆرەکان چەمکی "نیگای سەرکێشی پیاوان"ی نووسەر لۆرا مالوی (lau-ra mulvey)مان بیردەخاتەوە. دیویکی تری ئەم چەمکە پێگەی بێ دەسەڵاتی ژنانە کە سەرەڕای ئەوەی جەستەیان لەژێر ناوی حیجابی شەرعیدا داپۆشیوە بەڕەواڵەت لەبەردەم نیگایەکی پیاوانەدان کە ئیتر ئەو نیگایە تەنها لە دەستی ڕەگەزی پیاودا نییە، بەڵکو زۆربەی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیەش بە هەمان عەینکەك و چاویلکەی پیاوانە سەیری هاوڕەگەزەکەی خۆیان دەکەن. بناغەی وەها ڕووداپۆشینی ژنان لە پیاوان بەڕەواڵەت دەبێت لە پێگەی لاوازی بەرەنگاربوونەوەی ژنان لەگەڵ وەها نیگایەکی پیاوانە بۆی بگەڕێت. گوایە پیاوان بە بەردەوامی بۆ ژنان هەڕەشەن و بەردەوام لە دەرفەتێك دەگەڕێن کە پەردە لە جەستەی ژنان هەڵبدەنەوە. لەم ڕووەوە جەستەی ژنانی دەستەمۆکراو کە وێنەکانیان لەناو لاپەڕەی پرۆگرامی خوێندن بڵاوبۆتەوە، دەبێت هەر بە داپۆشراوی بمێنێتەوە تا ببێتە قەڵغانێك لەبەرامبەر نیگای خوێڕی و بێشەرمانە و هەرگیز وەها دەرفەتێك بۆ پیاوانی چاوگێڕ و چاوحیز نەڕەخسێنن. هەڵبەتە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە وێنەی ژنان لەناو پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەوەیە کە بڵێین کە ئاسایشی ژنان لەوەدایە کە داپۆشراو بن.

ئەم وێنانە بەشێوەیەکی پەنگخواردوو زەینی بینەر بۆ لای تێگەیشتنێکی تایبەت و گوتارێك ڕێنوێنی دەکات و ڕێگە بە جۆرێك لە هەڵوێستگرتنی خەیاڵی دەدات. سەرنجی بینەر بۆ لای ئەو تێگەیشتنە ڕادەکێشێت کە ئیمتیازی توانایی دادوەری کردن لە بارەی شێوازی پیشاندانەوە، دۆخی دیارکراو، بەستراوەتەوە بە کەسی سیاسەتدارێژ و پلاندارێژی دەرسی و وێنەگر و تەنانەت بینەریش بەدوور لە جۆری ڕەگەزەکەی، نیگایەکی پیاوانەی هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو وێنانە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی یان گوتارێکی ڕەگەزی پیاوسالاری دروستکراوە، لەم ڕوانگەیەوە

ڕوانینەکانی پیاوان دەبێتە پێوەر. پێگە و ڕەوشی سووژەی"ها" لەم وێنەیەدا ئاڕاستەی نیگا بۆ ئەوانی تر یان بەرزتر یان نزمترە و دەتوانێت پەیوەندی هێزەکان بە باشی دەربخات. ئاست و شێوازی دیسپلین بۆ جەستەی ژنان لەناو وێنەی پرۆگرامی خوێندن بە ئاشکرا دەردەخات و دەبینین کە لە ناوەندەکانی قوتابخانە و خانەوادە و بە شێوەی تەواو یان نیوە تەواو، بوونی هەیە تا پەیوەندییەکانی هێز پێناسە بکات.

جیاکردنەوەی جەستەی ژنان و پیاوان لەناو وێنەکاندا بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە. بەمشێوەیە دەبینین کە کۆنترۆڵکردن فەزا و جیاکردنەوەی ڕەگەزی بەشێکە لە توخمەکانی پێکهێنەری ئاڕاستەی دیسپلینی قوتابخانە و سیستەمی وێنەیی. ئەم شێوازە بە پشتبەستن بە لێکدانەوە تایبەتییەکان لە دەقی ئیسلامی زیاتر لەسەر جوداسازی و جیاکردنەوەی ڕەگەزیی و دیاریکردنی هەرێمی پاوانخوازی و قەدەغەکراو بونیات نراوە. بەم شێوەیە بە ڕەگەزییکردنی شوێن و جێگەکان، هەرکەس بە سەرنجیدان بە گوتاری زاڵ لەپێگەی خۆیدا جێ دەگرێت. لە ئەنجامدا زیاتر و وردتر دەکەوێتە ژێر چاودێری. لەسەر ئەم بنەمایە گوتاری زاڵ بە پێداگریکردن لەسەر جیاکردنەوەی ڕەگەزیی بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی، کارامەیی و سەلامەت ڕاگرتنی کۆمەڵگە دەکاتە ئامانج و مەبەستی خۆی. قوتابییەکان کە هەموویان کچن لەبەرامبەر مامۆستا هاوڕەگەزەکەی خۆیان بە پێی یاسا و ڕێسای ڕەگەزی زاڵ ئامادەن. بە شێوەیەك کە ڕەتکردنەوە و کاریگەریی کردارە گوتارییەکان لەسەر جەستەی ژنان دەبینین. ئاڕاستەی دیسپلین لەسەر جەستەی ژنان بەشێوەیەك کاری کردووە کە کردوویەتی بە بەشێك لە بەشەکانی پێکهێنانی دابەش و بۆ هەر کامیان بەرنامەیەکی پێناسە کردووە. هەر یەك لەوان کەوتوونەتە ژێر پەروەردەیەکی ورد و حیساب بۆ کراو. ئەم ئاڕاستەیە تەنها بەشێکی تایبەت لە جەستەی ژنان لە دەست، مەچەك بۆ خوارەوە، دەموچاو لەخۆ دەگرێت کە ببینرێت. بە شێوەیەك کە نابێت یەك تاڵ مووی بە دەرەوە بێت. لەمەوبەدوا ساتە مێژووییەکەی دیسپلینەکان دەستپێدەکات، کاتێك کە هونەری جەستە بەپێی هەلومەرجی نوێ دەردەکەوێت. بە واتایەکی دیکە دیتنی مەرجداری جەستەی ژنان، مەرجی یەکەمە بۆ ئەوەی جەستە دەستەمۆکراوەکان بێنە ناو گۆڕەپانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی. بەو ئامانجەی کە هەم سەرقاڵی چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بن و هەم بە ئاساییکردنەوە و سازگارسازی جەستە دەستەمۆییەکان کۆمەڵ بە بەردەوامبوونی گوتاری زاڵ بکەن.

لایەنێکی دیکەی جیاکردنەوە، خۆی لەڕێگەی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان دەردەخات. لە پۆلی وانەوتنەوەدا قوتابییەك

نابینێ کە جلوبەرگی لەوانی دیکە جیاواز بێت. هەر کەس کە جیاواز بێت مافی ئەوەی نییە بچێتە ناو قوتابخانە و مافی چوونە ژوورەوەی بۆ پۆل نییە و لەوێدا نابیندرێت. قوتابخانە تەنها شوێنێ بۆ ئەو کەسانە هەیە کە لەچوارچێوەی دیاریکراو بۆ جەستەی ژنان پەیڕەوی دەکات.

هەروەك دەبینین شێوازەکانی هێز لە ڕوانگەی فۆکۆوە لەبەرچاوگرتن و دیسیپلینە، وەك دوو فۆڕم لە بەکارهێنانی هێز لە پرۆگرامی خوێندن، هەروەها لە قوتابخانەکاندا تا لە ژێر ناوی تەکنەلۆژیای جیاکردنەوە ئەرکی لەت لەتکردن و دیسیپلین بەخشین بێت، لە ئەستۆ دەگرێت.

سەرەڕای ئەوەش جلی قوتابیان و مامۆستا بە شێوەیەکە کە هێڵ و دەرپەڕاندنی هیچ جێیەکی جەستە تێدا ئاشکرا نییە. جەستە ڕزگاربووەکان لە پۆشاکی شەرعی کچانی قوتابی لە دۆخی تاك ڕەگەزی (قوتابخانەی کچان) هەرچەند لەگەڵ بڕیارەکانی ئیسلام سەبارەت بە حیجاب دژایەتی نییە، بەڵکو بە پەیڕەوکردن لە سیاسەتی جەستە، دەبێت پابەندی هەمان گوتاری زاڵ بیت.

ئەم بڕیارە بە کردەوە وەك ڕەفتارێکی گرنگ بۆ بەخشینی دیسیپلین بە جەستەی ژنان و ڕاهێنانی ئەوان لە قەڵەم دەدرێت تا دەستەمۆبوونیان بە وردترین و کاریگەرترین شێوە جێبەجێ بکرێت.

دانانی دەموچاوی مامۆستا لە پێشەکی نەخشەی ئێران لەلایەکەوە دەتوانێت ئاماژەیەك بێت بۆ جۆرێك لە جەستەی ژنان بە شوناسی نیشتمانی یان بە گشتی بوونی حیجابێکی تەواو لەناو هەموو ژنانی سەرتاسەری وڵات، لە لایەکی تریشەوە دەتوانێت ئاماژەیەك بێت بۆ چەمکی "مامی نیشتیمان" کە چەمکێکە زۆر جار لە ئەدەبیاتی ئێران بە تایبەتی لە شیعری ئیرەج میرزا، کە لەو شیعرەدا جەخت لە بەرگریکردن لە نیشتیمان دەکات لەبەرامبەر هێرشی بێگانەدا. لێرەدا بە واتایەکی دیکە پای ناموسیش دێتە ئاراوە، ناموس کە چەمکێکی ڕەگەزییە و خراوەتە پاڵ ژنان، زەمینەیەکی مەزهەبیشی هەیە (ناموسی ئیسلام) کە لەسەردەمی حکومەتی پەهلەوی و چ لە دوای شۆڕشی ئیسلامی بۆتە داڵغە و ترسێکی نیشتمانی لە ئێران. ئاماژەی نێوان دەقی لە بەشێك لەم وێنەیەدا بە جۆرێك لەپارێزگاریکردن لە جەستەی ژنان و کچانی ئەمڕۆکە و ئایندە یان (ناموس) لەبەرامبەر هێرشی بێگانەدا یان (نامۆکان) جەخت دەکاتەوە. ئاڕاستەی نیگای ئەو کچەی کە لەلای تەختەکە وەستاوە و بە ڕەواڵەت سەرقاڵی شیکردنەوە یان وەڵامی پرسیاری مامۆستاکەی دەداتەوە ئاماژە بە خاکەڕایی و شەرم و حەیای ئەو دەکات، کە ئەمەش وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جەستەیەکی گونجاوی ژنان لەناو گوتاری زاڵدا لە قەڵەم دەدرێت. لەگەڵ ئەوەی کە وێنەی دیوارەکە لە تەنیشت

چاوی کچەکەیە و گۆشەی نیگای کچەکە بە شێوەیەکە کە ئەگەری هەیە لەمپەر بێت لەوەی کە کچەکە ڕاستەوخۆ سەیری مامۆستا بکات و ئەبڵەق بێت. شەرم و حەیا لەڕوانگەی نیگای زاڵی پیاوانەوە لە کچێك شیاو چاوەڕوان دەکرێت. بێجگە لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی شوێنی، کچانی قوتابی بە حیجابێکی تەواوە لە هەموو شوێنەکانی قوتابخانە ئامادەن و چاوی چاودێرانی گوتاری زاڵ بەردەوام چاودێری جەستەی ئەوان دەکات. هەر وەك لە وێنەی دووەمدا دەبینین جگە لەناو پۆل لە هەموو شوێنەکانی دیکەی قوتابخانە، بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر و ڕێکخەر، هەروەها هاوپۆلەکانی حارز و ئامادەن و هەر یەك لەوان بە نوێنەرایەتی لە گوتاری هەژموونی ئەوانی دیکە دەخەنە ژێر چاودێرییەوە، جگە لەوەش جەستەی کچان لە ژێر چاودێری ئاڵاش دایە، ئاڵایەك کە یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی نیشتمانیی و شوناس بەخشین. لە ناوەندی وەها شێوازی دیسیپلینی لەگەڵ جۆرێك لە چاودێری بەرەوڕووین کە لە لایەك گوێڕایەکی کەسانێك وەك ئۆبژە و بابەت وێنا کراون و لە لایەکی دیکەشەوە بەرجەستەکردنی کەسانێك کە ملکەچ و گوێ بە فەرمانن ئاشکرا دەکات. گرنگی وەها چاودێرێك لە ناو پۆل و لەناو قوتابخانە لەڕوانگەیەکەوە ناسك، بەڵام زۆر گرنگ. شێوازێك کە میشێل فۆکۆ بەپێچەوانەسازی بینین باسی لێوە دەکات، لەکاتێکدا هێز و دەسەڵات بەپێچەوانەی نەریتی خۆی، خۆی شاردۆتەوە یان لانیکەم خۆی هەبوونی ئاشکرا نییە. بەهۆی وەها پێچەوانەسازییەك، ئەو سووژانەی کە دەسەڵات حکومیان بەسەردا دەکات بەشێوەیەکی ئیجباری قابیلی دیتن و بینینە. لەوەها دۆخێکدا دەسەڵات توانای دیسیپلین و هێزی خۆی لەبنەڕەتدا لە ڕێگەی ڕێکوپێکردن و نەزم بەخشین بە شتەکان ئاشکرا دەکات. بە واتایەکی وردتر لە ڕاستیدا چاودێری و دیتنی بەردەوام و هەمیشەی نهێنی دیسیپلین ئاشکرا دەکات. وەها دیسیپلینێك جەستەی ژنان بە جۆرێك دروست دەکات وەکو تەکنیك گەلێکی تایبەت، کە ئەو جەستانە هەم وەك بابەت و هەم وەك کەرەستەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی خۆی دەبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە وێنەکانی پرۆگرامی خوێندن، شێوازەکانی دیسیپلین جگە لە قوتابخانە لە شوێنەکانی دیکەی وەك کۆڵان و شەقام و تەنانەت لە ماڵەوەش دەبیندرێت. دەڵێی لەگەڵ تێکەڵەیەك لە چاودێری زنجیرەیی و سزادانی گونجاو و سازگار بەرەوڕوو دەبینەوە کە بە بەرزترین پلە لە چەمکی کۆمەڵگەی(pinopticon) ی "جرمی بنتام" دەردەکەوێت.

ئاساییکردنەوەی جەستەی ژنانی گونجاو لە گوتاری زاڵ، بۆ قوتابیانی نەوەی دوای شۆڕش بە جۆرێك ڕوودەدات کە بیرەوەری بە کۆمەڵ بە هەمان شێوە فۆرم بگرێت. بە هەمان شێوە کە وێنەی پۆلەکانی وانەوتنەوە

(وێنەی 1 و 2 و 3) پیشان دەدات. جەستەی ژنان دەبێت لەناو پۆل و حەوشەی قوتابخانە و کتێبخانە و ناوەندەکانی کولتووری دەبێت بە هەمان شێوە بێت، سەرەڕای ئەمەش وەها جەستەیەك دەبێت لە کوچە و کۆڵان و شەقام و بازاڕ و تەنانەت لە ماڵەوەش دەبێت وەك نیگایەکی گشتی لەبەرامبەر چاوەکانی چاودێری گوتاری دەسەڵاتدار بێت

**جەژنی ئەرك (تەکلیفی شەرعی)**

لە وینەکانی ژمارە (٤ و ٥) کچانێکی تەمەن (٩) ساڵان بە ڕوخسارێکی شاد و پێکەنیناوی دەبیندرێن کە لە سەروبەندی تەمەنی تەکلیفی شەرعیدان، دەڵێی بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی و گەیشتن بە قۆناغی باڵق بوون پەلەیانە. بە چاوخشاندن بە دەق و وێنەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن دەبینین کە نامەیەك لە لایەن فریشتەکانەوە بۆ کچەکان نووسراوە و تێیدا پێداگری کراوە کە ئەمڕۆ، یەکێکە لە گرنگترین ڕۆژەکانی ژیانی ئەوان و قوتابخانە بۆ ئەوان جەژنی ڕێکخستووە تا ڕایبگەیەنن کە ئەمساڵ ئەوان بە پلەیەکی بەرز گەیشتوون و دەبێت هەوڵبدەن تا بە ئەنجامدانی کاری باش، پاداشتێکی زۆر لە خوا وەربگرن. فریشتەکان هەروەها بە کچەکان دەڵێن:" لەناو ئەو عەبا و چارشێوانەدا چەند جوان و خۆشەویستن."

جگە لە ڕەنگە شاد و زیندووەکان، شەوق و شورێکی زۆریش بە وێنەکانی جەژنی تەکلیف دراون تاوەکو ڕێورەسمێکی لەبیرنەکراو و سەرنجراکێش بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی باڵا و تەواوبوونی شوناسێکی ناتەواو سوودی لێ وەردەگرن. ڕێورەسمەکانی قوناغی گوزار وەك تەکنەلۆژی خۆی لەڕوانگەی فۆکۆوە، ئەگەرچی چاوێکی لەسەر خودپەروەری و ڕزگاریدەر هەیە و دەتوانێت خۆ پەروەردەکردنی ئەوانی دیکەی لێبکەوێتەوە و بە شێوازی تازە و داهێنانەرانە ببێتە بوون و ژیان، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەتوانێت ببێت بە بەشێك لە دیسیپلینی بەردەست.






لە گواستنەوەی قۆناغی منداڵی بۆ قۆناغی باڵقبوون، پلاندارێژەر، یاسا و بەڵێنەکان دەدات بە گوێی کچاندا. ئەمجار زۆربەیان بەبێ بوونی پیاوان، بەڵام لە سایەی دەسەڵاتی و زاڵبوونی پیاوان و بانگهێشتکردنی دایکان، پلاندارێژەران لەڕێگەی شێوازگەلێکی وردەوە نیشانەگەلێك دەخولقێنێت و بیرەوەری لە زەینی ئەواندا دروست دەکات. بیرەوەرییەکی بەکۆمەڵ کە بە بەشداری بەڕێوەبەران و مامۆستایانی ژن و دایکان، بەشێك لە شوناسی کچانی ئەمڕۆ و دایکانی سبەی لەم سەرزەمینەدا دروست دەکات. لەمەوبەدوا ئەوان وەك بەشێك لە کچانی باڵقبوو لەلایەن گوتاری زاڵەوە بە فەرمی دەناسرێن و دەبێت وەك ژنانی باڵق و ژنانی گەورە پابەندی سیاسەتەکانی گوتاری زاڵ بن. ئەوان بڕیارە وەك دروستکەرانی ئایندەی وڵات بە وەها جلوبەرگێك پارێزگاری لە داوێن پاکی و ئەخلاقی کۆمەڵگە بکات.

دەتوانین بڵێین کە لە جەژنی تەکلیف جۆرێکی تایبەت لە مەراسیمی هێز بوونی هەیە، تا هونەری تایبەتی جەستە دەربخات کە لەسەر بنەمای جەستەی دەستەمۆکراوی ژنان بە ئامادەنی خۆی لەسەر شوناسێکی هاوبەش پشتڕاست بکاتەوە.

کچانی تەمەن نۆ ساڵان بە بەشداریکردن لە مەراسیمێکدا کە بەڕێوەبەر، ڕێکخەر، مامۆستایان، ئیمام، پێشنوێژ و دایکان ئامادەن، لەڕاسیتدا بڕیارە لەگەڵ خوای خۆیان





پەیمان ببەستن کە ملکەچی بڕیارەکانی خوا بن. لەسەر ئەم بناغەیە دیتنی فۆرمی ملکەچی و گوێڕاڵی و عەبدایەتی خوا لە جەستەی ژنانەی ئەواندا دەردەکەوێت. بەمشێوەیە ئەم وێنەیە دەلالەت لە یەکگرتوویی و یەکدەستبوونی جەستەی ژنان لەبەرامبەر خوای تاقانە و بەها ئایینەکانی زاڵ دەکات.

زاڵبوونی گوتاری عەبا و چارشێو وەك بالاپۆشی و حیجابی باڵا لە ساڵانی (2000) دا پرۆگرامی خوێندن شێوازی خۆیان بۆ ئەو لایە ڕێنوێنی کرد. بە فرە چەشنکردنی وێنەکانی جەستەی ژنان، لە ڕووی ڕەنگی جلوبەرگەوە، جەختکردنەوە لە ڕەواج دان بە حیجابی باڵا ڕووی لەهەڵکشان کرد.

بۆ نموونە لە وێنەی (٦)دا وانەیەك بە ناونیشانی "هەڵبژاردنی پەپوولە" کچێك بە ناوی پەپوولە لەگەڵ دایکی خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئەوەی بچن بۆ میوانیی، کە بڕیارە لەو میوانییەدا پەپوولە لەگەڵ کچی پووری یاری بکەن. دایکی پەروانە مەقنەعە (جۆرێك پۆشاکی سەرە) بەسەرەوەیە و عەبایەکی بە خۆیدا داوە و چاوەڕوانی کچەکەیەتی. پەپوولەش لەبەردەم ئاوێنەیەکدا وەستاوە و سەرقاڵی چاککردنی لەچکەی سەریەتی. پەپوولە قژی سەری بە سەرپۆشی سەوز و سوور داپۆشیوە. گۆشەی نیگای پەپوولە بە شێوەیەکە کە دەڵێی لە ئاوێنەکەدا سەیری کەسێك دەکات، دەقی وانەکەش کە لە تەنیشت وێنەکان دانراوە، هەڵگری گفتوگۆیەکە لەنێوان دایك و کچێکدا. کچەکە سەرەڕای ئەوەی کە سەیری دایکی دەکات کە عەبای بەخۆیدا داوە، لێی دەپرسێت منیش عەبا بەخۆمدا بدەم؟ دایك دەڵێت: بە عەباوە حیجابەکەت تەواو دەبێت. لەدرێژەی دەقەکەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە پەپوولە پێی خۆش بوو باشترین حیجاب هەڵبژێرێت. پەپوولە لەپەیوەندی لەگەڵ وێنەکانی دیکە (دایك و کچ) بە شانازییەوە دەیەوێت کە باشترین حیجابی خۆی هەڵبژێرێت و بە ئاشکرا بیدرکێنێت. دەکرێت ئەمە باشترین سات بێت بە لای گوتاری پیاوسالارانە کە کچەکان مانای ڕاستەقینەی جەستەی ژنانەی خۆیان لەناو حیجابی باڵا و تەواودا بدۆزنەوە و ئەمەش باشترین هەڵبژاردنە.

لە وێنەی (٧)دا دایك و کچێکی منداڵ دەبیندرێت کە دایکەکە بە نیازە بەرماڵ بۆ کچەکەی بدوورێت. بۆ ئەو مەبەستە لە بازاڕ قوماشیان کڕیوە و لە وێنەکەدا دەبینین کە دایکەکە عەبا و چارشێو دەدات بەسەر کچەکەیدا و خەریکی ڕێك و پێکردنی کچەکەیەتی. لێرەدا ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کرد، دووبارە دەردەکەونەوە.

### پارادۆکسی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لە فەزای تایبەتیدا

پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەناو پرۆگرامی خوێندندا هەر وەك سینەما و تەلەفزیۆن جیاوازییەکی لە نێوان فەزای

گشتی و فەزای تایبەتی کە شوێنێکە تێدا ژنان لەبەرامبەر مەحرەمی خۆیان ئاسوودەن، نەهێشتۆتەوە. وەها نیشاندانەوەیەك نیشاندەری ڕێژەی دەستڕۆیشتوویی گوتاری هەژموونە لە ناو فەزایەکی شەخسی و تایبەتیدا. وا بەرچاو دەکەوێت جەستەی ژن وەك نامووس تەنانەت لە ناو فۆڕمی خەیاڵ و لەناو وێنەکاندا کە بەتەواوەتی پەیوەندییە بە شتی تایبەتەوە هەیە دەبێت شاراوە و نهێنی بمێنێتەوە. لێرەدا لەگەڵ جۆرێك لە دەستکاری لە خستنەڕوو و پیشاندانەوەی جەستەی ژنان ڕووبەڕوو دەبین. لێرەدا لەچوارچێوەی کرداریکدا گوتارێك سەرهەڵدەدات کە بە جۆرێك بیرۆکەی پیاوانەیە و دەسەڵاتی بە سەر تەواوی کۆمەڵگە و جەستەی ژناندا هەیە.

ئەندامانی جەستەی ژن جگە لە دەست و دەموچاو لە ماڵەوە هەمووی داپۆشراوە، تەنانەت ئەو کاتەی هەر دایك و کچ پێکەوە بن یان کچێك لە حوزوری خوشکەکەی یان برا بچوکەکەشی بێت. ئەم جۆرە لە خۆداپۆشین تەنانەت ئەو منداڵانەی کە هێشتا نەچوون بۆ قوتابخانەش دەگرێتەوە. جگە لەمەش لەو وێنانەی کە ژن یان کچێك بە تەنیاش لە ماڵەوە بن دەبێت دیسیپلینی جەستەیان هەبێت و داپۆشراو بن. تەنانەت لە وێنەی (٨) دا کچێك بە ناوی کوبرا (کەسایەتی ناوداری سەردەمی منداڵانی دەیە ١٩٧٠ و دەیەی ١٩٨٠ و دەیەی ١٩٩٠) کە هێشتا کچێکی






منداڵە و باڵق نەبووە و گەیشتووە بە تەمەنی شەرعی دەبێت پابەند بێت. بۆ نموونە شێوازی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لە وێنەی (٩)دا لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە یەك ناگرێتەوە و دژە. ژنان و کچان بە تایبەتی ئەو کچانەی کە تەمەنیان کەمە دەبێت لەماڵەوە حیجابی تەواو بکەن، بەڵام ئەمە دەلالەت لە چ شتێك دەکات.






پێدەچێت ئەو پیاو و کوڕانەی کە بینەری وێنەی جەستەی ژنانن لەناو پرۆگرامی خوێندن، تەنانەت لە کاتی تەنیایی و لە شوێنی چۆڵیشدا بەشێوەیەکی پەنگخواردوو توانای ئەوەیان هەیە تووشی هەڵە ببن و لەلایەکی ترەوە وا دەردەکەوێت کە داڕێژەرانی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان نیگەرانی پیشاندانەوەی ڕاستەقینە بە تایبەتی لە هەرێمی شەخسی و تایبەتیدا بن.

**دەرئەنجام:**

لە بازنەی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لە ناو وێنەی پرۆگرامی خوێندندا ئێمە لەگەڵ سیستەمی دیتنی جیاکاری و هەڵاواردن ڕووبەڕوو دەبینەوە لەگەڵ بەراوردکاری پیاو و جەستەی پیاوانەدا.

هەروەها بە پەیڕەوکردن لە سیاسەتی زاڵ لە زەمینەی جەستەی ژنان، لە وێنەکاندا بەشێکی زۆر لە کچان و ژنان بەر لە شۆڕش جل و بەرگێکی تریان لەبەردابووە لە پرۆگرامی خوێندندا لابراون. وێنەی ئەوانەی کە باوەڕی تەواویان بە خۆداپۆشین هەبووە، بەڵام هەڵبژاردنێکی جگە لەوەی هەیانە بە جلوبەرگێکی گونجاو لە قەڵەم دەدرێت. (وەك ژنانێك کە لەچك و بلۆز و پاتۆڵیان کە جگە لە مل و دەموچاو و دەستیانی داپۆشیوە، لە پرۆگرامی خوێندندا نابیندرێت. وێنەی ژنانی خاوەن حیجاب، مانتۆ (جۆرێك جلی ژنانەیە) پانتۆڵ و لەچك یان مەقنەعە

(جۆرێك سەرپۆشی ژنانەیە) لە دوو دەیەی دوای شۆڕش زیاتر گرنگی پێدەدرا، وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشتووە و دەیەی سێهەم و چوارەمی شۆڕش عەبا و چارشێوە و حیجابی باڵا زیاتر جێی سەرنج و گرنگی پێدان بووە.

ڕوون و ئاشکرایە لە سەردەمی حکومەتی پەهلەویشدا ئێمە جیاکاری و هەڵاواردن دەبینین. پیشاندانی جەستەی ژنان لەسەردەمی پەهلەویدا تا ڕادەیەکی زۆر ئەو ژن و کچانەی دەگرتەوە کە بەبێ حیجابی ئیسلامی و زیاتر لە کراس و پاتۆل و تەنوورە دەردەکەوتن. ژنان و کچان جگە لەمانە، دەست و دەموچاو و بەشێکی زۆری تری جەستەیان لەوانە قژ، گەردن، باسك و قۆڵ و قاچ و ئەژنۆ و هەندێك جار تا سەرووی ئەژنۆشیان لە وێنەکاندا وێنا دەکران و دەردەکەوتن. لەو قۆناغەدا هەرچەند بە دەگمەن ژنانت دەدی کە بە حیجابی ئیسلامی دەرکەون، بەڵام ئەوان بە تەواوەتی پەراوێز خرابوون.

لەگەڵ ئەوەی کە جەستەی ژنان پیشاندراو لە پرۆگرامی خوێندن بە تەواوەتی داپۆشراوە و جلوبەرگەکان بە شێوەیەك جەستەیان داپۆشیوە، کە هیچ یەك لە ئەندامە سێکسییەکانی ئەوان بەدەرەوە نییە، بەڵام لەو وێنانەدا حاڵەتەکان و لەش و لاری جەستەی ژنان لە دۆخە جیاوازەکاندا بەراورد لەگەڵ جەستەی پیاوان هێشتا هەر جێگەی دیتن و سەرنجڕاکێش ترە.

لەلایەکی ترەوە سەرەڕای جەختکردنەوە لەوەی کە دەبێت جەستەی ژنان داپۆشراو بێت، لایەنی سێکسی جەستەی ژنان لەدوای شۆڕشەوە تەنها لە دەست و دەموچاودا دەردەکەوێت و لەم بەشە لە جەستە، کاریگەری گوتاری زاڵی جوانی بە تەواوەتی ئاشکرایە. دەموچاوی ژن وەك بەشێك لە جەستە لەلایەن شەرعەوە شمولی حیجاب ناکات، بەشێوەیەك کە بەنیازی قەرەبووی نەدیتنی بەشەکانی دیکەیە و نوێنەرایەتی جوانییە سێکسییەکانی باقی ئەندامانی دیکەی جەستە بە دەموچاو دراوە. ئەم بەشە لە جەستە بە تایبەتی لە چەند دەیەی دواییدا لەناوەندی گرنگی جوانناسی و سەرنجڕاکێشی سێکسی جێی گرتووە و مەیل بە دەستێوەردان و دەستکاری ئەو لەناو کۆمەڵگەدا پتر لە ڕادە زیادی کردووە و لە وێنەی پرۆگرامی خوێندنیش خۆی نیشان دەدات. ژنانی ڕووخسار جوان بە لوتێکی بچووکی کەمێك ڕوو بەسەرەوە، دەستانێکی شووش و باریك، نینۆکێکی ڕێکوپێك، تایبەتمەندی سەرەکی نیشاندانەوەی دەموچاو و دەستی ژنانە لە وێنەکاندا. لەڕوانگەی ڕەنگی پێستەوەش وێڕای سەرنجدان بە زاڵبوونی ڕەنگی سپی و ڕۆشن بەسەر ڕەنگی ڕەشدا لە گوتاری جوانناسی ژناندا دەتوانین بڵێین کە لەناو

هەموو وێنەکانی ناو پرۆگرامی خوێندندا هیچ جەستەیەکی ژنان بە ڕەنگی ڕەش نابینین. سەرەڕای ئەوەی کە ڕەشپێست لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات هەیە، ئەو بابەتە تۆختر بوەتەوە. لەلایەکی ترەوە لەگوتاری جوانناسی و سەرنجڕاکێش بوونی جەستە، لەڕیوونی ماسولکەکان زاڵە بەسەر جەستەیەکی پڕ و خڕدا، لە وێنەی پرۆگرامی خوێندنیشدا جەستەی ژنانی دڵخواز لەڕوانگەی حەجم و ئەندازەوە زۆربەی لەڕ و لاواز و زۆریشیان باریك دووبارە نیشان دراون. بەشێوەیەکی گشتی نیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەناو وێنەی پرۆگرامی خوێندندا نوێنەری و دووبارە نیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا نییە و لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە زۆر لەیەکەوە دوورن.

لەئێستا سنووردارکردنەوەی دیتنی جەستەی ژنان تەنها بۆ دەموچاو و دەست، باقی بەشەکانی دیکەی جەستەی ژنانی کردووە بە بەشێکی قەدەغەکراو. لەم ڕووەوە بە پەیڕەوی کردن لە مێشێل فۆکۆ و هال دەتوانین بڵێن ئەو بابەتە بە جۆرێك بووە بە فێتیشیزم (fetishism) .

فێتیشیزم جۆرە نەخۆشییەکە کە کەسەکە بۆ چێژوەرگرتن لە سێکس پێویستی بە کەلوپەلی بێ گیان و پێویستی بە بەشێك لە جەستە هەیە بۆ چێژ وەرگرتن لە چێژی سێکسی- وەرگێڕی کوردی.

شایانی باسە کە ڕاستییەکان لە مەودای نێوان پیشاندان و پیشاندانەوە جوانناسی سیاسەتی کۆنترۆڵ جەسەتە ئاشکرا دەکات و خوێندنەوە بۆ ئەو دەرفەتێکی تری گەرەکە. ئەم وتارە هەرچەند دەرفەتی تەواوی بۆ سەرقاڵبوون بە شێوازی پیشاندانەوەی جەستەی ژنان لەناو وێنەی پرۆگرامی خوێندن لەبەردەستدا نەبوو، بەڵام ڕێگەی بۆ وەها توێژینەوەی بەردەوام خۆشکرد، توێژینەوەیەك کە بەسیستەمی جوانناسی زاڵ بەسەر بازنەی پیشاندانەوە چاو بخشێنێتەوە و گرنگیدان بەو بابەتەش ڕوون و ئاشکرایە.

## سەرچاوەکان


منابع فارسی

کتابهای درسی

پیامهای آسمانی اول دبیرستان 1398

تعلیمات اجتماعی سوم ابتدایی 1390

تفکر و سبک زندگی، اول دبیرستان ویژه دختران 1399

تفکر و سبک زندگی، دوانزدهم دبیرستان 1399

دین و زندگی، دهم دبیرستان 1399

فارسی، اول دبستان 1367

فارسی، اول دبستان 1390

فارسی، اول دبستان 1391

فارسی، دوم دبستان 1362

فارسی، سوم دبستان 1380

فارسی، سوم دبستان 1390

فارسی، ششم دبستان 1399

هدیه های آسمانی سوم دبستان 1390

هدیه های آسمانی سوم دبستان 1399

روزنامه ها و نشریات

روزنامه اطلاعات 16 اسفند 1357 شماره 15802

روزنامه اطلاعات 19 شهریور 1362 شماره 17105

روزنامه جمهوری اسلامی 13 شهریور 1370 شماره 3546

روزنامه کیهان 16 اسفند 1357 شماره 10655

روزنامه کیهان 2 مرداد 1359 شماره 11053
مجله زن روز 14 مرداد 1354 شماره 536
مجله زن روز 23 دی 1357 شماره 706
مجله زن روز 3 اسفند 1347 شماره 206
مجله مکتب اسلام 1353 شماره 7

**کتابها، مقالات و گزارشها**

بی نظیر، نگین (1398) فناوری انطباعی و بدن بر ساخته در داستانهای مدرسه، نقد و نظریه ادبی

پهلوی، محمد رضا (1346) انقلاب سفید. چاپ دوم تهران

راوداد، اعظم و گیشنیزخانی، گلناز(1396) " گونه شناسی الگوهای بازنمایی بدن رسانه ای کاربران ایرانی شبکه اجتماعی اینستاگرام" فصلنامه مطالعات رسانه های نوین 3(10) 259-304

زین الصالحین، حسن و بلخاری قهی، حسن(1398) " سیاست، جنسیت، بازنمایی: تحلیل انتقادی دیدمان جنسیت در دوره ناسری". نشریه هنرهای زیبا و هنرهای تجسمی 24(1) 48-39

سند تحویل بنیادین آموزش و پرورش.

شریعتی،علی (1391)زن مجموعه آثار21،تهران: بنیاد فرهنگی علی شریعتی، نسخه الکترونیکی. شهرام نیا، امیرمسعود و زمانی،نجمه سادات(1392) علل وپیامدهای شکل گیری پدیده کشف حجاب در دوره پهلوی. فصلنامه گنجینه اسناد23(1) 85-62

صادقی، علی اشرف و مرادخانی، همایون(1393) " برساخت گفتمانی هویت درکتابهای فارسی دوره ابتدایی" . جامعه پژوهی فرهنگی5(4)، 88-59

طباطبایی، محمدحسین (1417) المیزان فی تفسیر القران، قم: دفتر انتشارات جامعه مدرسین

عزتی قادری، رزیتا و جعفری هفت خوانی، نادر( 1398 ) " بازنمایی فرهنگ بدن در مجلات عامه پسند زنان ، رسانه و فرهنگ". پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی 9(1)، -201 225

غزالی، ابوحامد امام محمد (1361) نصیحه الملوک. تصحیح و حواشی و تعلیقات جلال الدین همایی. تهران: بابک

گنجی، مهدی، امیرمظاهری، امیر مسعود و لبیبی، مهدی(1399) " کشمکشهای گفتمانی در عرصه دستکاری و بازنمایی بدن در زنان". مسائل اجتماعی ایران. 11(1) 233-256.

لنگرودی، م (1375) " نگاهی به چهره زن در ادب پارسی، قسمت نهم نثر پارسی و ستم به جایگاه انسانی- اجتماعی زنان". پیام زن، 54

محسنی، ابوالخیری، علیرضا و حاضری، محمد علی (1398). " تحلیلی بر منازعات گفتمانی حجاب در دوره جمهوری اسلامی ایران". فصلنامه اندیشه سیاسی در اسلام، 19، 102-83

مرکز بررسی های استراتژیک ریاست جمهوری (1393). گزارش نشست تخصصی حجاب، آسیب شناسی سیاستهای گذشته، نگاه به آینده.

مرکز پژوهشهای مجلس شورای اسلامی( 1397). عوامل موثر بر اجرایی شدن سیاستهای حجاب و راهکارهای پیشرو.

مریدی، محمدرضا و رهگذر، فائزه (1395). " تحولات زیباشناختی مد لباس در ایران پس از انقلاب اسلامی".مبانی نظری هنرهای تجسمی 2 ، 108-95

یاسینی، راضیه(1399) " سیاستهای گفتمانی پوشاک زنان در ایران در دوره پهلوی اول( امرانه) و دوم ( اشاعه گرانه) ". فصلنامه ی علمی مطالعات فرهنگ و ارتباطات 21(52)، 108-89

**منابع انگلیسی:**

Berger,J.(1980).Why look at animals? In About looking, London: Writers and Readers, PP .1-26.

Budgeon, S. (2014). The dynamics of gender hegemony: femininities, masculinities and social change. Sociology, 48(2), 317-334.

Burke. E. (1968; 1757). A philosophical enquiry into the origin of our ideas of the sublime and beautiful. ed. James T. Boulton (Notre Dame, IL: University of Notre Dame Press).

Butler, J. (1993). Bodies that mater; on the discursive limites of sex. New York: Routledge.

Butler, J. (2007; 1990). Gender Trouble. Routledge.

Crary, J. (1999). Suspensions of Perception: Attention, Spectacle, and Modern Culture, Cambridge, MA, and London: MIT Press.

Crossley, N. (2004). Ritual, body technique, and (inter) subjectivity: In Kevin Schilbrack (ed.). Thinking Through Rituals; Philosophical Perspectives, Routledge.

Deleuze, G. (1991). Empiricism and subjectivity: an essay on Humen's theory of human nature (trans Constantin V. Boundas). New York: Columbia.

Derrida, J. (1982) Sending: on representation (trans P. Caws & M. A. Caws). Social Research, Summer.

Dreyfus, H. L. & Rabinow, P. (1982). Michel Foucault Beyond Structuralism and Hermeneutics. University of Chicago Press.

Gayle S. R. (1984). Thinking sex. Notes for a radical theory of the politics of sexuality, In Carole Vance, Pleasure and Danger. Exploring Female Sexuality, Exploring Female Sexuality, Routledge & K. Paul.

Hall, S. (1985). Signification, representation, ideology: Althusser and the post-structuralist debates, Critical studies in mass communication, 2. N° 2, Juin.

Press.

Tong, R., & Fernandes, B. T. (2018). Feminist thought a comprehensive introduction (5* ed) Routledge, ebook.

SV Traue, B., Blane, M., & Cambre, C. (2019). Visibilities and visual discourses: rethinking the social with the image. Qualitative Inquiry, 25(4), 327-337.

Webb, J. (2009). Understanding representation. SAGE Publications Ltd.

منبع فرانسوی:

Barthes, R. (1957). Mythologies. Editions du Seuil.

Barthes, R. (1980). La chambre claire (note sur la photographie). Gallimard.

Boidy M. (2017). Les études visuelles. Presses Universitaire de Vincennes.

Bourdieu, P. (1998). La domination masculine. Paris, Seuil.

Debord, G. (1992). La Société du spectacle. Paris, Gallimard.

Fanon, F. (1952). Peau noire, masques blancs. Edition du Seuil.

Foucault, M. (1966). Les mots et les choses. Paris, Gallimard.

Foucault, M. (1969). L'Archéologie du savoir. Paris, Gallimard.

Foucault, M. (1971). Nietzsche, la généalogie, l'histoire, Hommage à Jean Hyppolite, Paris, PUF. Foucault, M. (1975). Surveiller et Punir, Naissance de la prison. Paris, Galimard.

Foucault, M. (1976). Histoire de la sexualité. 1. La volonté de savoir, Paris, Gallimard.

Jafari, A. (2012). Canon vestimentaire féminin et pratiques policières en Iran, in Regards Croisés sur la Régulation Sociale des Désordres, sous la direction de Manuel Boucher, Virginie Malochet, L'Harmattan, P103-121, Paris.

Jafari, A. (2014). De l'homme attendu à l'homme aliéné; La domination idéologique dans le système éducatif en Iran; Thèse de doctorat, Université Paris-Sorbonne.

Pahlavi, M. R. (1979). Réponse à l'histoire. Albin Michel, France.

Paivandi, S. (2006). Religion et éducation en Iran L'échec de l'islamisation, L'harmattan.

Rancière, J. (2003). Le destin des images, la fabrique éditions. La Fabrique éditions.

Hall, S. (1997a). Introduction. In: Hall, S (eds) Cultural Representations and Signifying Practices, London: The Open University: 1-12

Hall, S. (1997b). The work of representation. In: Hall, S (eds) Cultural Representations and Signifying Practices, London: The Open University: 13-74.

Hall, S. (1997c). The spectacle of the 'Other' In: Hall, S (eds) Cultural Representations and Signifying Practices, London: The Open University, pp. 223-291.

Honneth, A. (2001). Invisibility: On the Epistemology of Recognition. Aristotelian Society, 75(1), 111-126.

Laclau, E., & Mouffe, C. (2014; 1985). Hegemony and Socialist Strategy. Towards a Radical Democratic Politics. London, Second Edition, Verso.

MacCabe, C. (2008). An interview with Stuart Hall, December 2007. Critical Quarterly, 50(1-2), 24.

Millett, K. (1970). Sexual Politics. Garden City, NY: Doubleday, 43-16.

Mitchell, W.J.T. (1994). Metapictures, In: Picture Theory. The University of Chicago Press, Ltd, London, PP 35-83

Mulvey, L. (1975). Visual Pleasure and Narrative Cinema. Screen, 16(3), 6-18.

Najmabadi, A. (1997). The erotic valan [homeland] as beloved and mother: to love, to possess, and to protect. Comparative studies in society and history, 39(3), 442-467.

Rich, A. (1980). Compulsory Heteroscxuality and Lesbian Existence. Signs, 5(4), 631-660.

Rose, G. (2016). Visual methodologies an introduction to researching with visual material, 4th Edition. University of Oxford, UK, Open University, UK.

Said, E. (2000). Invention, Memory and Place. Critical Inquiry, 26(2) (Winter, 2000).

Scheman, N. (1993). Thinking about quality in women's visual art. In Engenderings: Constructions of Knowledge, Authority, and Privilege, New York: Routledge.

Schippers, M. (2007). Recovering the feminine other: masculinity,

femininity, and gender hegemony. Theory and Society, 36(1), 85-102

Taylor, C. (1994). The politics of recognition. In A. Gutmann (Ed.). Multiculturalism: Examining the politics of recognition (Pp. 25-73). Princeton, NJ: Princeton University

# ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران؛ ڕۆڵ و ئاڕاستە و وەرچەرخانەکانی ژێرخانی دروستبوونی

**محەمەد سەید ئەلسەیاد** | توێژەر لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئێران (ڕەسانە)*

وەرگێڕانی: بارام سوبحی



* سەرچاوە: گۆڤاری توێژینەوە ئێرانییەکان (گۆڤارێکی زانستییە، ساڵانە دوو ژمارەی بە عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەبێتەوە)، ژمارە دە، ساڵی سێیەم، ئۆکتۆبەری 2019، لاپەڕە (29 - 48)

ژمارەیەك پرسیار پەیوەست بە دیاریکردنی ناسنامەی سوپای پاسداران، ئایدۆلۆژیاکەی، هۆکارەکانی پێکهاتن و دروستبوونی دەوروژێنین، کە باڵیان بەسەر ئاراستەکانیدا کێشاوە و لە دارشتنەوەی بریار، کاردانەوە سیاسی، سەربازی و کۆمەڵایەتیەکانیدا بەشدارە، چونکە تێبینی ئەوە دەکەین دروستکردنی ئەندامانی سەر بە سوپای پاسداران لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ، پێچەوانەی سروشتی سوپا نیزامییەکان و پێکهێنەرە ئایدۆلۆژی و هرزی و بیروباوەڕەکان و ڕۆحی سەربازییە، لەو ڕێگەیەشەوە ئامادە دەکرێن.

گرنگی زانینی ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران بەتایبەتی شێوازی دروستبوونی، دوای ئەوە دێت کە زنجیرەیەك ڕووداو ڕوویانداو بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی ئەمریکا لە (8/نیسان/2019)دا سوپای پاسداران بخاتە لیستی تیرۆرەوە. پاشان بەدوای ئەوەشدا بریاری گورزەیەك سزای ئابووری هات کە ئاراستەی شادەماری ئابووری ئێران کرا، لە بەرامبەردا کاردانەوەی سوپای پاسدارانیش لەوکاتەدا توند بوو، هەندێك لە سەرکردەکانی هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزیان کرد، دواتریش هەندێك پێشهات ڕوویاندا وەکو خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی لە ئاوەکانی کەنداوی عەرەبی، تەقاندنەوەی بارهەڵگرە نەوتییەکان لە کەنداوی عەرەبی، جارێکیان لە کەناراوەکانی فوجەیرەو جارێکی دیکە لە کەنداوی عوممان، پاشان دەست بەسەراگرتنی بارهەڵگرێکی نەوتی ئێرانی لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە لە کەناراوەکانی ئیسپانیا کە بەرەو سووریا دەچوو، کاردانەوەی ئێرانیش دەست بەسەراگرتنی بارهەڵگرێکی نەوتی بەریتانی بوو، دواهەمینیان تەقینەوەکانی ئارامکۆ بوو لە شاری بەقیق لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی (2019)دا کە پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی ئێران کرا.

بۆیە گرنگی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەوەوە دێت کە لەڕێگەیەوە هەوڵدەدات بناوانە ئایدۆلۆژییەکان تۆمار بکات کە لە پێکهاتنی سوپای پاسداراندا بەشداربوون، هەروەها پێکهاتەو وەزیفە ئایدۆلۆژییەکانی هێزەکانی سوپای پاسداران هەڵدەوەشێنێتەوە کە باڵی بەسەر ستراتیژ و کاردانەوەکانیدا کێشاوە، جگە لەوەی زۆرینەی توێژینەوەکان لەبارەی سوپای پاسدارانەوە، ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندی بە سیستەمی سیاسیو دامەزراوە سیادییەکانو ئابووری لە ناوخۆی دەوڵەتی ئێراندا لەخۆگرتووە، لەکاتێکدا ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین ئەم دەرکەوتە و پەیوەندییە پەنهان و نادیارانە ڕۆڵی بزوێنەر دەگێڕن کە سیاسەتی سوپای پاسداران ئاڕاستە دەکەن، دیدگای سوپای پاسدارانیش لەسەر ئاستی هەردوو سیستەمەکە دەردەخات، ناوخۆیی: کە سیستەمی حوکمو ناسنامەی دەوڵەت پێکدەهێنێت، دەرەکی: کە

بونیادی پەیوەندییەکان لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزەکان و هێزە هەرێمایەتییەکان پێکدەهێنێت. سەرباری ئەوانە سوپای پاسداران بووەتە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هاوشێوەی ئەو گرووپە توندئاژۆیانەی کە تیرۆری نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی ئەنجام دەدەن، هەڕەشە لە تەونی دەوڵەتەکان و ژیانی هاوڵاتیان دەکەن، ئەم جۆرە پۆلێنبەندییەش بۆ سوپای پاسداران لە بناغەوە هۆکارەکەی تەناهیو ئابووری نییە، بەڵکو تەنها بۆ هۆکاری ئایدۆلۆژیی دەگەڕێتەوە کە باڵی بەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانیدا کێشاوە.

**یەکەم: ڕەهەندی دامەزراوەیی ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران و بیروباوەڕی ئەندامەکانی**

گەشەسەندنی سوپای پاسداران پەیوەستە بەو وەرچەرخانە ڕیشەییەی کە ئێران لە (1979) دا لەسەر دەستی ئایەتوڵڵا خومەینی بەخۆیەوە بینی، هەروەها پەیوەستە بە هەوڵەکانی ڕژێمی نوێ بۆ چەسپاندنی پایەکانی. چونکە ڕۆڵ و ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران و بیروباوەڕی ئەندامەکانی و سیستەمی فیکری ئاراستەکراوی پەیوەستە بە بیرۆکە ڕادیکاڵییەکانی خومەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە سایەی ویلایەتی فەقیهدا، دەتوانین لەڕێگەی ئەم ڕەگەزانەوە سەرنجی ڕەهەندەکانی ئەو بابەتە بدەین:

**١-مۆدێلی مێژوویی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ویلایەت بەهێزی سوپای پاسداران**

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان، دەبینین کە شێخ کەرکی هەرچەندە زۆر لە شا نزیك بووە، بەڕووکەش کاروباری ئایینی لە هەرێمە فارسییەکاندا بەڕێوەبردوە، بەڵام بەو پێیەی کە جێگری ئیمامی مەعسومە دەسەڵاتێکی فراوانی پێدراوە، ئەوەش لە ڕۆڵگێڕانێکی سیاسی نزیکتربوو، بۆیە توشی دوورخستنەوە هاتو چەندینجار پەیوەندییەکانی لەگەڵ شا تێکچوون، پاشان ڕۆڵەکەی لە چوارچێوەی خواستەکانی شادا سنووردارکرا.لە دامەزراندنی ویلایەتێکی ڕەها یان تەنانەت سنوورداریش بەپێی دیدگای خۆی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو بەپێی تێڕوانینی شا و پێویستی ئەرکەکەی کۆت کرابوو، دواجار کەرکی دوای ئەوەی دەسەڵاتی کەسی و فراوانکردنی پێگەکەی پێ بەخشرا، بە پەیوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان (فەقیهـ-سوڵتان)دا قایلبوو، لەگەڵ دەسەڵاتیشدا یەکیگرت. بەڵام ئەوەی باڵکێشە ئەوەیە شێخ کەرکی بۆ جێبەجێکردنی خوێندنەوە ئایینیو سیاسییەکانی لەسەر زەمینەی واقیع، دەسەڵاتی ڕەق یان توانای جووڵاندنی هێزی نەبوو، چونکە سوپا تەنها لە دەسەڵاتی شادا بوو. سەرباری ئەوانە، شا پشتی بە کۆمەڵەی قزڵباشەکان دەبەست کە دەیانتوانی هەژموونی سەفەوییەکان بەسەر هەرێمە فارسییەکاندا بسەپێنن(١).

ئەم دوو مۆدێلە بە دیاریکراوی: نەبوونی هێزی ڕەق لەلای کەرکی، توانای کەتیبەی قزڵباشەکان بۆ هەژموونو سەرکەوتن، دیدگای خومەینی بۆ دامەزراندنی کەتیبەکانی سوپای پاسداران پێکدەهێنا.

دوای چەند سەدەیەك لە نەمانی دەسەڵاتی سەفەوییەکان، خومەینی درکی بەوە کرد کە فەقیهـ هەر دەبێ هێزی هەبێتو بە تەنها خۆی بتوانێت بیانجووڵێنێت، هەروەها ویلایەتی فەقیهـ تیۆرییەکی بێبەها دەبێت ئەگەر فەقیهـ بۆ بەدیهێنانی پرۆژە و دیدگاکانی، هێزی پێویستی لەبەردەستدا نەبێت. بۆیە بیرۆکەی هاوبەشی نێوان فەقیهو سوڵتانی هەڵوەشاندەوە و پشتی بە تاکلایەنی فەقیهـ بەست: "فەقیهـ سوڵتانە، سوڵتانیش فەقیهە". هەر بۆیە گرنگترین بڕیاری شۆڕشگێڕانەی خومەینی بریتیبوو لە دامەزراندنی سوپای پاسداران بە پێکهاتەی ناسنامەی ئاڵۆزەوە، کە لە جەوهەری بیروباوەڕە مەزهەبیو سیاسییەکانیەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە بە ئایدۆلۆژیاکردنی ناوخۆ و وروژاندنی لایەنگرە مەزهەبییەکانیش لە دەرەوە بەشداربوو. بەجۆرێك ساڵی (1979) بە ساڵی ڕابوونی بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسی دادەنرێت، نەوەکو تەنها لە ئێراندا، بەڵکو لە ناوچەکەدا بەگشتی، چونکە لە هەمان ساڵدا جوهەیمان پەلاماری کەعبەی دا [(2)]، بزاڤە توندئاژۆکان لە میسرو سووریاش هەڵکشان، ناوچەکەش چووە ناو ململانێیەکی عەقیدەیی و مەزهەبییەوە کە شوێنەوارە ئایینی و سیاسییەکانی تا ئەمڕۆش لە دیمەنی سیاسیمو ئایینیدا هێشتا بەردەوامن. لەوانەیە ئەم جموجووڵانە بووبێتە هۆی دامەزراندنی کەتیبەی چەکداری نادەوڵەتی نیشتیمانی دیکەی وەکو سوپای پاسداران.

خومەینی کاری لەسەر ئەوە کرد کە سوپای پاسداران تەنها لەژێر دەستی خۆیدا بێت، تەنها ڕابەری باڵا دەسەڵاتی لابردن و دامەزراندنی سەرکردەکانی هەبێت، بەم کارەش لە سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی جومگەکانی دەوڵەتدا بەشداربوو، هەروەها ڕێگەی لە هەر هەوڵێکی کودەتا لەلایەن سوپای نیزامیەوە بەسەر سیستەمی ویلایەتی فەقیهدا گرت، لەدۆخێکدا ئەگەر هاتوو هەر ئاڵۆزییەکی ناوخۆیی یان دەرەکی ڕوویبدات.

ئەم جیاکارییە لەنێوان سەرکردەکانی سوپاو سوپای پاسدارانداندا، تەنانەت لەنێوان فەیلەقەکانی سوپای پاسدارانیشدا کە هەندێکیان لەلای ڕێبەری باڵا خاوەنی هەژموونێکی بێشومار بوون لە نموونەی قاسم سولەیمانی، بووە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی ڕێبەر بەسەر جومگەکانی هێزی ڕەق لە وڵاتدا، هەر ئەو هۆکارەش وایکردووە هەر هەوڵێکی وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەو هێزانە ئەستەم بێت، هەرچەندە پەیوەندی

هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە لە دۆخی ڕکابەریدایە و بەپێی هەندێك لە چاودێرانیش لەوانەیە بگاتە دۆخی ڕقەبەرایەتی، بەڵام سەرکردە سەربازییەکان بەردەوام هەوڵی هێورکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان سوپای پاسداران‌و سوپا دەدەن [3].

خومەینی لە ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەسەڵاتی سەربازیی دەوڵەتە نیشتیمانییەکانەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، درکی بەوە کرد پێویستە ڕووبەڕێکی گەورە لەنێوان سەربازانی ئێران و هاوتا ڕۆژئاواییەکانیاندا هەبێت، ئەم پەیوەندییانەش بۆ چوارگۆشەی هاوکاری ستراتیژی لە دۆسیەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوچەکە و سەرپەرشتیکردنی سەربازیی ناگوێزرێنەوە. ئەمەش سەربەخۆیی لە بڕیاری ستراتیژی و جەنگی بەدەر لە ویستی ڕۆژئاواییەکان بۆ سەربازانی ئێرانی دەستەبەرکردووە، بەهەمانشێوە بەشدارییەکی زۆری لە هێشتنەوەیان لەژێر سایەی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی‌و دیدگاکانی ویلایەتی فەقیهدا کردووە، ئەم پەیوەندییەش هێشتنەوەی دەسەڵاتی دەستەبژێری ئایینی بەسەر سەربازانی ئێرانیدا زامن کردووە. ڕێبەری باڵاش مکوڕە لەسەر بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتە ئاسنینەی بەسەر سەربازان و هێشتنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی لە لابردن‌و دانانی سەرجەم سەرکردە سەربازییەکاندا، سەرباری نزیکایەتی تەواوەتییان لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو ناسنامەی دەوڵەتدا.

هێزە سەربازییەکانی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە جەنگەکانی پەلهاویشتن‌و فراوانخوازی ئایدۆلۆژی لە ناوچەکە و کۆمەککردنی میلیشیا مەزهەبیەکانی هاوشێوەی هێزە قزڵباشەکان لە ڕابردوودا بەشدارییانکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی هەژموونی ئایدۆلۆژی‌و فراوانخوازی ئەندامانی سوپای پاسداران، سەرباری ئەوەی ئەم پەلهاویشتن‌و جەنگە دەرەکیانە بووەتە هۆی خاڵیکردنەوەی توانای تورەیی‌و ستەمدیدەیی‌و مەزهەبی کە پێکهێنەری بیروباوەڕی سوپای پاسدارانن.

هەموو ئەوانەش وایکردووە ڕێبەری باڵا لەبارەی سوپای پاسدارانەوە خاوەنی قسەی یەکەم‌و کۆتایی بێت، هەروەکو لویسی چوارەمی شای فەرەنسا وتی: دەوڵەت منم، شا وتی: سوپا منم[4]، کەواتە ڕێبەری ئێران بەهۆی واقیعی نوێوە، بووەتە سوپا و دەوڵەت پێکەوە.

**٢- دیاریکردنی ئایدۆلۆژی بۆ پێشخستنی ئەرکەکانی ویلایەت**

ڕژێمی ئێرانی بۆ پەیوەندیکردن بە سوپای پاسدارانەوە چەندین مەرجی سەختی داناوە، کە وەلائیان بۆ حکومەتی ئیسلامی زامن دەکات. ئەو مەرجانەش وادەکات ئەو ئەندامانەی دێنە ناو سوپای پاسدارانەوە لەناو دەستەبژێری ئایینی دەسەڵاتداربن

نەوەکو لە نەیار و ئۆپۆزسیۆنە سیاسی و ئایینییەکان بن، ئەمەش پابەندبوونی تەواوەتی بە فەلسەفەی بیستنو گوێڕایەڵی (السمع و الطاعە) لەنێوان شێخ و مورید بەگوێرەی ئەدەبیاتی سۆفیگەری، لەنێوان فەقێی و شوێنکەوتوو بەپێی بنەماکانی فیقهی شیعی، لەنێوان سەرباز و فەرماندە بەپێی بنەما سەربازییەکان مسۆگەر دەکات. ئەم سێگۆشەیە – کە دەستەبژێری ئایینی لە پێکهێنانی سوپای پاسداران و وەرگرتنی ئەندامان پەیڕەوی دەکەن- سوپای پاسدارانی وەکو ڕووی سەربازی ئەم دەستەبژێرە بەهێزکردووە، بەهیچ جۆرێکیش لێی جیاناکرێتەوە.

لەو مەرجانەی بۆ پەیوەندیکردن بە هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە دانراون: بڕوابوونی تەواوەتییە بە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی، باوەڕبوونە بە ویلایەتی فەقیهـ لە ڕووکەش و لەناخدا، نابێت سەر بە هیچ حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی بێت (ئەندامانی سوپای پاسداران بەپێی ماددەی (48) لە پەیڕەوی ڕێکخراوەیی سوپای پاسداران مافی ئەوەیان نییە ببنە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی)، دەبێت ژیانو ڕەفتاری باش بێت[5].

ئەم مەرجانە دوای دامەزراندنی کەتیبە شۆڕشگێڕییەکان هاتن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەندامانی ئایدۆلۆژیست بوون، زۆرینەیان لە کردەوە سەربازییەکانی دژی ڕژێمی شا بەشداربوون، ئەوان بە عەلمانییەکانو نەیارانی ویلایەتی فەقیهیان دەگوت "مونافیقەکان: دووڕووەکان"، ئەم چەمکە هەتا ئەمڕۆش دژی هەر کەسێك بەکاردەبرێت کە ڕەخنە لە هێڵی ڕەوتی وەلائی یان خراپ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەڕووی سیاسی و ئایینییەوە بگرێت.

ڕژێم هەوڵیداوە پارێزگاری لە تایبەتمەندی ئایدۆلۆژیو شۆڕشگێڕی ئەندامان بکات، ئەوەش دوو مەرجی بنەڕەتین کە پەیڕەوی ڕێکخراوەیی سوپای پاسداران هەوڵی زامنکردنیان دەدات.

فەلسەفەیەکی پەنهان لەپشت خومەینی و دەستەبژێرەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئایدۆلۆژیستی سوپای پاسداران هەیە، ئەو فەلسەفەیەش بە دیدگای ئایینیو سیاسی خومەینییەوە چەسپاوە، کە بریتیە لەوەی سوپایەکی نیشتیمانی نائایدۆلۆژی ناتوانێت پارێزگاری لە پایەکانی ناسنامەی دەوڵەت بکات، بۆیە هەڵبژاردنی ئەندامانی سەر بە سوپای پاسداران گرنگییەکەی لە دامەزراندنی خودی سوپا پاسداران کەمتر نییە.

بەگوێرەی دیدگای ئایدۆلۆژی ڕژێم، ناکرێت کەسێکی "تێکدەر" پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە بکات، بەڵکو هەر دەبێ کەسانی "چاك" کە ملکەچی ڕێبەر و ویلایەتی فەقیهن وەربگیرێن. چارەسەرەکەش خۆی لە پێکهێنانی هۆشیاری و عەقڵی ئەو کەسانەدا دەبینێتەوە

کە دەچنە ڕیزی سوپای پاسدارانەوە، لە دەرەنجامی ئەمەشدا ڕژێم بۆ زامنکردنی بوونو بەردەوامیدان بەو مەرجانە و بۆ دەرچوواندنی ئەندامانی سوپای پاسداران، ژمارەیەك كۆلێژی تایبەتی دامەزراندووە. هەروەها بۆ ڕەگ داکوتانی بیرۆکە و بنەما ئیسلامییەکانی ئەندامانی، سوپای پاسداران ژمارەیەك ناوەندی توێژینەوەی دامەزراندووە، وەکو: پەیمانگەی توێژینەوە ئیسلامییەکان لە سوپای پاسداران، ئەرکەکانیشی بریتین لە: توێژینەوە لە بواری زانستە ئیسلامیو مرۆییەکاندا، نووسینەوەی دەقە فێرکارییەکان لە بواری ڕەوشت و بیروباوەڕدا، توێژینەوەی مێژوو، زانستە سیاسییەکان، ئامادەکردنی پرۆگرام[6].

لە هەر لقێکی سوپای پاسدارانیشدا فەرمانگەی تایبەت بۆ سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی ئایینی و هۆشیاری سیاسیو ئایینی دامەزرێنراون، سەرباری بوونی نوێنەرانی ڕێبەری باڵا لە هەموو لقەکانی سوپای پاسداران –هەروەها سوپا-ئەو فەرمانگانەش هاوشێوەی ناوەندەکانی بیرکردنەوەن کە پلانی ستراتیژی بۆ بابەتە عەقیدەیی ئایینیو مەزهەبیو سەربازییەکان بۆ ئەندامانی سوپای پاسدارانو دامەزراوە سەربازییەکان دادەنێن، بەجۆرێك لەگەڵ: دیدگای ڕێبەری باڵا، ناسنامەی دەوڵەت، وەرچەرخانە ئایینیو سیاسیەکان بگونجێت.

لەدیدارێکی نێوان حوجەتولئیسلام قەندەهاری بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئایینیو سیاسی لەوەزارەتی بەرگری، لەگەڵ حوجەتولئیسلام سەعیدی سەرۆکی نوسینگەی بیروباوەڕی سیاسی لە سەرکردایەتی گشتی هێزەکان، تاوتوێی بەرنامەکانی ڕێکخستنی بیروباوەڕی سیاسیيان لە وەزارەتی بەرگری لە ساڵی (2019) کرد. لەم دیدارەدا قەندەهاری ڕاپۆرتێکی تایبەت بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی فەرمانگەی بیروباوەڕی سیاسی لە وەزارەتی بەرگری و هەوڵەکانیان لە بوارەکانی: پاراستن و بەهێزکردنی بوارە هزرییەکان، لایەنی ڕەوشتی ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی ئێران" پێشکەشکرد، لەکاتێکدا سەعیدی ڕایگەیاند کار لەسەر ئەو بوارانە دەکەن کە بۆ برەودان بە شێوازی ژیانی ئیسلامی پێویستن[7].

لەگەڵ بوونی کۆلێژو ناوەندەکانی توێژینەوەی بیروباوەڕی سەر بە سوپای پاسداران کە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای ئەندامانی سوپای پاسداران بەهێزدەکەن، بەڵام دەستەبژێری ئایینیو ئاخوندە وەلائیەکان بە بەردەوامی سەرپەرشتی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکەن، لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای پاسداراندا بەشداری لە دیاریکردنی سیماکانیدا دەکەن.

## 3- سوپای پاسداران و ئەولەویەتی جیهاد بۆ دروستکردنی حکومەتێکی جیهانی

پیاو تا نەبێتە پاسدار تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت لە ژیانیدا، وەلائی تەواو نابێت، چونکە پاسدار هەڵگری

ئاڵای جیهادە و لەوپەڕی ئامادەباشیدایە بۆ شەهیدبوون لەپێناوی خوادا، ئەوەش بەرزترین پێگەی بەهەشتە کە بەڵێن بە بڕواداران دراوە.

لەم ئەدەبیاتەوە کە ئەندامانی سوپای پاسداران بڕوایان پێیەتی، دەکرێت سەرنجی ئەو ئاڵوگۆڕە زۆر و زەوەندە بکەین کە لە فیقهی نەریتی شیعەکان لەسەر دەستی خومەینی و سوپای پاسداراندا ڕوویداوە. ئەوەی لە فیقهی شیعەدا زانراوە ئەوەیە جیهاد تەنها دوای دەرکەوتنی ئیمامی مەعسوم هەیە، لێرەشدا مەبەست لە جیهادی سەرەتاییە نەوەکو بەرگری، چونکە تەنها مەعسوم مافی ڕاگەیاندنی جیهادی هەیە، تەنانەت ئەو ئاخوندانەشی کە مۆڵەتی جیهادی سەرەتاییان داوە –لە نموونەی مەرجەعی خوئی- لە بابی حوسبەوە مۆڵەتیان داوە نەوەکو لە بابی ویلایەتەوە، واتە مۆڵەتدان لەژێر سایەی ڕژێمی دەوڵەتێکی مەدەنیدا نەوەکو لەسایەی ڕژێمی ویلایەتی فەقیهدا[8].

ڕێبازی ئیمامی شیعی علیمانی تەنانەت لە بوونی مەعسومیشدا پارێزگاری لە مەودایەك لەنێوان بانگەواز و دەوڵەتدا دەکات، یان وەکو کارین ئارمسترۆنگ ناوی ناوە "عەلمانییەتی پیرۆز"[9]. ئەوە نەسەلمێنراوە هیچ یەکێك لە ئیمامە مەعسومەکان لەدوای ئیمام حوسێنەوە جیهادی بەرگریان زیاتر لە جیهادی سەرەتایی ڕاگەیاندبێت. تەنانەت لە سەردەمی سەفەوییەکاندا کاتێك دەوڵەتێکی مەزهەبییان دامەزراند، ئاخوندەکانی حەوزە جیهادیان لەدژی نەیارە سەفەوییەکان لەو کاتەدا ڕانەگەیاند، ئەگەر لەلایەن ئاخوندە فەرمییەکانیشەوە ڕاگەیەنرابێت ئەوا گوزارشت لە ڕەوتی ڕەسەن و میراتگران لە مەزهەبدا ناکەن.

بەڵام وەرچەرخانی گەورە کە لە سیستەمی فیقهی شیعیدا ڕوویدا، لەسەر دەستی بزاڤی نەریتی بوو کە خومەینی و ڕەوتی هێڵی وەلائی نوێنەرایەتییان دەکرد، ئەم ڕەوتە بەسەر نەریت و میراتی حەوزەدا بازیاندا، بەپێی فیقهی سەردەم و بەرژەوەندییەکان مامەڵەیان لەگەڵ واقیعی سیاسی و سەربازیدا کرد، زۆر بایەخیان بە گونجانی ئەو بژاڤانە لەگەڵ فیقهی جەعفەریدا نەدا، زۆرینەی دەرهاویشتەکان و پاساوە شەرعییەکانیان عەقڵانی و بەرژەوەندخوازانە بوون[10].

لە سەرەتای شەڕی ئێران عێراقدا، دەسەڵاتدارانی ئێران مەرسومێکیان دەرکرد کە ڕێگەی دەدا بە منداڵانی سەروو دوازدە ساڵ، بەبێ باوکیان بەشداری لە شەڕدا بکەن، چونکە لەژێر چاودێری وەلی فەقیهدان. دوای دەرچوونی ئەم مەرسومە دەیان هەزار هەرزەکار بەرەو بەرەکانی شەڕ کۆکرانەوە و پەرۆیەکی سووریان لەسەریان بەستبوو کە هێمایەك بوو بۆ شەهیدان[11].

خومەینی ئەوانی بە ئیمان حوسێن چوواند، دەمرن تاوەکو شاهێدی خۆیان لەسەر پێشنۆرەیی غەیب بدەن، بەڵام خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئوممەتیش دەکەن[12]. ئەمەش نزیکە لە چەکدارکردنی منداڵان و بەکارهێنانیان لە شەڕەکاندا لەلایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ەوە.

ئەوەش هەڵوێستێکی ڕاگوزەر یان بیرۆکەیەکی پەراوێزی خومەینی نەبوو، بەڵکو لە زۆرێك لە دوانەکانیدا دروشمەکان لەبارەی جیهاد و خوێن بەخشین دەبینین کە زامنی پاراستنی شۆڕش و دروستکردنی دەوڵەتن.

عەلی خامەنەئی ڕێبەری ئێستای ئێران لەمیانی ڕێزگرتنی لە قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، وتی: جیهاد لەپێناوی خوادا بابەتێکە بە هیچ پاداشتێکی دنیایی ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە. خودا سولەیمانی سەرخستووە کە چەندینجار لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمندا گیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە، لەپێناوی خواداو بۆ خودا جیهادی کردووە، هیوای ژیانێکی خۆش و لەکۆتاییدا شەهیدبوونی بۆ دەخوازین نەوەکو لەئێستادا، چونکە ئێران بۆ چەندین ساڵی دیکە پێویستی پێیەتی[13].

کارەکانی سولەیمانی لە سووریا و عێراق و ناوچەکە کە بوونە هۆی ڕشتنی خوێنی هاوڵاتیان، بە تێڕوانینی خامەنەئی "جیهادە لەپێناوی خوادا". لەکۆتایدا هیوای شەهیدبوونیشی بۆ دەخوازێت، دوای ئەوەی خزمەتی زیاتر پێشکەش بە ئێران دەکات!

لەلای دەستەبژێری دەسەڵاتداری ئێران ئەوە خەملێوە کە تەنها ڕێگە بۆ پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و مەزهەب خوێنە، بەگوێرەی یەکێك لە سەرکردەکانی فەیلەقی قودس شەهیدان پارێزگاری لە ڕێبازی ئیمام حوسێن دەکەن، بە بەرەکەتی خوێنی ئەوان هێزی ڕژێمی ئێران لە ناوچەکە و لە جیهاندا زیادیکردووە[14].

لێرەدا جیاوازییەك لە تێگەیشتن لە جیهاد و لە بەکارهێنانیدا هەیە، ئەم فەلسەفەیە ڕشتنی خوێنی نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەلاوە پەسەندە، بە جیهادکردن لەپێناوی خواو بەفشار خستنە سەر قەوارەی موونافیقانی دەژمێرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕژانی خوێنی ئەندام و فەرماندەکانی سوپای پاسداران لەلایەن دوژمنان و نەیارانەوە بە شەهیدبوون لەپێناوی خوادا دەژمێرێت. بە ڕێگەیەکی دەزانێت بۆ پاراستنی دەوڵەت و شۆڕش و هەوڵدان بۆ حکومەتێکی جیهانی کە ڕێگە بۆ دەرکەوتنی مەهدی خۆشدەکات، چونکە جگە لەم دوو ڕێگەیە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە: ڕشتنی خوێنی دوژمنان، ڕژانی خوێنی "شەهیدان"!

ئەم فەلسەفەیە ئێرانییەکان والێدەکات بەردەوام لە حاڵەتی شۆڕش‌و بزاوتندا بن، نەیار و شەڕ دروست بکەن، لە ناوخۆو دەرەوەی سنووردا ئامادەبن بۆ پێکدادان، لەوانەیە ئەمەش سیاسەتێکی بەئەنقەست بێت لەلایەن ڕژێمەوە وەکو جۆرێك لە هەناردەکردنی کێشەکان بۆ دەرەوە، بەلای کەسانی "موجاهید"یشەوە ڕزگاربوونە لە سەرپێچی‌و تاوان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئیمامی مەعسومە، لەهەمانکاتیشدا "هەڵاتنە لە بێزاری و تەنگەلانی تاریکی ژیان"[15].

**4- پاسدارو دۆخی جیهادی ئێرانی**

پەیوەستن بەوەی کە دەکرێت بە جیهادی ئێرانی ناوببرێت، دوو خاڵ هەن کە ناکرێت لەم چوارچێوەیەدا لێی بێئاگا بین، ئەوانیش ئاستی بیر و بۆچوونە هاوبەشەکانی نێوان سوپای پاسداران‌و ڕێکخراوە توندئاژۆکانە، وەکو: ڕێکخراوی قاعیدە و ئەوانیتر. دووەمیش: ئاستی کردارییە لەسەر زەوی.

**١- یەکتربڕی هزری لەنێوان سوپای پاسداران‌و کۆمەڵە توندئاژۆکاندا:**

کۆمەڵە توندئاژۆکان لەگەڵ سوپای پاسداران لەچەند خاڵێکی ناوەندیدا هاوبەشن، کە لە تێڕوانینی ئەو قەوارانەوە بۆ فیقهی جیهاد لە سیستەمی ئاییندا سەرچاوەی گرتووە، هەردوو لایان هەوڵی دروستکردنی "حکومەتێکی جیهانی" دەدەن، هەردولا هەوڵی ڕزگاربوون لە سنووری دەوڵەتی نیشتیمانی دەدەن، هەردووکیان بەدوژمنی نزیك بەبێ دوژمنی دوور دەستپێدەکەن، هەردووکیان خۆیان کردووە بە وەلی‌و جێنشین بەسەر تەواوی مسوڵماناندا.

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنی نزیك لە بزوێنەرە پەنهانەکانی کردارەکانی سوپای پاسدارانە، بۆیە ئەندامانی سوپای پاسداران لە عێراق و سووریا و یەمەن دەبینرێن، ئەمەش لەسەر حیسابی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی دوورە، ئیدی ئەو دوژمنە ئەمریکا یان تەنانەت ئیسرائیل بێت کە لەوانەیە هەڕەشەی پێکدادان لەگەڵ سوپای پاسداران بکەن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەسەر زەوی ئەنجام بدەن. لە ئەدەبیاتی دەستەبژێری ئایینی‌و سەرکردەکانی سوپای پاسداراندا، بەردەوام دەبینین کە ڕێگە بۆ قودس بە حەلەب‌و بەغداو کەربەلاو سەنعا دەستپێدەکات، بەڵام لە قودسەوە دەست پێناکات!

بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئێستا نەبێتە دوژمنی نزیك بۆ گەلی ئێران، هەروەکو لە سەردەمی شادا بەلای شۆڕشگێڕان و خومەینی و هاوڕێکانییەوە وابوو، حکومەتی ئێستای ئێران کار لەسەر ئەوە دەکات دژومنی نزیك لەناوخۆی ئێراندا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بێت بە تەواوی ڕەنگەکانییەوە یان وەکو لە میدیاکانەوە پێیان دەڵێن "مونافقین"، لە دەرەوەش ئەو کەسانە بن کە هەژموونی ئێران ڕەتدەکەنەوە ئیدی سوننە بن یان شیعە.

**ب. هاوکاری سەربازیی نێوان سوپای پاسداران و قاعیدە:**

لەو فەلسەفەیەی پێشووەوە، هەروەها لە دیدگای هەریەکەیانەوە –کۆمەڵە توندئاژۆکانو سوپای پاسداران- بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی، هەروەها دیدگای هەریەکەیان بۆ دەوڵەتی نیشتیمانی، هاوکاریو دابڕانی هزری دروست دەبێت، کە لەنێوان ئەوپەڕی سوننەی ڕاسترەو ئەوپەڕی شیعەی ڕاسترەو زۆر دوور دەردەکەوێت، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆر نزیکن، لەسەر ئاستی مەبەستو گۆشەنیگا دوورن، بەڵام لەسەر ئاستی ئامانجو ئامرازەکان لەیەك نزیکن.

بەهۆی ئەو بەڵگەو دیکۆمێنت و دانپێدانانەی بڵاودەکرێنەوە، ڕاستییەك هەیە ناتوانین پشتگوێی بخەین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئاشکراتر دەبێت، ئەویش ئەوەیە هاوکارییەکی بەتین لە نێوان پاسداران و کۆمەڵە توندئاژۆ سوننە و شیعیەکاندا هەیە. بەجۆرێك سوپای پاسداران میلیشیا تائیفییەکان و بزوتنەوە سنووربڕەکان لە شیعەی ئەفغانستان و ئەوانیتر لە ئامێز دەگرێت، هەروەها سەربازگەی ڕاهێنانی ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە و ژمارەیەك لە سەرکردە هەڵاتووەکانی ڕێکخراوەکەش لە ئەفغانستان لەدوای داگیرکاری ئەمریکا، لە ئامێز دەگرێت.

لەم جۆرە هاوکارییەدا، سوپای پاسداران ئامانجی ستراتیژی خۆیان هەیە، ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران بڕوای بە سنووری دەوڵەتی نیشتیمانی و سیستەمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ نییە، سەرباری ئەوانەش –بەگوێرەی واقیع- ناچارە پارێزگاری لە سنووری دەوڵەتی ئێران بەو شێوەیەی ئێستای بکات، بە چاوپۆشین لە تەماحکارییە ئایینددییەکان یان ڕۆمانسیەتی ئایدۆلۆژی کە بۆ فراوانخوازی ئیمپراتۆرییانە هاوشێوەی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی پێشوو بڕوای پێیەتی، بۆیە بۆ پاراستنی ناوەندەکەی لە تاران لە دەرکەوتنی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، بوون و دیدگا و پەلهاویشتنی خۆی فراوان کردووە، هەروەها هەوڵی دروستکردنی قووڵاییەکی ستراتیژی بۆ دەوڵەتی ئێران لە دەرەوەی سنوور دەدات. ئەم قووڵاییەش لەڕێگەی دەستوەردانی سەربازیی یان بە تەنها پاڵپشتی میلیشیا شیعییەکان نابێت، بەڵکو لە فراوانکردنی دنیابینی ئەم قووڵاییە ستراتیژییە و بە ئایدۆلۆژیکردنێتی، هەروەها لەپێناوی زامنکردنی بەردەوامی دڵسۆزی و بەردەوامیدان بە کۆنترۆڵکردنیان، لە هەوڵی گۆڕینی دڵسۆزی مەزهەبی –نەوەکو تەنها سیاسی- بۆ تارانە.

دەستەبژێری ئایینی دەستوەردانە دەرەکییەکانی سوپای پاسداران بە دیمەنێکی "شۆڕشگێڕی"و "جیهادی" دەناسێنێت. سوپای پاسدارانیش لە سووریا و یەمەن و شوێنەکانی دیکە وەکو ئەرکێکی جیهادی پیرۆز لێی دەنوارن، کە ناکرێت ڕەخنە یان گومان لە ئامانجەکان و پاشهاتەکانی بکرێت.

سەعید قاسمی یەکێکە لە سەرکردە گەورە خانەنشینەکانی سوپای پاسداران، دەڵێت: سوپای پاسداران پاڵپشتی هێزە جیهادییەکان لە بۆسنە دەکات، ئەوانیش هاوپەیمانییان لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە کردووە. بەوتەی خۆی: لەژێر سایەی مانگی سووردا بەرەو بۆسنە رۆیشتین، لەوێ راهێنانمان بە هێزە جیهادییەکان دەکرد و لەگەڵ قاعیدە بووین (16) یەکەی جیهادیمان لەگەڵ تەواوی جیهادییەکان لەجیهاندا دروستکردووە[16].

حوسەین ئەڵلاکەرەم کە یەکێکە لە سەرکردەکانی سوپای پاسدارانو ئێستا سەرکردایەتی گرووپی "ئەنسار حیزبوڵلا" دەکات، لێدوانەکانی سەعید قاسمی پشتڕاست دەکاتەوە، گرووپەکەی ناوبراو یەکێکە لە گرووپەکانی فشاری نزیك لە رێبەری ئێران عەلی خامەنەئی[17]. ئەم لێدوانانەش بووەتە مایەی وروژاندنی توندڕەوەکانو دەستیانکردووە بە توندکردنی هەڵوێستەکانیان[18]، وا لێکی دەدەنەوە کە جەختکردنەوەیە لە لێدوانەکانی ئیدارەی ئەمریکا لەبارەی دانانی سوپای پاسداران لەسەر لیستی تیرۆر، پەیوەندییەك کە تا ئێستاش دەستەبژێری دەسەلاتداری ئێران رەتیدەکەنەوە.

وتەبێژی فەرمی بەناوی سوپای پاسداران ئەو لێدوانانە رەتدەکاتەوەو دەڵێت: لێدوانەکانی سەعید قاسمی ئەفسەری خانەنشین لەبارەی بەکارهێنانی مانگی سوور وەکو رووپۆشێك بۆ پرۆسەکانمان دوورە لە راستییەوە[19]. هەروەها مانگی سووری ئێرانی ئەو لێدوانانەی رەتکردەوەو لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سکاڵایەکی فەرمی لەدژی قاسمی تۆماردەکەن، جەخت لەوەش دەکەنەوە ئەو رێوشوێنەی کە قاسمی باسیدەکات بەبێ رێگەپێدان یان هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەکەدا بووە[20].

بەهەرحاڵ واقیع جەخت لەوە دەکاتەوە ئێران تەنها بە هاوکاری لەگەڵ قاعیدە نەوەستاوە، وەکو قاسمی لە لێدوانەکانیدا باسی دەکات، بەڵکو دوای داگیرکردنی ئەفغانستان، ئێران داڵدەی سەرکردەکانی رێزی یەکەمی لە رێکخراوەکە داوە، زۆرێکیان تا ئەمرۆش لە ئێران دەژین، هەندێکیشیان لە بەجێهێنانی کاری "جیهادی"و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی رێکخراوەکە لە ناوخۆی ئێراندا بەردەوامن، لە نموونەی جەعفەر ئۆزبەکی [21]، کە بەشداریکردووە لە پشتیوانیکردنی بەرەی نوسرە لە سووریا کە لەسەر قاعیدە دەژمێردرێن، هەرچەندە لە ئێران دەژێت [22]، لەگەڵ دەیان سەرکردەی دیکەی ئەلقاعیدەدا[23].

## دووەم: ئەرك و رۆڵە ئایدۆلۆژییەکان

سوپای پاسداران لەرێگەی بونیادە ئایدۆلۆژییە توندەکەیەوە رۆڵێکی دیاری لە ئێراندا گێڕاوە، دەکرێت لەرێگەی ئەم خاڵانەوە ئەو رۆڵە روون بکرێتەوە:

**1- چەسپاندنی ئەرکەکانی ویلایەت:**

ئەگەر هێزە قزڵباشە شۆڕشگێڕەکان بەشدارییان کردبێت لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و سەپاندنی هەژموونی بەسەر هەرێمەکانی فارسدا[24]، ئەگەر فەیلەقە بیانییەکان –بەدەربڕینی ستانلی بۆلی ڕۆژهەڵاتناس- لە چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەتی فاتیمی شیعی لە میسرو لەناوبردنی مەڵبەندەکانی یاخیبوواندا بەشدارییان کردبێت [25]، ئەوا سوپای پاسداران ناونیشانی قۆناغی ئێستای دەوڵەتی ئێرانی هاوچەرخە، چاکەی چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەتیش ڕاستەوخۆ لەدوای شۆڕشەوە، هەروەها لە کاتی مانگرتنە جەماوەرییەکان لە ساڵەکانی (1999، 2009، 2017، 2018) هەر بۆ سوپای پاسداران دەگەڕێتەوە.

بەسود وەرگرتن لە مێژوی نزیکی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە (1979)، کە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی تیایدا بەشداربوون، پاشان هەڵایسانی پرۆسەکانی تیرۆرکردن و پێکدادانە فراوانەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، کە سەرکردەی تەواوی ڕەوتە ئایینی و سیاسیەکانی گرتەوە، خومەینی لێبڕاوانە بیری لە شێوازی پاراستنی شۆڕشەکە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە کردەوە، لەڕێگەی هێزە لایەنگر و ئایدۆلۆژیستەکانەوە کە بڕوایان بە فیکرو ناوەندگەراییو سەرکردایەتیکردنی ئەو هەبوو، بەتایبەتی دوای لایەنگری زۆری سەرکردەکانی سوپا بۆ شا، ئەوانی دیکەش بێلایەنانە وەستان.

سوپای پاسداران لە سەرەتاوە بریتیبوون لە گرووپە جەماوەری و گەنجە شۆڕشگێڕەکان کە پێشینەیەکی بزاڤی حەوزەیی‌و دینداریەکی نەریتییان هەبوو، ئەرکیان پارێزگاریکردن و پاراستنی گەڕەکەکان بوو، پاشان ئەو هێزانە بوونە بەرپرسی پاراستنی ئاسایشی خومەینی[26]، دوای سەقامگیربوونی لە قوتابخانەی عەلەوییەدا بەدەم پێداویستییەکانەوە دەچوون، ئەم هێزانەش لە نیسانی (1979)دا بەفەرمانی خومەینی دروستکران[27]، بەوتەی یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای پاسداران، یەکێك لەو هەڕەشانەی کە دوای شۆڕش دوچاری هاتن ”تیرۆرکردنی کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان بوو، لەوکاتەوە گرووپی پاسەوانی و پارێزگاری لە کەسایەتییەکان دروستکرا، بەر لەوەی سوپای پاسداران بە فەرمی دابمەزرێت“. [28]

ئەم کۆمەڵە و کەتیبە شۆڕشگێڕانە توانیان پایەکانی ڕژێمەکە لەدژی نەیارەکان بچەسپێنن، هەروەها لەو ململانێیەی کە هاوشێوەی شەڕی ناوخۆ بوو لەنێوان ڕەوتی وەلائی لایەنگری خومەینی و هاوڕێیانی شۆڕش لەگەڵ کۆمەڵە عەلمانییەکانو سوپای پاسداران، توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن

[29]. هەروەها لەململانێی نێوان پاشماوەکانی شاو ڕەوتی وەلائیشدا سەرکەوتوو بوون [30]. هێزەکانی سوپای پاسداران دەستیان بەسەر هەموو کۆکاگانی چەك‌و تەقەمەنیدا گرت، هەموو ئەو کەسانەشیان دەستگیرکرد کە چەکیان شاردبووەوە، چەکیان تەنها لە دەستی دەوڵەتدا هێشتەوە کە خۆی لە هێزە ئەمنییەکانی سەر بە ڕەوتی وەلائیدا دەبینیەوە [31]. کارەکەشیان لە بەرژەوەندی باڵی خومەینی یەکلاکردەوە.

ئەمە لەسەر ئاستی چەسپاندنی پایەکانی ڕژێمەکە لەڕووی سیاسی‌و سەربازییەوە، یان چەسپاندنی باڵێك لە باڵەکان کە کۆنترۆڵی نەیارانی دەکرد. بەڵام ئاستێکی دیکە هەبوو کە گرنگی لە ئاستی پێشوو کەمتر نەبوو، کەتیبە شۆڕشگێڕەکانیش کاریان لەسەری کرد کە بریتیبوو لە چەسپاندنی: ئایدۆلۆژیاو کولتوور، بنەماکان، بیروباوەڕی ڕژێمی نوێ لەناو کۆمەڵگەدا، بۆیە لە سەرەتای شۆڕشدا سەدان کەس بە تۆمەتی "ڕەفتاری نائیسلامی" لەسێدارەدران [32]. هەندێك لەو گرووپە شۆڕشگێڕانە بۆ فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە دابەزینە سەر شەقامەکان، ئەوەش بووە هۆی تەنگ پێهەڵچنین بە زۆرێك لە ژنان‌و گەنجان [33]. دوای دامەزراندنی سوپای پاسداران بەو شێوەیەی ئێستاو گەشەکردنی کاروبارەکانیان، لەسەر ئەو کارە نەمانەوە و ئەرکی خۆیان بۆ پاراستنی ئیسلامیزمی دەوڵەت و ناسنامەکەی تەرخانکرد، بەر لە ئەرکی پاراستنی سنوور، چونکە جەوهەری ئاسایشی نەتەوەیی لە بیروباوەڕی سوپای پاسداراندا تەنها لە خاکی دەوڵەت و سنوورەکەیدا نامێنێتەوە، بەڵکو فراوان دەبێت تاوەکو ڕژێمی ئیسلامی و شۆڕش و پاشان ویلایەتی فەقیهیش دەگرێتەوە.

### 2- پاڵپشتیکردنی دیدگای فەلسەفی و بژاردە فیقهیەکانی ڕژێم لەناوخۆدا

سوپای پاسداران لە چەسپاندنی تێزە فەلسەفییەکانی ڕژێم‌و بژاردە فیقهییەکاندا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا، کە گریمانەی ئەوە دەکرا تەنها گومانێکی ئیجتیهادی هەبێت لەسەر حیسابی تێزی ڕەوتە دژبەرەکان، یان تەنانەت ڕەوتە چاکسازیخوازەکان کە هەوڵی چاکسازییەکی پلە بە پلەیان لەناوخۆی ڕژێمەکەدا دەدا. هێزی سوپای پاسداران بەشێوەیەکی بەهێز لەچەند قۆناغێکی یەکلاکەرەوەدا بەشداریکرد کە هەڕەشەیان لە خوێندنەوەی پەیڕەوکراوی دەستەبژێری ئایینی دەسەڵاتدار دەکرد، بۆ نموونە: خۆپیشاندانەکانی (1999)، هەروەها ئەوەی بە شۆڕشی سەوز ناودەبرێت لە (2009) و خۆپیشاندانەکانی (2017). هەموو ئەم ڕووداوانەش لەبناغەوە بنەما ئایدۆلۆژییەکانی دەستەبژێری ئایینی دەسەڵاتداری بە ئامانج گرتبوو.

هەر بۆیە هەندێك لە رووناكبیران رەخنە لەوە دەگرن كە بە "ویلایەت بەسەر كاروباری كولتووریدا" ناودەبرێت، داواكارن رژێم دەستوەرنەداتە بواری مەعریفە یان كاریگەری دانان لەسەر هزری بەكۆمەڵی نەتەوەی ئێرانی. بە گوزارشتی شەبستەری ئەم تیۆرییە "ویلایەت بەسەر كاروباری كولتووریدا" لەلایەن حكومەتەوە: بە تیۆریزەكردنی كردەوەی توندئاژۆیانە كۆتایی دێت، هەروەها رێگەدەدات بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی سەركوتكردن، بۆیە پێویست ناكات حكومەت كولتوورسازی كۆمەڵایەتی بەرێوەبەرێت، چونكە سپاردنی دانانی كولتوور بە حكومەت واتە قوربانیدان بە دیموكراسیەت لەسەر كوشتارگەی توانا، سپاردنی رۆشنبیركردنی خەڵكی بە حكومەت واتە لەسێدارەدانی رۆشنبیری و لەناوبردنی". [34]

ئەم سەرپەرشتیكردنەی كاروباری رۆشنبیری بەشێوەیەكی كرداری بە تیۆریزەكردنی توندوتیژی دەوڵەتی كۆتایی دێت. ئایەتوڵڵا میسباح یەزدی پێیوایە پێویستە هێز بۆ پاراستنی حكومەتی ئیسلامی بەكاربهێنرێت، تەنانەت ئەگەر لەلایەن نیوە زیاتری گەلیشەوە كارێكی بێزراو بێت. بەپێی وتەی ئەو: لە پاراستنی حكومەتدا چەندێتی پێوەر نییە، بەڵكو پێوەر ئەوەیە ژمارەیەك لە پەیرەوانی ئیمام (سڵاوی خوای لێ بێت)، یان ویلایەتی فەقیهی یاسایی، پشتیوانی خۆیان بۆ پارێزگاریكردن لە حكومەت دەرببڕن، هەندێكجار رێژەی ئەو كەسانە (90%) یان (50%) یان (40%)ە، بەڵام پارێزگاریكردن لە حكومەتی ئیسلامی بە –وەلی فەقیە- سپێردراوە و ئەویش پابەندە بە پاراستنی. لەبەرئەوەی كەسانێك هەن كە دەكرێت بەهۆی ئەوانەوە پارێزگاری لە حكومەتی ئیسلامی بكرێت، بۆیە هیچ ئەرزشێك بۆ چەندێتی دانانرێت" [35].

پێویستە حكومەت بەهەر شێوەو ئامرازێك بێت بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر بێت و پشتیوانانی تەنها (10%) گەلیش بن [36].

بەگوێرەی تیۆریسێنانی رەوتی وەلائی ئەگەر بێت و ئامانجە ئیسلامییەكان تەنها بەرێگەی توندوتیژی بەدیبهێنرێن، ئەوا ئەو كاتە توندوتیژی دەبێتە پێویستی [37]. نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو پێویستە لە دەرەوەی یاسا و بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا، كوشتار بكرێت [38]، بەمەبەستی پاراستنی "بەها ئیسلامییەكانی دەوڵەت" [39]. لێرەوە لە گرنگی سوپای پاسداران لەلای دەستەبژێری ئایینی دەسەڵاتدار دەگەین.

ئەم بابەتە تەنها بە تیۆری لەلای بیرمەندەكانی رژێم ناوەستێت، بەڵكو دەزووەكە دەگاتە لای سەركردە سەربازییەكانیش، بەگوێرەی بەیاننامەیەكی فەرمی دەستەی ئەركانی هێزە چەكدارەكان "هەرگیز رێگە نادەن بە ئاراستەكردنی لانیكەمی زیان گەیاندن بە رژێم لە دەرەنجامی

دەنگدانی گەلەوە. هێزە چەکدارەکان لەپێناوی پاراستنی سنووری جوگرافیی و سیاسی و بیروباوەڕی ئێرانی ئیسلامیدا، ئامادەن بە گیانی خۆیان قوربانی بدەن[40].

بەدەربڕینێکی ڕوون و ڕەوان، یاریدەدەری فەرماندەی سوپای پاسداران بۆ کاروباری سیاسی یەدوڵلا جەوانی دەڵێت: لەسایەی بوونی هەڕەشە ئاڵۆز و زیرەکەکاندا، ناکرێت سوپای پاسداران تەنها ڕۆڵێکی سەربازیی بگێڕێت، ئەو کەسانەی تەنها چاوەڕوانی ڕۆڵی سەربازیی لە پاسداران دەکەن، دەیسەلمێنن کە ئاگاداری ئەرك و پەیامەکانی سوپای پاسداران نین. شۆڕش لە ئێران لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەردەوام بەرەنگاری هەڕەشەکان بووەتەوە، هەندێك کەسی ناوخۆیی و دەرەکی هەوڵی دەرهێنانی ڕژێم لە ئێران لە ڕێڕەوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەدەن، ئاشکرایە سوپای پاسداران بەو پلانگێڕییانە دەزانێت و ڕژێمەکە لەهەمبەر ئەو هەڕەشانەدا دەپارێزێت[41].

بەوتەی لیوا جەعفەری فەرماندەی پێشوی سوپای پاسداران: بەپێی دەستوور سوپای پاسداران پارێزەری شۆڕشی ئیسلامی و دەستکەوتکانێتێ[42]. لیوا جەعفەری ئاماژە بە دەقی ماددەی (150) لە دەستووری ئێران دەکات کە ڕاشکاوانە باس لە ئەرکە ئایدۆلۆژییەکانی سوپای پاسداران دەکاتو دەڵێت: هێزەکانی سوپای پاسداران کە لە ڕۆژە سەرەتاکانی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا دامەزرێنراون، لەپێناوی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لە پاراستنی شۆڕش‌و دەستکەوتەکانیدا بەتوانا و بەجێگری دەمێننەوە".

ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامەنەئی لە وتارێکیدا بۆ ئەندامانی سوپای پاسداران ئاماژە بەم ئەرکە دەکاتو دەڵێت: بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوە گەورەکان، پارێزگاریی لە ئامادەسازی خۆتان بکەن، چونکە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سوپای پاسداران. سوپای پاسداران هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە هێڵی پێشەوەی بەرەنگاری ڕووداوە گەورەکاندا بووە. لەسەرەتای دروستکردنی سوپای پاسداران‌و دەستبەکاربوونیاندا بەرەنگاری ڕووداوە جیاوازەکان‌و ناکۆکییە نەتەوەییە هاندراوەکان بوونەوە کە لە سەرانسەری وڵاتدا ڕوویاندەدا، بەڵام سوپای پاسداران بەرەوپێش ڕۆیشت و ئامادەسازیی و تەیاربوونی خۆی سەلماند. بەدرێژایی ژیانی پیرۆزی ئیمام خومەینی، کاتێك جەنگی داسەپێنراو ڕوویدا (مەبەست شەڕی هەشت ساڵەی ئێران‌و عێراقە) سوپای پاسداران بەرەوپێشچوو، لەو ڕۆژەوە بەرەنگاربوویەوە و تەیاربوونی خۆی سەلماند. پاشتر لە ڕووداوەکانی دوای مردنی ئیمام خومەینی دا، لە ڕووداوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا، لە هاندانە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا لە هەر

کوێ بوو بێت و لە هەر شوێنێك ڕووداوێك هەبوو بێت، سوپای پاسداران سەلماندویەتی ئامادەی کارکردنە[43].

لەوتارێکی دیکەی خامەنەئیدا بۆ سەرکردەکانی سوپای پاسداران، ئەولەویەتیان بۆ دادەنێت و ئامۆژگاریان دەکات کە هۆشیاربن لەبەرامبەر هەژموونی کولتووری دوژمن کە لە هەژموونی تەناهی و ئابووری مەترسیدارترە، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی پلە بە پلەی بیروباوەڕەکانی گەل [44].

سوپای پاسداران هەوڵی گشتاندنی مۆدێلەکەی بەسەر باڵەکانیدا دەدات کە لە دەرەوە دایمەزراندونو سەرپەرشتیان دەکات وەکو: حەشدی شەعبی لە عێراق [45] و حیزبوڵڵا لە لوبنان [46].

### 3- دروستکردنەوەی ناسنامەو کولتووری ئێرانی

بەگوێرەی تیۆری ویلایەتی فەقیهـ، والی ویلایەتی فەقیهـ کاروباری کولتووری وڵاتیش لە ئەستۆدەگرێت، بۆیە زۆر لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و لە بیرمەندانی ئێرانی وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بێزارن لەوەی کە ناویان ناوە "ویلایەت بەسەر کاروباری کولتووریدا".

ڕۆڵی سوپای پاسداران تەنها لە پاراستنی ویلایەتی فەقیهـ یان ئەو کولتوورە دروستکراوەی لەو کاتەوەی خومەینی و هاوڕێکانی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە، ناوەستێت، بەڵکو فراوان دەبێت تاوەکو بەشداری سەرەکی لە دروستکردنی کولتووری ئێرانی و دەستوەردانی یەکلاکەرەوە لە بەرنامەی خوێندن لە قۆناغی بەر لە زانکۆ و لە زانکۆ و لە ئاراستەکردنی عەقڵی جەماوەر و یادەوەری بەکۆمەڵی گەلی ئێرانیشدا بکات. ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوودەدات تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لەوەی کە سەفەوییەکان پێشتر ئەنجامیان دەدا، ئەگەر سەفەوییەکان بۆ سەپاندنی شیعەگەرایی بەزۆر بەسەر خەڵکیدا هەڵمەتی فراوانیان ئەنجام دابێت، ئەوا ئەمڕۆ سوپای پاسدارانیش هەڵمەتی فراوانی ڕەقو نەرم ئەنجام دەدات، تاوەکو خەڵکی ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی مەزهەبیو تیۆرییەکی دیاریکراوی ناو مەزهەبێك وەربگرن، جگە لەوەش هیچ ڕاستی و فەلسەفەیەکی پوخت نابینن!

سەرکردایەتی سوپای پاسداران بڕوایان وایە بەشداریکردنی سوپای پاسداران لەم ئەرکەدا زامنی پاراستنی دەوڵەتە لە تاعونی "بە عەلمانیکردن"، هەروەها پاراستنی بنەما ئیسلامییەکانی شۆڕشو پەرەسەندنیەتی لەناو تانو پۆی گەلدا، ڕێگرتنە لە بەزایەچوونی چەمکە ئیسلامییەکانی تایبەتو پەیوەست بە شۆڕشو جیهادەوە، پاشان کێشە لە گەشەکردن و دابینکردنی توخمە ئایدۆلۆژییەکان بۆ سوپا و سوپای پاسداران سەرهەڵدەدات. بۆیە سوپای پاسداران

بەشداری لە پێکهاتنی کولتووریی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا دەکات، هەروەها بەشداری دەکات لە پێکهێنانی عەقڵی بەکۆمەڵی نەتەوەی ئێرانی بۆ دابینکردنی ئەندامانی بە ئایدۆلۆژیکراو لەسەر هەمان ئەو تەرزەی کە سەرکردەکانی سوپای پاسداران دەیانەوێت، ئەمەش لە ئامادەکردن‌و دروستکردنی ئەو ئەندامانەی پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە دەکەن کاتەکە کورت دەکاتەوە، سەرباری ڕاهێنانیان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەنجێتیدا، بەپێچەوانەی دەستپێکردنی پرۆسەکانی دواتری شیاندن، کە تەنها لەکاتی پەیوەندیکردنی ئەندامان بە سوپای پاسدارانەوە ئەنجام دەدرێت.

هۆکارگەلی دیکە هەن بۆ هەوڵی سەرکردەکانی سوپای پاسداران بۆ سنووردارکردنی ئەو فەرمانگانەی بڕوایان بە ویلایەتی فەقیهو ڕژێمی ئایینی لە وڵاتدا نییە، چونکە فراوانبوونی ئەو فەرمانگانە دەبنە هۆی فراوانکردنی کەلێنی کولتووری لەنێوان دەستەبژێری فەرمانڕەواو جەماوەردا، دەسەڵاتێکی لەم جۆرەش بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت، تەنها بە زەبروزەنگی تەواوەتی و شەکەتکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت نەبێت بە یەکسانی. بۆیە ڕێبەری باڵا بەردەوام ئامۆژگاری سەرکردەکانی سوپای پاسداران دەکات کە لە کۆمەڵگە نزیك ببنەوە، لە خەمەکانیان بگەن، لە وتارێکیدا بە سەرکردەکانی سوپای پاسداران دەڵێت: لەلای خەڵکی خۆشەویست بن، بەدەمیانەوە بچن و ڕەفتارتان لەگەڵ خەڵکیدا باش بێت و لە شانازیکردن بەخۆو دنیاویستی و ئەرستۆکراتییەت دووربکەونەوە، چونکە پاسداران لە دروستبوونیەوە لە دڵی خەڵکیەوە سەرچاوەی گرتوە[47].

ڕێبەری باڵا لە ئەیلولی (2011)، ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامیی دیاریکرد، کە هەندێکیان بەدیهاتوون، وەکو: خودی شۆڕشی ئیسلامیی و دامەزراندنی دامەزراوەی حکومەتی ئیسلامیی، هەندێك کاری دیکەی پێشووش ماون وەکو: پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامیی جیهانی "مامۆستایەتی جیهان"، شارستانیەتێکی ئیسلامیی جیهانی، کە هەردووکیان پشت بە ویلایەتی دەرەوەی سنوور دەبەستن، هەرچەندە ئێران فراوانبوون و پەلهاویشتنی لە عێراق، لوبنان، سووریا و وڵاتانی دیکەی هەرێمی بەدەستهێناوە. بەڵام لە لێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا فەرماندەی ئەو کاتی سوپای پاسداران لیوا جەعفەری – لە ئایاری -2015 دانی بەوەدانا لەم دوو بوارەدا نەیانتوانیوە پێشکەوتن بەدەست بهێنن: پێکهێنانی حکومەتێکی ئیسلامیی جیهانی، دامەزراندنی شارستانیەتێکی ئیسلامیی جیهانی. بەدیدی ئەو ئەم دواکەوتنە هەڕەشەیە بۆ سەر ڕیشەی شۆڕشی ئیسلامیی. بەزۆری کاتێك سەرکردە و ئەفسەرانی پاسداران لەسەر لایەنی ڕەوشتی و کولتووری لە وڵاتدا

سەرزەنشت دەكرێن و ئەوانیش تەواو بێزار دەبن، ئەو كارە هانیاندەدات تاوەكو داوای ئەنجامدانی گۆڕانكاری ڕیشەیی‌و جەوهەری لە قۆناغی خوێندنی زانكۆدا بكەن.

**4- بەدیهێنانی ئامانجە وەلائیەكانی دەرەوەی سنوور**

ئەركەكانی پاسداران تەنها ناوخۆی وڵات ناگرێتەوە، بەڵكو ئەندامانی سوپای پاسداران لە ڕووی ئایینی و مەزهەبییەوە بڕوایان وایە ویلایەتی ڕێبەری ئێران و پاشان كاریگەریان، بۆ تەواوی وڵاتانی ئیسلامی درێژ دەبێتەوە، نەوەكو تەنها بۆ هەموو شیعە. لێرەوە سوپای پاسداران لەگەڵ گرووپە توندئاژۆكانی ناوچەكەدا یەكتردەبڕن، ئەویش ئاڕاستەكردنی كردارە بەرەو ناوخۆی ئیسلامی نەوەكو بۆ دەرەوە، یان بۆ دوژمنێكی نزیك نەوەكو بۆ دوژمنێكی دوور، بەگوزارشتی ڕێبەری باڵاش كاركردی سوپای پاسداران سنوورەكان دەبڕێت.

ڕێبەری باڵا لە وتەیەكیدا بۆ سەركردەكانی سوپای پاسداران دەڵێت: پێویستە دیدگای گشتگیر بۆ جوگرافیای مقاوەمەت لە بیر نەكەن كە سنوورەكان دەبڕێت، پێویستە بە سنووری ناوچەكەمان ڕازی نەبن، خۆتان لەنێو چوار دیواردا قەتیس مەكەن و بایەخ بە هەڕەشەكانی ئەودیو سنوور بدەن. دیدگای گشتگیر كە سنوور دەبڕێت و بەرپرسیارێتیەكەی دەكەوێتە ئەستۆی سوپای پاسداران قووڵایی ستراتیژی وڵات پێكدەهێنێت، هەندێك كات دەبێتە زیاتر لە پێویستترینی ئەركەكان، بەڵام هەندێك ئاوڕ بەلای ئەم دۆزەدا نادەنەوە[48].

لەم چوارچێوەیەدا چەندینجار سەركردەكانی سوپای پاسداران باسیان لە هیلالی شیعی كردووە، هەروەها باس لەوە دەكەن كە حەلەب و سووریا و عێراق سەر بە قەوارەی ئێرانی گەورەن، سەرەڕای دەستوەردانی سەركردەكانی سوپای پاسداران لە كاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی هەرێمیدا.

ئەم خەونەی ئێران لەدایكبووی ئەم چركەساتە نییە، بەڵكو لە سەرەتای شۆڕشەوە پلانی بۆ دانراوە، بەجۆرێك حەسەنێن هەیكەل لە سەرەتای شۆڕشەوە تێبینی پێكهاتنی ئەم دەریا شیعییەی كردووە كە بە سەرپەرشتی ئێران لە سنوورەكانی پاكستانەوە تاوەكو دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە[49].

ئەمەش هەموی بۆ بیروباوەڕی دەستەبژێری ئایینی ئەمڕۆی ئێران دەگەڕێتەوە، كە بڕوایان بە درێژكردنەوەی ویلایەتی فەقیهـ بۆ دەرەوەی سنووری ئێران هەیە، تاوەكو هەمو مسوڵمانان بگرێتەوە نەوەكو تەنها ئێرانییەكان یان شیعە لە ڕۆژهەڵاتو لە ڕۆژئاوادا. لەمبارەیەوە خامەنەئی دەڵێت: پێویستە لەسەر هەموو مسوڵمانان بە موجتەهیدان و مەرجەعە

گەورەکانیشەوە لە کاروباری گشتی مسوڵماناندا لەنێویاندا بابەتەکانی ئاشتی و جەنگ، گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیارەکانی وەلی ئەمری مسوڵمانان بکەن[50].

لێرەدا تێبینی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە دەکەین: (هەموو مسوڵمانان)، (وەلی ئەمری مسوڵمانان)، (کاروباری گشتی مسوڵمانان).

کۆبەندی قسە لێرەدا ئەوەیە سوپای پاسداران ڕووخساری سەربازیی و ئایدۆلۆژی دەستەبژێری ئایینی فەرمانڕەوایە و تەنها متمانە بەم هێزە دەکەن، لە وتاری خامەنەئی بۆ سەرکردەکانی سوپای پاسداران ستایشیان دەکات و ڕایاندەسپێرێت بۆ دیاریکردنی هەموو بابەتە ستراتیژییەکان لە سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆدا، هەروەها بۆ هەموو ئەو بابەتانەشی بە سیاسەتو ئایینیو ئابوورییەوە پەیوەستن[51].

سێیەم: ئاییندەی سوپای پاسداران و دەرفەتی تێپەڕاندنی ئایدۆلۆژیا

سوپای پاسداران دووچاری ئاڵەنگاری ڕاستەقینە دەبێتەوە، هەندێکیان پەیوەستن بە ئاییندەی ڕژێمەکە و کارلێکە ناوخۆییەکانی دوای چل ساڵ لە حکومڕانی، هەندێکی دیکەشیان پەیوەستن بە وەرچەرخانەکانی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی کە فشار دەخەنە سەر ڕژێم و دەوڵەتەکەش، دەکرێت ئاییندەی سوپای پاسداران لەڕێگەی ئەم خاڵانەوە ڕوون بکەینەوە:

**1- هەڵوێستی سوپای پاسداران لە ویلایەتی فەقیهـ**

لەبارەی ڕۆڵی سەرۆکی سوپای پاسداران لە دیاریکردنی ناوی ڕێبەری داهاتوودا، لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا تێزی زۆر دەخرێتەڕوو[52]، تەنانەت هەندێکیان ئەگەرەکانیان فراوانتر دەکەن تا دەگاتە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە وڵاتدا لەلایەن سوپای پاسدارانەوە[53]. یان فراوانکردنی ڕۆڵی سوپای پاسداران تاوەکو لە جومگەکانی دەوڵەتدا بەبێ دەستەبژێری سیاسیو ئایینی حکومڕانی بکەن.

هەندێك لەو نووسینانە بۆ ئەوە دەچن سوپای پاسداران هەوڵدەدەن تا خامەنەئی لەژیاندا بێت هەوڵی قایلکردنی بدەن، بەڵام دوای خامەنەئی خۆیان بە ناچار نابینن پابەندی ڕەهایان بە ویلایەتی فەقیهەوە هەبێت. هەڵگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە ئەگەر هاتوو پێگەی پیاوانی ئایینی لاوازبوو یان ویلایەتی فەقیهـ بە ڕەهایی پشتگوێخرا، ئەوا سوپای پاسداران ڕۆڵی ڕزگارکەر دەبینن. وادیارە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لەمپەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەزانن و گریمانەی ئەو سیناریۆیە دەکەن کە سوپای پاسداران کەناڵی پەیوەندی و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاواو تەنانەت ئیسرائیلیش دەکاتەوە، تاوەکو پشتگیری ئەوان بەدەست بهێنێت.

هەڵگرانی ئەم بۆچوونە بەتەواوی لەناوخۆی ئێران و تەنانەت لە سایكۆلۆژیای سوپای پاسدارانیش بێئاگان. لەم چوارچێوەیەدا باسكردن لە سوپای پاسداران وەكو بارستەیەكی ڕەق كە بە یەك هزرو بەیەك شێواز بیردەكەنەوە هیچ بەهایەكی نییە، چونكە نەزانینی ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران و بناوانی فیقهی و بیروباوەڕیان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم جۆرە گریمانانە تەنها وەكو سیناریۆ بمێننەوە، هیچ ئاماژەیەكی ئایینی یان سیاسی یان بژاڤێكی سەربازی پشتیوانی ناكات، كە سروشتێكی هاوپەیمانییەكی دیاریكراو یان شێوازێكی پێچەوانەی شێوازی وەلائی بگرێتەبەر.

سوپای پاسداران لە دەستەبژێری ئایینی حكومڕان جیاواز نییە، بەڵكو ڕووخساری سەربازیی ئەوانە، هەروەها ڕووی ئایدۆلۆژیست و باوەڕدارە بە ویلایەتی فەقیهـ، ئەندامانی سوپای پاسداران لە خوێندكارە دڵسۆزەكانی سەركردە ئایینییە دیارەكانی ئێستای ئێرانن، هەروەها لە شوێنكەوتوانی ڕێبەری باڵا عەلی خامەنەئین، زۆرینەی بەرپرسە سیاسیەكانی ئەمڕۆی ئێران لەو كەسانەن كە بۆ ماوەیەك لە ژیانیان لە سوپای پاسداراندا خزمەتیان كردووە.

تیۆری ویلایەتی فەقیهـ یان ئایدۆلۆژیای سیستەمی حوكم و دەستەبژێری ئایینی بەسەر سوپای پاسداراندا نەسەپێنراوە، بەڵكو خۆیان بەشێكن لەو دەستەبژێرە، بەشێكن لەو ئایدۆلۆژیایە، ئەم ئایدۆلۆژیایە هەمووی یان هەندێك لە باڵەكانی تاڕادەیەكی گەورە لە ئامێزی پاسداران یان بە چاودێری و سەرپەرشتی ئەوان خەملیوە. زۆرێك لە سەركردەكانی سوپای پاسداران و لقە جۆراوجۆرەكانی زانستە شەرعیەكانیان لە حەوزە زانستییەكان خوێندوە، ملكەچی تەواویان بۆ ڕێبەری باڵا و پرۆژەی هێلی وەلائی هەیە. بۆیە ناتوانین بڵێین ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران و ئایدۆلۆژیای دەوڵەت لەیەك جیادەكەینەوە یان هەڵیدەوەشێنینەوە، چونكە لەدوای ساڵی (1979)ەوە، سوپای پاسداران بەشێكی دانەبڕاوە لە سیستەمی سیاسیو ئایینیو ئابووری دەوڵەت.

**2- خۆگونجاندن لەگەڵ وەرچەرخانەكانی دۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتیدا**

بەهۆی دەستوەردانە سیاسیو تەناهییە بەردەوامەكانی سوپای پاسداران لە بەرژەوەندی پارێزگارانو باڵی ڕێبەر، ناوبانگی سوپای پاسداران لەلای ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و تەنانەت لەلای ئیسڵاحییەكانی (باڵی ڕیفۆرم) ناو خودی ڕژێمەكەش باش نییە. هەروەها بەهۆی سەرپەرشتی شەرعییان بەسەر كولتوور و كەشی گشتی ئایینی لە وڵاتدا، ناوبانگیان لەلای چینی گەنجانو ژنانیش زۆر خراپە. هەروەك سوپای پاسداران تەنها قەوارە نییە بە فەرمانی سەركردەی سوپای

پاسداران یان وەزیری بەرگری فەرمانداری بکرێت، بەڵکو چەندین لیوا لەلایەن ڕێبەری باڵاوە سەرکردایەتی دەکرێن و هەر ئەویش سەرکردەکانیان دیاری دەکات، ئەمەش وادەکات فەلسەفەی بیستن و گوێڕایەڵی (سمع و طاعە) لەلای ئەم سەرکردانە لە پێگەی یەکەمدا بەرەو لای ڕێبەری باڵا ئاڕاستە بکرێت، سەرباری دروستکردنی جۆرێك لە دۆخی کێبڕکێ لەنێوان ئەو سەرکردانەدا، کە ڕێبەر بەردەوام کار لەسەر هاوسەنگ کردنیان دەکات[54].

ئەم پێکهاتەیەی ئێستای سوپای پاسداران بەرەنجامی ڕێکەوت نییە، بەڵکو بە ئەنقەستە و لەترسی دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوەکانی پێشتری سوپای ئێرانە کە لەدژی موسەدەق ئەنجامیاندا، یان شکستی شۆڕشی دەستوورییە، هەروەها بۆ بەرگرتنە لە ئەندێشەی کودەتای سەربازیی کە لە هەندێك لە دەوڵەتانی عەرەبی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ڕوویاندا، دەستەبژێری ئایینی شۆڕشگێڕیش بەباشی ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بوون.

لە ڕژێمی سیاسی ئێرانیدا هەندێك نەگۆڕ و چەقی ڕوون هەن کە ناکرێت پێشێل یان فەرامۆش بکرێن، گرنگترینیان دەستووری وڵاتە کە پێشێلکردنی زۆر دوورە ئەگەر ژینگەیەکی لەبار نەبێت، وەکو دۆخی شۆڕش یان ئاڵۆزییەکی فراوان.

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین دەوڵەتی ئێرانی خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە ئاڵۆزییانەدا گونجاندووە، چونکە دەستەبژێری فەرمانڕەوا دەستەبژێرێکی شۆڕشگێڕەو لە منداڵانی شۆڕش و جەنگی ناوخۆیی و پرۆسە چەکدارییەکانی دژی ڕژێمی شا و هاوبەشە شۆڕشگێڕەکانیەوە هاتووە. تەنانەت تا ئێستاش ئێران خۆی وەکو دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ دەناسێنێت، لە وێنەیەکدا کە لە قۆرخکاری شۆڕشگێڕانە بۆ هەڵمژینو ڕێگرتن لە هەر شەپۆلیکی شۆڕش لەدژیان نزیکترە. دەکرێت هەر شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانە بەوە تۆمەتبار بکرێت کە بزاڤێکی دژە شۆڕشە "شۆڕشی پێچەوانە"، هەوڵێکیشە بۆ سەرنخون کردنەوەو کودەتاکردن بەسەر بنەماکانیدا.

## 3- پابەندبوونی دەستووری و ئایدۆلۆژی دوای خامەنەئی

ئەگەری ئەوە هەیە لەپاش مردنی خامەنەئی و لەمیانی گواستنەوەی دەسەڵاتدا پابەندبوون بە دەستوورەوە هەبێت، تەنانەت لەگەڵ گریمانەی سەرهەڵدانی شەپۆلی شۆڕشگێڕانەی کتوپڕی نالایەنگرانە لە ژیانی خامەنەئی یان پاش مردنی، بەڵام ڕفاندنی ئەو شەپۆلانە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە ڕێی تێناچێت، چونکە لەلای ئێرانییەکان ڕووخسارێکی ناسراوە، ئەمەش لەسەر گریمانەی مانەوەی هێزەکانی سوپای پاسداران بە یەکگرتوویی لە هەمبەر هەر شەپۆلێکی

کتوپڕی فراواندا، لە ساتی هەڵوەشانەوەی ڕژێمەکە یان دەستەبژێرەکەیدا. تەنانەت بە ڕادەستکردنی بەرپرسیاریێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە سوپای پاسداران یان سیستەمی سەربازیی، ئەوا زیاتر لە حکومەتی پیاوانی ئایینی ئامادەی سازش نین[55].

بەڵام پرسیاری ئەوە دەمێنێتەوە ئایا ئاستی دەستوەردانی سوپای پاسداران لە هەڵبژاردنی ناوی ڕێبەردا چۆنە؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە زۆر سنووردارە، تەنها لەوەدا کورت دەبێتەوە ڕێگە بگرێت لەوەی وڵات بەرەو شەڕی ناوخۆیی بڕوات، یان لێکترازانی فراوان لەدژی تێزی ویلایەتی فەقیهـ ڕووبدات، هەروەها ڕێگرتن لەهەر هەوڵێك بۆ بازدان بەسەر ناسنامەو ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئێرانیدا، واتە سوپای پاسداران پرۆسەی پاراستنی حکومەتی ئیسلامیو ئایدۆلۆژیاکەی لە قۆناغی بێدەسەڵاتی سیاسیدا ئەنجام دەدات. ئەم پاسەوانیکردنەش لە دەرەوە دەمێنێتەوە، واتە سوپای پاسداران لە هەڵبژاردنی مەرجەعێك بەسەر مەرجەعێکی دیکەدا دەنگی نابێت. وێنای ئەوەش ناکرێت کە فەرماندەی سوپای پاسداران لەناو ژووری کۆبوونەوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێبەری داهاتوو بێت، لەدوای ئامادەنەبوونی کتوپڕی ڕێبەری ئێستا بەهەر هۆکارێك بێت، یان مافی دەنگدان یان دەربڕینی ڕەزامەندی یان نارەزایی هەبێت، چونکە ئەمە مافێکی بنەڕەتی پیاوانی ئایینییە، ئەمەش خاڵی جەوهەری و سەرەکییە لە تیۆری ویلایەتی فەقیهدا، تەنها لەکاتێکدا نەبێت دیارنەبوونی ڕێبەر هاوکات بێت لەگەڵ ئاڵۆزییەکی کۆمەڵایەتی لەسەرانسەری وڵاتدا، یان سەرهەڵدانی ململانێ لەناوەندی دەستەبژێری ئایینی فەرمانڕەوادا.

بەهۆی نەبوونی ڕکابەرییەکی ڕاستەقینە ڕووداوی ئەو جۆرە گرژییانەش لەناو دەستەبژێری ئایینی فەرمانڕەوادا بەدوور دەزانرێت. هەروەك لەکاتی مردنی ئایەتوڵڵا مونتەزەرییەوە ئامادەنەبوونێکی شێوە تەواوەتی ڕیفۆرمخوازە کاریگەر و کاریزماکان هەیە، ئایەتوڵڵا یوسف سانعی (1937 - 2020) وەکو مونتەزەری پێشەنگێکی بەهێز نەبوو. لەگەڵ نەبوونی خوێندکارە گەورەکانی مونتەزەری کە دەیانتوانی ڕکابەری گەورە مەرجەعەکانی پارێزگاران بکەن، ئەوا ڕکابەرییەکە تا ئاستێکی گەورە لەنێوان پارێزگارەکاندا دەبێت، نەوەکو لەنێوان ئەوان و ڕیفۆرمخوازەکاندا. ئەگەر ئەم سیناریۆیەش بەئاسانی بەدی بێت ئەوا ڕۆڵی پاسداران ڕۆڵێکی دیاریکراو دەبێت، ئەگەر لەدەرەوەی ئەم هاوسەنگییانە هیچ پێشهاتێکی دیکە ڕوونەدات.

### 4- ئایندەی بژاردە عەقیدەییەکان:

دەتوانین بڵێین سوپای پاسداران تەنها هێزێکی سەربازیی نیزامی نین وەکو سوپا نیشتیمانییەکان لە دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا،

بەڵکو کاریگەری و دینامیکیەتی ڕاستەقینەی سوپای پاسداران لە ئایدۆلۆژیاکەیدایە، ئەم ئایدۆلۆژیایەش بزوێنەری سەرەکییە بۆ سیاسەتو ئاڕاستەکانی لە ناوخۆو دەرەوەدا، ئەمەش ناسنامە و ئاستی پلەی دنیابینی هێزەکە و ئەندامەکانی دیاری دەکات.

کورت و پوخت: سوپای پاسداران سوپایەکی عەقیدەییە، بڕوای بە مەهدی هەیە، بڕوای بە حکومەتێکی جیهانی هەیە کە زەوی بۆ هاتنی مەهدی ئامادە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بکەرە نائایدۆلۆژییەکان پشتگوێ بخەین وەکو: کەسایەتی لەنێو سەرکردە و ئەندامەکانی سوپای پاسداراندا کە لە ڕکابەریدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕێبەر و موزایەدەکردن لە ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵیان بۆ ڕێبەر و شۆڕش و سەرکوتکردنی نەیاران، هەروەها گەندەڵی دارایی لە دۆسیەی ئابووریدا، هاوپەیمانی گومانلێکراو لە دۆسیەی سیاسیدا، پشتیوانیکردنی لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنێکی تر. هەموو ئەمانەش ئەنجام و دەرهاویشتەی هۆکارێکی ناوەندی و جەوهەرییە ئەویش ئایدۆلۆژیایە. ئایدۆلۆژیای سوپای پاسداران و دەوڵەتی ئێرانی خۆی لە ویلایەتی فەقیهـ و تیۆری سیاسی خومەینی و ڕەوتی وەلائیدا دەبینێتەوە کە ڕێگە بە بوونی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نادەن کە لە ڕیشەوە کۆنترۆڵی گەندەڵی بکات، بەڵکو دەوڵەت بۆ کەسایەتیە پیرۆز و پاکەکان سازدەکات، بەو پێیەی پیاوانی ئایینو فەقیهنو نوێنەرایەتی ئیمامی مەعسوم دەکەن، پاشان حکومڕانی دەکەنو حوکمیان بەسەردا ناکرێت.

ئەم ئایدۆلۆژیایە بووەتە هۆی پێشخستنی گوێڕایەڵی (وەلاء) بەسەر لێهاتوویدا، هێندە بەسە پیاوێکی ئایینی وەلائی خۆی بۆ ماڵی ڕێبەر و شۆڕش و موزایەدەکردن بەسەر نەیاراندا ڕابگەیەنێت، تاوەکو پۆستێکی حکومی وەربگرێت یان هەندێك دەستکەوتی لە دەوڵەتەوە دەست بکەوێت، لەکاتێکدا پسپۆڕە تەکنۆکراتەکان یان ڕیفۆرمخوازەکان یان ئەو کەسانەی سەر بە ئۆپۆزسیۆنن هیچ پۆستێکی حکومی گرنگیان لە دەوڵەتدا دەست ناکەوێت. ئەمەش هەمان گرفتە کە خومەینی لەدژی دەوڵەتی شا تیۆریزەی دەکرد، ئەو کاتەی هەندێك لە ئاخوندەکان بە هاوکاریکردنی شا تۆمەتبار دەکران، داوای لە خەڵکی دەکرد عەمامەکانیان فڕێ بدەن، پاشان هەر ئەوبوو لە دەوڵەتی پاش (1979) ڕۆڵی ئاخوندەکانی بەهێزکرد تاوەکو هەمان ڕۆڵ بگێڕن کە کەسانی نەریتخوازی ناحەرەکی لەسەردەمی شادا دەیانگێڕا.

هیچ ئاماژەنمایەکی ڕاستەقینەش نییە کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە لە مەودایەکی نزیکدا دیار نامێنێت، تەنانەت پاش مردنی ڕێبەری ئێستا یان ئامادەنەبوونی بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵەکەی، لەبەر چەندین هۆی جۆراوجۆر، لە گرنگترینیان: تۆڕەکانی

گرووپی فەرمانڕەوا ئاڵۆز و بڵۆزن، بیروباوەڕ بووەتە بەشێك لە بەرژەوەندییەکان، بەرژەوەندییەکانیش بووەتە بەشێك لە بیروباوەڕ، بەشێوەیەك تێکەڵاو بوون ئەستەمە پێداچوونەوە یان چاکسازی خودی ناوخۆیی تێدا بکرێت. چونکە ئەو گرووپە دەسەڵاتدارە خاوەنی هێزی سەربازی و ئابووری و سیاسی و تاڕادەیەکی گەورە حەوزەشن، کلیلی دۆلابەکانی دەسەڵات و دامەزراوە سەروەری و ناسەروەرییەکان لەدەستی ئەماندایە. ئەو کۆمەڵەیەش تەنها خۆی لە باڵی پارێزگاراندا نابینێتەوە، بەڵکو لەناو پارێزگاران و ڕیفۆرمخوازاندا لە یەك ئاستدایە، هەردوولایان هەمان ئایدۆلۆژیا کۆیان دەکاتەوە، جیاوازییەکانیان لاوەکییە نەوەکو گشتگیر، هەروەها لە جێبەجێکردن و بەکارهێنانی هەندێك لە ئامرازەکاندا جیاوازن. بەتایبەتی لەگەڵ پێداگری ڕیفۆرمخوازەکان بۆ بەجێهینانی ڕۆڵێکی گۆڕانخوازانە لەناو سیستەمی دەسەڵاتدا! خودی ڕیفۆرمخوازەکانیش لەسەر ئاستی هزری و سیاسی پێویستییان بە بەخۆداچوونەوە هەیە.

دەکرێت بڵێین دەوڵەتی ئێران پاش شۆڕشی ئیسلامی بووەتە ئایدۆلۆژی و جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەت و دامەزراوەکانی و نێوان ویلایەتی فەقیهـ وەکو تیۆری حکومڕانی تواوەتەوە، بۆیە هەر هەڵوەشانەوەیەکی ئایدۆلۆژیاکەی یان دەستبەرداربوون لە بەشێکی ئەوا بەڕاستی هەڵوەشانەوەی ڕژێمی پاش (1979)یە. توبی ماتیسۆن تێبینی ئەمەی کردووە کاتێك ئایدۆلۆژیای مەزهەبی شیعەی کردۆتە بەردی بناغە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کاری دەوڵەت‌و کۆمەڵگە لەئێراندا[56]. بەدەربڕینێکی وردتر بۆ تێگەیشتن لە دەستەبژێری ئایینی فەرمانڕەوا "شیعەی ئێرانی" بە خوێندنەوەی خومەینی، دەروازەی بنەڕەتییە.

### پوختە

ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە سوپای پاسداران پێوەی پابەندە لەسەر گریمانەی بەردەوامی و لانەبردنێتی بە: شۆڕش یان دەستوەردانی دەرەکی، یاخود ئەنجامدانی بەخۆداچونەوەو پاشەکشە لە دەرەنجامی فشاری ئابووری و پەراوێزخستنی سیاسیدا، بەڵام لەمەودایەکی دووردا لەوانەیە بەکردارێکی خودی دابخورێت‌و هەڵبوەشێتەوە، ئەویش پێکدادانێتی لەگەڵ مۆدێرنە و دەوڵەتی هاوچەرخدا، چونکە سوپای پاسداران شکستی خۆی گرێداوە بە سەرکەوتنی لە هێشتنەوە و مانەوەی کۆمەڵگە دوور لە مۆدێرنە و عەلمانیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا سیستەمی مۆدێرنە کە سەرکردە ئێرانییەکان لێی هەڵدێن دیفاکتۆیە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین، هەروەها بەگوێرەی ڕەوڕەوەی مێژوو

ناتوانن دەستبەرداری بن.

داخوران لێرەدا مانای ڕوخانی تەواوەتی ڕژێمی سیاسی نییە کە بەهێزی سەربازی سوپای پاسداران دەستی بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتووە، هێندەی ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو لە کاروانی سەردەم لە ئازادییەکان، مافەکان و هونەری بەڕێوەبردن، کە لەم بارەدا بەخێراییەکی زۆر لە پێشکەوتندان! لەسایەی نائامادەگی تەواوەتی دامەزراوەکان و کاراکردنی قانونو دامەزراوەکانی چاودێریدا، لەناو دالانی دەسەڵاتدا ئایدۆلۆژیا بووەتە ماددەیەکی بەکارهێنراو بۆ دەستکەوت و قازانج بەشێوەیەکی نایاسایی.

چارەسەر ئەوەیە دەستەبژێری ئایینی پێداچوونەوە و بەخۆداچوونەوەی ڕاستەقینە لەسەر ئاستی بیروبۆچوون و سیاسەت ئەنجام بدەن. چونکە بەرزکردنەوەی تیۆری ویلایەتی فەقیهـ بۆ پلەی پێداویستییە مەزهەبییەکان هەڵەیەکی ستراتیژی ئەو دەستەبژێرە بوو، بووە هۆی پێکدادان لەنێوان هەموو ئەو کەسانەی بڕوایان پێی نییە لەگەڵ دامەزراوە ڕەقەکانی وەکو سوپای پاسداران لە وڵاتدا، هەروەها بەشداربوو لە دەرکەوتنی هێزی توند – هێزەکانی ئاسایش و سوپای پاسداران- وەکو پاسەوان بەسەر ڕەوشت و بەهاکانی سەرچاوە گرتوو لەو تیۆرییەوە، بەو پێیەی بەرگری لە پێداویستییەکانی مەزهەبەکە و بیروباوەڕی دەوڵەتەکە دەکەن.

هەرچەندە دەستەبژێری ئایینی هەوڵەکانی لەسەر دارشتنی فیقهێکی دروستکراوو هەڵبژێردراو لەنێوان مۆدێرنە و کەلەپوری مەزهەبی و نەتەوەییدا چڕ بکاتەوە، هەوڵبدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بە دوور لە ڕەهەندی فراوانخوازی و ئایدۆلۆژی، پەیوەندییەکی هێمنی لەگەڵ ڕەوتە دژبەرەکان لەناوخۆدا هەبێت، پەیوەندییەکی هاوسەنگی لەگەڵ هێزە هەرێمایەتییەکاندا لە دەرەوە هەبێت، ئەوا هێندە بەرەو دەوڵەتێکی سروشتیو گەشەکردوو دەچێت. بەڵام پێکدادان لەگەڵ مۆدێرنە لە ڕووی بنەما و توانای توانەوە و ئاوێتەبوون لە هەموو ئەوانەی پەیوەستە پێیەوە، ڕێسای ناوخۆیی کۆمەڵایەتی وەهای دروستکردووە، کە بەرگری لە ڕەوتی ڕۆشنگەری بکات و ئەفسانەی بزووتنەوەی نەریتی تێکبدات، ئەمەش وایکردووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئێران وەکو دەوڵەتێکی ڕادیکاڵی دەربکەوێت.

## سەرچاوەکان

تێبینی سەبارەت بە سەرچاوەکان. لەبەر زۆریی سەرچاوەکان لە ناو بابەتەکەدا ئاماژەمان پێنەکردوون و خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نوسخەی ئۆرجیناڵی بابەتەکە کە بە عەرەبی نووسراوە. ” أيدولوجيا الحرس الثوريّ الأدوار وَالتوجهات وَتحولات البنية العقدية“ مجلة الدراسات الإيرانية

دراسات وأبحاث علمية متخصصة مجلة علمية نصف سنوية محكمة تصدر باللغتين العربية والإنجليزية، السنة الثالثة – العدد العاشر – أكتوبر ٢٠١٩. نوسخەی pdf ی توێژینەوەکە لە ناو سایتی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دادەنرێت.

# کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران[١]

نووسینی: سەمیح نارگوڵ[٢]

وەرگێڕانی لەتورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵڵا



(١) ئەم توێژینەوەیە لەم سەرچاوەوە وەرگێڕ راوە:
(.Nargül, S. (2020). Suriye Krizinin Türkiye-İran İlişkilerine Etkileri, Sosyal, Beşeri ve İdari Bilimler Dergisi, 3(12): 1010-1026)

(٢) سەمیح نارگوڵ، توێژەرە لەزانکۆی وان یوزنجو یڵ، لەفاکەڵتی ئەدەبیات بەشی جوگرافیایە خاوەنی چەندین توێژینەوەیە و یەکێکە لەجوگرافیناسە گەنجەکان کە لەبواری جوگرافیای سیاسیدا لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات.

## پوختە

پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران وەک دوو وڵات کە درێژترین سنووریان پێکەوە هەیە، لە ڕابردووەوە تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر یەک هێڵ بەرەوپێش نەچووە. هەندێکجار بەهۆی پەیوەندییەکانەوە لێکنزیکبوونەوەی جدی لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەبووە، هەندێکجاریش گرژییەکان هێندە زۆربوون تارادەی پێکدادانی جەنگی لەیەک نزیکبوونەتەوە. ئەو بابەتانەی کە هەردوو وڵاتەکە لەسەری کۆکبوون بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوانیانی دەستەبەرکردووە، لەڕووی ستراتیژییەوە دیدگا جیاوازەکانیشیان پرێشکی پێکدادانی سیاسی لێکەوتۆتەوە. لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران لە ڕوانگەیەکی کرۆنۆلۆجیانەوە خراونەتەڕوو، تیشک خراوەتە سەر ئەو ساتانەی کاریگەری لەسەر دابڕان و پچڕانی دۆخی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتەکە هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا تیشک خراوەتە سەر کاریگەریی نزیکبوونەوەی تورکیا لە سووریا کاتێک لەساڵانی (٢٠٠٠)دا بەهۆی سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا پەیڕەوی کرد، لەهەمانکاتدا تاوتوێی هەڵگەڕانەوەی پەیوەندییەکان لەدەرئەنجامی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و ئەو کاریگەرییەی لەسەر ئەم سێ دەوڵەتە هەیبووە کراوە. توێژینەوەکە لەدەرئەنجامی کنە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی سەرچاوە نوێیەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە شیکردنەوەی خۆی ئەنجامداوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ خستنەڕووی پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێرانە لەچوارچێوەیەکی گشتیدا و دیاریکردنی ئەو دەرئەنجامانەیە لەئاکامی کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتان کەوتوونەتەوە. پەیوەست بەم حاڵەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران گەنگەشە کراوە، گرژی و بەردەوامی پەیوەندییەکان شیکراوەتەوە و تیشک خراوەتەسەر ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی سووریا لەسەر ناوچەکە.

کلیلە وشەکان: سیاسەتی دەرەکی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران، بەردەوامی و گرژی، شەڕی ناوخۆی سووریا.

## بەرایی

پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران هەم بەهۆی هاوبەشی لەمێژینەیی و هەم بەهۆی لێکچوونی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانیانەوە خاوەنی ڕیشەیەکی دێرینە. ڕێچکەی ئەم پەیوەندییانە چ لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و چ لەسەردەمی تورکیای هاوچەرخدا لەسەر هێڵێکی ڕاستەوانە بەرەوپێش نەچووە، هەندێکجار پەیوەندییە دۆستانەکان بەرەو قووڵبوونەوە ڕۆشتووە و هەندێکجاریش ناکۆکی قووڵ و تەنانەت دوژمنایەتیشی تێکەوتووە. بەڵام هەردوو وڵاتەکە سەرەڕای ئەو ناکۆکییە قووڵانە هێشتا نەگەشتوونە حاڵەتی پێکدادان. ئەم توێژینەوەیە ئەگەرچی گرنگی بە کاریگەریی قەیرانی سووریا

لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیداوە پوختەیەکی مێژوویی لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران بەتایبەت لەسەردەمی دروستبوونی کۆمارەوە بخاتەڕوو. توێژینەوەکە لەسەرەتادا بەبێ ئەوەی بچێتە وردەکارییەوە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی کۆماری تورکیا و ئێران تا ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بخاتەڕوو، پاشان دیسانەوە بەبێ چوونە قووڵایی بابەتەکەوە هەوڵی خستنەڕووی هەڵوێستی هەردوو لایەنەکەی بەرامبەر بەیەکتر لەپاش ئەو قۆناغە خستۆتەڕوو. لە هەمانکاتدا هەوڵی دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی داوە کە لە قۆناغەکانی ساڵانی نەوەدەکان و دوو هەزاردا کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا هەبووە. هەربۆیە جەخت لەسەر ئەو فاکتەرانە دەکاتەوە کە هەندێکجار بوونەتە هۆکاری ئاریشە و ململانێ و هەندێکجاریش بوونەتە هۆکاری بەردەوامیی و درێژەپێدانی پەیوەندییە دۆستانەکان.

لەساڵانی دوو هەزار و دواتریشدا تورکیا ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی خۆی گۆڕی و لەگەڵ دراوسێکانیدا پەیڕەوی لەبنەمای سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان کردووە. خستنەڕووی ئەم شێواز و بنەمایە و ڕوونکردنەوەی لەتوێژینەوەکەدا تاوەکو بڵێی گرنگە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەپەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانیدا بەتایبەت لە قەیرانی سووریادا. چونکە بەهۆی ئاڕاستەی ئەم سیاسەتەوە پەیوەندییەکان هەم لەڕووی ئابوورییەوە و هەم لەڕووی دیپلۆماسییەوە بەشێوەیەکی باش بەرەوپێشەوە چووە. لەچوارچێوەی خۆگونجاندنی تورکیا لەناوخۆی وڵاتدا لەگەڵ یاساکانی هاوئاهەنگی یەکێتی ئەورووپا و ئەو پەیوەندییە باشانەی لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا پەیڕەوی لێکردووە، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەبووە. بەتایبەت کاتێک تورکیا برەوی بە پەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورپادا داوە، لەئەنجامی ئەو گەمارۆیانەی بەهۆی پرسی وزەی ئەتۆمەوە بەسەر ئێراندا سەپێنراون، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ فراوانبوونی قەبارەی بازرگانی لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا و سەرباری لە ئابووری ئێراندا هەبووە. بەم هۆیەوە لەتوێژینەوەکەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو ڕەگەزانەی کاریگەرییان لەسەر بەردەوامیدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران هەبووە. جگە لەوەش لەبەشێکی دیکەی توێژینەوەکەدا جەخت لەسەر خستنەڕووی ئەو هۆکارانە کراوەتەوە کە بوونەتە هۆکاری ململانێ و ئاریشەی نێوان تورکیا و ئێران. بێگومان خاڵی پچڕانی پەیوەندییەکان چ لەگەڵ سووریا و چ لەگەڵ ئێراندا بەهۆی "بەهاری عەرەبی"یەوە بوو. هەتاوەکو ئەم قۆناغە پەیوەندییەکانی سووریا و تورکیا زۆر بەباشی بەرەوپێشەوە دەچوون، بەڵام لەدوای ئەم ڕووداوەوە پەیوەندییەکانی تورکیا و سووریا بەهۆی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بەیەکتر

گەیشتنە خاڵی بنبەست. لەکاتێکدا تورکیا کۆمەکی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکرد و داوای چارەسەری بەبێ بوونی بەشار ئەسەد دەکرد، کەچی ئێران لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی و خۆپاراستنی لەهەڕەشەکان کۆمەکی ڕژێمی بەشار ئەسەدی کرد. ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە هەم قەیرانی سووریای قووڵتر کردەوە و هەم کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران جێهێشت.

لەکۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو کاریگەریانە بخاتەڕوو کە شەڕی ناوخۆی سووریا کردوویەتییە سەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی تورکیا. بەم مانایە توێژینەوەکە هەوڵی خستنەڕووی ئەو ڕەگەزانە دەدات کە قەیرانەکەیان قووڵتر کردۆتەوە، وەک چۆن لە ساتی دەستپێکردنی قەیرانەکەوە وڵاتەکانی وەک ئێران و ڕووسیا پشتگیری مانەوەی بەشار ئەسەدیان کرد، کەچی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەپێش هەموانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەگوێرەی پێویست کۆمەکی تورکیایان لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی ئەسەددا نەکرد. بەم هۆیەوە توێژینەوەکە زیاتر لەسەر ئەو خاڵە دەوەستێت کە قەیرانی سووریا چۆن لە کێشەیەکی ناوخۆیی و نەتەوەییەوە بەرەو کێشەیەکی نێودەوڵەتی وەرچەرخاوە و بەهۆی نزیکی ئێران و تورکیا لە ناوچەکەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان لەپرۆسەی چارەسەرکردندا هەبووە.

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران

ڕیشەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران بەهۆی ململانێی سیاسی و مەزهەبییەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەورووپی بوویەوە، کەچی ئێران پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیدا بەست و دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مەترسی ئەمنی لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دروستکرد. لە ئەنجامی ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەکۆتاهاتنی دەسەڵاتی قاجاری و هاتنی ڕەزا شای پەهلەوی سەرەتایەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیادا دروستبوو، لەساڵانی (١٩٢٠) کاندا بەهۆی ئەو سیاسەتانەی هەردوو وڵاتەکە بەئاراستەی بەرۆژئاواییبووندا هاویشتیان پەیوەندی دۆستانە لەنێوانیاندا برەوی سەند. جگە لەوەش پەیمانی سەعدئاباد لەساڵی ١٩٣٧ یەکێک بوو لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی هەردوو دەوڵەتەکە لەیەکتر. لەساڵانی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بەتایبەت لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، تورکیا و ئێران بوونە هاوپەیمانی سەرەکی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، لەم جوگرافیایەدا و چوونە ژێر چەتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کۆتایی بە دەسەڵاتی شا هێنا و ڕژێمێکی کۆماری لە سەر بنەمای ئاماژەی ئایینی دامەزراند، لێرەوە ڕێچکەی پەیوەندییەکانی ئێران

هەم لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەم ڕێڕەوی سیاسی خۆی لەگەڵ تورکیادا گۆڕی. سەرەتا تورکیا وێنەیەکی ناڕازی ڕوونی سەبارەت بە شۆڕش و ڕژێمە نوێیەکە پیشان نەدا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەردوو وڵات ڕژێمی یەکتریان وەک هەڕەشەیەک بۆسەر خۆیان دەزانی (Doğan, 2016:1-2).

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹، ئێران بەتەواوەتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکۆتا هێنا، لەدەستوورەکەیدا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئیسلام داڕشتەوە. لەدوای شۆڕشیش ئێران جەختی لەهەڵوێستی داکۆکیکردن لەمافی تەواوی مسوڵمانان کردەوە. لەدەستوورەکەیدا تەنها مادەیەک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە هەبێت پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە(Ahmadi, 2008:30). بەڵام بۆ هەڵوێستی دژ بە خۆرئاوا، بەتایبەت لەدوای شەڕی عێراق و ئێرانەوە، بەڕەچاوکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام لەسیاسەتی دەرەوەیدا، جەختی لەسەر ستراتیژی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی کردەوە (Marschall, 2003:18-19). ئەم سیاسەتەی ئێران لەساڵانی (۱۹۹۰)دا بەئاشکرا کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران دروستکرد، هەردوو لایەنەکە یەکتریان وەک مەترسی بۆسەر بەرەژەوەندییەکانی یەکتر دەبینی. بەتایبەت کاتێک ئێران لەو قۆناغەدا یارمەتی پەکەکەی دەدا ئەمەش بووە هۆکاری کێشمەکێشمێکی گەورە لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا . لە ساڵی ۱۹۹۷ کاتێک ئێران لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیی لە تاران سەرکۆنەی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیای لە باکوری عێراق کرد، ئەمەش بووە یەکێک لە هۆکارەکانی پچڕانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران (Doğan, 2016:2). لەلایەکی دیکەوە لەئەنجامی داگیرکردن کوەیت لەلایەن عێراقەوە و لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی کەنداو کۆمەڵێک پێشهاتی دیکە پاڵنەری زیادبوونی کێشمەکێشمەکانی نێوان ئێران و تورکیا بوون. بەڵام هەموو ئەم گرژیانە بەهۆی بوونی پەیوەندی قووڵی کولتووری و مێژووییەوە لەڕابردوودا نەیانتوانی زیان بە پەیوەندییەکان بگەیەنن. لەساڵانی (۲۰۰۰)دا بەهۆی وەرچەرخانی سیستەمی جیهانییەوە تورکیا و ئێران لەبری ڕێبازێکی تیۆری ئایدۆلۆجیستانە و بەهۆی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیانەوە پەنایان بردەبەر ڕێبازێکی پراگماتیستیانە. هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران ستراتیژی لێکنزیکبوونەوەیان لەسەر بنەمای بونیادنانی ئاسایش پەسەند کرد. بەڵام لەم ماوەیەدا بەهۆی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، گومانەکانی ئێران بەرامبەر بە تورکیا بەتەواوی نەڕەوییەوە. دەستوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ سەر خاکی عێراق لە ساڵی (۲۰۰۳)دا و ئامادەیی سەربازیی لە ناوچەکەدا کاریگەریی لەسەر بەستنی هاوپەیمانی

لەنێوان ئێران و تورکیادا بەجێهێشت. ئەگەرچی شیکردنەوەکان بەو ئاقارەدان کە تورکیا لەساڵانی (٢٠٠٠)دا لەچوارچێوەی ئامانجە ئابووری و دیپلۆماسییەکاندا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا خستۆتە سەررێ، بەڵام هێشتا نابێت ئەوە فەرامۆشبکرێت کە ڕەنگە فاکتەری ئاسایشی سەربازیی خاڵی سەرەکی بووبێت بۆ نزیکردنەوەی تورکیا و ئێران لەیەکتر. لەم ساڵانەدا دوو هۆکاری گرنگ لەپشت لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و ئێرانن. یەکەمیان چڕبوونەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆراسیا. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە تورکیا لە پەیوەندیدا لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا خۆی لە خاڵێکی یەکساندا نەبینییەوە لەبەرئەمەش پەرەی بە پەیوەندییەکی چالاک لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆیدا. دەتوانین نموونەی ئەمەش لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ببینین لە باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی بە ئەنجامدانی هاریکاری ئابووری لەگەڵ وڵاتانی وەک ڕووسیا، ئێران و سووریا. لە هەمانکاتدا ناساندنی پەکەکە لەلایەن ئێرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی لەڕوانگەی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانەوە پێشهاتێکی گرنگ بوو. لەم ساڵانەدا بەهۆی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، ئێران بەهۆکاری هاوکێشەی هەرێمی و ئاسایشەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بەرەو ئاقارێکی ئەرێنی وەرچەرخاند. ئەم پەیوەندییە باشانەی تورکیا و ئێران کە بەناڕەحەتی دروستیان کردبوو لەماوەیەکی کورتدا دیسانەوە بەئاڕاستەیەکی خراپدا چووە. جیاوازی سیاسەتی تورکیا و ئێران لەبابەتی سووریا و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان بەتایبەت بەهۆی کێشەی ئاوەوە تابڵێی دوو هۆکاری کاریگەربوون لە سەروبنکردنی پەیوەندییەکاندا. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەردوو وڵات سفرکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەڵنەبژارد و یەکتریان لەبەرچاو نەسڕییەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی پشت ئەم هەڵوێستانە دەدەرێت.

## سووریا و پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران لەساڵانی (٢٠٠٠)دا

هۆکارەکانی وەک بەهەند وەرگرتنی بنەمای ئابووری لەلایەن تورکیاوە لەپەیوەندییەکانی دەرەوەیدا، ئیرادەی ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بوونە ئەندامی هەمیشەیی لە یەکێتی ئەورووپا، بەرەوپێشچوونی وڵاتەکە لەپرۆسەی بەدیموکراتیزەبووندا بە پەیرەوکردنی یاساکانی هاوئاهەنگی یەکێتی ئەورووپا کاریگەریی ئەرێنیان کردە سەرپەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا. لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ خۆی بووە ئامانج و ئەمەش بەردەوام لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواوە وەک "گۆڕینی میحوەر" چەندینجار تاوتوێ کرا. هەرچی تورکیاشە لەپەیوەندیدا بەم دۆخە

نوێیەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەیەوێت ئەرکی خۆی لەپەیوەندیدا بە بەیەکبەستنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا بەجێبهێنێت و ببێتە پردی پێکەوە گرێدانی ئەو وڵاتانە. ئەو گوتارانەی کە تورکیا سەبارەت بە جێبەجێکردنی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی شەفافانە پێشکەشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بەهاکانی ڕۆژئاوا لەم ناوچەیەدا. لەهەمانکاتدا برەودانی تورکیا بەم جۆرە گوتار و سیاسەتانە هۆکارێک بوون بۆ بەرزبوونەوەی پێگە و وێنای تورکیا لەچاوی ڕۆژئاوادا و مەترسی ئەو گوتارەی کە گوایە تورکیا لە ڕۆژئاوا دوور دەکەوێتەوە دەڕەواندەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و نەمانی شا و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن شیعەکانەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لەسیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ڕوویدا. ئێرانی ژێر سەرکردایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، لەو ناوچانەی کە نفوزی شیعی تێدا چڕببوویەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتێکی مەزهەبیانەی پەیڕەو کرد. ئەگەرچی لە سووریادا نفوزی شیعی قورسایەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە ڕێگەی گرووپە شیعەکانی لوبنانەوە و بە هۆکاری گرنگی جێکەوتە جوگرافیاکەی لە پەیوەندیدا بەئێرانەوە گرنگی زۆر بەسووریادا. لەلایەکی دیکەوە ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەوڵی بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەژێر ناوی نزیکی مەزهەبی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا. ئێران وەها بیری دەکردەوە لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی دەوروبەری ئێران لەلایەن ئەو زلهێزانەی کە دژایەتی ئێران دەکەن، لە داهاتوودا کێشە بۆ ئاسایشی خاکی ئێران دروست دەبێت. بەم هۆیەوە بوو کە ئێران هەوڵێکی بەرچاوی بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا داوە. هەرچی سووریاشە لەو کاتەدا لەدونیای عەرەبیدا بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەڕا بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەموارەی تێی کەوتبوو بۆیە لەسەر بنەمای ئەو واقیع و ڕاستییانەی تێی کەوتبوو ناچاربوو لەئێران نزیکببێتەوە. ئەمەش وایکرد ئێران و سووریا لە زۆربەی هەرەزۆری ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکەوە دەرهەق بە حاڵەتەکان هەنگاو بنێنن، هەروەها دروستکردنی ڕێکخراوی حیزبووڵڵا لەلایەن سەربازانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە ڕۆڵێکی زۆر جدی لە سیاسەتەکانی ئەم جوگرافیایەدا هەبوو(Doğan, 2016:2). ئەگەرچی ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن سووریاوە لە (٣٠ی نیسانی ٢٠١٣)دا دان بەبوونیدا لەوڵاتەکەدا نرا، بەڵام هەر لە سەرەتاکانی ڕاپەڕینی سووریاوە ئەم هێزانە یارمەتی هێزەکانی ڕژێمیاندا. هۆکاری سەرەکی بەشداری حیزبووڵڵا لەشەڕەکاندا لەتەنیشتی هێزەکانی بەشار ئەسەدەوە بۆ هەناردەکردنی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی جەنگی و یارمەتی دارایی بوو لەلایەن ئێرانەوە بۆ حیزبووڵڵا و ئەمەش لەڕێگەی خاکی سووریاوە(Sullivan, 2014:9).

لەناوەڕاستی ساڵانی (٢٠٠٠)دا گۆڕانکاریی هەم لەڕووی هەرێمی و هەم لەڕووی جیهانییەوە ڕوویدا ئەمەش شێوازی پەیوەندییەکانی گۆڕی. لەسەرەتادا ئەمریکا هەستی بەشکسخواردوویی خۆی لەعێراق و خراپبوونی دۆخی ئابووری خۆی کرد. هەرچی هۆکاری دووەمە بڵاوبوونەوەی ئەو تێڕاوانینە بوو کە گوایە لەساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە ئەستێرەی وڵاتانی وەک ڕووسیا و چین بەرەو درەوشانەوە ڕۆیشتووە و فەرمانڕەوایی تاک جەمسەرانەی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە کۆتایی هاتووە. بەڕای لەین، پەلاماردانی ڕووسیا بۆ سەر جۆرجیا لەساڵی (٢٠٠٨) دا جێگەی سەرنجڕاکێشان بوو بۆ ڕووسیا لەبەرامبەر هەژموون و دەسەڵاتداری ئەمریکا بەسەر جیهاندا. لەڕووی ئابووریشەوە قەرزاری چینە و کورتهێنانی لەبازرگانیشدا دەبێتە هۆی خستنەوەی قەیرانی جیهانی(Lane, 2011:153-155). تورکیاش بەهۆی ڕووداني ئەم پێشهاتانەوە، لە ڕێگەی هەوڵە ئابووری و سیاسیەکانی خۆیەوە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەپەیوەندییەکانی سووریا و ئێراندا هەبوو، کە ناکرێت چاوی لێ بخەوێنرێت. لەگەڵ سووریادا و لەژێر گوتاری "چارەنووسی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و داهاتووی هاوبەش" لەچەندین بواری جیاوازدا پرۆتۆکۆڵێکی (٥١) خاڵییان ئیمزا کرد بە ئامانجی لێکنزیکبوونەوە. لە (١٦ی ئەیلولی ٢٠٠٩)دا بەربەستی فیزا لەنێوان تورکیا و سووریادا نەما، کۆبوونەوەی کابینەی هاوبەش لەئاستی باڵادا لەپێناو ستراتیژی هاریکاری و کاری پێکەوەیی ئەنجامدران(Okyay, 2011:75-97).

لەم ساڵانەدا تورکیا لە ڕووی وزە و بازرگانییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا برەوپێدا، لەبابەتی وزەی ناوەکیی و گەمارۆ ئابوورییەکاندا کۆمەکی ئێرانی کرد. تورکیا لەبەرەی پێشەوەی ئەو وڵاتانە بووە کە بەرگری لەو تێڕوانینە کردووە کە گەمارۆکانی سەر ئێران و داخستنی ئەو وڵاتەی بەڕووی خۆیدا، بەربەستی لەبەردەم سەقامگیری لە ناوچەکەدا دروستکردووە. تورکیا لە ساڵی (٢٠١٠)دا ڕۆڵێکی جدی لە ڕێکەوتنی ئاڵوگۆڕی یۆرانیۆمی نێوان ئێران و بەرازیلدا گێڕا و یەکێک بوو لەلایەنەکانی ڕێکەوتنەکە، ویستی ببێتە بەربەست لەبەردەم پەراوێزخستنی ئێران لە کایەی نێودەوڵەتیدا، وزەیەکی زۆری سەرفکرد بۆ ئەوەی سزا و گەمارۆکان زیان بە بازرگانی لەگەڵ ئێران نەگەیەنن. بەڵام دوای جارنامەی تاران کە لەنێوان بەرازیل، ئێران و تورکیادا واژۆکرا، وڵاتانی (٥+١ ) لەپێش هەموشیانەوە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا گەشتنە ڕێکەوتن بۆ سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا و بەم شێوەیە ڕێکەوتنامەی ئاڵوگۆڕکردنەکە پوچەڵبوویەوە(Tehran Times, 2010). تورکیا لەسیاسەتەکانی چ لەسەر ئاستی هەرێمی و چ لە ئامانجی بۆ بوون بە پردێک لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تارادەیەکی زۆر توشی کێشە بوویەوە کاتێک جارنامەی

تاران هەڵوەشایەوە. باراک ئۆباما لەسەرەتادا پشتگیری لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی تورکیا دەکرد، بەڵام دواتر هەڵوێستەکانی خۆی گۆڕی و سزا و گەمارۆ نوێیەکانی سەر ئێرانی پەسەند کرد، ئەمەش ئەنقەرەی دووچاری نائومێدی کردەوە(Rozen, 2010). دوای ئەوەی لە (٩ی حوزەیرانی ٢٠١٠)دا گەمارۆکانی سەر ئێران لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیاری لەسەر درا و بەشێوەیەکی کرداری چووە بواری جێبەجێکردنەوە تورکیا بڕیارەکەی بەشێوەیەکی توند ڕەخنەکرد. سەرۆککۆماری ئەو کاتی تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ جەختی لەوە کردەوە سەرەڕای سزاکانی ئەمریکا و بەریتانیا بەردەوام دەبن لەکاری هاوبەش لەگەڵ ئێراندا، بابەتی ڕێگری لە پەیوەندییە بازرگانیەکانی نێوان تورکیا و ئێرانی وەک ناحەقیەکی گەورە بەرامبەر ئەو وڵاتە هەڵسەنگاند (Landler, 2010).

گەورەترین هۆکاری بەگژداچوونەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران لەلایەن تورکیاوە پەیوەندی بە ئامانجی یەکگرتنی وڵاتانی خاوەن وزەی ناوەکییەوە بوو، کاتێک پێکەوە لەسەر دیاریکردنی نرخی نەوت ڕێکەوتن و قۆرخیان کرد. بەم مانایە تورکیا لەبەرئەوەی نە خاوەنی وزەی ئەتۆمییە، نەخاوەنی نەوت و گازی سروشتییە یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی کاردانەوەی جدی بەرامبەر بابەتەکە دەربڕی. چونکە ئەگەر هەر کێشەیەک لەنێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوادا دروست ببێت بەشێوەیەکی نەرێنیانە کاریگەری لەسەر ئابووری و وزەی تورکیا جێدەهێڵێت (Okyay, 2011:76). یەکێکی دیکە لەو ڕەگەزانەی کە وایکرد تورکیا یارمەتی ئێران بدات، کاری هاوبەشیان بوو لەڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە چەکدارەکاندا. هەردوو دەوڵەتەکە لە (١٧ی نیسانی ٢٠٠٨) دا ڕێکەوتنێکی هەواڵگریان لەنێوان خۆیاندا واژۆکرد لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە چەکدارەکاندا و بڕیاری ئاڵوگۆڕی زانیاری و دروستکردنی تۆڕی ئەمنی هاوبەشیاندا(Sadık, 2008). ئاڵوگۆڕی پارە و بازرگانی ئاڵتون لەنێوان تورکیا و ئێران بەنێوەندگیری هاڵک بانک، دەروازەیەکی گرنگی دارایی بوو کە بەڕووی ئێراندا کرابوویەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا (Aljazeera Türk, 2014). کاتێک ئەم پێشهاتانە لەبەرچاو دەگیرێن، ڕووندەبێتەوە کە تورکیا دەرگایەکی ئاوەڵاکراوی ئێران بووە بەسەر خۆرئاوادا لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە کە ئێران چەندە پێویستی بەتورکیا هەبووە. ڕووداوەکانی وەک کەشتی مەرمەڕەی شین و کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، بوونە هۆکار و پاڵنەری زیاتر پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان بۆ (١٠) ملیار دۆلار بەرزبوویەوە. بەڵام ئەم جۆرە لەپەیوەندی دووقۆڵی بۆماوەیەکی زۆر درێژەی نەکێشا، بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سووریاوە بەخێرایی پاشەکشەی لێکرا.

## پەیوەندییەکانی تورکیا-ئێران:
## گرژی و بەردەوامی

ئەو ژینگەی ململانێیەی لە ڕابردووەوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبووە دوای ماوەیەکی کورت لەنزیکبوونەوە دیسانەوە لەساڵی ٢٠١٠ دووبارە سەرهەڵدایەوە. کۆمەڵێک فاکتەر لەپشت ململانێکانی نێوان تورکیا و ئێرانەوەیە. فاکتەری یەکەم، لە ١٩-٢٠ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ لە لوتکەی لیشبونە، ئەگەرچی بە مەرجیش بووبێت تورکیا ڕازی بووە سیستەمی بەرگری موشەکی بەرپەرایەتی ناتۆ لەوڵاتەکەی جێگیر بکرێت (Gürsel, 2010). هۆکارێکی دیکەش ڕاپەڕینی خەڵکی تونس بوو لەشێوەی خۆپیشاندان لە ١٧ی کانوونی یەکەم و دواتر ئەمە بوویە دەستپێکی بەهاری عەرەبی و لەساڵی ٢٠١١دا گوازرایەوە بۆ سووریا. ئەم ڕووداوانە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیایان نەگەیاندە حاڵەتی پچڕان؛ بەڵام لایەنە جیاوازەکانی ڕەوتی پەیوەندییەکان لە ڕووی شوناس، ئەمنی و سیستەمەوە بەتەواوەتی ڕوونبوویەوە و دەرکەوت لەسەر بنەمایەکی زۆر هەستیار ئەم هاوکێشانە بونیادنراون. ئەگەرچی تورکیا بەشێوەیەکی جدی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە دانانی سیستەمی بەرگری موشەکی لەوڵاتەکەی ئامانجەکەی ئێران نییە، بەڵام دوای وتەکانی وەزیری بەرگری ئەمریکا لیۆن پانێتا کە ئاماژەی بەوەدابوو قەڵغانی موشەکی و پرۆژەکە ئامانجەکەی ئێرانە، ئەم لێدوانانە زیانی بە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران گەیاند (Aydın: 2019). تەنانەت بڵاوبوونەوەی هەواڵی پێدانی ئەو زانیاریانەی بنکەکانی ڕاداری ئەمریکی کۆیدەکەنەوە و لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوبەشی پێدەکەن پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی تورکیا و ئێرانی بەرەو ئاقارێکی خراپتر برد لەکاتێکدا تورکیا هەوڵێکی زۆری بۆ ڕێکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە دابوو، دەسەڵاتدارانی ئێران لەم چوارچێوەیەدا هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر بەهۆی سیستەمی بەرگری موشەکییەوە هەر پەلامارێک بۆ سەر ئێران هەبێت ئەوا ئەوانیش تورکیا دەکەنە ئامانج(Radikal, 2011).

ئەو سیاسەتانەی تورکیا لە سەردەمی بەهاری عەرەبیدا لەناوچەکە پەیڕەوی لێدەکرد و ئەو لێدوانانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دەدرا بەوەی دەبێت ئەو کەسانەی دێنە سەر دەسەڵات وەڵامی داواکارییەکانی خەڵک بدەنەوە و وڵاتەکانیان بگۆڕن، کاردانەوەی لەلای ئێران دروستکرد. بە تایبەتی کاتێک سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە میانی سەردانەکانی بۆ میسر و لیبیا لە ئەیلوولی (2011)دا پێشنیاری بونیادنانی دەسەڵاتێکی سیکۆلاریستی بۆ کردن و ئێرانیش کاردانەوەی بەرامبەر بەم بیرۆکەیەوە هەبوو، ئەمەش پیشانی دەدات کە چۆن هەردوو وڵات لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازن. ئێران لە بەحرەین و یەمەن لایەنگیر و کۆمەکی پێشکەشی خەڵکی ڕاپەڕیو دەکرد لەکاتێکدا لەسووریا لایەنگری و

کۆمەکی پێشکەشی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکرد.

ئێران، تورکیای بەوە تۆمەتبار کرد کە هەوڵی پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و سووریا دەدات، هەروەها ڕایگەیاند کە تورکیا هەوڵی داوە ڕێگری بکات لە کۆمەکی و پشتیوانیکردنی ئێران لە بەشار ئەسەد(Global Research, 2011). سەرەکیترین هۆکاری گرژی و ململانێکانی ئەو دوو وڵاتە بریتیبوو لە لەترسی ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریا چونکە لەئەنجامی ئەمەدا ئێران هەژموونی خۆی لەناوچەکەدا لەدەستدەدا و لەلایەکی دیکەشەوە تورکیاش پشتیوانی و یارمەتی پێشکەشی هێزە نارازی و ئۆپۆزسیۆنەکان دەکرد. ئەگەر بەتایبەت کەیسی سووریا وەربگرین، دەبینین سووریا، ئێران و ڕووسیا دژی بلۆکی ئەمریکا، سعودیە، قەتەر و تورکیان. کاتێک هاوپەیمانێتی نێوان ئەو خەڵکانەی کە زۆرینەیان مسوڵمانن بە هەند وەردەگیرێت ناتوانرێت چاو لەوە بخەوێنرێت کە ئەم هاوپەیمانێتیانەش تاڕادەیەکی زۆر مەزهەبین. دوای سەردانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئێران لە ساڵی (2012) دا، سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیار بوو لەنێوان گرووپی ٥+١ و ئێران بەڕێوەبچێت، دەسەڵاتدارانی ئێرانی داوای ئەوەیان کرد لەبری ئیستانبوڵ کۆبوونەوەکە لە بەغدا، دیمەشق یان پەکین بەڕێوەبچێت، هەڵبەتە ئامانجیش لەم داواکارییە ئەوەبوو بەڕوونی پیشانی بدەن کە چی دیکە تورکیا وەک وڵاتێکی هاوپەیمان مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت(Dünya Gazete-si, 2012). ئەگەر جیاوازی مەزهەبی و تائیفی لەبەرچاو بگیرێت دەبینن ئێرانی شیعی پشتگیری ڕژێمی بەشار ئەسەدی شیعەی نوسەیری دەکات و هەرچی تورکیاشە لەڕووی مەزهەبیەوە سوننەی مسوڵمانە و پشتگیری هێزە ئۆپۆزسیۆنە سوننییەکان دەکات بۆیە پێکدادانی ئەم دوو هێزە مەزهەبییە جیاوازە گرژی و ئاڵۆزی و ململانێکانی نێوان تورکیا و ئێرانی زیاتر کرد. کاتێک کە ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆی لەعێراقدا، ڕاستەوخۆ ئێران ئامانجی سەپاندنی هەژموونی خۆی لە عێراقدا خستە پێشەوە. لەچوارچێوەی ئەم ئامانجەیدا زیانی بەپەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا گەیاند(Barkey, 2013:157). یەکێکی دیکە لە ڕووداوەکان کە دوای شەڕی ناوخۆی سووریا ئێران و تورکیای خستە هەڵوێستێکی جیاوازەوە، کۆتایی هاتنی چالاکییە هاوبەشەکانیانە لە دژی بزووتنەوەی کوردی لە سووریا، لە ئەنجامی ئەمەشدا ئاڵوگۆڕی هەواڵگری لە تەموزی ٢٠١١ لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا وەستێنرا. تورکیا لە ئەگەری بەکارهێنانی پەکەکە لەلایەن ئێران و ڕژێمی سووریاوە دژی تورکیا، وڵاتی تورکیا لەم ماوەیەدا پرۆسەی ئاشتی ڕاگەیاند و ئامانجی لەم کارەشی ڕێگری لەچالاکی بزووتنەوەی کوردی بوو لەوڵاتەکەی. بۆیە سەرەڕای هەموو ئەم شتانە پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا گەیشتە قۆناغێک

کە چیتر گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا مەحاڵ بوو.

ئەگەر تورکیا و ئێران نەیانتوانی بێت ژینگەیەکی سەقامگیری متمانە لە نێوانیاندا بونیاد بنێن، بەڵام بەهۆی گۆڕانی زەمینەی سیاسییەوە هەردوو لایان لەو ڕاستییە تێگەیشتبوون کە هەمیشە پێویستیان بە یەکترە. ئەم دۆخە لەگەڵ شەڕی سووریادا زیاتر هەستی پێدەکرێت، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان هەر دووڵاتەکەی تاقیکردەوە. سەرکردەکانی ئەو کاتەی هەردوولا لەمەدا هەوڵێکی بێ وچانیان داوە. سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، جەختی لەوە کردەوە کە چاوپێکەوتنەکانیان هەموو کاتێک لەگەڵ ئێراندا بەردەوام دەبێت و هەوڵدەدەن لەگەڵ ئێران لە بارەی بابەتی سووریاوە گەرموگوڕانە پێکەوە جووڵە بکەن(Milliyet, 2012). هەرچی ئێرانیشە، لەکاتێکدا تورکیا یارمەتی لۆجستی هێزە شەڕکەرەکانی دژی ڕژێمی بەشار ئەسەدی دەدا هەوڵیدا پێکەوە لەژینگەیەکی ئارامدا و لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆیان بکاتەوە تاوەکو لەسەر ناوێکی دیاریکراو ڕێبکەون، لە هەمانکاتدا جەختیان لەسەر ئەوەکردەوە لەم بابەتەدا لەگەڵ تورکیادا هەڵوێستێکی زۆر جیاوازیان نییە (Milliyet, 2013). سەرەڕای جیاوازی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی ئێران لە پەیوەندییەکانیدا، بەڵام هێشتا هەندێک فاکتەری بزوێنەر هەن کە ڕێگەنادەن ئێران و تورکیا پێکەوە لەم بابەتانەدا جووڵە بکەن. ئێران نیگەرانییەکی قووڵی سەبارەت بەو ئەندێشەیە هەیە کەپێیوایە چواردەوری بەدوژمن تەنراوە. لەگەڵ جێگیرکردنی سیستەمی موشەکی لەسنوورەکانی تورکیادا و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ زیادکردنی هێزی سەربازی سعودییە و قەتەر، نیگەرانییەکانی ئێرانی لەپەیوەندیدا بەم پێشهاتەوە قووڵترکردەوە. لەپەیوەندیدا بەمەوە کاتێک لەساڵی (٢٠١٢)دا کۆمەڵێک سەردانی سەربازی لەنێوان سعودیە و قەتەر و تورکیادا هەبوو، ئێران ڕاستەوخۆ نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوانە دەربڕی چونکە وەهای دەبینی کە ئەمە دروستکردنی بلۆکی سوننییە بەرامبەر بەخۆی(İdiz, 2013). هۆکارێکی بزوێنەری دیکەش ئەوبوو بەهۆی سزا و گەمارۆکانەوە ئێران بەتێپەڕبوونی کات لاوازتر دەبوو و نەیدەویست بازاڕێکی گرنگی وەک تورکیا لەدەست بدات. لەبەرئەوەی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی هەردوولا پێکەوە گرێ درابوو چاوپۆشییان لە گرژییەکانی نێوانیان کرد. دیارترین نمونەی ئەمەش ئەو کۆبوونەوەیەبوو لەساڵی (٢٠١٢)دا لەنێوان سەرۆک وەزیرانی ئەوکات ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و مەحمود ئەحمەدی نەژاددا کرا، کاتێک هەردوولا ڕونکردنەوەیان دەربارەی ئاڵوگۆڕی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات داو ڕایانگەیاند دەیانەوێت ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بۆ ٣٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بەرزبکەنەوە(Kırdar, 2013:2).

ئەگەر لە ڕوانگەی تورکیاوە سەیری دۆخەکە بکرێت، لەبەرئەوەی شەڕی ناوخۆی سووریا مەترسی لەسەر سنوورەکانی تورکیا دروستکردبوو، بۆیە تورکیاش نەیدەویست دەرفەتی دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا لەناوببات. سەرەڕای هۆشدارییەکانی تورکیا، ڕەفتارەکانی سووریا کە هەڕەشەی لە ئاسایشی سنوورەکان دەکرد، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران هەبوو. چونکە ڕووسیا و ئێران لەلایەکەوە پشتگیری و کۆمەکی جدی سووریایان دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی چالاکانە دەستوەردانیان نەکرد، تورکیا وەهای پێباشبوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بە وریاییەوە مامەڵە بکات. هەڵبەتە شەڕی ناوخۆی سووریا و گەمارۆکانی سەر ئێران بەتەواوی زیانی بە پەیوەندییەکان گەیاند. لەبەرئەوەی تورپراش نیوەی پێداویستییەکانی نەوتی خۆی لە ئێرانەوە هاوردە دەکرد، بەڵام بەهۆی سزاکانەوە هاوردەی نەوت تا ئاستی بڕین دابەزی. لە دەرئەنجامی واژۆکردنی ڕێکەوتنی تێپەڕینی هێڵی بۆری نەوتی لە ئێرانەوە بۆ تورکیا، باس لەوە کرا کە ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بۆ تورکیا بگوازرێتەوە(Çan-dar, 2013).

ساڵی ٢٠١٢ بۆ ئێران قورسترین سات بوو، چونکە لەدوای ساڵی ١٩٧٩ چڕترین گۆشەگیری و دابڕانی ئابووری بەخۆیەوە بینی، بانکەکانی ئێران بایکۆت کران و بەهۆی گەمارۆکانی یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەناردەی نەوت بۆ دەرەوە بەتەواوی کەمبوویەوە. لە حوزەیرانی ٢٠١٣ لەگەڵ هەڵبژاردنی حەسەن ڕۆحانی بەسەرۆک کۆماری ئێران سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە بەهۆی خراپبوون و دابەزینی ئاستی ستانداردە ئابوورییەکانی ژیانی خەڵکەوە کەبەپێی تێپەڕبوونی کات بەرەو دابەزین دەچوو ستراتیژێکی نیانتری بەخۆیەوە بینی. حەسەن ڕۆحانی بەئامانجی کۆتایی هێنان بەم خراپبوونە هەوڵی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دا. ئەم ڕێچکەیەی ئێران گرتیەبەر بەنسبەت تورکیاوە پێشهاتێکی زۆر بەنرخ بوو. تورکیا لەبەرئەوەی هۆشیاری بەرامبەر ئەوە هەبوو کە مەترسییەکانی ناوچەکە تەنیا بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ڕاست دەکرێتەوە، بەو بیرۆکەیە نیگەران نەبوو کە نزیکبوونەوەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئەورووپا لە ئێران، لە گرنگیی وڵاتەکەی کەم دەکاتەوە(Taştekin, 2013). بڕیار و دەرئەنجامەکانی کۆبوونەوە و دانوستانەکانی لوتکەی نێوان وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا دەربارەی وزەی ناوەکی لەگەڵ ئێران لەشاری جنێف لەنزیکەوە پەیوەندی بەتورکیاشەوە هەبوو. بەگوێرەی دەرئەنجامەکانی ئەم دانوستانانە، ئێران پیتاندنی یۆرانیۆمی خۆی لە ئاستی (٥%)دا دەهێڵێتەوە

و دامەزراوەی بەرهەمهێنانی ئەتۆمی وڵاتەکەی بەڕووی میکانیزمی پشکنینی نێودەوڵەتیدا دەکاتەوە. لە بەرامبەر هەموو ئەم بڕیارانەدا، ڕادەی ئەو سزایانەی کە بەسەر ئێراندا سەپێنرابوو سووک دەبوو(Tanış, 2013). دەکرا دەرئەنجامی ئەم دانوستانانە کاریگەری ئەرێنی لەپەیوەندیدا بەتورکیاوە لێبکەوێتەوە، چونکە ئێران لەپێگەی وڵاتێکی دراوسێدایە بەم هۆیەوە مەترسییە ئەتۆمییەکانی کەمکرایەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دابەزاندنی ئاستی سزاکان هۆکارێک بوو بۆ باشتربوونی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە(Otuzen, 2012:9). کاتێک لەڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣ دەڕوانین دەبین گرووپ و ڕێکخراوەکانی وەک پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق-شام لەسنوورەکانی تورکیا پەیدابوون، ئەمانەش دیسانەوە پێناسەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێرانیان کردەوە. ئەگەری زیادبوونی چالاکی گرووپە ڕادیکاڵەکان و پەرەسەندنی ململانێ مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە ئێران و لە هەمانکاتدا جێهێشتنی کاریگەری بەهاری عەرەبی لەسەر دۆخی وڵاتەکەی، ئێرانی بەتەواوی نیگەران کردبوو. ئەم ئایدیایانە وای لە هەردوو وڵاتەکە کرد لەبری بەریەککەوتن بیر لەڕێکەوتن بکەنەوە. سەرەڕای شەڕی سووریا، سەردان و کۆبوونەوە فەرمییەکانی هەردوو وڵات لە ئاستی باڵادا نموونەی هەوڵەکانیان بۆ ئاشتەوایی. لە کاتێکدا کە شەڕی بەوەکالەتی تورکیا و ئێران لەسووریا بەردەوام بوو، عەبدوڵڵا گوڵ سەرۆککۆماری ئەو دەمی تورکیا پێشوازییەکی گەرمی لە حەسەن ڕۆحانی کرد کە سەردانی ئەنقەرەی کردبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواستی هەردوو دەوڵەتەکەبوو بۆ پاراستنی پەیوەندی باشی دراوسێیەتییان(Hürri-yet, 2014).

### قەیرانی سووریا: لەپرۆسەی ڕاپەڕینی گەلەوە بۆ شەڕی ناوخۆیی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران

لە دەرئەنجامی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی بەهۆی بەهاری عەرەبییەوە لەهەندێک وڵاتی عەرەبیدا سەریان هەڵدا، داینەمۆی ئەم ڕاپەڕینانە لەساڵی (٢٠١١)دا لە سووریاشدا بەدەرکەوت و گەشتە ئاستێک کە گەڕانەوە لێی مەحاڵ بوو. سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر پێکدادانەکاندا لەسووریا کەچی هێشتا ئاشتی بەدی نەهاتووە، هەزاران کەس گیانیان لەدەستدا، ملیۆنان کەسیش ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵن. پێکدادانی بەرژەوەندی دەوڵەتان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی هۆکاری قووڵبوونەوەی قەیرانی سووریابوو. وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندا و بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی داهاتووی دۆخەکە شەڕی بە وەکالەتیان لەناوچەکەدا هەڵگیرساند. لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد، هەندێک دەوڵەتیش هەستان

بەیارمەتیدانی هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەریی توندوتیژییەکان زیاتر دەبوو(Alterman, 2013:1).

تورکیا و ئێران لەو وڵاتە ناوچەییانەن کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریاوە بەشێوەیەکی چالاک ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە. تورکیا هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەکانی خەڵکی سووریاوە هەوڵی گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەدی دا، یارمەتیدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژی ڕژێمی سوریی دا. ئەم دۆخەش ڕۆڵی لەشێوەگرتنی سیاسەتەکانی تورکیا هەم لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەبوو. هەرچی ئێرانیشە هەر لەساتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانەوە ڕایگەیاند کە لایەنگیری ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکات و بڕیاریدا سیاسەتەکانی بەو ئاقارەدا ئاڕاستە بکات. هەربۆیە ئەو ستراتیژ و پەیڕەوانەی هەردوو وڵات گرتوویانەتەبەر بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی قەیرانی سووریا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران گرنگن.

قەیرانی سووریا: لەپرۆسەی ڕاپەڕینی گەلەوە بۆ شەڕی ناوخۆیی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران

## کاریگەریی شەڕی ناوخۆیی سووریا لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا

لەدوای قەیرانی سووریاوە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سووریا بە تەواوەتی وەستا و ئەو پێشهاتانەی لەسووریا ڕوویاندا بەڕادەیەکی زۆر مەترسی بۆسەر تورکیا دروستکرد. کاتێک خاکی باکوری سووریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی گرووپەکانی وەک پەیەدە، بەرەی نوسرە و داعشەوە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی سووریا دروستبوو، ئەمەش مانای وابوو ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا بەسووریاوە بەشێوەیەکی جدی کەوتوونەتە مەترسییەوە. پێکدادانە چەکدارییەکانی وڵاتەکە پاڵی بەخەڵکی سڤیلیشەوەنا شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن. تورکیا هەتاوەکو ئەم دوایانەش پەیڕەوی لەسیاسەتی "دەرگای کراوە" دەکرد، ئەمەش بووە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەکی تورکیا و لێرەوە کێشەی پەنابەرانی سوری سەریهەڵدا. لە هەمانکاتدا کاتێک سەرنج لەو پێشهاتانە دەدرێت کە لەناوخۆی وڵاتەکەدا ڕوویاندا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەم بابەتە کاریگەرییەکی گرنگی بەسەر پەیڕەوی سیاسی ناوخۆییەوە هەبووە. لەکاتێکدا تورکیا لەگەڵ ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتیدا پێکدادانە سەربازییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی وەستاند، پەیەدە سەریهەڵدا و ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدیش چەندین بەڵێنی جیاوازی بە کوردەکانی باکوری سووریا دا، لێرەشەوە پەکەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی دەستی لەهاوکێشەکاندا بەهێزبووە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی یەکەمجاربەرەی نوسرە هاوسۆزی لەگەڵ سوپای سووریای ئازادا هەبوو، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم گرووپە پچڕاند و پەیوەندی بە قاعیدەوە

کرد. باڵادەستبوونی هێزەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش لەسووریا و خەباتیان لەپێناو ئایدۆلۆجیەکانی خۆیاندا، هەستی مەترسی لەلای تورکیا خوڵقاند (Kohen, 2012). لێرەوە ئەو بانگەشانە سەریانهەڵدا کە تورکیا کۆمەکی گرووپە جیهادییەکان لەدژی پەیەدە دەکات و بریندارەکانی ئەم گرووپانە لەنەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر وەردەگرن و لەهەمانکاتدا لەلایەن تورکیاشەوە یارمەتی سەربازیی و لۆجستییان پێدەدرێت، بۆیە ئەم پێشهاتانە لەسەرئاستی سیاسەتی دەرەکی تورکیایان خستە ژێر فشارەوە (Amberin Zaman, 2013). قەیرانی سووریا لە کاردانەوەی گەلێک تێپەڕی کە بەدوای ماف و ئازادیدا دەگەڕێت، لەدوای دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپە جۆراوجۆرەکان ئیتر پرسیارێکی لەم شێوەیە هاتە ئاراوە کە ئایا دەوڵەتی داهاتوو دەوڵەتێک پشتبەستوو بەشەریعەتی ئیسلامی بەقورسایی سونی دەبێت یاخود دەوڵەتێکی خاوەن پێکهاتەی سکۆلاریستی دەبێت. لەهەموانیش زیاتر بەشار ئەسەد سودمەندی ئەم دۆخە بوو، چونکە وێنایەکی وەهای دروستکرد کە شەڕی گرووپە توندڕەوە چەکدارەکان دەکات. بەهاری عەرەبی لە وڵاتەکانی وەک لیبیا، میسر و سووریادا کاریگەریی خۆی پیشاندابوو لەم کاتانەشدا تورکیا یارمەتی برایانی مسوڵمان (ئیخوان موسلیمین) و گرووپە هاوشێوە پەیوەندیدارەکانی بەوانەوە دەدا، دوای ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕی سووریا پێویستە بەزوویی دەستوەردان بکەن، لێرەوە تورکیا هەڵوێستی شەڕکردنی هەڵبژارد و لە کایەی نێودەوڵەتیدا وەک شەڕکەرێک لەتەنیشتی گرووپە جیهادییە ڕادیکاڵەکانەوە شوێنی گرت.

لە مانگی ئەیلولی (٢٠١٣)دا ئەمریکا و ڕووسیا بڕیاریاندا دەستێوەردانی سەربازیی لە سووریا نەکەن و تورکیاش لەو سیاسەتەی کە پەیڕەوی کردبوو بە تەنیا مایەوە. سەرەڕای ئەوەی باراک ئۆباما بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەشەڕی سووریادا وەک هێڵی سور ئاماژە بۆ کرد، کەچی دوای ئەوەش سووریا چەکی کیمایی بەکارهێنا (BBC, 2016) و ئەمریکاش کاردانەوەیەکی بەرجەستەی بەرامبەر ئەو حاڵەتە نەبوو، ئەم ڕەفتارەش لەتورکیا ڕەخنەیەکی زۆری ڕووبەڕووبوویەوە. تورکیا لەو ماوەیەدا پەیڕەوی لەسیاسەتی دەرگای کراوە دەکرد، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و ڕۆژانە ژمارەی پەنابەرانی سوری ڕووی لەزیادبوون دەکرد بۆیە تورکیاش بەتەنها نەیتوانی ڕووبەڕووی قەیرانی پەنابەران ببێتەوە و ئەمەش دووچاری کێشەی ئابووری کردەوە. لەبەرئەم هۆکارانە بوو تورکیا داوای دەستێوەردانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپای لەبارەی ناوچەکەوە کرد و داوای لێکردن بەم ئاقارەدا هەنگاوی پێویست بهاوێژن. ڕوودانی ئەم هەموو پێشهاتانە لەدوای قەیرانی سووریاوە سیاسەتی دەرەکی تورکیای خستە تاقیکردنەوەیەکی قوورسەوە.

ئەگەر لەڕوانگەی تورکیاوە پێشهاتەکانی قەیرانی سووریا لەبەرچاوبگرین، لەساڵی (٢٠١١)دا کاتێک ڕووداوەکانی سووریا تەقینەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا هەوڵیاندا بڕوا بە بەشار ئەسەد بهێنن تاوەکو چاکسازی لەوڵاتەکەیدا بکات. وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ و شاندێکی یاوەری بۆ کاروباری دەرەکی لەبارەی ئەم بابەتەوە دانوستانیان لەگەڵ بەشار ئەسەدا ئەنجامدا. سەرەڕای هەموو ئەم وتووێژانە، کەچی بەشار ئەسەد ملی بۆ چاکسازی نەدا، بە لەبەرچاوگرتنی کاردانەوەکانی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتە، ئەمە یەکەمین فاکتەری بزوێنەر بوو کە پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ سووریادا کۆتایی پێهێنا (Shadid, 2011). لەکۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١١)دا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لەسەردانێکیدا بۆ ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کۆتایهێنان بە ناسەقامگیری دۆخی سووریا پێکەوە هەوڵی چارەسەر دەدەن و پێکەوە جووڵە دەکەن. لە هەمانکاتدا ئەردۆگان جەختی لەوە کردەوە لەگەڵ ئەمریکادا پێکەوە بەبڕیارێکی هاوبەش لەبارەی سەپاندنی سزا و گەمارۆ بەسەر سووریادا گەیشتوون. هەروەها هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا لەو دەمەدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و پێیوابوو دەبێت گۆڕانی ڕژێم لە سووریا بەبێ توندوتیژی لەژێر سەرکردایەتی تورکیا و کۆمکاری عەرەبیدا ڕوویدات. تورکیا لەدوای ئەم پێشهاتانەوە بڕوای بەخۆی هێنا و لەسەر ئەو گریمانەیە سیاسەتەکانی شێوەی گرت و باوەڕی وابوو کە ڕژێمی بەشار ئەسەد هەر دەڕوات. وەک چۆن لە لیبیا بەمەبەستی لادانی موعەمەر قەزافی دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی هەبوو تاوەکو لەدەسەڵات لایاندا، تورکیاش باوەڕی وەهابوو بەهەمان شێوە بەشار ئەسەد لادەبرێت. نزیکەی ٧٠ وڵاتی ئەوروپی و عەرەبی بەشدارییان لەلوتکەی دۆستانی گەلی سووریا لە ئیستانبوڵ کرد و تورکیاش سەرپەرشتی ئەو لوتکەیەی کرد (BBC News Middle East, 2012). ئامادەبوونی کۆفی عەنان سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرۆکراتە باڵاکانی یەکێتی ئەورووپا لەو لوتکەیەی باسکرا و ئامادەنەبوونی هەریەک لەوڵاتانی ڕووسیا، چین، عێراق و ئێران لە لووتکەکەدا، لەو ڕووەوە گرنگە کە چۆن تورکیا بەدوای چارەسەرێکدا گەڕاوە بۆ سووریایەکی بێ بەشار ئەسەد. کاتێک لە قۆناغەکانی دوای ئەوە دەڕوانین، دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەپێش هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدوای چارەسەری دیپلۆماسییەوەن و نایانەوێت دەستوەردانی سەربازیی لەشەڕی ناوخۆی سووریا بکەن، ئەمەش لەو هۆکارانەبوو کە لەگەڵ خۆیدا شەڕی سووریای درێژکردەوە، ئەم ناسەقامگیریانەش ئەگەر زیانمەندی تورکیای لەسەر سنووری سووریا زیاتر کرد(Öz-can, 2017).

لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی سووریا داواکارییەکانی تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام بێ وەڵام مانەوە، لە هەمانکاتدا کۆچی بەلێشاوی سوورییەکان بۆ تورکیا وڵاتەکەی خستە ژێر بارگرانیەکی ئابووری جدییەوە. ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەپەیوەندیدا بەم ڕووداوەوە ئاماژەی بەوەدا " تراژیدیای سووریا هێندە ڕەهەندی گەورەی وەرگرتووە کەتورکیا لەگەڵ ئەو کێشانەی بەم هۆیەوە کەوتوونەتەوە ناتوانێت بەتەنها دەرەقەتی بێت". ئەمەش مانای وابوو کە تورکیا ناتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە بەتەنها ئەو کێشانە چارەسەر بکات . دەکرێت ڕەفتاری خۆ بەدوورگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەستوەردانی سەربازیی لەسووریا بە کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر شیبکرێتەوە. یەکەمیان کاتێک بیر لەچارەسەرێکی بێ بەشار ئەسەد بۆ تورکیا دەکرێتەوە بەئەگەرێکی زۆر ئەو دەسەڵاتەی کەشوێنی ئەسەد پڕدەکاتەوە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێت بۆیە ئەمریکا دورەپەرێزی بەرامبەر ئەم بژاردەیە هەڵبژارد. لە هەمانکاتدا لە ترسی ئەوەی کە ڕەنگە لەکاتی یارمەتیدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا بەچەک، ئەو چەکانە بکەوێتە دەست گرووپە توندڕەوە ئاینییەکان، ئەمەش پاڵی بە ئەمریکاوە نا تەنها پاڵپشتی لۆجستی ئۆپۆزسیۆن بکات(Bila, 2012).

لەچوارچێوەی ئەم پێشهاتانەدا، کاتێک شیکاری پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران لەبارەی سووریاوە دەکەین، ڕۆڵی سووریا بەمانای وشە ڕەوتی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دیاری دەکات. هەر لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)وە، ئێران سووریای وەک هاوپەیمانی خۆی قبوڵکرد لەبەرامبەردا تورکیا لەساڵانی (٢٠٠٠)دا دەست بە چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا کرد. تورکیا هەرچەندە لە چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا وزەی خەرج کردبێت، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ڕۆڵی سیاسی، ئابووری و ئایینی ئێران لەسووریا لاواز بکات. کاتێک لە سیاسەتی دەرەکی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا و لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانین دیارترین کاری لەپێشینەی ئێران بڵاوکردنەوەی سیاسەتی شیعەگەرییە. ئەم هەڵوێستەی ئێران ململانێکانی لەگەڵ تورکیادا قووڵترکردۆتەوە. دوای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣) حکومەتێکی شیعی نزیک لەئێران لە عێراقدا دروستبوو ئەمەش بەرژەوەندییەکانی تورکیای لە ناوچەکە خستە مەترسییەوە. تورکیاش بۆ ئەوەی هەمان دۆخی عێراق لەسووریا بەسەرنەیەتەوە یارمەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی نزیک لەخۆیدا. سەرەڕای ئەمەش تورکیا نەیتوانی هێندەی ئەو کۆمەکیانەی کە ئێران پێشکەشی حیزبوڵای لەسووریا کرد، پێشکەشی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی نزیک لەخۆی بکات. یارمەتییە سیاسی و لۆجستییەکانی تورکیا بۆ ئەو هێزانە سنووردار بوو. لەبەرئەوە ئێران لەچاو تورکیادا لەسووریا خاوەن هێز و هەژموونێکی زیاتر بوو(Doğan,

2016:3-4)). لەساڵی ٢٠١٥ەوە تورکیا بەو بیانوەی کە هەڕەشە لەسەرسنوورەکانی لەباکوری سووریاوە هەیە دەستی بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەسەر سنوورەکان لەدژی داعش، پەیەدە و یەپەگە کە وەک درێژکراوەی سووریا پەکەکە ناسراون کرد.

هەڵبەتە هەندێک هۆکاری دیکە هەبوون کەوایان کرد ئێران هێندە بەچڕی پشتگیری لەمانەوەی ڕژێمی سووریا بکات. لەناو ئێرانییەکاندا بیرۆکەی قبووڵکراو ئەوەبوو کە کەوتنی سووریا مانای کەوتنی ئێرانە. لەبەرئەوە ئەو بیرۆکەیە بەسەریاندا زاڵبوو کە دەستبەرکردنی ئاسایشی سووریا بەمانای دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئێرانە. جگەلەوەش لە بابەتی سووریادا ئێران سەرنجی رووسیای بۆلای خۆی کەمەندکێش کرد، ئەمەش یەکێک بوو لەو پێشهاتانەی کە کاریگەریی ئێران زیاتر کرد. یەکێک دیکە لەو ڕەگەزانەی ئێرانی لەسووریادا بەهێزترکرد ڕێکەوتنی ئێران بوو لەبارەی وزەی ناوەکییەوە لەگەڵ خۆرئاوادا، لەدەرئەنجامی ئەمەشدا ئێران لەڕووی ئابوورییەوە بەرەو بوژانەوە چوو. ئێران لەپێشووتردا وەک وڵاتێک لەخۆرئاوا وێنای دەکرا کە کۆمەکی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات، بەڵام کاتێک لەشەڕی سووریادا لەبەرامبەر داعشدا جەنگا وێنای وڵاتەکە کەوتە جێگەیەکەوە کە شەڕی دژی تیرۆر کردووە. ئەم دۆخە هێزی ئێرانی لەناوچەکەدا زیاتر کرد، کەچی تورکیا لەمیدیای ڕۆژئاوادا زووزوو هەواڵی لەبارەوە بڵاودەکرایەوە بەوەی کۆمەکی پێشکەشی داعش کردووە، ئەمەش تابلێی وێنای تورکیای لەخۆرئاوا لەکەدار کرد. لەم دەمەشدا پەکەکە دیسانەوە لەناو سنوورەکانی تورکیادا دەستی بەچالاکییە چەکدارییەکانی کردەوە و سەرلەنوێ سەرنجی تورکیای بۆ نێو خاکەکەی خۆی ڕاکێشایەوە. یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان ئەوەبوو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی نزیک لەتورکیا بەگوێرەی پێویست سەرکەوتوو نەبوون ئەمەش کاریگەریی تورکیا لەسووریا لاوازتر کرد(Doğan, 2016:4).

بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەم ڕووداوانە دەردەکەوێت هەرچەندە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران لەبابەتی سووریادا جیاوازن و ڕێگای چارەسەری جیاواز و ناکۆک لەخۆ دەگرن، بەڵام لەبەر بەرژەوەندیەکانی هەردوو وڵات ئەوە نابێتە لێکدانەوەیەکی دروست کەچاوەڕێی پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەو دوو هێزە بکرێت. پێکەوە وابەستەبوونی تورکیا و ئێران بەیەکتر و درێژەدان بە پەیوەندییەکانیان لەسەر سیاسەتی براوە-براوە وادەکات دۆخی پەیوەندییەکان نەبەنە خاڵی وەستانەوە. لە کاتێکدا ڕوونە کە قەیرانی سووریا لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر نابێت، بەڵام ئەو بار و تێچوونەی کە بەسەر تورکیا و ئێراندا سەپاندوویەتی تابڵێی جدییە. بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا گرنگە تورکیا و ئێران ڕۆڵێک بگێڕن کە هەم ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و هەم یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزێت.

## کاریگەریی شەڕی ناوخۆی سووریا لەسەر سیاسەتەکانی ئێران

لەدەرئەنجامی بە ئامانج گرتنی ڕژێمی سیاسی لەسووریا لەلایەن بەهاری عەرەبییەوە، ئێران بەناوی سووریاوە کە لەڕووی جیۆپۆلۆتیکییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ وڵاتەکەی، سیاسەتی ناوچەیی خۆی کە کۆمەڵێک ئاڕاستەی سەربازیی لەخۆ گرتووە بەڕێوەبردووە. ئێران هەر لەساتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سووریاوە کێشەکەی وەک سیاسەتێکی دەرەکی نەبینی، بە پێچەوانەوە دۆخی ئامادەی وەک بابەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی و ناوخۆی لێکدایەوە(Uzun ve Ekşi, 2017:215). لەچوارچێوەی ئەم دیدگایەدا، ئێران هەر لەسەرەتاوە یارمەتی هێزە هاوپەیمانە خۆجێیەکانی خۆی لەسووریا دا. ئێران هەوڵیدا کە کاریگەرییەکانی بەهاری عەرەبی بخاتە پەراوێزەوە و لەبری ئەوەی مامەڵەی دۆخەکە وەک شەڕی ناوخۆ بکات بۆ شەڕی دژی تیرۆر گۆڕی (Talla, 2017:7). ژینگەی ئەو شەڕەی لە سووریا کەوتەوە تا ئاستێکی زۆر جدی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبوو. ئێران لەچەند ڕوویەکەوە لەشەڕی سووریادا ئامانج و مەبەستەکانی خۆی دیاریکرد، لەوانەش ڕێگەنەدان بەتێکچوون و پێشێلکردنی یاساکانی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرایلدا، یارمەتیدانی سەربازیی هێزەکانی بەشار ئەسەد لەپێناوی ئەوەی بیسەلمێنێت ڕژێمی سووریا توانای کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا مانەوەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای سووریا لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمدا، چونکە ئەم ناوچانە لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە بەرژەوەندی ئێران لەخۆدەگرێت. ئێران لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی ڕاستەوخۆ لەسووریا شوێن و پێگەی خۆی گرت، ئامانجی سەپاندنی هەژموون و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەی هەبوو(Talla, 2017:7-8).

سوپای پاسداران و ڕابەری ئایینی ئێران عەلی خامنەیی کاریگەریان لەئاڕاستەکردنی سیاسەتی وڵاتەکەیان لە سووریادا هەبوو. ئەم دوو فاکتەرە بزوێنەرە یارمەتیدانی سووریای وەک بەرخۆدان و بەرەنگاری لەقەڵەم داوە و سیاسەتی وڵاتەکەی لەچوارچێوەی ئەم ئارگۆمێنتەدا شێوەی گرت. ئێران پێیوابوو ڕووخاندنی ڕژێمی سووریا بە مانای لەدەستدانی گرنگترین هاوپەیمانی خۆی دێت لە ناوچەکە، بەتایبەت کاتێکیش ئەمە زیاتر کاریگەر دەبێت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبوڵلادا لە ڕێگەی سووریاوەیە. لەبەرئەم هۆکارە بەپێچەوانەی سیاسەتی وڵاتانی دیکەوە لایەنگری ڕژێمی سووریای کرد و ڕەخنەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی کرد(Sinkaya, 2011:43). یەکێک لەو پێشهات و ڕووداوانەی کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئێران لە قەیرانی

سووریادا هەبوو، هەڵوێستی یارمەتیدەرانەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بوو لەلایەن وڵاتانی ئیسرائیل، سعودییە، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبی. بیرۆکەیەکی وەها لەئارادایە هۆکاری یارمەتیدانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە بۆ لاوازکردنی ئەو دەوڵەتانەبوو کە لەژێر کاریگەری ئێراندابوون لەم ڕێگەیەشەوە ئامانجی زیان گەیاندن بە ئێرانیان هەبوو. ئێران لەلایەن دیپلۆماتکارانی ئەو کاتەی خۆیەوە ئەوەشی نەشاردەوە کە باوەڕیان وایە ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بەتایبەت پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ئیسرائیلەوە هەیە(Sinkaya, 2012:10).

لەلایەکی دیکەوە، هۆکارێکی دیکەی پشت پشتگیریکردنی ئێران لە ڕژێمی بەشار ئەسەد پەیوەندی بەو باوەڕەی ئێرانییەکانەوە هەبوو کە پێیانوابوو ڕژێم دەتوانێت یاخیبوونەکە سەرکوت بکات. ئەوەی پاڵنەری ئەم بیرۆکەیەی ئێران بوو، لەڕابردوودا ڕژێمەکەی ئەسەد توانیبووی چەندین ڕاپەڕین و قەیرانی دیکە کە ڕووبەڕووی ببوونەوە سەرکوت بکات. ئێران وەها بیری دەکردەوە کە بوونی یەکەی هەواڵگری بەهێز و سوپای چەکداری بەهێزی ڕژێمی سووریا توانای بەربەرچدانەوە و سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی سووریایان دەبێت. جگەلەوەش پەرتەوازەیی و شپرزەیی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەسووریا کە بەشێوەیەکی تەکنیکی و سیستماتیکی جووڵەیان نەدەکرد، ئەو باوەڕەی لەلای ئێرانییەکان دروستکرد کە ڕژێمی سووریا سەرکەوتوو دەبێت(Sinkaya, 2011:44-45).

هەرماوەیەکی کورت لەدوای دەستپێکردنی چالاکی و هەڵمەتەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆن و ناڕازییەکانی سووریا، ئێران ڕاستەخۆ دەستی بەپێشکەشکردنی یارمەتی ئابووریی، ئەمنی، دیپلۆماسی و کۆمەکی جۆراوجۆر بە سووریا کرد. لەکانوونی یەکەمی (٢٠١١)دا پەرلەمانی ئێران بڕیاریدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بازرگانی ئازاد لەگەڵ سووریادا بکات و پاش ماوەیەکی کورتیش لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا واژۆی ڕێکەوتنی بازرگانی ئازاد کرا. ئامانجی پشت ڕێکەوتنامەکەش کەمکردنەوەی کاریگەرییە ئابوورییەکانی پشت ئەو گەمارۆیانە بوو کە بەسەر سووریادا سەپێنرابوو. وەها دەخەمڵێنرێت لەساتی سەرهەڵدانی قەیرانی سووریاوە ئێران بەبڕی زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار یارمەتی پێشکەش بە سووریا کردبێت(Sinkaya, 2017:56). کاتێک ئێران هەوڵی دەستەبەرکردنی یارمەتی ئەمنی بۆ سووریا دەدا ئەمەی لە سێ ڕووەوە جێبەجێکرد. یەکەمیان، یارمەتیدانی ڕژێم بە چەک و پێداویستی سەربازیی بۆ سەرکوتکردنی هێزە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکان. دووەم، پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی لەڕێگەی ناردنی دەستەی ڕاوێژکارییەوە بە ئامانجی یارمەتیدانی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی

سووریا. سێیەمیان، ناردنی سەربازانی ئێرانی و هێزە میلیشیاکانی نزیک لە ئێران بۆ شەڕکردن لە دژی هێزە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکان(Ansa-ri ve Tabrizi, 2016:4). ئەگەر لە ڕوانگەی دیپلۆماسییەوە سیاسەتەکانی ئەم قۆناغەی ئێران لەبەرچاوبگرین، پرسی سەرەکی لەلای ئێران کارکردن بووە لەسەر دەستێوەرنەدانی دەرەکی لە دۆخی سووریا. ئێران ڕایگەیاند لەپێناو قووڵنەبوونەوەی قەیرانەکەدا پێویستە وڵاتانی ناوچەکە بەمەبەستی چارەسەر لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە. چارەسەرەکەش لە دیگای ئێرانەوە بۆ کارکردنی پێکەوەیی لەچوارچێوەی هاوکاری ناوچەییدا بریتی بوو لە پاراستن و مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد، دوورخستنەوەی ئەو وڵاتانەی کە بەرەی دژی ئێرانن و یارمەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەدەن(Sinkaya, 2012:17-18).

لەسەربنەمای تێگەشتن لە هەموو ئەم شتانە، بەردەوامی هاوپەیمانی سی ساڵەی نێوان ئێران و سووریا هێڵی بەرەنگاری لە ناوچەکەدا دروستکرد. بەتایبەت ئەو پەیوەندییانەی ئێران لەگەڵ حیزبوڵڵا و گرووپە چەکدارەکانی فەلەستیندا بەستوویەتی بۆ بەردەوامبوونی ئەم هێڵە ئاسایشی سووریای خستە کاری لەپێشینەیی خۆی. ئێران وەها بیری دەکردەوە کە گۆڕانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و هاتنەکایەی حکومەتێکی لایەنگری خۆرئاوا بۆ سەر دەسەڵات مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئێران دەبێت. ئێران بەرامبەر بەو دۆخە هۆشیاربوو کە ناتوانێت ڕاستەوخۆ شەڕ لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا بکات، بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لەهێزە میلیشیا و مورتەزەقەکان شەڕی بەوەکالەتی لە خاکی سووریادا کرد. بەم هۆیەوە ئێران ڕاستەوخۆ کێشەکەی وەک بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لێکدایەوە و سیاسەتی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە کۆمەکییەکی بەرژێمی سووریا پەیڕەوکرد.

## ئەنجام

کاتێک پەیوەندییە مێژووییەکانی ئێران و تورکیا دەخەینەبەر نەشتەری لێکۆڵینەوە دەبینین پەیوەندییەکان لەسەر هێڵێکی ڕاستەوانە نەڕۆیشتوون و بەرزی و نزمی بەخۆوە بینیوە. لەساڵانی سەرەتای کۆمارەوە هەتاوەکو شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی دۆستانە بەڕێوەچوون. لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە هەم تورکیا و هەم ئێران یەکتریان بەهەڕەشە بۆ سەر خۆیان بینیوە و ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کاریگەریی لەسەر ڕەوتی پەیوەندییەکان هەبووە. بەتایبەتی کاتێک لەساڵانی نەوەدەکاندا ئێران کۆمەکی پێشکەشی پەکەکە دەکرد، کاتێکیش تورکیا لەباکوری عێراق ئۆپەراسیۆنی ئەنجامدەدا لەلایەن ئێرانەوە لەو دەمەدا بەتوندی سەرزەنشت کرا، لێرەدا بەڕوونی دەرکەوت ئێران سەنگەری لەتورکیا گرتووە.

بەڵام لەساڵانی (٢٠٠٠)دا هەردوو وڵاتەکە لەدیدگایەکی پراگماتیستییەوە لێکنزیکبوونەوە و بژاردەی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان پەسەند کرد. پەیوەندیە ئابووری و سیاسییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوادا بەشێوەیەکی ئەرێنیانە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئێران هەبووە، بەڵام فاکتەری بنەڕەتی کە پاڵی بە لێکنزیکبوونەوەی هەردوو لایەنەکە ناوە بابەتی ئاسایشی سەربازییە. جگە لەوەش چڕبوونەوەی بارودۆخی سیاسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئۆراسیا لەم قۆناغانەدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا. تورکیا دژی ئەو گەمارۆیانە وەستایەوە کە بەهۆی کێشەی وزەی ئەتۆمییەوە خرایە سەر ئێران، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە بڕیارێکی لەو شێوەیە بۆ ئاسایش و داهاتووی ناوچەکە بەڕاست نابینن. بێگومان هەڵوێستەکەی تورکیا لەبارەی ئەم بابەتەوە لە پاراستنی زیادبوونی قەبارەی بازرگانییەکانیەوە لەگەڵ ئێراندا سەرچاوەی گرتووە. یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە وایکرد تورکیا دژی بڕیاری سەپاندنی سزاکانی سەر ئێران بوەستێتەوە بەهۆی کۆبوونەوەی دەوڵەتان بوو لەبارەی دیاریکردنی نرخی نەوتەوە و قۆرغکردنی نەوتەکە بوو. هاوکات هاوکارییەکانی ئێران لە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەدژی ڕێکخراو و گرووپە چەکدارییەکان لەم ماوەیەدا پشتیوانی تورکیای لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا مسۆگەر کرد.

ڕەوتی باشی ئەو پەیوەندییە دوو قۆڵیانەی کە باسکران درێژەی نەخایاند، پێشهاتەکانی وەک جێگیرکردنی سیستەمی موشەکی لەسەر سنوورەکانی تورکیا و قەیرانی سووریا لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بەشێوەیەکی نەرێنیانە کاریگەریی لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکان بەجێهێشت. تەواوی ئەو پێشهاتانەی ڕوویاندا نەیانتوانی پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیای تاوەکو خاڵی پچڕان بهێنن، بەڵام لایەنە جیاوازەکانی ڕەوتی پەیوەندییەکان لەڕووی شوناس، ئەمنی و سیستەمەوە بەتەواوەتی ڕوون بوویەوە و دەرکەوت لەسەر بنەمایەکی زۆر هەستیار ئەم هاوکێشانە بونیادنراون. ویستی تورکیا بە ئاڕاستەی جێهێشتنی دەسەڵات لەلایەن بەشار ئەسەدەوە و پشتگیریکردنی ئێران لەڕووی سەربازی، دیپلۆماسی و لۆجستییەوە و بەرگریکردنی لە سووریا گرژی نێوان هەردوو وڵاتەکەی زیاتر کرد.

ئێران لە شکستی بەشار ئەسەد لە سووریا و گۆڕانی ڕژێمەکەی دەترسا، چونکە هەژموونی خۆی لەناوچەکەدا لەدەستدەدا. ئەگەر جیاوازی مەزهەبی و تائیفی لەبەرچاو بگیرێت دەبینین ئێرانی شیعی

پشتگیری ڕژێمی بەشار ئەسەدی شیعەی نوسەیری دەکات و هەرچی تورکیاشە لەڕووی مەزهەبیەوە سوننەی مسوڵمانە و پشتگیری هێزە ئۆپۆزسیۆنە سوننییەکان دەکات، بۆیە پێکدادانی ئەم دوو هێزە مەزهەبییە جیاوازە گرژی و ئاڵۆزی و ململانێکانی نێوان تورکیا و ئێرانی زیاتر کرد. ئەگەرچی ئێران و تورکیا نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی سەقامگیر لەسەر بنەمای متمانەکردن بەیەکتر بونیادبنێن، بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە هەردوولا پێویستیان بەیەکترە پەیوەندییە سیاسییەکانی هەردوو وڵاتەکە نەپچڕا.

کۆبوونەوەی ناوبەناوی تورکیا و ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا، هەستکردنی ئێران بە مەترسی هەڕەشەی دەوڵەتانی دیکە، ویستی بۆ درێژەدان و پاراستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ تورکیادا بەتایبەت کاتێک بەهۆی گەمارۆ و سزاکانەوە ئابوورییەکەی لاواز بووبوو، ویستی تورکیاش بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی لەگەڵ سووریادا لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەبوون کە سەرەڕای هەموو گرژییەکان وایکرد پەیوەندییەکانی ئەو دووڵاتە بەردەوام بێت.

ڕەنگدانەوەی قەیرانی سووریا لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا بەتایبەت لە ڕوانگەی ئاسایشی سنوورەکانەوە بەڕادەیەکی زۆر کاریگەریی هەبوو. چەندین ڕێکخراوی توندوتیژ و ڕادیکاڵ لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵات لە سووریادا دروستبوون و ئاسایشی سنوورەکانی تورکیایان خستەژێر مەترسییەوە. لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو پێکدادانانەی لە ناوچەکەدا ڕوویاندا خەڵکی سووریا بەرەو تورکیا پەنایان هێنا و ئەمەش کێشەی پەنابەرانی سووریی دروستکرد. ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی جدی کاریگەری کردە سەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا. ئەم قەیرانە گرژی خستە پەیوەندییەکانی تورکیا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاوە، لەلایەکی دیکەوە جەختکردنەوە و سووربوونی بەردەوامی تورکیا لەسەر سووریایەکی بێ بەشار ئەسەد، کاریگەریی کردە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێراندا، لە دەرەنجامدا تورکیا بووە وڵاتێک لە کایەی نێو دەوڵەتیدا بەتەنها مایەوە و بەقووڵی هەستی بەقوورسایی قەیرانەکە لەسەرشانی خۆی کرد.

وەک دەبینرێت پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا سەرەڕای هەموو کێشەکان نەگەیشتۆتە حاڵەتی وەستان. لەمەشدا هەردوو وڵاتەکە لەهەندێک بابەتدا سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە. کە ڕوونبوویەوە قەیرانی سووریا لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەر نابێت و کێشەکە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، بۆیە زۆر گرنگە تورکیا و ئێران پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش بنوێنن. دیاریکردنی کێشەکانی ناوچەکە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە لەناوچەکەدان و کاریگەریی کێشەکەیان لەسەرە لەداهاتوودا سوودێکی زیاتری بۆ ئەم جوگرافیایە دەبێت لەبری ئەوەی لەلایەن زلهێزە دوورەدەستەکانەوە دیاری بکرێت.

## سەرچاوەکان


Ahmadi, H. (2008). The Dilemma of National Interest in the Islamic Republic of Iran, Iran in the 21st Century Politics, Economics and Conflict, Homa Katouzian & Hossein Shahidi, (Editör.) New York: Routledge.

Aljazeera Türk (2014), Sarraf, Zencani ve Halk Bankası üzerinden 'Yeni Türkiye'ye operasyon. http://www.aljazeera.com.tr/gorus/sarraf-zencani-ve-halk-bankasi-uzerinden-yeni-turkiyeyeoperasyon [Erişim Tarihi: 24.09.2020}.

Alterman, J. B. (2013). The Age of Proxy Wars, CSIS Middle East Notes and Comment, https://www.csis.org/analysis/middle-east-notes-and-comment-age-proxy-wars [Erişim Tarihi: 27.09.2020].

Ansari, A. and Tabrizi, A. B. (2016). The View from Tehran, Aniseh Bassiri Tabrizi ve Raffaello Pantucci (Ed.), Understanding Iran's Role in the Syrian Conflict içinde (3-11), Londra.

Aydın, E. (2019). AB'nin Güvenliği ve Türkiye'nin Rolü: NATO Füze Kalkanı, AVRASYA Uluslararası Araştırmalar Dergisi, 7 (16): 719-735.

Barkey, Henry J. (2012). Turkish-Iranian Competition after the Arab Spring, Survival: Global Politics and Strategy, 54 (6): 139-162.

BBC News Middle East (2012). İstanbul Summit Tries to Increase Pressure on Syria. https://www.bbc.com/news/world-middle-east-17576134 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

BBC News Türkçe (2016). BM: Suriye'de Esad rejimi ve IŞİD kimyasal silah kullandı. https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-37190273 [Erişim Tarihi: 13.06.2020]

Bila, F. (2012). Türkiye'yi Bekleyen Çatışma Alanları. Milliyet, https://www.milliyet.com.tr/yazarlar/fikret-bila/turkiye-yi-bekleyen-catisma-alanlari-1630190 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Çandar, C. (2013). Kürdistan petrolü, Türkiye, Ortadoğu Jeopolitiği. Radikal, http://www.radikal.com.tr/yazarlar/cengiz-candar/kurdistan-petrolu-turkiye-ortadogujeopolitigi-1-1130462/ [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Doğan, S. (2016). Türkiye-İran İlişkilerinde Suriye Faktörü: Risk Üçgeninde İstikrar Arayışı, İnsani ve Sosyal Araştırmalar Merkezi.

Dünya Gazetesi. (2012). 'İran gerilimi' sıcak çatışmaya dönüşebilir. https://www.dunya.com/gundem/039iran-gerilimi039-sicak-catismaya-donusebilir-haberi-170379 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Ergin, S. (2012). Suriye Konusundaki Büyük Yalnızlığımız. Hürriyet, https://www.hurriyet.com.tr/suriye-konusundaki-buyuk-yalnizligimiz-21376390 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Global Research. (2011). The Syria-Iran-Turkey Triangle: A New War Scenario in the Middle East. https://www.globalresearch.ca/the-syria-iran-turkey-triangle-a-new-war-scenario-in-themiddle-east/27852 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Gürsel, K. (2010). AKP dış politikası Lizbon'da iflas etti. Milliyet, https://www.milliyet.com.tr/yazarlar/kadri-gursel/akp-dis-politikasi-lizbon-da-iflas-etti-1316396 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Hürriyet. (2014). Gül'den Ruhani'ye: Almanya ve Fransa gibi olabiliriz. https://www.hurriyet.com.tr/dunya/gulden-ruhani-ye-almanya-ve-fransa-gibi-olabiliriz-26576670 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

İdiz, S. (2013). Turkey's Secterian War with Iran over Syria and Iraq. Al-Monitor Turkey, https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/01/sunni-jihadist-iraq-turkey.html [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Kırdar, S. (2013). ABD'nin İran'a Uyguladığı Altın Yaptırımı ve Olası Sonuçları, Türkiye Ekonomi Politikaları Araştırma Vakfı (TEPAV).

Kohen, S. (2012). Suriye politikasında yeni ayar. Milliyet, https://www.milliyet.com.tr/yazarlar/sami-kohen/

Sadık, G. (2008). Iran and Turkey Move Closer on Counter Terrorism Cooperation. Terrorism

Focus, 5 (16), https://jamestown.org/program/iran-and-turkey-move-closer-on-counterterrorism-

cooperation/ [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Shadid, A. (2011). Turkey Warns Syria to Stop Crackdown. The New York Times,

https://www.nytimes.com/2011/08/16/world/europe/16turkey.html [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Sinkaya, B. (2011). İran-Suriye İlişkileri ve Suriye'de Halk İsyanı, ORSAM, 3 (33), 38-48.

Sinkaya, B. (2012). Arap Baharı Sürecinde İran'ın Suriye Politikası, SETA Analiz, 1-40.

Sinkaya, B. (2017). İran'ın Suriye Stratejisi, Akademik Ortadoğu, 11 (2), 49-64.

Sullivan, M. (2014). (Rep.). Institute for the Study of War. Retrieved September 24, 2020, from

http://www.jstor.org/stable/resrep07896 [Erişim Tarihi: 24.09.2020].

Talla, M. (2017). İran'ın Suriye'deki Askeri Politikası, İran Araştırmaları Merkezi.

Tanış, T. (2013). İran'la tarihi anlaşma. Hürriyet, https://www.hurriyet.com.tr/dunya/iran-la-tarihianlasma-

25194798 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Taştekin, F. (2013). İran'la Barış Şansı!. Radikal, http://www.radikal.com.tr/yazarlar/fehimtastekin/

iranla-baris-sansi-1154358/ [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Tehran Times. (2010). Ahmedinejad: Nuclear Declaration Ushers a New Era.

Uzun, Ö. S. and Ekşi, M. (2017). Continuities and Changes in Iran's Foreign Policy: Analysis of

Syrian Case, ANKASAM Bölgesel Araştırmalar Dergisi, 1 (3), 205-228.

Zaman, A. (2013). Syrian Kurdish Leader Urges Turkey to End Support for Salafists. Al Monitor,

https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/10/syrian-kurdish-leader-calls-turkey-shutdown-

salafists.html [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

suriye-politikasinda-yeni-ayar-1613961

[Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Landler, M. (2010). At the UN Turkey Asserts Itself in Prominent Ways. The New York Times,

https://www.nytimes.com/2010/09/23/world/europe/23diplo.html [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Lane, C. (2011). The Unipolar Exit: Beyond the Pax Americana, Cambridge Review of International

Affairs, 24 (2): 149-164.

Marschall, C. (2003). Iran's Persian Gulf Policy, From Khomeini to Khatemi, New York:

Routledge.

Milliyet (2012). Esad'a Karşı İran'ı İşbirliğine Çağırdı. https://www.milliyet.com.tr/siyaset/esad-akarsi-

iran-i-isbirligine-cagirdi-1612853 [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Milliyet. (2013). İran: Suriye konusunda Türkiye'yle uyumluyuz,

https://www.milliyet.com.tr/dunya/iran-suriye-konusunda-turkiye-yle-uyumluyuz-1652651

[Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Okyay, Z. (2011). Regionalism or Shift of Axis? Turkish-Syrian-Iranian Relations, Turkey in the

21st Century Quest for a New Turkish Foreign Policy, Burlington: Ashgate, Aldershot.

Outzen, R. (2012). From Crisis to Cooperation Turkey's Relations with Washington and NATO,

The Washington Institute for Near East Policy, Number 12.

Özcan, M. (2012). AB-Türkiye İlişkileri ve Suriye Krizi, İnsani ve Sosyal Araştırmalar Merkezi

(İNSAMER), Araştırma 40, Haziran 2017, 1-19.

Radikal. (2011). İran: Malatya'yı kesinlikle vururuz. http://www.radikal.com.tr/dunya/iranmalatyayi-

kesinlikle-vururuz-1072183/ [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

Rozen, L. (2010). Obama Administration Dismisses Leak of Obama Letter on Iran Fuel Deal.

Politico Externa,

https://www.politico.com/blogs/laurarozen/0510/Obama_admin_dismisses_leak_of_Obama_lett

er_on_Iran_fuel_deal.html [Erişim Tarihi: 13.06.2020].

# خوێندنەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی کولتووری نێوان ئێران و تورکیا لە عێراقدا (٢٠٠٣-٢٠٢٠)

پەریسا پوورعەلی[1]، محەمەد ڕەزا دێهشیری[2]، محەمەد ڕەزا قائێدی[3]، حەسەن خوداوێردی[4]

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەیوان قادری



(1) خوێندکاری دکتۆرای گرووپی پەیوەندی نێونەتەوەیی، بەشی زانکۆی نێونەتەوەیی کیش، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، دوورگەی کیش، ئێران

(2) مامۆستای بانگهێشتکراوی گرووپی پەیوەندی نێونەتەوەیی بەشی زانکۆی نێونەتەوەیی کیش، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، دوورگەی کیش، ئێران(نووسەری بەرپرسیار) mohammadreza_dehshiri@yahoo.com

(3) مامۆستای یاریدەری زانستە سیاسیەکان و پەیوەندی نێونەتەوەیی، زانکۆی ئازادی ئیسلامی شیراز، ئێران

(4) مامۆستای یاریدەری زانستە سیاسیەکان و پەیوەندی نێونەتەوەیی، زانکۆی ئازادی ئیسلامی تاران، (باشوور)، ئێران

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە[5]، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی دیپلۆماسیی کولتووری نێوان ئێران و تورکیایە لە دوای ڕووخانی حکومەتی سەدام حسێن لە عێراق. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەمەیە کە دەرکەوتە کاریگەرییەکانی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراق لە ساڵەکانی 2003-2020 لەسەر چ بنەما و ڕوانگەیەک بووە؟

گریمانە ئەمەیە کە دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق لە 2003 بەدواوە لە ڕوانگەی شیعەگەریی، تەوەری بەرگری و ئێرانشاری (هەبوونی سەروەریی و کیانی وڵاتی ئێران) لە بەرامبەر دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا بە تێڕوانینی ناسیونالیزمی تورکی و نیوعوسمانیگەرایی، هاتووەتە ئاراوە. لەسەر ئەم بنەمایە هەر یەک لەم دەوڵەتانە هەوڵدەدەن بە ڕوانگەی هێزی نەرم و دیپلۆماسیی کولتووری دەستتێوەردانیان لە عێراق زیاتر بکەن. لەم بوارەدا ئێران و تورکیا خاوەن هەلومەرج، دەرفەت، هەڕەشە و ئامرازی جۆربەجۆری تایبەت بە خۆیانن بۆ بەرەوپێشبردنی دیپلۆماسیی کولتووریان لە عێراق. دەستکەوتەکانی توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئێران لە بواری بارودۆخ، دەرفەت و ئامرازەکانی، پێگەیەکی لەبارتری لە تورکیا هەیە، بەڵام تەرکیز لەسەر شیعەگەریی و بابەتی بەرگری لە عێراق، بووەتە هۆکارێک تا دەرکەوتەکانی دیکەی دیپلۆماسیی کولتووری نەبینرێت. لە بەرامبەردا تورکیا بە تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانە و هەلپەرستانە توانیویەتی بە پلان و بەرنامەڕێژییەکی ورد بە کەڵکوەرگرتن لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، دیپلۆماسیی میدیایی، گەشەپێدانی گەشتیاریی، بابەتی زانستی و پەروەردەیی و ...هتد، قازانجی لێوەرگرتووە و دزەیەکی زیاتری لە عێراق کردووە. تاوتوێکردنی داتاکان بە شێوازی وەسفی – شیکاریە و کۆکردنەوەی بابەتەکان بە شێوازی کتێبخانەییە.

........................................................

**کلیلەوشە سەرەکییەکان:** دیپلۆماسیی کولتووری، هێزی نەرم، عێراق، ئێران، تورکیا، نیوعوسمانیگەرایی (نیوعوسمانیزم).

........................................................

## بەرایی

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی 2003 و لێکەوتەکانی، لە دوای کۆتایهاتنی شەڕی سارد تا ئێستا گرنگترین ڕووداوی ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیایە. عێراق وەکو یەکەمین وڵاتی عەرەبی کە ساڵی 2003 کەوتە دەستی ئەمریکا، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ناوەندی ململانێی ناوچەیی نێوان ئەو ئەکتەرانەی کە ڕوانگە و قازانجی

(5) ناونیشانی توێژینەوەکە بە فارسی بریتییە لە مطالعه تطبیقی دیپلماسی فرهنگی ایران و ترکیه در عراق ( 2003 تا 2020 )، فصلنامه علمی مطالعات روابط بین المللدوره 15 ، شماره 1 ، شماره پیاپی (57)، بهار 1401 ، ص 56 27

جیاواز و ناکۆکیان هەبوو. هاتنی واشنگتۆن بۆ ناوچەکە و پلانی ڕۆژهەڵاتی گەورە، دڵەڕاوکێ هێزە ناوچەییەکان بە تایبەت ئێران و تورکیای لێکەوتەوە. لە بەردەوامی گۆڕانکارییەکانی عێراق، فۆرمی گۆڕانکارییەکان لە گۆڕەپانی سیاسەت و شێوازی دەسەڵاتداری و پێکهاتەی حکومەتی نوێ، بە ڕۆڵی بەرچاوی شیعە و کورد، -بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەمیشە عەرەبە سوننەکان دەسەڵاتدار بوون- قۆناغێکی نوێ لە هاوکاری، پێکەوە هەڵکردن، دژایەتی و دزەی ئەکتەر و هێزە جۆراوجۆرەکان لەم وڵاتە دەستیپێکرد. بێگومان لە ساڵەکانی دوای 2003 عێراق بوو بە گرنگترین دراوسێی ئێران لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. لە لایەکەوە گرنگی عێراق لە ڕوانگەی ئەمنییەوە، بووە هۆکار تا ئێران بە ڕوانگەیەکی تایبەت چاو لە گۆڕانکاری و هەڵسووکەوتەکانی دەوڵەتی عێراق بکات؛ لە لایەکیترەوە عێراق لەبەر هەبوونی زۆرینەی دانیشتوانی شیعە و شوێنە پیرۆزەکانی ئەم مەزهەبە، بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری کولتووری و شوناسەوە گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە. عێراق لە دوای ساڵی 2003 جگە لە فاکتەرە کاریگەرییەکانی پێکەوەلکاوی کولتووری، بوو بە ناوەندی قووڵایی ستراتێژیکی هێزی ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا. بەتایبەت دوای دەستپێکردنی قەیرانی سووریا لە 2011 ، عێراق وەکو بازنەی پەیوەندی ئێران لەگەڵ دیمەشق گرنگییەکی زیاتری پێدرا.

بە پێچەوانەی ئێران کە دەرفەت و بەستێنێکی گونجاوی بۆ دزەکردن و پەرەسەندن لە عێراقدا هەبوو، دەوڵەتی تورکیا زۆر بە توندی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق کە بەردەوام بە شوێنێک بۆ مانەوە و خۆ بە ڕێکخستنکردنی حیزبی کرێکارانی کوردستان (PKK) ناوی دەبات، نیگەرانبوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم نیگەرانییانە، لە دوای دەسەڵاتداری حیزبی داد و گەشەپێدان (AKP)، ئەنقەرە لە وەرچەرخانێکی گەورە بڕیارێدا لە ڕێگای بازرگانی و کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێم درووستبکات. بە گشتی عێراق لە دوای 2003 بوو بە ناوەندی سەرنجی دیپلۆماسی ئێران و تورکیا و هەر دوو وڵات لە ئاستی جۆربەجۆر، پانتاییەک لە پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانیان لەگەڵ بەغداد و هەولێر دەستپێکرد. یەکێک لەو بوارانەی کە هەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیا بۆ دزەی زیاتری خۆیان لە عێراق تەرکیزیان لەسەر بوو، گۆڕەپانی هێزی نەرم یان دیپلۆماسی کولتووری بووە؛ لەگەڵ ئەمەشدا چۆنییەتی بەرەوپێشچوونی پلانەکانی ئەم دوو وڵاتە لە بواری دیپلۆماسی کولتووری. ئەم بوارە کەمتر بووەتە جێگای سەرنج و خستنە بەرباسی توێژەران.

لەم توێژینەوەدا ئەم بابەتە گرنگە باس دەکرێت کە فاکتەرە کاریگەرییەکانی دیپلۆماسی کولتووری وڵاتانی ئێران و تورکیا لە عێراق لە

ساڵەکانی 2003 تا 2018 لەسەر چ بنەما و ڕووانگەیەک بەڕێوەچووە؟ گریمانە ئەمەیە کە دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق لە ساڵی 2003 بە ڕوانگەی پەیوەندی تەوەری بەرگری (میحورەی مقاومەت) و ئێرانشاری لە بەرامبەر دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا بە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی تورکی و نیوعوسمانیگەری شرۆڤە دەکرێت. ئەم توێژینەوە بە تێڕوانینێکی بەراوردکاریانە و بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی وەسفی – شیکارییانە. کۆکردنەوەی بابەتەکان بە شێوازی کتێبخانەییە.

## پێشینەی توێژینەوە

«ئەحمەدی دوست محەمەدی و هاوکارانی» (١٣٩٥ک.ھ) (2016) کتێبی «دیپلۆماسیی کولتووری کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندنەوەی بابەتی: کۆماری عێراق» نووسیوە. ئەم کتێبە لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیی کولتووری کۆماری ئیسلامی ئێران لەو دەگمەن کتێبانەیە کە جگە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە فاکتەرە فۆرمدەرانەی ئەم دیپلۆماسیە، شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنان و پراکتیکیزەکردنی لە عێراق خستووتە بەرباس.

«محەممەد جەعفەر جەوادی ئەرجومەند» و هاوکارانی (١٣٩١) (2019) لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق و ئاسۆی داهاتوو لە پەیوەندی دوو وڵات» هەوڵدەدات تا لە ڕوانگەی دیپلۆماسیی کولتووری، پەیوەندی ئێران و عێراق دوای 2003 و گۆڕینی ڕژیم، بخاتە بەرباس. `«عەزیمزادەی ئەردەبیلی» و «ئیمام جومعەزادە» (١٣٦٩) (2017) لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «پێکهاتەگەرایی سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیا و ڕکابەریکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران» بە لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەی حیزبی داد و گەشەپێدان و پێوانەکانی نیوعوسمانیگەرایی (نیوعوسمانیزم) لەو بڕوایەدایە بەدواداچوون و گرتنەبەری سیاسەتی زیندووکردنەوەی دزەی کولتووری تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ گۆڕەپانی دزە کۆن و هەمیشەییەکانی ئێران بەریەکدەکەون. لەم گوتارەدا هۆکار و چۆنییەتی ئەم بەرکەوتنە و قازانجەکانی باسدەکرێت. «عینایەتی شەبکەلایی» و چەند کەسێکیتر (١٣٩٤) (2015) لە گوتاری «لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی گشتی ئێران و تورکیا لە عێراق و سووریا» هەوڵدەدات تا لە ئاسۆی هێزی نەرم، کولتووری و دیپلۆماسیی گشتی، خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریانەی بێت لەسەر هێزی نەرمی ئێران و تورکیا لە دوو وڵاتی عێراق و سووریادا. «ڕەحمانی و شەمس ئابادی» (١٣٩٧) (2018) لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریانەی دیپلۆماسی میدیایی ئێران و تورکیا لە عێراقی پۆستسەدام» دیپلۆماسیی گشتی دوو وڵات لە ڕوانگەی میدیایی لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنێت و بڕوای وایە کە تورکیا لەم بوارەدا سەرکەوتووتر بووە.

«ئیدوارد وەستنید» 2015 لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «پێکدادانەکانی هێزی نەرمی ئێران: لە دیپلۆماسیی کولتووری تا شەڕی نەرم» هەوڵدەدات پانتایی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕەهەندەکانی نەرم و کولتووری هەڵبسەنگێنێت. «مایکێل ئایزنشتاد» و هاوکارانی 2011 لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی ”دزەی ئێران لە عێراق“ بەشی زۆری هەڵسەنگاندەکانی لەسەر سەرچاوە کولتوورییەکان و دزەی نەرمی ئێران داناوە. ئایزنشتاد ئەم بابەتە وەکو چەقی قورسایی و خاڵی ناوەندی دیپلۆماسیی گشتی ئەم وڵاتە لە عێراق دوای ڕووخانی سەدام بە ناودەکات. «سین کان» 2011 لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «دەرکەوتنی ململانێ ئێران و تورکیا لە عێراق» بە خوێندنەوەی ڕوانگەکانی ڕکابەری نێوان ئێران و تورکیا لە ئاستی ناوچەکە، تەرکیز دەخاتە سەر عێراق. نووسەر لەو باوەڕەدایە کە سەقامگیری ڕۆژئاوای ئاسیا لە ژێر ڕکیفی دوو هێزی گرنگی ناوچەکە - تورکیا و ئێران- دوای ڕووخانی سەدام فۆرمی خۆی وەردەگرێت. نووسەر، عێراق وەک نموونەیەکی بابەتی لەم هەڵسەنگاندنەی خۆی لە ململانێ دوو وڵاتەکە دادەنێت. بە لێکۆڵینەوە لەسەر چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لە دیپلۆماسیی گشتی ئێران و تورکیا لە عێراق، دەتوانین بڵێین ئەگەر چی سەرچاوەگەلێکی جۆربەجۆر لەسەر دیپلۆماسیی گشتی و هێزی نەرمی ئەم دوو وڵاتە بە شێوازی جیاواز لە بەردەستدایە، بەڵام تا ئێستا زۆر کەم سەرچاوەیەکی دیپلۆماسیی گشتی ئێران و تورکیای لە عێراق خستووتە بەر خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە. لە هەندێک بابەتیش لە گۆشەنیگایەکی تایبەت و یەک ڕەهەندی، وەک لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری میدیایی ئەنجامدراوە. کەواتە نوێگەری ئەم گوتارە لەمەدایە کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسیی دوو وڵاتی تورکیا و ئێران لە عێراق بە شێوازێکی یەکپارچە و تا ڕادەیەک کامڵ ئەنجامدراوە.

## 1. چوارچێوەی تیۆری: ڕۆڵی دیپلۆماسیی کولتووری لە سیاسەتی دەرەوە

دیپلۆماسیی کولتووری لەگەڵ دیپلۆماسی میدیایی بەشێکە لە دیپلۆماسیی گشتی، کە لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی هاوشێوەن، بە تایبەت دیپلۆماسیی گشتی، پەیوەندی کولتووری نێونەتەوەیی و پڕوپاگەندەیی بەکارهاتووە؛ ئەگەرچی ژێرکۆمای دیپلۆماسیی گشتییە، بەڵام هاوواتای ئەو نییە. دیپلۆماسیی گشتی بریتییە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەیی، کولتووری و پەیوەندی لە ڕێگای دەوڵەتێکی پشتیوان بۆ کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی ئەو وڵاتە وا بە ئامانجیان گرتووە؛ تا لە ڕێگای زەختی بیروڕای گشتی، ڕێبەرانی سیاسی ئەو وڵاتە ناچاربن ئەو بڕیارانە بدەن کە لە بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدایە وا پشتیوانی لە ئەو سیاسەتە دیپلۆماسیە دەکات. دیپلۆماسیی کولتووریش

کەڵکوەرگرتنە لە کولتووری دەوڵەتێک بۆ پشتیوانی لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی ئەوان و پەیوەندی حکومەتێک لەگەڵ بەردەنگە بیانییەکان بۆ کاریگەری ئەرێنی لە سەریان. (بەسیری و خانساری فەرد ١٣٩٥: ٨١) (2016:81). لەسەر ئەم بنەمایە مەبەست لە دیپلۆماسیی کولتووری، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن، ئاگادارکردنەوە، بەشداریکردن و کاریگەری لەسەر کولتووری گەلی وڵاتەکان. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕاستیدا مسۆگەرکردنی قازانجی نەتەوەییە لە ڕێگای ئامرازە کولتوورییەکانەوە.

دیپلۆماسیی کولتووری نموونەی بەرچاوی بەکاربردنی هێزی نەرمە کە بە وڵاتەکان دەرفەت دەدات کە دزە بکەنە ناو وڵاتی بەرامبەریان و ئەو وڵاتە ناچار دەکەن لە ڕێگای فاکتەرگەلێک وەکو کولتوور، بەها و ئایدیا، لەگەڵ وڵاتەکەیان هاوکاری بکەن. (حەسەن خانی ١٣٨٤: ١٣٧) (2005:137). گۆڕەپانی پەیوەندی نێونەتەوەیی، زۆر لە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی کولتووری و شوناسدایە. هەر بۆیە دەستەبەرکردنی پرێستیژ و جێ متمانەیی و دزە لە ناو بیروڕای گشتی، یان بە پوختەیی گەیشتن بە هێزی نەرم، یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی دیپلۆماسی وڵاتانە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەیی. ئەم شتەش لە گوێرەی پێگە، هەلوومەرج، دەرفەت و توانایی کولتووری هەر وڵاتێک بە شێواز و میکانیزمی جۆربەجۆر بەڕێوەدەچێت (خوراسانی ١٣٨٧: ١١٢) (2008:112). هێزی نەرم لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی گشتی، ئەرکی ڕەواییدانە بە نەزمێک کە وڵاتەکان دەیانەوێت. هێزی نەرم لە چوارچیوەی دیپلۆماسیی کولتووری، واتا بەخشین بە هەندێک لە ڕاستییەکان یان خولقاندنی ڕاستیگەلێکی نوێ کە لە ڕێگای کەناڵەکانی فەرمی و حکومیەکان و ناحکومیەکانەوە پێناسە دەکرێت. لەم فۆرمەدا دیپلۆماسی لە ڕێگای پرۆسەی زانیارییەوە، ڕەوایی بەخشین بە نموونەگەلێکی دروستکراو یان ئەفراندنی نموونەگەلێکی نوێ لە هەڵسووکەوت، لە ئەستۆی خۆی دەگرێت. دیپلۆماسیی کولتووری بە شێوەیەکی پاڵەکی، پەیوەندی نێوان خەڵک لەگەڵ یەکتر، پێکەوە ژیانی گرێدراو بە پەیوەندییە نێونەتەوەیەکان لە جیهاندا بە فەرمی دەناسێنێت و لەم ڕێگایەوە یارمەتی دەدات بە خولقاندن یان ڕەواییدان بەو فۆرمە نوێیانە. (قاسمی ١٣٩١: ٢٤) (2012).

لە دیپلۆماسیی کولتووریدا، هەوڵدەدرێت کولتووری نەتەوەیەک، بە دونیای دەرەوە نیشان بدرێت. بە واتایەکیتر بە جۆرێک هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی، دامەزراوەکان و ڕێکخراوەکان دابنێت. ئامرازەکانی ئەم جۆرە دیپلۆماسییە بریتییە لە پەروەردەی زمان، دانووستاندنی پەروەردەیی و هەمە جۆرە پەیوەندی ڕاستەوخۆی کولتووری (بەسیری و خانساری

فەرد ١٣٩٥: ٨١) (2016). لە گرنگترین ئامرازەکانی ئەم دیپلۆماسیە دەکرێت ئاماژە بە ئەمانە بکەین: هەموو جۆرێکی میدیا، گەشتیاری، ئامرازی زانستی-زانکۆیی، بەرهەمی چاپکراو وەکو کتێب، شتومەکی وەرزشی و ... (عێراقی ١٣٩٤: ١٥٩) (2015). دیپلۆماسییەکی کولتووری سەرکەوتوو دەبێت بتوانێت سیاسەتی کولتووری بەم شێوازانە سەربخات:

1. دامەزراندنی ناوەندەکانی کولتووری تۆڕی زانیاری جیهانیی بۆ ئەو وڵاتانەی کە بە ئامانجیان گرتووە.

2. چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤاری جۆربەجۆر بە زمانی ئەو وڵاتانەی کە بە ئامانجیان گرتووە، بە شێوازی ڕاستەوخۆ و هەم ناڕاستەوخۆ (مجازی و غیرمجازی).

3. پێکهێنانی ژێرخانی پەیوەندی لەگەڵ بیرمەند و خوێندکارانی خودی وڵات و ئەو وڵاتەش وا ئامانجی دیپلۆماسییە.

4. پەیوەندی بەرفرە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کولتووری بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕی زانیاری جیهانیی و دانووستانی لێژنە کولتوورییەکان.

5. بەگەڕخستنی پێشانگای هونەریی و ئاڵوگۆڕی بەرهەمە کولتوورییەکان وەکو فیلم و ...

6. سازکردنی پەیوەندی بەرفراوانی تۆڕی میدیایی و زانیاری لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان.

7. پەیوەندی لەگەڵ میدیای وڵاتانی بە ئامانجکراو لە چوارچێوەی دیپلۆماسی میدیایی و دیپلۆماسی سایبێر (ئەمینی و عەلەمداری، ٤٠٥:١٣٩١). وڵاتەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو ئامرازانە، ئامانجێکی تایبەتیان هەیە. وەکو ئامانجی دیپلۆماسیی کولتووری وڵاتێک لە وڵاتەکانی دیکە، ئامادەکردنی گەنجان و نوخبەکانی داهاتووی ئەم وڵاتانە بۆ قسەکردن بە زمانی ئەو وڵاتە و ناسینی ئەدەبیات و کولتوورەکەی و بە واتایەکی دیکە پێکهێنانی بەستێنی پێویست بۆ تێگەیشتن و ڕێزلێنانی زۆرتری لێکدانەوەی بابەتەکان و دیمەنی ڕەنگدانەوەی لە لایەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانەی کە زمان و ئەدەبیات و کولتووری پێشکەوتوو دەنێرن (خەرازی محەمەدوەند ١٠٩:١٣٨٨). بەم شێوەیە دەکرێت لەسەر دیپلۆماسی دوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە عێراقدا پێداچوونەوە بکەین و پێکەوە بەراوردیان بکەین.

## 2. دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق

دەتوانین لە دوو بواردا لەسەر کوردەکان و عێراقییەکان، دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراقدا بخەینە بەر باس. سەرەتا باس لەسەر بواری کوردەکان دەکەین.

### 1-2 دیپلۆماسیی کولتووری ئێران سەبارەت بە کوردەکانی عێراق

دیپلۆماسیی کولتووری ئێران بە بەراورد لەگەڵ کوردەکان، فاکتەرگەلێکی بەرفرە لەخۆ

دەگرێت. لەم بەشە گرنگترینی ئەو بابەتانە دەخەینە بەر باس.

**2-1-1. دیپلۆماسی ئێرانشاری بەراورد بە کوردەکان**

هەبوونی پەیوەندی و ڕیشەی مێژوویی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی سیاسی و دیپلۆماتیکی دوو وڵاتەکە کاریگەری زۆری هەیە، لەسەر ئاستی دەسەڵاتی نەرمی ئێران لە عێراقدا کاریگەریەکی ئەرێنی هەیە. چونکە ڕیشەی مێژوویی هاوبەش و هەبوونی ئاسەواری شارستانییەت، کولتووری ـ کۆمەڵایەتی ئێران لە عێراق، خەڵکی ئەم وڵاتە و بەرپرسەکانیان لە ئێران نزیکدەکاتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش لە نێوان ئێرانیەکان و کوردەکانی عێراقدا زۆر خاڵی هاوبەشی مێژوویی هەیە. «هێنری فیڵد» لە کتێبی ”گەلناسی ئێران“ دەنووسێت: ”کوردەکان لە بواری زمان و تایبەتمەندی جەستەییەوە ئێرانین و وەکو لقێک لە ڕەگەزی ئێرانی لە بواری زمان، ئەخلاق، دابونەریت و شێوەی ژیانکردنیان لەگەڵ ئێرانییەکان خاوەن تایبەتمەندی هاوبەشن“ (فیڵد ٥٤:١٣٤٣) (1964). جگە لە هاوبەشبوون لە مێژووی کۆن و کولتووری نێوان ئێرانییەکان و کوردەکانی عێراق، وەکو میتۆلۆژی (ئوستوورەکان) و بۆنە ئایینیەکان وەکو نەورۆز، دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی ئێران، پەیوەندی زۆر باشیان لەگەڵ کوردەکان هەبووە. هەر بۆیەش لە ڕەهەندی دیپلۆماسیی کولتووری، ڕۆڵی دامەزراوەکانی گرێدراوی ”سوپای پاسدارانی ئێران“ کە دەسەڵاتێکی زۆریان لە عێراق و کوردستانی عێراقدا هەیە، زۆر بەرچاوە. ئێران لە ڕێگای «قەرارگەی ڕەمەزان» بە ناوی مەکتەبی نوێنەرایەتی ئێران لە شارەکانی هەرێمی کوردستان خەریکی کار و چالاکین. ئامانجی بنەڕەتی ئەم ناوەندانە بریتین لە:

1. ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حیزبە کوردییەکان لەگەڵ ئێران.
٢. زیادکردنی چالاکییەکان لە دژی دژبەرانی ئێرانی.
٣. وەرگرتنی زانیاری لەسەر بارودۆخی ناوەوەی عێراق.
٤. کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ناوەندەکانی بیانی و مەدەنی و چالاکیەکانی وڵاتانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستان.
٥. یارمەتی مرۆڤدۆستانە بە ئامانجی وەرگرتنی سەرنجی ڕای گشتی. (محەمەدپوور، ٩٧:١٣٨٣)(2004).
٦. گرنگتر لە هەموو ئەم بابەتانەی کە باسمانکردن، پەرەپێدانی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە هەرێمی کوردستانە.

بە گشتی لەسەر بنەمای ئەندێشەی کولتووری ئێرانشارییە کە دەمارە هاوبەشەکانی شوناس دەبێتە هۆی ئەوەی کە نە تەنیا پەیوەندی دوو لایەنە پەرە بسێنێت بەڵکو

کۆمەڵێک هەوڵی باش بدرێت بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی کولتووری لایەنی بەرامبەر کە پشتیوانی ئێران لە کوردەکانە لە چوارچێوەی قاڵبی کولتووریی.

لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی کولتووری نێوان ئێران و کوردەکان بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا کاریگەریەکی زۆر قووڵی لەسەر ڕەوتی هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقدا هەبووە. ئێران بە شێوەیەکی کلاسیک پشتگیری لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات. (نیکفەر و ئەوانی تر، ۹۱:۱۳۹۷). (2018)

**2-1-2. دیپلۆماسی هونەری، کۆمەڵایەتی وڕاگەیاندنی، سەبارەت بە کوردەکان**

گرنگترین لایەنی دیپلۆماسی کولتووری ئێران سەبارەت بە کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی ئاڕاستەی ئێرانشاری، دەبێت لە بەستێنی پەیوەندییەکانی زۆر بە کاریگەری هونەری (مۆسیقا و سینەما)، توریستی ـ دەرمانی و کۆمەڵایەتیدا بدۆزینەوە. هەر بۆیەش کوردستانی عێراق بە هۆی پەیوەندی و مێژووی هاوبەش، کولتوور و زمانی هاوبەش، هەمووکات بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران جێگای سەرنج بووە. کۆماری ئیسلامی بە پەیوەندیگرتن بە هەرێمی کوردستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی سەر کونسولگەری دامەزراندووە، هەروەها نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانیش لە تاران و شارە سنوورییەکان کراوەتەوە. (Danilovich,2017:93).

ئاستی سەفەری زیارەتی و توریستی و دەرمانی خەڵکی دوو وڵات زۆرتر لە ۳ ملیۆن کەسە لە ساڵێکدا کە بەشێکی زۆری کوردەکانن. (بوژمێهرانی و پوورئیسلامی، ۹٦:۱۳۹۳)(2014). پەیوەندی نێو زانکۆکان، سیمیناری هاوبەش و ئاڵوگۆڕی زانستی و خوێندکارانیش لە پەیوەندیی هەر دوولادا گرنگیەکی زۆری هەیە و دیپلۆماسی کولتووری کۆماری ئیسلامی ئێران پێداگریەکی زۆری لەسەر دەکات. زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن ڕێکەوتنی هاوکاری زانستی، پەروەردەیی و گۆڕینەوەی خوێندکار لەگەڵ زانکۆکان و دامەزراوەکانی زانستی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. هەروەها بەڕێوەبردنی کۆبوونە و سمینار بۆ ڕێزلێنان لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کوردی ئێرانی لە کوردستانی عێراق زۆر جێگای سەرنجە. جگە لەوانەش بەڕیوەبردنی ڤیستیڤاڵی هەمیشەیی ئەدەبی، هونەری و کولتووری لە کوردستانی عێراق و پێکهێنانی هەلوومەرج بۆ ئامادەبوونی هونەرمەندانی کوردی ئێرانی لە پرۆگرامی ساڵیانەی ئەوان خۆی هۆکاری پەیوەندی کولتووری هەر دوولایەنەکەیە (بووژمێهرانی و پوورئیسلامی، ۹۷:۱۳۹۳)(2014). لە هەمانکاتدا بە سەدان فاکتەری کولتووری

و کۆمەڵایەتی تریش لە ناخی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئێراندا هەڵدەقوڵێت.

**2-2. دیپلۆماسیی کولتووری ئێران سەبارەت بە عەرەبە شیعە و سوننەکان لە عێراقدا**

بەشێکی گرنگتر لە دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراقدا پەیوەندی بە ناوچەکانی دەرەوەی کورد یان ناوچە عەرەبییەکانەوە هەیە. بە هێزترین ئامرازی ئێران بۆ ڕۆڵگێڕان و کاریگەری لە کاروباری عێراقدا، ئایینی شیعەیە. ئێران بە ئاگابوون لەم بابەتە کە نزیکی ٪60 خەڵکی عێراق شیعەن هەوڵی ئەوەیە کە لەم خاڵی سەرکەوتنە کە بە هۆی پەیوەندی نەریتی لەگەڵ شیعەکانی عێراق پێکهاتووە، کەڵکوەربگرێت (مەلیکی و ڕازقەندی، ١٢٦:١٣٩٠). (2011).

**2-2-1. دیپلۆماسی کولتووریٚ لە ڕێگەی پەرەپێدانی زمانی فارسی**

لە بواری کولتووریدا هەر وەکو بەشی کوردەکان، زمانی فارسی یەکێک لە لقەکانی بنەڕەتی پەیوەندی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لەگەڵ عێراقدایە؛ تەنانەت لە بەشە عەرەب نشینەکاندا.(بیکی، ٢٣٩:١٣٨٩) (2010). لە باشووری عێراق گرووپێک لە شیعە عێراقیەکان فارسن کە لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیەکی زۆر پتەویان هەیە (مار، ٣١:١٣٨٠) (2001). کۆمەڵێک زۆر لە عێراقیەکان خەریکی فێربوونی زمانی فارسین و وەکو زمانی دووەم لە جێگەی زمانی ئینگلیزی بە کاری دەهێنن (سەنایی و عەبدوڵلاپوور، ١٧٧:١٣٨٨) (2009). هەروەها، لە تایبەتمەندییەکانی فێرگەی ئایینی نەجەفی ئەشرەف، فارسی هەیە. چونکە زۆربەی خوێندکاران لە ئێران، پاکستان، ئەفغانستان و هیندن کە لە زمانی فارسیدا شارەزان (پارساپوور، ٥٣:١٣٨٩)(2010). زمانی فارسی، ئامرازی بنەڕەتی پەیوەندی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق و لە نێوان عەرەبەکاندا بە ئەژمار دێت.

دامەزراوەکانی پەروەردەیی و زانکۆکانی ئێرانی کە وەرگری خوێندکاری وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەت عێراقین، پشکێکی زۆریان لەو بارەوە لە ئەستۆیە و هەر ساڵ ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی عێراقی لە کورد و عەرەب و کەمینە ئایینیەکانی تری عێراق بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ ئێران دەڕۆن. لە تەنیشت ناوەندەکانی خوێندنی زانکۆ، دامەزراوە ئایینیەکانیش وەرگری زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئایینی و خوێندکارانی فێرگەی ئایینین. بۆ نموونە زۆربەی خوێندکارانی «زانکۆی نێونەتەوەیی جامعەالمصطفی» لە وڵاتانی دراوسێ و شیعە بە تایبەت عێراقن (ئەحمەدی و موسەوی، ١٢:١٣٨٩) (2010). زۆربەی خوێندکارانی «زانکۆی نێونەتەوەیی آل البیت» کە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە لە نیزیکی ٪20 خوێندکارەکانی ئەم زانکۆیە پێکدێنن (ئەحمەدی، ١٣٩٠: ١٧١_١٧٢)(2011).

**٢-٢-٢. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕێگای سەفارەتخانەکان و ئەنجومەنەکانی دۆستی**

لە ڕەهەندی نەرم و پەیوەندیدار بە ڕوانگەی دیپلۆماسیی کولتووری، کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەرییەکانی لە ڕەهەندی کولتووری لە ڕێگەی کۆنسوولخانەی خۆی لە بەغدا و کۆنسوولخانەکانی لە بەسرە، کەربەلا، هەولێر و سلێمانی، زیاتر دەکات(Eisenstadt and Othwrs, 2011:3). ئەنجومەنی دۆستایەتی ئێران و عێراق، دامەزراوەیەکی ناحکومی، NGO و مەدەنیە. کۆبوونەوە و میوانییەکان و مەراسیمە جۆراوجۆرەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی دۆستایەتی بەڕێوەدەچێت، دەتوانێت دیمەنێکی ئەرێنی لە ئێران نیشانبدات و هەواڵەکانی کۆماری ئیسلامیی بەردەوام لە ناو ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکاندا بە زیندوویی بهێڵێتەوە (جەعفەری و نیک ڕەوش، ١٣٩٤ (2015). ئەم بۆنەیە، کاریگەری کولتوور لە چوارچێوەی پەیامی ساکار و ناشتیخوازانە بە شێوەیەکی زۆرینە و تەنانەت زۆر بە هێزتر لە دەسەلاتی سەخت بلاودەکاتەوە.

**2-2-3. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕیگای میدیاوە**

دیپلۆماسی ڕاگەیاندنی ئێران چەندین سەرپەرشتی هەیە، بەڵام ئەوی هەرە بنەمایە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە. بە دانپێدانی هەندێک لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، ئێران لە دیپلۆماسی ڕاگەیاندراوەکانی خۆی لە عێراقدا چ بە دەنگ و چ بە ڕەنگ، باس لەسەر ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە لەم وڵاتەدا ناکات (Torfeh, 2016: 3) ناوەڕۆکی پەیامەکانی نێردراو لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی ئێرانەوە نیشاندەدات کە لە هەوڵی پێکهێنانی یەکێتی لە نێوان کۆمەڵگەی پارچەکراوی دراوسێیەتی و بەرژەوەندییەکانی لە بواری کاریگەری لە عێراقدا لەم ڕێگەوە درێژە پێدەدات. هەر بۆیەش ئێران لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیەوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە زمانی عەرەبی و پرۆگرامە سەرگەرمیەکانی لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی «العالم»، دڵ و مێشکی عێراقیەکانی داگیر کردووە. (Ei-senstadet, 2015: 3_4). بە لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی «العالم» نیشاندەدات کە لە دوای ساڵی ٢٠١١ زۆرتر لەسەر ڕووداوەکانی بەحرەین، یەمەن و سووریا، بە قازانجی دەوڵەتە قانوونییەکانی ئەوان بووە. هەروەها دوو کەناڵی عێراقیش کە لە بەردەوامی دیپلۆماسی ڕاگەیاندنەکانی ئێران کار دەکەن کە گرنگترینیان بریتین لە: «التجاه» و «الغدیر». بەڵام پرپینەرترین ڕاگەیاندنی دەرەوەی ئێران کە لە پازێلی (puzzle) دیپلۆماسی ڕاگەیاندنی ئێراندایە. «المیادین»ە، کە ناوەندەکەی لە بەیروتە. شیکردنەوەکانی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی ئەم هەواڵنێرییە، بۆمان ڕووندەکاتەوە کە لە پێناو پێکهێنانی یەکێتی لە عێراق هەوڵدەدات

(ڕەحمانی و شەمس ئابادی، ٨٧:١٣٩٨) (2019). بە هۆی سازانی ئەخلاقی بەرنامەکانی بەرهەمهێنراوی ئێرانی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئایینی عێراق، ئەم کەناڵانە هۆکاری بنەڕەتین لە ڕاکێشانی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراق بەرەو دیپلۆماسیی کولتووری ئێران.

### 4-2-2. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕێگەی ئایینەوە

لە بواری ئایینیەوە، دیپلۆماسیی کولتووری ئێران کارکردێکی تایبەتی لە عێراق هەبووە. بۆ وێنە، فێرگەی ئایینی «قوم» لە نێوان هەموو فێرگەکانی ئایینی شیعەدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەم فێرگەیە بە فێرکردن و پەروەردەی کەسایەتییەکان و زانایانی ئایینی لە بواری ئیسلامدا، ڕۆڵێکی زۆری لە پاراستن و درەوشانەوەی ئیسلام لە جیهاندا هەبووە (کەماڵی سەرپۆلی، ٦٨:١٣٨٨) (2009). پەیوەندی و ئاڵوگۆڕییەکانی نێوان دوو فێرگەی ئایینی قوم و نەجەف لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە گەشەی سەندووە، کە ئەوە دەتوانێت بەستێن خۆش بکات بە کاریگەری زیاتری ئێران لە عێراقدا (واعیزی، ٤٢:١٣٨٧) (2008). شیعەکانی عێراق زۆرتریان لەم شارانەدا نیشتەجێن. لە ڕوانگەی ئێرانەوە، مێژوو، ئایین و کولتووری باشووری عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی ئێراندایە(Abe-din, 2000: 1_5)؛ هەبوونی ئەم شارانە کە زۆربەیان شیعەن توانیویەتی قوورساییەکی گونجاو لە گەیشتن بە پرۆگرامەکانی ئیسلام و شیعە کە ئێران چاوەڕوانی دەکات و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دواداچوونی بۆ دەکات لە پێناو پێکهێنانی نرخ و بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی، بەکاربهێنرێن(دێکەمجیان، ١١٤:١٣٧٧) (1998). یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە لە بواری ئایینی پێویستە باسی لێوە بکرێت، مەراسیمی ڕێپێوانی ئەربەعینە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شیعەکانی هەر دوو وڵات داناوە و لە یەکتری نزیککردوونەوە. ئەگەر سەرمایەی کولتووری وەکو گرنگترین سەرمایەی پێشکەوتنی شارستانی دابنێین، ئەوە زیارەتی ئەربەعین بە ئەکتیڤی و ئاڵوگۆڕی بێوێنەی کولتووری کە لە دەروونیدا هەیەتی، بەرفرەترین دامەزراوەی بەرهەمهێنەری سەرمایەی کولتوورییە. ئەگەر جوگرافیای کولتووری شیعە وەکو ئاخێزگای دەرکەوتنی شارستانی ڕەسەنی ئیسلامی دابنێین، ئەوە زیارەتی ئەربەعین گرنگترین پێکهاتەی فۆرمدەر و گەرمابەخشی ئەوە. ئەگەر بەشداری خەڵک بە گرنگترین سەرمایەی کۆمەڵایەتی بزانین ئەوە ڕێپێوانی ئەربەعین بە بەشداری خانەخوێی عێراقی، بەشکۆترین شوێنی نواندنی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر دیپلۆماسیی کولتووری وەکو گرنگترین ستراتیژی لە پەیوەندییەکانی کولتووری دابنێین، ئەوە زیارەتی ئەربەعین بە توانایی بێوێنەی نێوان کولتوورەکان، گرنگترین

بەستێنی دیپلۆماسیی کولتووری دەستنیشان دەکرێت (غیاسی و ئەوانی تر، ١٣٩٩:٢٣٧) (2020).

**5-2-2. دیپلۆماسیی کولتووری ئێران بە ئاڕاستەی بەرەی خۆڕاگری لە عێراق**

هەوڵی سەربازیی ئەمریکا دژی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی سەدام کە زۆرتر لە هەمووان لەگەڵ شیعەکان دوژمنایەتی دەکرد، خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ ئامادەبوونی شیعەکان لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. مۆدێلێکی نوێی لە کار و چالاکی شیعەی ئێران لە بواری سیاسیدا پێکهێناوە. هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسی شیعەکان لە عێراق و شەڕی ٣٣ ڕۆژەی حزبوڵڵای لوبنان و ئیسرائیل کە بووە هۆی ئەوەی کە حزبوڵڵا ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا، بەش بە حاڵی خۆی بە دەسەڵاتگرتنی ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاریدەدەر بوو. ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە بەرپرسانی وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بە زۆربوونی ڕۆڵ و دەسەڵاتی شیعەکان، بە تایبەت ئێران، نیگەرانبن و بۆ نیشاندانی نیگەرانی خۆیان لە دەستەواژەی هیلالی شیعی کەڵکوەربگرن (زەرغامی و ئەوانی تر، ١٣٩٣:١٨٩) (2014). لەم ئاڕاستەیەدا ئێران بە پشتگیری لە هێزە نیمچە سەربازییەکانی شیعە لە وڵاتانی جیاواز بە تایبەت لە عێراقدا، توانیویەتی کاریگەریی زۆر بە هێزی لە ناویاندا هەبێت.

بابەتی گرنگ ئەوەیە کە وتاری بەرەی خۆڕاگری لە ڕۆچوونی کولتووری ئێران لە عێراقدا لە بنگەدا وتارێکی سەربازییە، نە کولتووری. بەڵام چونکە کولتووری خۆڕاگری پێکدێنێت، بە بابەتێکی کولتووری دادەنرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە گرنگترین تەوەرەکانی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کولتوور و ئەدەبیاتی خۆڕاگری لە چوارچێوەی ئایدیای بەرەی خۆڕاگری پێکدێنێت. بەستێنەکانی ئەم کردەوەیە زۆر پێشتر لە دەرکەوتنی داعش پێکهاتبوو و داعش تەنیا دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەکتیڤکردن و ناساندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە چوارچێوەی درێژەپێدانی هێڵی بەرەی خۆڕاگریبوو. دیپلۆماسیی کولتووری خۆڕاگری لە عێراق بە ئامانجێکی تەواو کولتووری دامەزرا. بەو واتایە کە لە ئەنجامی دەرکەوتنی داعش و هەڕەشەی شوێنە کولتووری و ئایینیەکانی شیعە لە عێراق، گرووپە جیاواز و بڵاوەکان کە دواتر ڕێکخران و بوون بە یەک و خۆیان بە پارێزەری عێراق و ناوەندە پیرۆزەکانی شیعە ناساند و دوای ئەوەش بە ناوی فەرمی و ڕێکخستنی حەشدی شەعبی بەناوبانگ بوون. ئەوان لە ژێر چاودێری «سوپای قودس» پەروەردە دەبینن (Duman, 2015: 7_8). حەشدی شەعبی بە

توندی گرێدراوی بیر و باوەڕەکانی شۆڕشی ئیسلامیی و ئامانجەکانی شۆڕشی ئێران و وەلایەتی فەقیە و حکومەتی ئیسلامییە. ئەم هێزە گرنگترین قورسایی کولتووری زیرەکی (نەرم و سەخت) ئێران لە بواری دیپلۆماسیی کولتووری لە عێراقدایە (Coles and Lucey, Jan. 6,2020). لە درێژەی باسەکەدا دەچینە سەر هەڵسەنگاندنی دیپلۆماسی تورکیا لە عێراقدا.

### 3. دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا لە عێراق

هەر وەکو دیپلۆماسیی کولتووری ئێران، تورکیاش بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی دیپلۆماسیی کولتووری بۆ کاریگەریی لە عێراق، پێی ناوەتە گۆڕەپانەکە. لە خوارەوە لەسەر گرنگترین شێوەکانی دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا لە عێراق باس و لێکۆڵینەوە دەکەین.

#### 3-1. دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا بە ئاڕستەی عوسمانیگەرایی نوێ (نیوعوسمانیزم) لە عێراقدا

عوسمانیگەرایی نوێ (نیوعوسمانیزم) ئایدیا و سیاسەتێکە کە خوازیاری زیندووبوونەوەی شکۆ و کاریگەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەردەمی دەسەڵاتیدایە. تێکەڵاوییەک لە ئیسلامیەتی حەنەفی لە چوارچێوەی مێژوو و کولتووری عوسمانی، هەروەها قەومیەتی تورک کە ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگەی تورکیا لە هەموو بوارەکانە. عوسمانیگەرایی نوێ (نیوعوسمانیزم) ئاماژە بە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو و ساڵانی دەسەڵات و داگیرکەری تورکانی عوسمانی لەسەر وڵاتانێک وەکو عێراق، سووریا، لوبنان، عەرەبستان، کوەیت و میسرە. بەوپێیەش تورکیا بە ئامانجە بگات بە جێیەکی شیاوتر لە ناو جیهانی ئیسلامییدا (ئومیدی و ڕەزایی، ۱۳۹۰:۲۳۲) (2011). چاولێکردنی تورکیا لە سەرەوە بە وڵاتە بەجێماو و جیابووەکانی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو عێراق، بووەتە هۆی ئەوەی کە بە گرتنەپێشەوەی سیاسەتی نیوعوسمانیزم بە دوای پەیوەندی ئابووری و سیاسی بەرفرەوان بێت لەگەڵ ئەم وڵاتانە و ئەم پەیوەندییانەش لە چوارچێوەی کولتووریدا بۆ گەڕانەوەی دووبارەی ژیانی ئیمپراتۆری عوسمانی، پەرە پێبدات(Ari,2019:5).

لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا، ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت بە کۆمەڵێکی بەربلاو لە ئامرازەکانی وەکو سیمینار، گۆڤارەکان، کەناڵی ئاسمانی، فیلم و زنجیرە درامای دوور و درێژ و بەرهەمەکانی تری تەلەفیزیۆنی، پەروەردەی زمان و..... سیاسەتەکانی گرێدراو بەم جۆرە دیپلۆماسییە بە ئاڕاستەی نیوعوسمانیزم و ناسیۆنالیزمی تورکی بەرەو پێشەوە دەبات. بۆ وێنە:

1. KABIL_ یونس امره_ پێکهاتەی زمان (ناوەندی کولتووری): ئاشنابوونی سەرەتایی لەگەڵ تورکیا، ڕێخۆشکردنی ئاڕاستەی

کولتووری، بەرپرسیاری پێکهێنانی دیالۆگی زمانی، ئایدیاسازی تورکناسی.

2. TIKA_ فاکتەری پێکهێنان (ئاژانسی هاوکاری و هاوئاهەنگی): بونیادنانەوەی کولتووری، چاککردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکان و خوێندنگەکان، کار و پیشە، دەزگای خێرخوازی، چاککردنی ڕێگە و بان و پەرەپێدانی تەکنیک (پراگماتیکی کولتووری).

3. TRT_ فاکتەری ڕیکلامی (ئاژانسی ئەنادۆڵ): پەیوەندی هەمیشەیی و بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگە بە ئامانجی کاردانەوەی هەواڵەکان، دیپلۆماسی ڕاگەیاندنی، سازکردنی بیر و بۆچوون، ئایندەسازی، دروستکردنی ڕەوت، شەڕی زانیاری بە شێوەیەکی ئاشکرا، دروستکردنی زنجیرە دراما بە ئامانجی تیمارکردنی بیر و ڕای گشتی، چالاکی و خەبات لە بواری ژنان و منداڵاندا.

4. KDK_ فاکتەری ڕاکێشان (دامەزراوەی مافی مرۆڤ): کار و خەبات لە بەشی خوێندکارانی زانکۆ، نزیکبوونەوە لە کۆمەڵگەی دیاسپۆرا و لایەنگران لە دەرەوەی وڵات.

5. ڕێکخراوەی کاروباری ئایینی_ فاکتەری دەوڵەتی: چالاکی ئایینی و پەروەردەی زانایانی ئایینی حەنەفی لەسەر بنەمای بەرنامەی کاری دەوڵەت، نزیکبوونەوە لە دامەزراوەکانی ئایینی وڵاتانی مسوڵمان (کار و خەباتی فەرمی).

ئەم ئامرازانە بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی پەیوەندیگرتن و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی ناوچە و باشتر نیشاندانی ڕوخساری ئەم وڵاتە لە لای خەڵکی ناوچەکە کەڵکیان لێوەردەگیرێت. (عینایەتی و ئەوانی تر،١٣٨٤: ٨٣-٨٤) (2005).

**3-2. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕێگای میدیا؛ کاریگەریی فیلم و زنجیرە دراماکانی تورکیا لە عێراقدا**

ئەم شێوازە لە ڕۆچوونی نەرم بە هۆی هێزی فێربوون، دەستپێگەیشتنی ئاسان، هەروەها گشتیبوونی، خاوەن گرنگیەکی زۆرە و گرنگترین کۆڵەکەی دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا بە ئاڕاستەی نیوعوسمانیزمدایە.

بەپێی سەرژمێرییەکان لە ٪74 خەڵکی شانزدە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە عێراقیش لە ناویاندا هەیە، هەرەکەم زنجیرە درامایيەکانیان بە تەواوی بینیوە و زۆرێکیش لە ئەوان ناوی چەندین ئەکتەری تورکی دەزانن. بە وتەی بەڕێوەبەری ئاژانسی جیهانی «ئیزت پینتۆ»، تورکیا لە دوای هۆلیود دووەمین هەناردەکاری زنجیرە دراماکانی تەلەفیزیۆنییە. بە هۆی ئەم هۆگرییە زۆرەوە بە فیلمە تورکییەکان، بە ملیۆنان کەس لە عەرەبەکان، شاری ئەستەمبوڵ و ناوچەکانی تری تورکیایان بۆ بە سەربردن و کڕینی پێداویستییەکانیان هەڵبژاردووە. کاریگەریی فیلم و دراماکانی تورکیا لە بەشی کوردنشینی عێراقیش زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە.

دوو کەناڵی کوردماکس(KURD MAX) و نێت تیڤی (NET TV) لە گرنگترین کەناڵە

کوردیەکانن لە هەرێمی کوردستاندا کە فیلمی تورکی نمایش دەکەن.

### 3-3. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕێگەی پەروەردەوە: خوێندن و پەروەردەی زمانی تورکی لە عێراق

یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا لە عێراقدا, پەرەپێدانی زمانی تورکییە. لەم بوارەدا دەتوانین بە کار و چالاکییە جیاوازەکانی کونسوڵخانەی ئەم وڵاتە لە بەغدا، ئاژانسی هاوکاری و هاوڕێیەتی تورکیا (تیکا)، دامەزراوەی یونس امرە و... هتد، ئاماژە بکەین کە لە دوو بەشی دروستکردنی قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها پەروەردە، چالاکن. (ڕێکخراوی کولتوور و پەیوەندییەکانی ئیسلامی، ١٥ ی مارسی ٢٠٢٠fr. : paris.icro.ir/15678). هەر لەو چوارچێوەدا، لە بەشی کوردنشینی عێراق، دامەزراندنی قوتابخانە تورکییەکان مێژووی چەندین ساڵەیان هەیە. لەوانەیە بەرچاوترینیان دامەزراندنی زنجیرە قوتابخانەکانی «ئیشق» بێت کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوون و لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی مامۆستایان و کادیرە تورکەکانی بەشی پەروەردەیی بەڕێوەدەچوون. زانکۆیەکیش هەر بەم ناوە لە شاری سلێمانی دامەزراوە (ڕێکخراوی کولتوور و پەیوەندییەکانی ئیسلامی، ١٥ی مارسی ٢٠٢٠: fr.paris.icro.ir/15678). ناوەندی مەعارفی تورکیاش بە لە خزمەتگرتنی مەکتەبێکی تایبەت لە شاری هەولێر، ناوەندی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨، لە ئاستی دایەنگە، سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی بە ١٥٠٠ خوێندکارەوە کار و خەبات دەکات (هەواڵنێری ئەنادۆل، ١٧ی جولای ٢٠١٨).

### 4-3. دیپلۆماسیی کولتووری لە ڕێگەی ئایینەوە: نزیکبوونەوە لە سوننەکانی عێراق

تورکیا لەسەر بنەمای دیپلۆماسیی کولتووری-ئایینی هەوڵیدا بە ناساندنی خۆی وەکو مەرجعیەتی سوننە و پەیوەندی و نزیکایەتی زیاتر لەگەڵ سوننەی عێراق، شوێنە پیرۆزەکانیان چاک بکاتەوە و لە نوێوە سازیان بکات. لەم بوارەدا تورکیا هەوڵدەدات هەتا لەسەر باوەڕییەکانی خەڵکی عێراق بە تایبەت سوننەکان کاریگەری هەبێت. لە هەمانکاتدا تورکیا لەسەر باوەڕییە ئایینیەکانی عێراقیەکان و درزی گەورەی ئایینی کە لە نێوانیاندا هەیە، بۆ بەرژەوەندی لە کاریگەری زیاتری سیاسی خۆی بە ئامرازەکانی دیپلۆماسیی کولتووری کەڵکوەردەگرێت. نزیکبوونەوە لە کوردەکان بە تایبەت بەرەی زاڵ لە هەرێمی کوردستان واتا بارزانییەکان، پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ سوننەی عێراق و پشتگیری لە ئەیاد عەلاوی، سیکۆلار و گرێدراو بە سوننە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠)ی عێراق (Tremblay, 2014: 3)، یەکێکە لەو کارانەی کە لە ڕەهەندی دیپلۆماسیی کولتووری نیوعوسمانیزمی تورکیادا، بۆ تازەکردنەوەی هاوپەیمانی میساق لەگەڵ ئەم بەشە لە کۆمەڵگەی عێراق کراوە.

### 3-5. دیپلۆماسیی کولتووری تورکیا بە ئاراستەی ناسیونالیزمی تورکی لە عێراقدا

یەکێک لەو ئامرازانەی کە لە دەستی تورکیادا هەیە، هەبوونی تورکمانەکانە لە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و ناوچەکانی دەورووبەری. تورکمانەکانی عێراق بە ڕەچەڵەک تورکن کە پابەندی میرات و شوناسی تورکین (Tr-iana, 2017:118). زۆربەی تورکمانەکانی عێراق منداڵەکانی سەرباز و بازرگان و کارمەندەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون کە لە سەردەمی حکومەتی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ئەنادۆڵ هێنراونەتە عێراق (Jawhar,2010:313). لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن کە تورکەکان لەم بوارەدا سەرکەوتوو بوون. بۆ وێنە بەرەی تورکمانی کە لە ناوچەی باکووری عێراق کار دەکەن و تورکیا پشتیوانیان لێدەکات، بوونەتە وتەبێژی دەوڵەتی تورکیا و حیزبی داد و گەشەپێدان و هەر جۆرە یەکگرتن و نارەزایەتی لە دژی سیاسەت و بەرنامەکانی دەوڵەتی ناوەندی عێراق یان هەرێمی کوردستان دەبێت بە ویست و بڕیاری تورکیا بکرێت. (نیکفەر و ئەوانی تر، ۹۵:۱۳۹۷) 2018. بەمشێوەیە تورکیا بە پێداگری و بە هێزکردنی پێکهاتەی ناسنامەیی لە ناو کوردەکان و تورکمانەکانی عێراق، بە پێی دیسکۆرسی نیوعوسمانیزم، هەوڵدەدات بە خستنە سەر هێڵی بیری کۆمەڵگەی عێراقی بە تایبەت کوردەکان و تورکمانەکان، بە ئامرازی جیاوازی ڕاگەیاندنی، پەروەردەیی، پشتگیری و ...هتد، بیر و کردەوەی ئەوان بەرەو ئامانجی خۆیان ڕێنوێنی بکات. بە پێداچوونەوەی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراق، بەستێن بۆ بەراوردکردنی ئەو دوانە ئامادە دەبێت.

## 4. لێکۆڵینی بەراوردکاری دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراق

هەر چەند لە پێداچوونەوەی دیپلۆماسیی کولتووری نێوان دوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە عێراقدا، دەرفەتێکی کەم بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لە بوارە جیاوازەکاندا هەبوو، بەڵام هەر ئەو وردەکارییانەش بوونە سەرچاوەی جیاوازی لە ئاراستەی کولتووری دوو وڵات لە عێراقدا.

### 4-1. جیاوازییەکانی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراق

گرنگترین جیاوازی بنەمای دیپلۆماسیی کولتووری دوو وڵات لە عێراقدا ئەمانەن.

#### 4-1-1. ئایینگەرایی ئێران لە بەرامبەر سیکۆلاریزمی تورکیا

ئایینگەرایی ئێران لە عێراق بە تایبەت لە دوای ساڵی ۲۰۰۳ بە دواوە گرنگییەکی زۆری بە دەستهێنا. لە ڕوانگەی ئایینیەوە، بەشێکی گرنگ لە شوناسی شیعە ئێرانییەکان لە عێراقە و شیعە وەکو مەزهەبی فەرمی و مێژوویی زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە بێ نەجەف و کەربەلا پێناسە ناکرێت. ئامادەبوونی بەردەوامی زانایانی ئایینی ئێرانی لە فێرگەی ئایینی نەجەف و ڕۆڵی ئەوان لە پێکهێنانی فێرگەی فیقهی شیعە لە عێراق نکۆڵی

لێناکرێت. گەیشتنی شیعەکان بە دەسەڵات لە عێراق، جگە لەوەی کە دەتوانێت بێ متمانەیی و ئەو هەڕەشەیە کە لە ڕابردوودا لە پەیوەندی دوو وڵاتدا بووە، لەناو بەرێت، لێهاتوویی پەرەپێدانی هاوکارییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. زۆربەی خەڵکی عێراق خوازیاری پەیوەندی پتەو و ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئێرانن. لە ڕوانگەی شیعە عێراقیەکانەوە ویستە ئایینیەکان سەرترن و ئێزن بە ئەوان دەدات هەتا شارەکانی مەشهەد و قوم زیارەت بکەن. (جەوادی ئەرجمەند و ئەوانیتر، ١٨٣:١٣٩١). ئەم بابەتە لە بارەی ئێرانییەکانەوە شێوەی دوولایەنەی هەیە، بە جۆرێک کە زیارەتی کەربەلا بووە بە بابەتێکی سەمبۆلیک لە جیهانی ئیسلامدا. هەر بۆیە ئێران بەردەوام لە شیعەکانی عێراق پشتیوانی دەکات و بە یارمەتی ئەوان جگە لە تێکۆشان لە دژی دەسەڵاتداری ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە، بەرەی خۆڕاگریشیان بەهێزکردووە. گرنگترین هۆکار کە ئێران دەتوانێت وەکو کارتی بردنەوەی خۆی لە عێراق بەرامبەر بە تورکیا کەڵکی لێوەربگرێت، جیۆپۆلەتیکی شیعە و کاریگەری قووڵ بە سەر شیعەکانی ئەم وڵاتەیە. (Cetinsaya, 2017:162).

لە بەرامبەردا بە تیۆری عوسمانیگەرایی نوێ (نیوعوسمانیزم) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نابێت بە پێشینەی مێژوویی و سیاسەتی سیکۆلار و مەیلەو ڕۆژئاوا لە دژایەتیدابن. هەربۆیە ڕوانگەی کولتووری تورکیا لە عێراق نە بە شێوەی ئایینی بەڵکو بە پەرەپێدانی زانستی سیکۆلاریزمە. هەر چەند کە بەم کێبڕکێیەی کە لەگەڵ ئێران هەیەتی لە هەموو گرووپە سوننەکان لە بەرامبەر پشتیوانی ئێران لە شیعەکان، پشتیوانی دەکات. دەوڵەتی ئەم وڵاتە بە پێداگری لەسەر نەتەوەگەرایی، سیکۆلاریزم، ئامادەکردنی یاسای بنەڕەتی بە بنەمای پێوانەکانی ڕۆژئاوایی و هەڵبژاردنی زمانی ئینگلیزی، نیشانیدا کە ناسنامەی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەم وڵاتە لە بواری سیاسەتی دەرەوە سیکۆلار و نەتەوەگەرا بووە. دەتوانین بڵێین بە هۆی سەرتربوونی ڕەوتی گەشەپێدەر لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی ئەم وڵاتە، نیشاندەری هەبووناسی (ئانتۆلۆژی) سیکۆلاری داڕێژەرانی سیاسەت لەم وڵاتەیە. (عەزیمزادە ئەردەبیلی و ئەوانیتر،١٠٤:١٣٩٦ (2017). هەر بۆیە دیپلۆماسی وڵاتی تورکیا لە چوارچێوەی کولتووریدا هەوڵدەدات سیکۆلاریزم پێشکەش بکات و ڕیکلامی ئەم بابەتەش بە شێوازی جۆراوجۆر دەکات کە دەبێتە هۆی سەرنجراکێشبوونی تورکیا.

### 4-1-2. ئاراستەی هەڵکردنی ئێران لە بەرامبەر سیاسەتی زاڵبوونی تورکیا

لە دوای ڕووخانی سەدام ئاراستەی هەڵسووکەوتی ئێران و عێراق لە دژبەرایەتییەوە بەرەو پەیوەندی ئەرێنی گۆڕدرا. پەیوەندی هەر دوولایەن بە تایبەت لە دوای ئەوەی کە شیعەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست

شێوەی پەیوەندی سازێنەری گرتەخۆیەوە و بەستێنی گونجاوی بۆ دارشتنی سیاسەتی دەزگای دیپلۆماسی ئێران لە ئاستی نەتەوەیی و ناوچەییدا ئامادەکرد. لە ئاستی نەتەوەیی، هەبوونی شیعەکان لە لوتکەی دەسەڵات، بەستێنی سازکردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای هاوکاری کولتووری، ئابووری و سیاسی-ئاسایشی پێکهێنا. لە ئاستی ناوچەشدا، زۆرتر لە هەر شتێک بە هێزکردنی پێکهاتەی شیعە لە عێراقی نوێدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە هاوسەنگکردنی پەیوەندی ئێران و عێراق هەبووە. هەبوونی بنەمای هاوبەشی ئایینی و هاوبەشییەکانی مێژوویی-کولتووری لە بەرچاوترینی ئەوانەن کە بوونە هۆی ئاسانکاری لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق (سادقی و ئەوانیتر،١٣٩٥:١٤٦).

لە بەرامبەردا بە پێی تیۆری عوسمانیگەرایی نوێ، تورکیا دەبێت بتوانێت ڕۆڵی ڕێبەری و ڕێنیشاندەری لە ڕەوتەکان و گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئەستۆ بگرێت. هەر بەم پێیەش جۆرێک خۆ لە سەرتر ڕوانینی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەبینین. بۆیە سیاسەتی ئەم وڵاتە لە عێراق کاریگەری پارادایمێکە کە دەبێ بەشداری زۆرینەی تورکیا لە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایش لەم وڵاتەدا هەبێت، چونکە ناسنامەی کوردی هۆکاری شەڕ و پێکدادان بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی تورکیا لە قەڵەم دەدرێت. بەپێی تیۆری کەمکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ دراوسێکان و قووڵایی ستراتیژیک، سیاسەتی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی کوردستانی عێراق، پشتگیریکردن لە ڕەوتەکانی سوننە و گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە ڕوانگەکانی سیاسی تورکیا سەبارەت بە عێراق بووە. (عەزیمزادە ئەردەبیلی و ئەوانیتر، ١٣٩٦:١١٧)(2017). بەڵام ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و پراکتیکەکانی تورکیا لە عێراق نیشانیداوە کە بنەمای هەوڵدان بۆ سەرتربوون لە ناوچەدا بووەتە هۆی پێکهاتنی ڕوانگەیەکی دەرفەتخواز، بەرژەوەندیخوازی پراگماتیکی، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندی تورکیا لە عێراق بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت یارمەتی بە داعشیش بگەیەنێت.

### 3-1-4. ئاڕاستەی خێرخوازانەی ئێران لە بەرامبەر بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیخوازی تورکیا لە عێراق

دیپلۆماسیی گشتی ئێران لە عێراق لەسەر بنەمای پاراستنی بارودۆخی ئێستا و پشتیوانی لە دەوڵەتانی جێگیر لە عێراقە. لە بەرامبەردا دیپلۆماسی تورکیا لەسەر بنەمای گۆڕانکاری بارودۆخی ئێستا، ڕادەوەستێت. بەوپێیەش دوو وڵاتی ئێران و عێراق وەکو دراوسێی هاوبیر و بەرژەوەندی هاوبەش لە یەکتر دەڕوانن. بەڵام لە بەرامبەردا تورکیا بە ڕوانگەیەکی دژ بە یەک و ناکۆک لە دراوسێکانی باشووریی خۆی دەڕوانێت. ئێران خۆی بە هاوپەیمان و هەتا ئاستێکیش ناوبژیوان لە عێراق دەبینێت، بەڵام تورکیا بە دوای هەژموونی

ناوچەکە و بەڕێوەبردنییەتی. بەم هۆیەوە تورکەکان لە دیپلۆماسیی گشتی تێکدەرانە بۆ نوێکردنەوەی پێکهاتەکان و هەڵسووکەوت و گەیشتن بە بەرژەوەندی زیاتر لە عێراق کەڵکوەردەگرن. لە بەرامبەر ئەواندا، ئێران لە دیپلۆماسیی پتەوکردنی بارودۆخی ناخۆیی و پاراستنی پەیوەندییەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا کەڵکوەردەگرێت (ئەتهەری و ئەوانیتر، ١٦٤:١٣٩٣).

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئێران جگە لەوەی کە وەرگری زۆرێک لە پەنابەرەکانی عێراقی بووە چ لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق و چ لەدوای ئەویش، لە بواری ئابووری بۆ سازپێژکردنی ئاسەوارەکانی شەڕی عێراق و ئەمریکا و لابردنی فەقیری لە عێراقدا یارمەتی زۆری کردووە. لەسەر نوێکردنەوەی شوێنە ئایینیەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. ناوەندی بووژاندنەوە و نوێکردنەوەی شوێنە ئایینیەکان توانی دەرەوەی کاری سەرەکی خۆی خزمەتی زۆر وەکو سازکردنی ناوەندەکانی دەرمان و نەخۆشخانە جێبەجێبکات. (جەوادی ئەرجومەند و ئەمیرزادە، ١٦٢:١٣٩٢)(2013). هەروەها یارمەتی گەورەی کە ئێران بە عێراقی کرد شەڕ لەگەڵ داعش بوو. بۆ وێنە لە سەردەمی سەرۆکوەزیران حەیدەر عیبادی بە هۆی یارمەتییە سیاسیی، سەربازیی، زانیاری ئێران بوو کە بووە هۆی تێکشکاندنی داعش و چالاکی ئازادکردنی شارەکانی عێراق لەو گرووپە تیرۆریستییە کە بەشێکی گەورەی لە خاکی عێراق داگیرکردبوو. ئەمەش پەیوەندییەکانی ئێرانی زۆرتر لە ڕابردوو لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا پتەوتر کرد. ڕۆڵی گرنگی ئێران لە پاراستنی سەروەری خاکی عێراق لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، نە تەنیا هێزە سیاسییەکانی دۆستی ئێرانی بە هێزکرد بەڵکو ئێرانی کردە یەکگرتوویەکی ستراتێژیک کە بەغدا دەیتوانی پشتی پێببەستێت. (مێننەتی و هادیان، ١٤٩:١٣٩٨)(2019). لە بەرامبەردا زۆربەی توێژەرە سیاسییەکان لەم باوەڕەدان کە تورکیا بە ئاڕاستەیەکی بەرژەوەندیخوازانە لە زۆربەی کاتەکاندا یارمەتی داعشی دەدا یان هەرنەبێ سیاسەتێکی بێلایەنانەی لە بەرامبەر داعشدا هەبووە (قاسمی،١٠٧:١٣٩٥) (2016)

**4-1-4. پەیوەندییە مێژووییەکانی ئێران لە بەرامبەرناسیۆنالیسمی تورکی**

لە ڕوانگەی ئێرانشاریەوە سەبارەت بە عێراق، ڕوونە کە ئاڵوگۆڕی کولتووری و مێژوویی دوو وڵات ڕیشەی دوور و درێژی هەیە. لە هیچ وڵاتێکدا بە ڕادەی عێراق ئاسەواری شارستانی و کولتووری ئێرانی چ لە ڕۆژگاری دێرین و چ لە سەردەمی ئیسلامی نەبینراوە و ئاسەواری شارستانی، کولتوور و هونەری ئێرانی لە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتە دەبینرێت (پارساپوور، ٣:١٣٨٨)(2009). هەبوونی پێشینەی هاوبەشی مێژوویی و کولتووری، بەستێنێ بۆ کەوتنە ژێر

کاریگەری عێراقییەکان سەبارەت بە ویستەکانی ئێران زیاتر دەکات. لە بەرامبەردا تورکیا پێیوایە کە عێراق لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە ژێر ڕکێفی ئەم ئیمپراتۆرییە بووە، ئێستا بە ئاڕاستەی نیوعوسمانیزم و سیاسەتی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دەیەوێت لەم ناوچانەدا باڵادست بێت. هەرچەند ئەم ئامانجەی نە بە شێوەی سەخت و میکانیکی بەڵکو بە دیپلۆماسیی کولتووری بە ئەنجام دەگەیەنێت. یەکێک لەم بابەتانە پەروەردەی زمانی تورکیا لە عێراق، هەروەها سەرنجدانی تایبەت بە تورکمانەکانی عێراق کە پێیانوایە هاوڕەگەزی ئەوانن و بە جۆرێک درێژەی ڕەگەزی تورکەکانە لە عێراق. بەم شێوەیە پاراستنی مافی تورکمانەکانی عێراق لە ناوەندی سەرنجی تورکیادایە (حەیدەری و ڕەهنەوەرد، ١٣٩٠:٨٤ (2011). هەر بەمجۆرەی کە خاوەنڕاکان باسی دەکەن، ناسیۆنالیزمی تورکی بووەتە هۆی بەدگومانی و ڕەشبینی عەرەبەکان و بە جۆرێک دژایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کوردی لێکەوتووەتەوە.

جگە لەو جیاوازییانەی کە ئاماژەمان پێکرد، لێکچوونیش لە دیپلۆماسیی کولتووری ئەم دوو وڵاتە هەیە، کە بە هۆی بە کارگرتنی ئامرازە لێکچووەکان بۆ کاریگەری کولتووری لە عێراقدایە. هەر چەند ئەم ئامرازانە لە یەک دەچن، بەڵام کاریگەری ئەوان لەسەر هاووڵاتیانی عێراق وەک یەک نییە.

### 2-4. لێکچوونەکانی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراقدا

هەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە ئامرازەکانی وەک یەک، وەکو کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیاندنەکان، چالاکبوونی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تورکیا لە عێراق، ئاڕاستەی زانستی و پەروەردەیی و پەرەپێدانی زمان بابەتە لێکچووکانن.

#### 1-2-4. دیپلۆماسی میدیایی ئێران و تورکیا لە عێراق

ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراق، ئەو دەرفەتەی بۆ دەسەڵاتەکانی ناوچە وەکو ئێران و تورکیا ڕەخساند بۆ ئەوەی بتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخێکی کراوەی ڕاگەیاندنی کە پێکهاتووە، سەرنجی ڕای گشتی ئەم وڵاتە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بەڵام هەندێک جیاوازی لە کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتەکانی ئەم دوو وڵاتە هەیە.

**یەکەم: دیپلۆماسی میدیایی ئێران لە عێراق**

ئێران لە پێناو هەناردەکردنی شۆڕش بەردەوام بە ”داگیرکردنی دڵی نەتەوەکان“ گرنگیداوە و بەم پێیەوە دیپلۆماسی میدیایی، لە سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە لە عێراقدا جێی گرنگیپێدان بووە. یەکێک لەم بابەتانە ڕۆژنامەیە. هەر چەند کە ڕۆژنامە لە ئێراندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا هەژماری ڕۆژنامەکانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ

وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زۆر نییە. لە نێوان ڕۆژنامەکانی ئێرانی تەنیا ڕۆژنامەی «الوفاق» بە زمانی عەرەبی بڵاودەبێتەوە. بەڵام تیراژی کەمی ئەم ڕۆژنامەیە لە تەنیشت گۆڕینی سەرنجی خوێنەران بە شێوازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی، بووەتە هۆی نەناسراو مانەوەی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا. بە کورتی ڕۆژنامە لە دیپلۆماسیی ڕاگەیاندنی ئێران لە عێراق، ئەوەندە جێگای سەرنج نییە. دووەمیان ڕادیۆیە. سەرمایەدانان لەسەر ڕادیۆی دەرەوەی سنوور لە سەرەتای شۆڕشی ئێران ئەوەندە بەرچاو نەبوو و لە دواتریشدا ئاڵوگۆڕی زۆری بە سەر نەهات. هەتا ساڵی ٢٠١٦ تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ڕادیۆکانی ئێران بە زمانی عەرەبی بەرنامەیان بڵاودەکردەوە کە گرنگترینیان ڕادیۆ «پەیام» و ڕادیۆ «ئیسلام» بوون. ئەم ڕادیۆیە سەرنجی سەرەکی خۆی لەسەر پەرەپێدانی کولتووری ئیسلامیی ڕەسەن داناوە (ڕەحمانی و شەمس ئابادی، ٨٦:١٣٩٧)(2018).

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانیش بکەین. ئێران لە ماوەی ٢٥ ساڵدا واتا ١٩٩١ هەتا ٢٠١٦، توانی ژمارەی کەناڵە تەلەفیزیۆنەکانی خۆی بگەیەنێتە ٢٥ کەناڵ کە هەندێک لەوان بە زمانی عەرەبی بەرنامە بڵاودەکەنەوە. ئێران لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی کە هەیەتی وەکو تورکیا سەرمایەی سەرەکی خۆی لەسەر تەلەفیزیۆن دادەنێت. یەکەمین کەناڵی دەرەوەی سنوور و بە زمانی عەرەبی کە دایمەزراند کەناڵی «سەحەر» بوو کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بە ڕۆژانە ٩٠ خولەک بەرنامەکانی دەستپێکرد. لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە کەناڵی ئاسمانی و سەربەخۆ بە ناوی «الکوثر» لە ساڵی ٢٠١٠ بەرنامەکانی بوون بە بیست و چوار کاتژمێر. زۆربەی بۆچوون و چڕبوونەوەی ئەم کەناڵە لەسەر پەرەپێدان و بەهێزکردنی بنیادە هزرییەکانی شیعە و نزیککردنەوەی شیعەکانی عەرەب لە سیستەمی ئێرانە. (Torfeh, 2016: 3). کەناڵێکی گرنگیتر «العالم»ە. العالم بە بڕوای زۆرێک لە خاوەنڕاکان بە کاریگەرترین ڕاگەیاندنی دەرەوەی ئێران لە قەڵەم دەدرێت. ئەم کەناڵە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە بەیرووت دەستبەکاربوو، دیمەشق، بەغدا و تاران بنکەی هەیە. کاتێ ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی شیدەکەینەوە دەبینین کە هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگۆکان و هەواڵنێری. هەروەها پەیامی بنەڕەتی زۆرتر لەسەر دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و پێکهێنانی یەکێتی لە ناو عێراقە. کەناڵەکانی دیکەی کە خەریکی دروستکردن و هەواڵنێرین وەکو «المنار» بە بەڕێوەبەرایەتی گروپی ڕاگەیاندنی حیزبوڵڵای لوبنان، هەروەها «المیادین» کە بنکەی لە بەیرووتە و کەناڵەکانی دیکەشی لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی دەنگۆی دیپلۆماسیی ئێران کار دەکەن. بەڵام ئێران لە بواری سەرگەرمکردنیش کەناڵەکانی وەکو «آی فیلم»ی دامەزراندووە کە زۆرتر

زنجیره فیلمی مێژوویی-ئایینیه کە بە زمانی عەرەبی وەرگێڕاونەتەوە و لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەدا بڵاو دەبنەوە. (رەحمانی و شەمس ئابادی،١٣٩٧: ٨٨-٨٦)(2018). یەکێک لە لاوازییەکانی ڕاگەیاندنەکانی ئێران "دەوڵەتیی بوونێکی لە ڕادەبەدەرە" کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پەیامە نێردراوەکانی ویست و داخوازی بینەرانی لەبەرچاو نەگرێت. لە بەرامبەر بە ئەخلاقگەرایی و دووریکردن لە ڕاکێشانی بینەر بە شێوازەکانی سەرنجراکێشی سێکسی، یەکێک لە چوارچێوە نەگۆڕەکانی سیاسەتی ڕاگەیاندنی ئێران لە بەرامبەر عێراقدا بووە. جگە لەوەش ئێران لە دیپلۆماسیی ڕاگەیاندنی خۆی لە عێراقدا لەسەر دووبەرەکی شیعە-سوننە لەم وڵاتەدا پێداگری ناکات و بە دوای پێکهێنانی یەکێتی لەناو کۆمەڵگەی پارچەکراوی عێراقی دراوسێیەتی (Torfeh,2016: 3).

**دووهەم: دیپلۆماسیی میدیایی تورکیا لە عێراقدا**

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی تورکیا بۆ ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپا کەشی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتە زۆرتر کراوە و لە دوای ئەوەشدا چەندایەتی و چۆنیەتی ڕاگەیاندنەکانیشی زۆرتر کرانەوە. هەروەها زۆرێک لە ڕاگەیاندنەکانی مەدەنیی و سەربەخۆن. بە گشتی لە تورکیا ٢٤٥٩ ڕۆژنامە بڵاو دەبێتەوە کە ٢٣ ڕۆژنامە لە ئاستی ناوچە و ٥٥ ڕۆژنامە لە ئاستی نێونەتەوەییدان. ئەم ڕۆژنامانە زۆرتر بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی بڵاو دەبنەوە و بەمجۆرەش ڕێگایەکی دزەکردن لەسەر کۆمەڵگەی عێراق دروست دەکەن. هەروەها تورکیا لە ساڵانی ١٩٢٦ هەتا ٢٠١٧ توانییەتی ١٠٨٧ وێستگەی ڕادیۆیی دابمەزرێنێت کە ٣١ لەوانە نەتەوەیی و ١٠٠ دانەیان ناوچەیی و ٩٥١ لەوانە خۆجێیین. شیکردنەوە لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامە ڕادیۆییەکانی تورکیا نیشاندەدات کە ئەم بەرنامانە جگە لە لایەنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، لەسەر لایەنی سەرگەرمی دیپلۆماسی ڕاگەیاندنی، بە تایبەت مۆسیقا کار دەکات. تەلەفیزیۆن زۆرتر لە هەر ڕاگەیاندراوێک بۆ تورکیا گرنگە. لە بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکانی تورکیا لەسەر بابەتی داگیرکردنی مێشک و دڵی خەڵکی عێراق کاردەکرێت. زیاتر لەوەی کە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگۆکانی بۆ گرنگ بێت لەسەر بابەتی سەرگەرمکردنی خەڵک رادەوەستێت. لەم پێناوەشدا زنجیرە دراماکان بە ناوەڕۆکی عەشق و ئەوجۆرەی کە لاوەکان پەسەندی دەکەن، بەرهەمدێنێت. هەڵبەت ئەوە بە مانای گرنگی پێنەدانی تورکیا بە لایەنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگۆکانی دیپلۆماسیی نییە. هەروەها بەشێکی گەورە لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیا لە عێراق ڕەنگ و بۆنی دژە کورد و دژە شیعەی پێوە دیارە (رەحمانی و شەمس ئابادی،١٣٩٧: ٨٥-٨١)(2018). خشتەی ژمارە ١ دیپلۆماسیی ڕاگەیاندنی دوو وڵاتی ئێران و تورکیا لە عێراقدا بە یەکەوە بەراورد دەکات.

خشتەی ژمارە ١: بەراوردکردنی دیپلۆماسیی ڕاگەیاندنی ئێران و تورکیا لە عێراقدا

| لێکچوونەکان | جیاوازییەکان | |
|---|---|---|
| | ئێران | تورکیا |
| دامەزراندنی وێستگەی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنی بە زمانی عەرەبی و کوردی | جەختکردن لەسەر بەرنامە هەواڵییەکان | جەختکردن لەسەر بەرنامەی سەرگەرمی |
| دۆبلاژی زنجیرە دراماکان بە زمانی عەرەبی | بەرنامە بە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی یەکگرتن | نیشاندانی بەرنامە بە مەبەستی دووبەرەکی |
| جەختکردنەوە لەسەر ڕاگەیاندنی تەلەفیزیۆنی | درامای مێژوویی و زنجیرە ئایینی | زنجیرە درامای مۆدێرن و عاشقانە |
| | لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە کەناڵە ئێرانییەکان یان بە پشتیوانی ئێران | بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی کەناڵەکانی گرێدراوی وڵاتە عەرەبییەکان |
| | دیاریکردنی بە ئامانجی ڕوانگەی سیاسی خەڵک | بە ئامانجی گۆڕینی شێوەی ژیانی خەڵک |
| | لەگەڵ ئەمریکا دژبەرایەتی و عەرەبستانی سعودی | بێلایەن بوون لە بەرامبەر ئەمریکا و عەرەبستانی سعودی |

### 4-2-2. ئاڕاستەی زانستی و پەروەردەیی

لێکچوونی دیکەی دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراقدا کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی زانستی و پەروەردەییە بۆ کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراق. بە گشتی ئەم ڕەهەندەی دیپلۆماسیی کولتووری بەرنامەی ئاڵوگۆڕی هاووڵاتیان بۆ خولی پەروەردەیی، کولتووری، زانستی، هونەری، وەرزشی و فێربوونی زمان، دروستکردنی قوتابخانە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی لە وڵاتی بە ئامانج گیراو، وەرگرتنی خوێندکار و پێدانی بورسیەی خوێندن ...هتد، لەخۆ دەگرێت (سەجادپوور و وەحیدی، ١٣٩٠:٨٤)(2011). لە بواری زانستی و پەروەردەییدا، ئێران بە دامەزراندنی زانکۆ و ناوەندی زانستی و ئایینی جۆراوجۆر لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەکو «جامعە المصطفی»، «زانکۆی

نێونەتەوەیی ئال ئەلبەیت» و «زانکۆی ئەدیان و مەذاهب» کە ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری لە وڵاتە جیاوازەکان بە تایبەت لە عێراقەوە وەرگرتووە. بۆ وێنە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆی نێونەتەوەیی جامعە المصطفی لە وڵاتانی دراوسێ و شیعەنشین بە تایبەتی عێراقین (ڕەفیع و نیک ڕەوش، ١٣٩٢:١١٤)(2013). بەڵام تورکیا لەسەر ئەم بەشە لە ئێران زۆر خێراتر کاریکردووە و پشتگیری و پشتیوانی زیاتری بە ئەنجام گەیاندووە. بە تایبەت لە دامەزراندنی قوتابخانە، زانکۆ، دامەزراوەکانی پەروردەیی و پێدانی بورسیـــەی خوێندن بە عێراقییەکان.

**3-2-4. هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی زمانی فەرمی هەردوو وڵات لە عێراق**

یەکێکی تر لە خاڵە هاوبەشەکانی دیپلۆماسیی کولتووری دوو وڵاتی ئێران و تورکیا گرنگیدان بە پەرەپێدانی زمانی فەرمی خۆیان لە وڵاتی عێراقە. لەم بوارەدا هەر دوو وڵات کار و چالاکییان ئەنجامداوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دەستیکرد بە سەرمایەدانانی درێژخایەن بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرورِا و ڕاکێشانی ویستەکانی زانایانی جیهانی ئیسلام لە پێناو بەرژەوەندییەکانی. بە تایبەت لە بوارەکانی ئاڵوگۆڕی زانستیدا، ژمارەیەکی زۆر خوێندکاران لە وڵاتانی جیاوازی جیهانی ئیسلام بۆ خوێندن لە ئێران وەردەگیرێن. لە سەرەتادا ئەم خوێندکارانە بۆ ماوەی شـەش مانگ هەتا یەک ساڵ زمانی فارسیان فێر دەکرێت. ژمارەیەکی زۆریش لە عێراقیەکان بەم ئامانجەوە دەچن بۆ ئێران (درەخشە و غەفاری، ١٣٩٠:٢٥) (2011). هەروەها دامەزراوەکانی وەکو "جامعه المصطفی العالمیه" کە ڕێکخستنێکی نێونەتەوەییە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی لە عێراقدا لقی هەیە کە جگە لە پەروەردەی زمان و مەعارفی ئیسلامی دامەزراوەی پەروەردی باڵای لە زانستە مرۆییەکان و زمانی فارسی هەیە (درەخشە و غەفاری ١٣٩٠:٢٦) (2011). هەروەها دامەزراوەکانی تر وەکو فێرگەی زانستی ئایینی هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراق لە پەرەپێدانی زمانی فارسی لە عێراقدا ڕۆڵیان هەیە. تورکیاش لە ڕێگەی بەردەوامی دیپلۆماسیی کولتووری خۆی کاریگەری زمان و ئەدەبیاتی تورکی پێشدەخات. ئەم وڵاتە هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری زانکۆ لە وڵاتی خۆی وەردەگرێت و بە پێدانی خزمەت و یارمەتی جۆراوجۆر زمانی تورکی لە ناو خوێندکارەکاندا پەرە پێدەدات. بابەتێکی کە بووەتە هۆی ئەوەی تورکیا زیاتر لە ئێران دەستی بڕوات لە عێراقدا، دامەزراندنی قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکانە

بە زمانی تورکی کە ژمارەیەکی زۆر قوتابی و خوێندکاری زانکۆ لەوێدا دەخوێنن. لەبەرئەوەی کە دەرفەت و هەلومەرجی تایبەتی لە خوێندنگاکانی عێراق زیاترە. لە لایەکی تریشەوە کاریگەری زنجیرە دراماکانی تورکی لە کۆمەڵگەی عێراقدا هێندە زۆرە کە زۆربەیان حەز دەکەن زمان و دەستەواژەی تورکی فێربن.

**4-2-4. سەرنج و هەستیاری هاوبەشی دوو وڵات سەبارەت بە مەسەلەی کورد**

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئاستێکی زۆر باڵادا هۆکاری زۆر بەهێز لەخۆ دەگرێت. یەکێک لەم هۆکارانە ئەوەیە کە کوردستان بەشێک لە هەبوونی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیایە. ئافراندن و پێکهێنانی ناسنامەی کوردی سەربەخۆ لە هەریەک لە بەشەکانی کوردستان هەڕەشەیەکە لەسەر هەر کام لەم وڵاتانەی دراوسێ(زیباکەلام و عەبدوڵلا پوور، ٧١:١٣٩٠) (2011). لەبەرئەوەی وڵاتانی ئێران و تورکیا و سووریا کەمینەی کوردیان تێدایە لە دژی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کوردانن. چونکە لەوە دەترسن کاریگەریی لەسەر نەتەوەی کورد وڵاتانی ئەوانیشدا بکات. هەروەها بۆ پێشگرتن لە بیر و ئەندێشەی جیابوونەوەی کوردان لە وڵاتەکەیان، ئەوە هەموو کات پێداگری دەکەن لە سەروەری خاکی عێراق و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق.

لەم بوارەدا هاوڕان و پشتیوانی لە یەکتر دەکەن (مێهری پوور، ٥٧:١٣٨١) (2002). بەگشتی لێکچوونی زۆر لە نێوان دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراقدا هەیە کە بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە لێکچووەکانە، بەڵام چۆنایەتی و چەندایەتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە جیاوازن کە ئاماژەمان پێکردن.

## ئەنجام

لە دەیەکانی ڕابردوودا گرنگیپێدان و زیادبوونی هێزی نەرم لە بەرامبەر هێزی ڕەق، سیاسەتی ئەندێشە لە بەرامبەر بە سیاسەتی دەسەڵاتداری و ڕۆڵی گرووپە ناحکومییەکان لە پەیوەندی نێوان وڵاتەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتەکان بەر بە دیپلۆماسیی گشتی و کولتووری لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا بچن. ئەم بابەتە لە ڕێگەی هێزی ڕاکێشان یان هەمان دەسەڵاتی نەرم پێکدێت. ئێران و تورکیا لەم وڵاتانەن کە زۆریان پێویستی بە دیپلۆماسیی کولتووری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ کاریگەری لەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە. عێراق یەکێکە لەم وڵاتانە کە بووتە هۆی کێبڕکێ لە نێوان ئێران و تورکیا بۆ کاریگەری زیاتریان لەم وڵاتەدا. لەم بوارەدا هەر دوو وڵات لە ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، زانستی-پەروەردەیی، ئایینی و ...هتد، کەڵکوەردەگرن. وەکو سەلمێنراوەکانی لێکۆڵینی بەراوردکاری

دیپلۆماسیی کولتووری ئێران و تورکیا لە عێراقدا، دەبێ بڵێین کە هەر دوو وڵات لە ڕوانگەی نموونەی بەڕێوەبەری و کردەوەیی کە چاودێری لەسەر ئامرازەکان هەیە، لێکچوونی زۆرتریان سەبارەت بە یەکتری هەیە، هەتا نموونەی پێکهاتەییەکانیان. بابەتی پێکهاتەی سیاسی سێکۆلاری تورکیا لەگەڵ نائایدیۆلۆژیکبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە، هەروەها پەیوەندی ڕەگەزیی، زمانی و نەتەوەیی بەشێک لە عێراق لەگەڵ تورکیا لە هۆکارەکانی کاریگەری و سەرکەوتنی ئەم وڵاتە لە بەشی کردەوەیی بوونی دیپلۆماسیی کولتوورییە. لەم نێوەدا پێگەی باشتری ئابووری تورکیا سەبارەت بە ئێران، تەواوکەری باش بۆ بە هێزتربوونی دیپلۆماسیی کولتووری ئەم وڵاتە بووە. دامەزراندنی زانکۆی زۆر و جیاواز، پێشکەشکردنی کورسی خوێندنی بەخۆڕایی، دامەزراندنی مەکتەبی ئایینی و تەنانەت دەستبەکارکردنی سوپەرمارکێت و فرۆشگەی خواردەمەنی و شتومەکی بەکارهێنانی ڕۆژانە کە لە ڕاستیدا پەرەپێدانی کولتووری کاڵاکانی تورکیایە، ئەوەش نیشانی دەدات کە بەشی ئابووری تورکیا لەگەڵ بەشی کولتووری هاوکاری دەکەن. بەڵام ئێران بە گوێرەی ویستی هاوبەشی کولتووری، مێژوویی و ئایینی لەگەڵ عێراق پلە و پایەی تایبەتی لەم وڵاتەدا هەیە، بەڵام بەڕێوەبردنی لاواز و سەرنجی کەمی ئێران بۆ بابەتی دیپلۆماسیی کولتووری، هاوکات لەگەڵ دانانی سەرپەرشت و سپێردراوی زۆر لەم بوارەدا، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکان و لاوازی بەڕێوەبەریتی. بە تایبەت کە ئێران زۆرترین سەرنجی لەسەر بابەتی شیعەگەری و بەهێزکردنی بەرەی خۆڕاگری داناوە کە ئەوش دەبێتە هۆی نەبوونی هەڵسووکەوتی دروست لەگەڵ هەموو کەسایەت و گرووپ و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگەی عێراق کە لە هەندێک شوێندا دژبەری لە بەرامبەر بە ئێراندا دروستکردووە. لە بەرامبەردا تورکیا هەیە کە بۆ کاریگەری زیاتر لە عێراق سەرەڕای ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ئێران ئامرازی کولتووری کەمتری هەیە، بە پراگماتیک و هەلپەرستی و بەرژەوەندیخوازی توانیویەتی سەرکەوتوو تر لە ئێران بێت. بەراوردکردنی ژمارەیەک لە ئامرازەکانی دیپلۆماسیی کولتووری هەر دوو وڵات نیشانی دەدات کە لە زۆربەی بابەتەکان وەکو وەرگرتنی خوێندکار و دیپلۆماسی زانستی و زانکۆیی، هەروەها بواری توریستی و بابەتی وەکو کاریگەری فیلم و زنجیرە دراماکانی تورکی لە کۆمەڵگەی عێراقی باشتر لە ئێران سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە. ئەگەر بە تایبەت لەسەر دیپلۆماسی ڕاگەیاندنی باس بکەین چەندایەتی و چۆنیەتی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکانی وەکو ڕۆژنامە، ڕادیۆ و

کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی ئێران سەبارەت بە ڕاگەیاندنەکانی هاوشێوە لە تورکیا لە ئاستێکی نزمتردان، لەبەرئەوەی کە ڕاگەیاندنەکانی ئێران دەوڵەتین و زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بەشی کەرتی تایبەتن و ئەوەش خاڵی لاوازی ڕاگەیاندنەکانی ئێرانە. لە بەشی ئاڕاستەی زانستی و پەروەردەییش جووڵەی تورکیا لە بەراورد لەگەڵ ئێران، زۆرتر بووە وەکو دامەزراندنی قوتابخانە و بەشی پەروەردەیی و پێدانی کورسی خوێندن بە خوێندکارانی عێراقی و پشتیوانی زیاتر لە خوێندکاران. لە بواری پەرەپێدانی زمانی فەرمی ئەوە تورکیا خوێندنگە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی زیاتری لە عێراق داناوە و خوێندکارانی عێراقی زۆرتر خەریکی خوێندن بە زمانی تورکی کردووە. بە گشتی سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا لە عێراقدا دەرفەتێکی زۆری بۆ چالاکی کولتووری نییە، بەڵام دیپلۆماسیی کولتووری پلاندانراو و یەکپارچە و چالاکی بۆ خۆی داناوە. دەتوانین بڵێین ئێران لەوانەیە لە ئامانجەکانیدا نزیکی عێراق بێت، بەڵام ئەو ئامرازانەی کە تورکیا لە عێراقدا بە کاریان دەهێنێت تاڕادەیەک بە هێزترن. لە کۆتاییدا بۆ کەڵکوەرگرتنی زیاتر و بەکاریگەر تر لە دیپلۆماسیی کولتووری ئێران لە عێراق ئەم پێشنیارانە بە پێویست دەبینین:

- لەسەر بابەتی سیاسەت و ڕوانگە دەبێت ڕوونکردنەوەی بنەما و چەمکی هاوبەش هەبێ کە هەر دوو لایەن لێی تێبگەن.

- پێکهێنانی ژووری بیری دیپلۆماسیی گشتی ئێران لە ئاستێکی باڵادا.

- کەمکردنەوەی ژمارەی دەزگاکانی بەرپرسیاری دیپلۆماسیی کولتووری و پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان ئەواندا.

- پەروەردەی هێزی مرۆڤی پسپۆڕ، ئاشنابوون بە زانستی بەڕێوەبەری، تێکەڵبوون و پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی لە بواری دیپلۆماسیی کولتووری.

- ڕەچاوکردنی ئاڕاستەی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە پێی هەڵسەنگاندنی کردەوەکان.

- کەڵکوەرگرتن لە توانایی ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بۆ بە هێزکردنی دانوستانی خەڵک لەگەڵ خەڵک.

- وەرگرتنی خوێندکارانی دەرەوە لە وڵاتانی دیاریکراو بۆ خوێندن لە ئێران و پیدانی کورسی بۆ لقەکانی خوێندنی زمانی فارسی و ئێرانناسی.

- پلاندانان بۆ گەشپێدانی گۆڕینەوەی گەشتیار لە نێوان ئێران و وڵاتە دیاریکراوەکان.

- هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵات.

## سەرچاوەکان

کتابنامه

احمدی، ع. 1390 ایران، انقلاب اسلامی و ژئوپلتیک شیعه، تهران، اندیشه‌سازان نور.

احمدی، ع، موسوی، ا.(1398). جغرافیای شیعه و فرصت‌های ایران در قلمروهای شیعی جهان اسلام، در مجموعه مقالات چهارمین کنگره بین‌المللی جغرافیدانان جهان اسلام، زاهدان، دانشگاه سیستان و بلوچستان.

اطهری، اسدالله، عنایتی، شبکلایی، علی و محمد امین حسینی (1393) «بررسی تطبیقی قدرت نرم ایران و ترکیه در عراق و سوریه»، اسلام و علوم اجتماعی. 16 (11) صص 167 – 149

امیدی، علی و فاطمه رضایی (1390) «عثمان‌گرایی جدید در سیاست خارجی ترکیه، شاخص‌ها و پیامدهای آن در خاورمیانه». روابط خارجی، 3 (3) صص -267 231

امینی، آرمین و سهراب علمداری (1391) «جهانی‌شدن فرهنگ و کارکرد دیپلماسی فرهنگی در سیاست خارجی»، راهبرد. 21 (65)، صص 413 – 393

بصیری محمدعلی و فهیمه خوانساری‌فرد (1395) «تبیین جایگاه دیپلماسی فرهنگی جمهوری اسلامی در قفقاز جنوبی»، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی. 12 (35)، صص -104 79

بوژمهرانی، حسن، پوراسلامی، مهدی (1393) «تهدیدهای نرم خودمختاری اقلیم کردستان عراق و تاثیر آن بر کردهای ایران»، جامعه‌شناسی سیاسی جهان اسلام. 2 (4)، صص -110 87

بی‌بی‌سی فارسی (6 ژوئن 2020)، حضور چشمگیر ترکیه در بازار جهانی فیلم و سریال، قابل دسترسی در: .https://www.bbc com/persian/arts

بیگی، م. (1389). قدرت نرم جمهوری اسلامی ایران (مطالعه‌ی موردی لبنان)، تهران، دانشگاه امام صادق

پارساپور، ر، (1388). بغدادنامه (بررسی ریشه‌های ایرانی کشور عراق، بر پایه‌ی مستندات تاریخی)، تهران، مرکز مطالعات خلیج فارس.

پارساپور، روزبه (1389) «نقش ایران و عراق در تأمین امنیت خلیج فارس»، ماهنامه خلیج فارس و امنیت. 10 (104)، صص 22-1

جعفری، علی‌اکبر، نیک‌روش، ملیحه (1394) «منابع فرهنگی قدرت نرم جمهوری اسلامی ایران در عراق نوین»، فصلنامه قدرت نرم. 5 (12)، صص 29-50

جوادی ارجمند، محمد جعفر، امیرزاده، محمدرضا (1392) « بررسی تأثیر روابط فرهنگی بر روابط سیاسی ایران و عراق با تأکید بر انقلاب اسلامی»، پژوهش‌های انقلاب اسلامی. 2 (6)، صص 147-168

جوادی ارجمند، محمد جعفر، نادری، محمد، داودی، مهدی (1391) «دیپلماسی فرهنگی ایران در عراق و چشم‌انداز آینده در روابط دو کشور»، نگرش‌های نو در جغرافیای انسانی، 4 (3) صص 173-186

حسن خانی، محمد (1384) «دیپلماسی فرهنگی و جایگاه آن در سیاست خارجی کشورها»، دانش سیاسی. 2 صص -148 136

حیدری، محمد علی، رهنورد، حمید (1390) «نوعثمان‌گرایی و سیاست خاورمیانه‌ای ترکیه (با تاکید بر تحولات بهار عربی)»، ره‌نامه سیاست‌گذاری. 2 (2)، صص -98 72

خبرگزاری آناتولی (17 جولای 2018)، آغاز فعالیت‌های آموزشی بنیاد معارف ترکیه در عراق، قابل دسترسی در: //:https www.aa.com.tr/fa

خرازی محمدوندی، زهرا (1388) «تاثیر دیپلماسی فرهنگی بر منافع ملی کشورها»، مجله مدیریت فرهنگی. 3 (6)، صص -122 107

درخشه، جلال، غفاری، مصطفی (1390) «دیپلماسی عمومی جمهوری اسلامی ایران در جهان اسلام، فرصت‌ها، اقدامات، اولویت و دستاوردها»، مطالعات فرهنگی ارتباطات. 12 (16)،صص -48 10.

دکمجیان، ه. (1377). اسلام در انقلاب جنبش‌های در جهان عرب، ترجمه حمید احمدی، تهران، انتشارات کیهان.

رحمانی، منصور، شمس‌آبادی، علی (1398) «بررسی مقایسه‌ای دیپلماسی رسانه‌ای ایران و ترکیه در عراق پساصدام»، راهبردهای سیاسی و بین‌المللی. 10 (3)، صص -93 74

رفیع، حسین. نیک‌روش، ملیحه (1392) «دیپلماسی عمومی و قدرت نرم با تاکید بر قدرت نرم ایران در عراق»، پژوهش‌نامه‌ی روابط بین‌الملل. 6 (22)، صص -132 99

زرقانی، سیدهادی، احمدی، ابراهیم، حکیمی خرم، علی (1399)، «اهمیت نقش و جایگاه دیپلماسی فرهنگی در بسط روابط ایران و ازبکستان»، پژوهش‌های سیاسی جهان اسلام. 10 (2)، صص -56 31.

زیباکلام، صادق، عبدالله‌پور، محمدرضا (1390) «ژئوپلیتیک شکننده‌ی کردستان عراق، عاملی همگرا در نزدیکی کردهای عراق به اسرائیل»، فصلنامه سیاست. 41 (4)، صص -75 59.

سازمان فرهنگ و ارتباطات اسلامی (25 اسفند 1398)، نگاهی به دیپلماسی فرهنگی ترکیه در عراق، قابل دسترسی در: http://fr.paris.icro.ir7

سجادپور، محمدکاظم، وحیدی، موسی‌الرضا (1390) «دیپلماسی عمومی نوین؛ چارچوب‌های مفهومی و عملیاتی»، فصلنامه سیاست. 41 (4)، صص-95 77

سنائی، اردشیر، عبدالله‌پور، محمدرضا (1388) «رویارویی ایران و آمریکا: رقابت در عرصه‌ی قدرت نرم و سخت»، مطالعات

روابط بین‌الملل. 2 (8)، صص -187 158.

صادق، شمس‌الدین، مارابی، مهری، اکسا، نرگس (1395) «ایران – عراق: چشم‌اندازی بر راهبردی‌شدن مناسبات دو جانبه»، پژوهش‌های روابط بین‌الملل. 1 (22)، صص -162 129

ضرغامی، برزین، شوشتری، سیدمحمدجواد، انصاری‌زاده، سلمان (1393) «ژئوپلیتیک شیعه یا هلال شیعه (مبانی، اهداف و رویکردها»، پژوهش‌های جغرافیای انسانی. 46 (1)، صص -214 197

عراقی، غلامرضا (1394) «نقش دیپلماسی فرهنگی در صدور انقلاب اسلامی»، پژوهش‌های انقلاب اسلامی. 4 (14)، صص -179 157

عظیم‌زاده اردبیلی، محمد منصور، مسعودنیا، حسین، امام‌جمعه‌زاده، جواد (1396) «سازه‌انگارانه سیاست خارجی نوین ترکیه و رقابت با جمهوری اسلامی ایران»، مطالعات روابط بین‌الملل. 10 (38)، صص -128 95.

غیاثی، هادی، برزوبی، محمدرضا، نصیری، امید (1399)، «دیپلماسی فرهنگی آیین پیاده‌روی زیارت اربعین؛ ابعاد و راهبردها»، سیاست و روابط بین‌الملل، دوره‌ی چهارم، شماره 7، صص -247 221.

فیلده، هـ. (1343). مردم‌شناسی ایران، ترجمه عبدالله فریار، تهران، کتابفروشی ابن‌سینا.

قاسمی، محمدعلی (1395) «استراتژی ترکیه در قبال داعش»، مطالعات راهبردی. سال نوزدهم، 19 (3)، صص _114 93.

کمالی سربلی، عبدالقادر (1388) «سیر تاریخی پیدایش حوزه‌های علمیه»، سخن تاریخ. 7، صص -74 58.

مار، ف. (1380). تاریخ نوین عراق، ترجمه محمد عباس‌پور، مشهد، بنیان پژوهش‌های اسلامی.

محمدپور، سعید (1383) «تاثیر عملیات‌های نامنظم قرارگاه رمضان در جنگ تحمیلی»، سیاست دفاعی. 12 (47)، صص -100 75.

ملکی، محمدرضا. رازقندی، انیسه (1390) «دیپلماسی عمومی و دولت احمدی‌نژاد»: بازی در سطح خرد در خاورمیانه»، فصلنامه علوم سیاسی. 16، صص -132 107.

منتی، ایوب، هادیان، ناصر (1398) «سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران در قبال عراق از منظر موازنه تهدید (2003 -2018)، جامعه‌شناسی سیاسی جهان اسلام. 7 (15)، صص -164 139.

مهری‌پور، ذبیح‌الله (1381) «کردستان عراق و سیاست‌های جمهوری اسلامی»، نشریه رافئه. 3، صص -42 66.

نیکفر، جاسب، زمانی، ساسان، شفیعی‌سیف‌آبادی، محسن (1397) «تاثیر اختلافات داخلی در میان احزاب کرد بر ناکامی استقلال کردستان عراق»، پژوهش‌های سیاسی جهان اسلام. 8 (4)، صص -109 77.

یورونیوز (29 می 2012)، بازتاب سریال و فیلم‌های ترک در خاورمیانه، قابل دسترس در: https://per.euronews.com

Abedin, Mahan (2002), "Iranian Views on Regime Change in Iraq", Jointly Published by United State Committee for a Free Lebanan and The Middle East Forum, Vol. 4, No. 11.

Arı, Tayyar (February 2019), Soft Power of Turkey and the Perception in the Middle East Until Arab Spring, In Book: Turkish Foreign Policy for Regional Co-Existence: From Soft Power to Smart Power.

Cetinsaya, Gokhan (2017), "Turkish-Iranian Relations Since the Renvalution`s, Turkish Review of Middle East Studies, Vol. 26, No. 1.

Coles, Isabel and Lucey, Catherine (Jan. 6, 2020), "Trump Pushes Iraq, Threatens Sanctions After Vote to Expel U.S. Troops", The Wall Street Journal, Available At: https://www.wsj.com/articles/iraqi-parliament-votes-in-favor-of-

Duman, Bilgay (2015), "A New Controversial Actor in Post-ISIS Iraq: al-Hashd al-shaabi", ORSAM Report, No: 198.

Eisenstadt, Michael (2015), "Iran and Iraq", The Washington Institute for Near East Policy, Available At: http://www.washingtoninstitute.org.

Eisenstadt, Michael and Knights, Michael and Ali, Ahmed (2011), "Iran's Influence in Iraq: Countering Tehran's Whole-of-Government Approach", Washington Institute for Near East Policy, Policy Focus 111, Pp: 3-4.

Jawhar, Raber Tal'at (2010), The Iraqi Turkmen Front, in Catusse, Myriam; Karam, Karam (eds.), The Lebanese Center for Policy Studies.

Torfeh, Masoume (2016), "The Role of Iran's Media in Its Soft Power Policy", Aljazeera Center for Studies, Avaliable At: Https://Studies.Aljazeera.Net.

Tremblay, Pinar (2014), "Turkish Shiites Fear Growing Hate Crimes", Al Monitor, Available At: http://www.al-monitor.com/pluse/originall.

Triana, María (2017), "Managing Diversity in Organizations: A Global Perspective", Avaliable At: Https://Www.Amazon.Com.

## وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# کەسایەتی

کەسایەتییەکانی ئێران (٢)

# حەسەن بەنی صەدر

## سەرکۆمارێکی هەڵهاتوو و شۆڕشگێڕێکی ناکام



هەردی مەهدی



ئەبوحەسەن بەنی سەدر یەکەمین سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی ئێرانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩یە. کوڕی ئایەتوڵا نەصر بەنی صەدرە، لە ١٩٣٣/٣/٢٣ لەشاری هەمەدان لەدایک بووە. یەکێکە لە پیاوە دیارە ئاینییەکانی ئێران. ئەو لەسەر پشتی فتواکانی خومەینی و هەوادارە ئیسلامییەکانی گەیشتە سەر تەختی دەسەڵات، بەڵام دەیویست هیچ یەک لەو پیاوە ئاینییانەی هاوڕێی بوون بە خومەینیشەوە، دەستوەرنەدەنە کاروباری دەوڵەت. هەر بۆیە بە هاوڕێیەتی فتواکانی خومەینی هات و هەر بە فتوا و مەرسومی ئەویش وەلا نرا.

هەڵگری چەند بڕوانامەیەکە، لەوانەش بەکالۆریۆسی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی، هەروەها بەکالۆریۆسی ماف و ئابووری لە زانکۆی تاران. پاش ئەوەش بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی باڵا ڕوو دەکاتە فەرەنسا و دکتۆرا لە بواری ئابووری و زانستە ڕامیارییەکاندا لە زانکۆی سۆربۆن بەدەستدەهێنێت. بە نەیارێکی سەرسەختی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی لەقەڵەم دەدرا، لە شەستەکانیشدا لەلایەن ئەو ڕژێمەوە زیندانی کراوە، پاش ئازادکردنی بەرەو فەرەنسا بارگەی پێچاوەتەوە، لەوێش لەگەڵ گروپی ئایەتوڵا خومەینیدا چووەتە چالاکییەوە و لایەنگری پێڕەوی خومەینی بووە، گەرچی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا دەیوت: خومەینی خیانەتی لە بنەماکانی شۆڕش کرد.

ئەو چالاکیی سیاسیی خۆی لە زانکۆی تارانەوە دەستپێکرد، ئەودەم خوێندکاری بەکالۆریۆس بوو لەو زانکۆیەدا. پاشان بووە سەرۆکی ڕێکخراوەی یەکێتیی قوتابیان، پاشتر بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەی یەکێتی جیهانیی خوێندکارە ئێرانییەکان.

بەنی سەدر، کاتێک ڕووی کردە فەرەنسا، لەوێش ڕۆژنامەیەکی بە ناوی "ایران آزاد" (ئێرانی ئازاد)ەوە بە زمانی فارسی وەشاند، کە کاری دەرخستنی هەڵە و کەموکوڕییەکانی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی و ڕەفتار و جۆری حوکمڕانییەکەی بوو.

دەرکەوتنی زیاتری بەنی سەدر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە ئایەتولا خومەینی پەنای بردە بەر فەرەنسا (١٩٧٨/١٠/٦)، چونکە لەو کاتەدا، خومەینی لە ماڵەکەی بەنی سەدردا لە پاریس ماوەیەک مایەوە و تا ئەوکاتەی بنکە و بارەگای خۆی گواستەوە بۆ گوندی "نۆفل لوشاتۆ". لەمەشدا بەنی سەدر هەر هاوڕێیەتی کرد و لەگەڵ خومەینیدا ڕۆشت، تا ئەوکاتەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و هەردووک پێکەوە؛ سەدر و خومەینی گەڕانەوە تاران لە ١٩٧٩/٢/١دا.

پاش گەڕانەوە، بەنی سەدر سەرەتا پۆستەکانی ڕاوێژکاری ئابووریی ئەنجوومەنی شۆڕشی ئێرانی و بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆ و

تەلەفزیۆنی ئێرانی وەرگرت.

لە ۱۹۷۹/۱۱/۱۸دا، پۆستی وەزارەتی دەرەوە و سەرپەرشتیاری وەزارەتی ئابووری و دارایی لە پاش دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی مەهدی بازرگان و پەرەسەندنی کێشە و قەیرانی بارمتەگیراوەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، وەرگرت. بەڵام زۆری نەبرد بەنی سەدر، پۆستی وەزارەتی دەرەوەی لە کانوونی یەکەمی ۱۹۷۹دا جێهێشت، بۆ ئەوەی سادق قوتبزادە ئەو پۆستە وەربگرێت.

لە چالاکی پەرلەمانیشدا، بەنی سەدر وەک نوێنەری پەرلەمان لە بازنەی تاراندا، لە هەڵبژاردنی ۱۹۷۹/۸/۳دا، هەڵبژێردرا بوو. پاش ئەوەش خۆی بۆ یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار، کاندید کرد و لە هەڵبژاردنی ۱۹۸۰/۱/۲۵دا بەرێژەی زۆرینەی ڕەها دەنگەکانی مسۆگەر کرد و بووە یەکەمین سەرکۆماری ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە جەماوەرییەیدا، بە هۆی ململانێی باڵەکانی شۆڕشەوە تا شەش مانگ نەیتوانی ئەو پۆستە وەربگرێت و دواجار لە ۱۹۸۰/۷/۲۲دا بووە سەرکۆمار، بەڵام زۆری نەبرد و کورتی هێنا لە ململانێ و کێبەرکێی حزبوڵڵاییەکانی هێڵی خومەینی و پیاوانی مەزهەبی شیعەگەرای سیاسییدا و نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و تا کۆتایی لە گۆڕەپانی پرۆسەی سیاسییدا بمێنێتەوە. تەنانەت نەیتوانی کەمترین ئەو بەڵێنانەشی کە لە



هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە هەوادارانی دا بەهۆی بەربەستی پیاوە مەزهەبییەکان و کێبەرکێکارەکانی نێو شۆڕشەوە جێبەجێ نەکرد.

بۆیە لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۸۱دا، ئیتر جڵەوی حوکمڕانی لەدەست دا. بەتایبەت ئەو کاتەی کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سێ کەسی پێکهات بۆ یەکلاکردنەوە و بڕینەوەی کێشەی ململانێی نێوان سەردەکانی ئێران و لەوێشدا ناوبراو تۆمەتبار کرا بەوەی کە لەدەستوور دەرچووە و ناکۆکی و کێشەی بۆ شۆڕش درووستکردووە و هەموو ئەم تۆمەتانەش بەس بوون بۆ دادگاییکردن و لادانی لە پرۆسەی سیاسییدا.

نەیارەکانی سەدر، هەر زوو کەوتنە خۆیان و بیریان لەوە کردەوە دەستی پێ لەکار بکێشنەوە. حکومەتیش لەم کردەیەدا هاوکاری نەیارەکانی بوو، لە هەنگاوێکیدا

شەش ڕۆژنامەی لایەنگری بەنی سەدری داخست. لەوەش مەترسیدارتر خومەینی تۆمەتباری کرد بەوەی "لە پاشماوەکانی ڕژێمی شایە". ئیتر لە مزگەوتەکانیشەوە هێرشی بەردەوام دژی دەستی پێکرد و کار گەیشتە ئەوەی کە پێکدادانیش لەنێوان لایەنگرانی سەدر و لایەنگرانی حزبی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە ١٩ی حوزەیرانی١٩٨١دا بێتە کایەوە و خومەینی-ش لەبەرامبەریدا بڵێت "چارەنووسی بەنی سەدر، هەمان چارەنووسی شایە". هەر ئەویش فەرمانی لادانی لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی لە ١٩٨١/٦/١٣دا، بۆ دەرکرد. بەنی سەدر لە بەرچاوان ون بوو و، ڕۆژێک پاش ئەو بڕیارە ١٩٨١/٦/١٤لەسەر پشتی فڕۆکەیەکی سەربازیی لەگەڵ مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێراندا، پێکەوە بەرەو فەرەنسا هەڵهاتن. ئەوە بوو حکومەتی ئێرانی دەستبەجێ هاوسەرەکەی (عەزرا بەنی سەدر)ی بە تۆمەتی پەخشی پەخشنامە و بڵاوکراوە دەستگیر کرد، بەڵام زۆری نەخایاند ئازادی کرد.

لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٣دا بە واژۆی خومەینی، بەنی سەدر بە یەکجاری لە پۆستی سەرکۆمار دوورخرایەوە و سەرجەم پۆستەکانی دیکەشی لێسەنرایەوە و پۆستی سەرکۆماریش تا کاتی هەڵبژاردن بە شێوەی سێکوچکەیی لەنێوان رەجایی، ڕەفسەنجانی و بەهەشتیدا بەڕێوەبرا.

بەنی سەدر بەوە ناسراو بوو کە دژی بەشداریی پایوانی مەزهەبییە لە حوکمڕانییدا، هەر ئەمەش کێشەی بۆ حوکمڕانییەکەی دروستکرد و لە گۆڕەپان دووری خستەوە، چونکە ئەمە ڕێک پێچەوانەی بیرکردنەوەی خومەینی و یارەکانی بوو.

ئەوەی گرنگە بوترێت، کە بەنی سەدر لە هیچ یەک لە دۆسێ دبلۆماسییەکانی نێوان وڵاتەکەی و وڵاتانی دیکەیدا نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و بەتایبەت لە دۆسێی چارەسەری پرسە سیاسییەکانی نێوان حیراق و ئێران بۆ ڕوونەدان و ڕاگرتنی شەڕ و تا وای لێهات جەنگی ٨ساڵە هەڵگیرسا. هەروەها لە پرسی مافی پێکهاتەکان و بەتایبەت کورد و ڕێککەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کورد و دابینکردنی لایەنی کەمی مافەکانی بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەک بەشێک نەبوو لە چارەسەر بەڵکو لایەنێکی کێشەکە بوو.

بەنی سەدر پاش هەڵهاتنی بۆ فەرەنسا، سەرجەم هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ خستنی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەگەڵ نەیارەکانی کۆماردی ئیسلامییدا هاوپەیمانێتییان پێکهێنا.

ئەو پاش تووشبوونی بە نەخۆشییەکی درێژخایەن، دواجار لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی فەرەنسادا لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠٢١دا کۆچی دوایی کرد.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# ڕانانی کتێب

رانانی کتێب

# شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان

## (١٩٧٩-١٩٥٨)

ئامادەکردن: نیازکامەران




کتێبی "شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان ١٩٥٨-١٩٧٩" لە لایەن ئارش رەیئسی نەژاد، مامۆستا لە زانکۆی تاران، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان نووسراوە کە لە بنەڕەتدا تێزێکی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ساڵی ٢٠١٧ لە زانکۆی فلۆریدای ئەمرکا نووسراوە. پاش ساڵێک بەدەستکارییەوە کراوە بە کتێب و لەلایەن وەرگێڕی کورد، شەفیقی حاجی خدر بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە. قەبارەی کتێبەکە ٦١٩ پەڕە و جگە لە پێشەکی وەرگێڕ و ئەنجام و پاشکۆ، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە نۆ بەندی سەرەکی پێک دێت. ناونیشانی کتێبەکە سرنجی لەسەر شای ئێران و سیاسەتە نادەوڵەتییەکانێتی لە هەمبەر وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت عێراق و لوبنان.

کتێبەکە گرنگی بە ڕووداوەکانی دەستپێکی سەردەمی کۆماریی عێراق و گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن عەبدولکەریم قاسم تا کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران دەدات. کەسایەتییە سیاسییەکانی نێوان ئەو دوو ماوەیە بە کورد، عێراقی، ئێرانی، لوبنانی و ئەمریکییەکانەوە، کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەو قۆناغەن کە نووسەر بە وردی سرنجیان دەخاتە سەر.

نووسەر بە دوای وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکیدا دەگەڕێت لەوانە: شیعەی لوبنان وەک یەکەم ئامانج، چۆن لە سەر دەستی ئیمام موسا سەدر دەبنە هێزێکی کاریگەر لەتەک سوننەکان و مەسیحییە مارۆنیەکان؟ مەلا مستەفای بارزانی کە خوازیاری بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بووە بۆ کوردستان، چۆن لە هەوڵەکانی بەردەوام بووە؟ لێکۆڵینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە محەممەدڕەزا شای ئێران نەیدەوست بۆ بەهێزبوون و کاریگەری دانان لە سەر عێراق و لوبنان پەنا بۆ ڕێگای سیاسەتی فەرمی وڵاتەکەی ببات لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو هەوڵی دەدا لە ڕێگەی سیاسەتی نادەوڵەتی و بە بەکارهێنانی هێزی نەرم ئەو ئامانجەی بپێکێت.

کتێبەکە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك بەڵگەنامە، سیاسەتی یارمەتیدانی کوردی باشووری لە لایەن شاوە لە چەند خاڵێکدا کورت دەکاتەوە:

١- عێراق دان بە ئێرانیبوونی ڕووباری ئەلوەندا (شط العرب) بنێت.

٢- بە لاوازی هێشتنەوەی دراوسێ ڕۆژئاواییەکەی خۆی واتە بەغدا.

٤- ڕێگەگرتن لە سەربەخۆیی کورد یان ئۆتۆنۆمییەکی خاوەن دەسەڵات لە عێراق.

٥- محەممەدڕەزا شا پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ مۆسکۆ هەبوو و بە شێوەیەک وێنای عێراقی دەکرد کە وەک وڵاتێکی ژێردەستەی سۆڤیێت بێت. لە لایەك هەوڵی لەیەك دوورخستنەوەی عێراق و ڕووسیای دەدا و لە لایەکی ترەوە ترسی بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزمی لە وڵاتی ئێران هەبوو.

٦-هەڕەشەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی وەک عێراق و میسر بۆ گەیشتن بە کەنداو (کەنداوی فارس، کەنداوی عەرەبی)، هەروەها کێڵگە نەوتییەکانی خوزستان و خورەمشەهر، کە بە موڵکی عەرەبییان دەزانی. ئەم هۆکارە بەڕوونی لە وتەیەکی عەبدولکەریم قاسم و وەڵامی ڕۆژنامەیەکی تاراندا ڕەنگی داوەتەوە. کورتکراوەی وتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ١٨-ی کانونی دووەمی ١٩٥٩ ئاماژە بەم خاڵە دەکات: "خوزستان و خورەمشەهر دوو ناوی عەرەبین و عوسمانییەکان ئەو خاکەیان بە ئێرانییەکان داوە". ڕۆژنامەیەکی ئێرانیش لە وەڵامدا دەنووسێت: "ڕژێمە نوێیەکەی عێراق نازانێت ئاخۆ گەر ئێران بە دوای داواکانیدا بچێت، هەموو ئەو خاکەی عێراق، بە

کوردستانی بەپێتیشەوە دەبێت بگەڕێننەوە بۆ سەر ئێران".

٤- وڵاتی ئێران وەک قەرەبووکردنەوەی "تەنیایی ستراتیژی"ی لە نێو وڵاتە هەرێمییەکان و نەبوونی هاوپەیمانێکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا، بیری لە گرتنەبەری سیاسەتی نادەوڵەتی کرد بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا.

شا پشتیوانی لە کوردی عێراق کرد و بە ئامانجی لاوازکردنی عێراق لە ناوخۆدا و ڕێگریکردن لەو شەپۆلە پانعەرەبیزمەی کە هۆکاری هەڕەشە بوو بۆ سەر ئێران، بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول هاوکاری پێشکەش بە جووڵانەوەی کورد بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا وەك ڕەوتی ڕووداوەکان دەریخست، هاوکاری شا بۆ کورد بۆ بە دەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان نەبوو، بەڵکو شا بە درێژای شۆڕشی ئەیلول لە ڕێگەی دەزگای ساواکەوە لە ترسی ئەو دەسەڵاتەکەی نوێیەکەی عێراق لە پاش کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراق، ڕێگەی کوردی باشووری دۆزییەوە و بەگوێرەی هەڵبەز و دابەز و ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتە نوێیەکەی عێراق، بە چەک و پارە و دەزگای ڕاگەیاندن (ڕادیۆ) هاوکاری کوردەکانی کرد. لە بنەڕەتدا ئێران دژی پارچەپارچەبوونی عێراق بوو و لەوە دەترسا پریشکی ئەم یاخیبوونە لە باشوورەوە بەر کوردەکانی



شا پشتیوانی لە کوردی عێراق کرد و بە ئامانجی لاوازکردنی عێراق لە ناوخۆدا و ڕێگریکردن لەوشەپۆلە پانعەرەبیزمەی کە هۆکاری هەڕەشە بوو بۆ سەرئێران، بە درێژایی شۆڕشی ئەیلول هاوکاری پێشکەش بە جووڵانەوەی کورد بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی کرد.

ڕۆژهەڵات بکەوێت. تەنانەت شای ئێران لە دیدارێکدا بە ڕاشکاوی ئەوەی دەربڕی کە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق پەسەند ناکات.

سەبارەت بە شیعەی لوبنانیش، محەممەد ڕەزاشا هەرگیز کۆمەکی سەربازیی پێشکەش بە شیعەی لوبنان نەکرد، کەچی وەکو قەڵایەکی پتەو لە بەرامبەر پانعەرەبیزم وەستانەوە. ئەمەش پاش ڕەتکردنەوەی نەخشەی ناسرییەکان هات کە وڵاتی لوبنان بچێتە بەرەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە.

سیاسەتی نادەوڵەتی ئێران، تا بەستنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥) و کەمبوونەوەی هەژموونی موسا سەدر لە لوبنان لە پاش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لوبنان بەردەوام بوو. لە ڕاستیدا بەستنی پەیماننامەی جەزائیر، لەباربردنی شۆڕشی ئەیلول و سازشکردنی عێراق بوو لەسەر پرسی ڕووباری شەتول عەرەب بە قازانجی ئێران، هەر ئەمەش سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر بە کوردی باشوور گۆڕی.

بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەکە پێگەی محەمەدڕەزا شا و ڕۆڵی دەزگا هەواڵگرییەکەی دەخاتەڕوو کە چۆن بە ئامرازی نادەوڵەتییانە هەوڵی داوە مەترسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران کەم بکاتەوە و سەرەڕای نەبوونی هاوپەیمانێکی هەرێمی ستراتیژی، هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە بهێنێتە کایەوە.

**گرنگی ئەم کتێبە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆتێگەیشتنی سیاسەتی وڵاتان بەرانبەربە کوردستان، کە چۆن وڵاتە زلهێزەکان ئامادەن لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەیان هەموو ڕێکارێک بگرنەبەرو پارێزگاری لە وڵاتەکەیان بکەن. هەروەها کورد بەدرێژای ئەو ماوەیە هەڵەی سیاسی گەورەی کردووە.**

خاڵێکی بەهێزی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە کە بەشێکیان پشت ئەستورە بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی دەزگای هەواڵگری ئێران ناسراو بە "ساواك" و هەروەها بەڵگەنامە حکومییەکانی وڵاتانی تر وەك ئەمریکا کە ئەمەش تایبەتمەندی ئەم کتێبە زیاتر بەرجەستە دەکات. هەر ئەم خاڵەش وای دەکات کە ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگ بێت بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق و قۆناغێکی هەستیاری پەیوەست بە شۆڕشی ئەیلول.

## وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# چەمکناسی

# بزاڤی مەشروتە

ئامادەکردنی: هەوراماں فەریق



بزاڤی مەشروتە یەکێکە لە ڕووداوە گرنگ و قۆناغە هەستیارەکانی ئێران. ڕووداوێك کە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا و خۆیان ناوی "نهضت" و "شۆڕشی مەشروتە"ی ئێرانیشی لێدەنێن. مەبەست لێی حکومەتی خاوەن پەرلەمانە کە نوێنەرانی نەتەوە بەسەر کاروباری دەوڵەتدا چاودێریان هەبێت. بزاڤی مەشروتە پاش (١٥١) ساڵ لە حکومەتی قاجار هاتە کایەوە و حکومەتی پشتبەستوو بە بیرکردنەوەی تاکەکەسی و دیکتاتۆری و دەسەڵاتی پاشایەتی خستەژێر چاودێری یاساوە. هەر بۆیە هاوواتای مەشروتە "ماف"ە، ماف بەو واتایەی کە هەموو خەڵکی ئێران بڕیاردەر بن و دەنگ بدەن. دەستووری مەشروتە کە بە (٥١) بنەماوە واژۆی موزەفەرەدین شای لەسەرکرا، شەش بەشە و هەر بەشێك لە کۆمەڵێك مادەی تایبەت بە ڕێکارەکان و ئەرکەکان و مافەکان پێکدێت.

ئەحمەدی کەسرەوی بنچینە و سەرچاوەی

مەشروتە بۆ "هۆشیاری ئێرانییەکان" دەگەڕێنێتەوە. هۆشیاریان بەرامبەر بە دواکەوتووی خۆیان و لاوازی بەرامبەر بە وڵاتانی پێشکەوتوو و ناڕەزایەتی بەرامبەر بە حکومەت. ئەو لە کتێبی "مێژووی مەشروتەی ئێران"دا باس لەوە دەکات کە پاش کوژرانی نادرشا، ڕەوتی بەرەو خواربوونەوەی ئێران دەست پێدەکات. ڕۆشنبیرانی ئەو دەمە لەسەرتاوە بەنیازبوون کە وشەیەکی هاوواتای زاراوە فەڕەنسییەکە بە واتای "Constitutionnel"، بدۆزنەوە کە لە وشەی لاتینی "Contitutio" بە واتای دەستوور (یاسای بنەڕەتی و بنەمایی) وەرگیرابوو. دەستوور کۆمەڵێك ڕیسا و یاسای دادوەری لەخۆ دەگرێت کە دەبێت چاودێر بێت بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و خەڵکەوە. لە ئێران لەسەرەتاوە گروپێك لە نوێنەران زاراوەی مەشروعییەت یان مەشروتەی مەشروعەیان پێشنیاز کرد، تاوەکو حکومەت پابەند بکەن بە گونجان لەتەك بنەماکانی ئیسلامدا.

کەواتە مەشروتە بریتییە لە کۆمەڵێك لە ئایدیا، ڕوانین و مۆدێلەکانی ڕەفتار کە دەسەڵاتی حکومەت دەبێت پشتئەستوور بە زنجیرەیەك یاسایی سەرەکی بێت و پابەند بێت پێوەیان. ئەوەی لەم کورتە باسەدا گرنگە سەرنجی بخەمە سەر ئەو هۆکارانەیە کە بوونە هۆی یەکەم بزوسکی بزاڤی مەشروتە و زەمینەسازی خێرا و تەشەنەسەندنی. یەکەم چەخماخەی بزاڤ لە ساڵانی کۆتایی حکومەتی ناسرەدین شای قاجارەوە بیسترا. بە جۆرێك کە بە مردنی دۆخێکی خراپتر باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا. موزەفەرەدین هاتەسەر تەختی دەسەڵات. لە سەرەتاوە دەرگای بۆ ڕیفۆرم و بۆچوونی جیاواز کردەوە. بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی نالەبار و دانەوەی قەرزی ئینگلیز، پەنایان بۆ وەرگرتنی قەرز لە ڕووسیا برد. بۆ ئەم مەبەستە لەبری دوو جار قەرز ئیمتیازاتێکی زۆریان بە ڕووس دا. بەڵام دۆخەکە خراپتر دەبوو. تا دەهات دەنگی ناڕەزایەتی بەرزتر دەبوویەوە، نادادی، ناسەقامگیریی و قاتوقڕی نان تەنگی بە دەوڵەت هەڵچنی. ئیدی لێرەوە ئەنجومەنە نهێنییەکانی نەیارەکان لە شارە جیاوازەکاندا دەستیان بە چالاکی کرد و خەڵکی زاتی ئەوەیان پەیداکرد کە دەنگ هەڵبڕن.

هەڵبەت دەبێت بۆ ڕەگوڕیشەکانی بزاڤی مەشروتە ئاوڕ لە پێشتر بدەینەوە. بەتایبەت ئەوکاتەی کە ئێرانییەکان بۆ خوێندن و بازرگانی بەرەو ئەورووپا گەشتیان کردبوو و پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوایان بەتایبەت لەڕووی ئازادیخوازی و بنەماکانی دەسەڵاتی گەلەوە ئەزموون کردبوو. یەکێك لەو کەسانە میرزا ساڵحی شیرازی دامەزرێنەری یەکەم ڕۆژنامەی ئێران بوو. ئەو لە سەفەرنامەکەیدا تا توانی بەشانوباڵی ئینگلیزدا هەڵیدا، لە پەرلەمان، یاساکان، دادوەری، زانکۆ، نەخۆشخانەوە تا سزادان. ئەم جۆرە هەوڵانە خەڵکیان بەرامبەر بە دنیای مۆدێرن هۆشیار کردەوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کڵپەسەندنی ئاگری بزاڤ، ساڵی (١٢٧٥)ی هەتاوی بوو. ئەو کاتەی کە دژایەتی لەتەك بێسپاردنی ئیمتیازی بازرگانی

بە بێگانەکانی لێکەوتەوە. ئەو دەمەی کە بۆ یەکەمجار، نوێخوازان، پیاوانی ئایینی و خەڵك قۆڵیان بە قۆڵی یەکتریدا کرد و دروشمی دژایەتی زۆرداریی ناوخۆیی و کۆڵۆنیالیزمی دەرەکیان گوتەوە.

کەسرەوی هەروەها ڕووداوی نووزی بەلجیکی وەك یەکێك لە هۆکارەکان دەزانێت. کاتێك کە لە بۆنەی ساڵی نوێدا ئەورووپییە ئامادەبووەکانی بۆنەکە هەریەکە بە جلوبەرگێکەوە ئامادەبوو. نووز کە کار بەڕێکەری رووسەکان بوو بۆ کاروباری گومرگی ئێران، بە جلی پیاوانی ئایینی و نێرگەلەیەکەوە لە وێنەیەکدا دەرکەوت. وێنەکە لە سەروبەندی ڕۆژانی عاشورادا بڵاو بوویەوە و ناڕەزایەتی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

هەروەها ڕووداوەکانی بانکی قەرزپێدانی رووس و گۆڕستانی مسوڵمانان، کە لە سەروبەندی کارکردن تیایدا، ئێسك و پروسکی مردووەکان دەرکەوتن و بەو ناوەدا بڵاو ببوونەوە، فەلاقەکردنی دوو بازرگان بە تاوانی گرانفرۆشی، ناڕەزایەتی پیاوانی ئایینی و ڕۆشتنیان بۆ مەزاری عەبدولعەزیم، ئەمانە ئاگری ڕاپەڕینەکەیان خۆشتر کرد. لەو کاتەوە لەسەرکارلادانی عەینودەولە و دامەزراندنی دادپەروەری خانە و ئەنجومەنی شورای نەتەوەیی، بوون بە بەشێك لە داواکارییەکانی نارازییەکان. لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی ئەنجومەن لە مانگی ٨ی ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی ئەنجامدرا و یەکەم ئەنجومەنی مەشروتە دامەزرا. لیژنەیەك بۆ نووسینەوەی دەستوور دیاری کرا کە بە سەرنجدان لە دەستووری بەلجیکا و فەرەنسا، دەستی بە ئامادەکردنی یاسای نویێ کرد و دواجار واژۆی شای لەسەر کرا.

هەڵبەت واژۆکە زۆری بەسەردا تێنەپەڕیبوو، کە شا مرد و محەمەد عەلی شا هاتە سەر دەسەڵات و بەردەوامی ڕاپەڕینی مەشروتە کەوتە مەترسییەوە. شا فەرمانی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی دەرکرد، بەڵام بە هۆی بەرگری خەڵکییەوە نەچووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بەرگرییەکی سەختیان لێکرد. دواتر هەندێك لە ڕۆژنامەکان، پیرۆزییە ئایینییەکانی خەڵکیان دایە بەر هێرش، کە ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی زیاتری پیاوانی ئایینی لە تاران و بە ڕابەرایەتی شێخ فەزلوڵڵا و داواکاری مەشروتەی مەشروعەیان بەرزکردەوە. هەڵبەت کێشەی سەرەکی کەسانێکی وەك فەزلوڵڵا بوونی مەیلی ڕۆژئاواییگەرایی و سیکۆلاریستی بوو لە نووسینەوەی دەستووردا. هەر بۆیە مەشروتەی بەناشەرعی لەقەڵەم دەدا. ساڵێکی خایاند کە شا لە تیرۆرێکی گوماناوی ڕزگاری بوو، بۆ تۆڵەکردنەوە فەرمانی بە کۆڵۆنێل لیاخوفی رووسی کرد کە لە مانگی شەشی ١٢٨٧ ئەنجومەنەکە بدەنە بەر تۆپ. هەروەها بەندکردن، دوورخستنەوە و لەسێدارەدانی ئازادیخوازان و مەشروتەخوازان.

ناڕەزایەتی لە داخستنی شورا و هەنگاوەکانی محەمەد عەلیشا، نائارامی زیاتری لێکەوە و مەشروتەخوازانی شارەکانی تری هاندا کە لە ناوچەکانی دیکەوە بەرەو تاران بکشێن و لە (١٢٨٨/٦/٢٢) دەرگای بەهجەت ئاباد بکەنەوە و بەهارستان داگیر بکەن و لە مزگەوتی سپەهسالار بگیرسێنەوە. شا بە (٣٠٠٠) سەرباز و (١٦) تۆپەوە

بەرەو ڕوویان ڕۆشت و پێکدادان ڕوویدا. تا شوێنێك کە شا پەنای بۆ سەفارەتی ڕووسیا برد و لەسەرکار لادرا و کوڕە (١٢) ساڵەکەی هاتە جێگەی.

لەو کاتە بەدواوە، خۆری مەشروتە ئاوابوو، ڕووسەکان لە باکوور و ئینگلیزەکان لە باشوور شوێن پێی خۆیان قایم کرد. هەر بۆیە دەتوانین زەمینەکانی بیچمگرتنی بزاڤی مەشروتە لە ڕەهەندەکانی هزری و کولتووری کە خۆی لە سەرهەڵدانی دوو جۆر چینی ناوەند کە یەکەمیان چینی ناوەندی بازرگانی پابەند بە ئابووری نەریتی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی، گرووپی دووەمیان چینی ڕۆشنبیران کە ئاوێزانی دنیا و هزری نوێ بوون، هەروەها زەمینەی سیاسی، کە خۆی لە ناکارامەیی و گەندەڵی شاکان و بەڕێوەبەرانی قاجار، زوڵم و ستەمیان و هەژموونی بێگانەکاندا دەبینییەوە و پاشان زەمینە ئابوورییەکانی وەك قەیرانی ئابووری کە بە هۆی شکستەکان بەرامبەر بە ڕووسیا هاتبوونە کایەوە و ڕێکەوتننامەکانی تورکەمەنچای و گوڵستان، هاوردەکردنی بێسەروبەرانەی کاڵا، نەبوونی پشتیوانی دەوڵەت لە بەروبوومی ناوخۆ، وشکەساڵییەکان، کێشەی نان و بەهای دراوی ئێراندا کورت بکەینەوە.

کەریم موجتەهیدی لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی "کۆمەڵێك تێبینی سەبارەت بە بزاڤی مەشروتەی ئێران" ڕەنگوبۆنێکی شیعەیانە دەدات بە گوتاری بزاڤەکە و پێیوایە کە ئەوەی کە بزاڤی مەشروتەی ئێرانی لە ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکانی تر جیا دەکاتەوە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

١- بزاڤی مەشروتەی ئێران، باڵادەستی هێزێکی مەدەنی نییە بەسەر هێزێکی سەربازیی دیکتاتۆردا. لەم شۆڕشەدا سوپا چ بە ئاڕاستەی لایەنگری لە شا و چ بە ئاڕاستەی هێرش بۆ سەر خەڵك، پشکێکی زۆری نەبووە.

٢- بزاڤی مەشروتە هەروەها سەرکەوتنی بیری نوێ نییە بەسەر نەریتدا (وەك شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ یا ئەڵمانیای ١٨٤٨)دا.

٣- شۆڕشی مەشروتەی ئێران، پەرچەکرداری سۆزی نەتەوەیی دژ بە زۆرداری و یاسا سەپێنراوەکانی بیانییەکان نەبووە؛ وەك ئسپانیای ١٨١٩ ز دژ بە فەرەنسییەکان یان ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٦٦دا.

٤- لە شۆڕشی مەشروتەی ئێراندا لە هەندێك حاڵەتدا، جۆرێك یەکیەتی هەمەلایەنە بینراوە: پیاوانی ئایینی میللی و خەڵکی شاریی نەتەوەگەرا، بازرگانە گەورە و بچووکەکان، دووکاندارەکان و دەلاڵانی دراو ...هتد، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت لە یەك وشەدا بزاڤی مەشروتە بۆ ئێمە ڕوون بکاتەوە، هەمان ئەو وشەیەیە کە لە سەرەتای ئەم بزاڤەوە بنێشتە خۆشەی زاری خەڵك بووە، ئەویش دادپەروەری و دادپەروەریخوازییە.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- "نهضتِ مشروطه"؛ نخستین تلاش برای آزادی - ایسنا (isna.ir)
٢- مشروطه چیست؟ - مشروطه (mashruteh.org)
٣- خلاصه انقلاب مشروطه | رهبران، خواسته ها و نتایج نهضت مشروطه - کجارو (kojaro.com)
٤- ملاحظاتی درباره نهضت مشروطه ایران نسخه متنی (tebyan.net).

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






رانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان

سێکوچکەکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن

دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی

حوزەیران 2020

www.centerfs.org



رانانی ئایندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم

لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، بڕۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org



قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات

ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطون

الفرص و المعوقات

السليمانية

حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org



رانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org


English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاناتی فایندەی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
ڕاناتی فایندەی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و فەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
السليمانية
www.centerfs.org


THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018


ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئاییندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازیان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەناسی


ئایندەناسی




ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە


ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئایندەناسی
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە


ئایندەناسی
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا


ئایندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا


ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی



# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٥)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢